حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی جوگرافیا

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ جێگیربوونی پیشەسازیی لە پارێزگای هەڵەبجە

نامەیەکە ((ڕەنجدەر جمال رشيد))

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر، لە جوگرافیای مرۆییدا

بەسەرپەرشتی

پ.ی. د.فوئاد خالید سەعید

٢٧٢٢کوردی ٢٠٢٢ زایینی

## ڕەزامەندی سەرپەرەشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (ڕەنجدەر جەمال رشید) بەناونیشانی (شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ جێگیربوونی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجە) بەچاودێری من لەکۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان-زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لەپێویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر) لە جوگرافیای مرۆییدا، پێشنیار دەکەم، پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د. فوئاد خالید سەعید

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

بەروار: ٢١ / ٨ / ٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیارە ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: پ.د.سۆران حمەامین احمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

سەرۆکی بەشی جوگرافیا

بەروار: ٢١ / ٨ / ٢٠٢٢

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی تاووتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەی خوێندکار (ڕەنجدەر جمال رشید) بەناونیشانی (شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ جێگیربوونی پیشەسازییی لەپارێزگای هەڵەبجە)مان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکاردا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك ولایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا کە بەپلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لەجوگرافیادا پێبدرێت.

واژۆ :
ناو: پ.د. احمد جلیل اسماعیل
پلەی زانستی: پڕۆفیسۆر
سەرۆکی لیژنە:
بەروار: ١٨ / ١٢ / ٢٠٢٢

واژۆ :
ناو: پ.د.ابراهیم خشمان هسام
پلەی زانستی: پڕۆفیسۆر
ئەندام:
بەروار: ١٧ / ١١ / ٢٠٢٢

واژۆ :
ناو: د.شیروان عمر رشید
پلەی زانستی: پڕۆفیسۆر
ئەندام:
بەروار: ١٧ / ١١ / ٢٠٢٢

واژۆ :
ناو: د.فوئاد خالید سەعید
پلەی زانستی: پڕۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام و سەرپەرەشتیار
بەروار: ١٧ / ١١ / ٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی پەسەندکرا

واژۆ: ٢٠٢٢/١٢/١٩
ناو: پ.د. ابتسام اسماعیل قادر
پلەی زانستی: پڕۆفیسۆر
ڕاگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان

# پێشکەشە

ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

☆مامۆستایانی بەڕێزی بەشی جوگرافیای زانکۆی سلێمانی .

☆ خێزانەکەم، منداڵەکانم .

☆هەموو دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە

توێژەر

# سوپاس و پێزانین

☆سوپاس بۆ خودای مەزن کە تواناو تەمەنی پێبەخشین بۆ تەواوکردنی ئەم کارە زانستییە.

☆سوپاسی بێپایانم بۆ بەڕێز (پ.ی. د.فوئاد خالید سەعید) کە سەرپەرشتی ئەم توێژینەوەیەی گرتە ئەستۆ، هەنگاو بەهەنگاو بەسەرەنج و ڕەخنە و تێبینییە وردەکانی توێژینەوەکەی گەیاندە ئەنجام.

☆ سوپاس و پێزانینم بۆ تەواوی ئەو کەس و دەزگا و فەرمانگانەی کە بەپێدانی داتا و زانیاریی هاوکارییان کردووین.

توێژەر

## ناوەڕۆك


| | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | پێشکەشە | أ |
| | سوپاس و پێزانین | ب |
| | ناوەڕۆك | ت |
| | پێڕستی خشتەکان | ج-ح |
| | پێڕستی نەخشەکان | خ |
| | پێڕستی شێوەکان | د |
| | پێڕستی وێنە | د |
| **پێشەکی** | | ١-٥ |
| **بەشی یەکەم** | **چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە** | |
| **باسی یەکەم** | سەرهەڵدان و گەشەی پیشەسازی لەناوچەی توێژینەوە | ٦-٩ |
| | قۆناغی یەکەم پێش ساڵی ١٩٥٨ | ٩-١٢ |
| | قۆناغی دووەم ساڵی ١٩٥٨-١٩٨٨ | ١٢-١٣ |
| | قۆناغی سێیەم ساڵی ١٩٩٢-٢٠٠٣ | ١٣-١٤ |
| | قۆناغی چوارەم ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٢١ | ١٥ |
| **باسی دووەم** | توانستەکانی جێگیربوونی پیشەسازی لەناوچەی توێژینەوە | ١٥-٥٧ |
| **یەکەم** | توانستە سروشتییەکان | ١٥-٤٧ |
| **دووەم** | توانستە مرۆییەکان | ٤٨-٥٧ |
| **بەشی دووەم** | **پێکهاتەو دابەشبوونی جۆریی و ژمارەی پیشەسازییەکان لە پارێزگای هەڵەبجە** | ٥٧-٨٧ |
| **باسی یەکەم** | دابەشبوونی جوگرافیای جۆریی کارگەکانی پیشەسازیی لە ناوچەی توێژینەوە | ٥٧-٥٨ |
| **أ** | پیشەسازیی خۆراکی | ٥٩-٦٥ |
| **ب** | پیشەسازیی بیناکاریی | ٦٥-٧٠ |
| **ج** | پیشەسازیی کانزایی | ٧٠-٧٢ |
| **د** | پیشەسازیی کیمیایی | ٧٣-٧٥ |
| **هـ** | پیشەسازیی چاپەمەنیی | ٧٦-٧٧ |
| **و** | کەرتی خزمەتگوزارییە پیشەسازییەکان | ٧٨-٨١ |
| **باسی دووەم** | دابەشبوونی پیشەسازیی ژمارەی کارگەکان لەناوچەی توێژینەوە | ٨٢-٨٧ |
| **أ** | دەستی کار | ٨٣-٨٤ |
| **ب** | ژمارەی کارگەکان | ٨٥-٨٧ |

| | | |
|---|---|---|
| **بەشی سێیەم** | **کاریگەری هۆکاری جوگرافیەکان لەسەر جێگیربوونی پیشەسازی لەناوچەی توێژینەوە** | ١١١-٨٨ |
| **باسی یەکەم** | هۆکارەکانی جێگیربوونی کەرتی پیشەسازی لەناوچەی توێژینەوە | ٨٨ |
| **١-هۆکاری ئابووری** | أ-سەرمایە | ٩٠-٨٩ |
| | ب-ڕێگاکانی گواستنەوە | ٩٢-٩٠ |
| | ج-بازاڕ | ٩٤-٩٢ |
| | د-دەستی کار | ٩٥-٩٤ |
| | هـ-سەرچاوەی ووزە | ٩٦-٩٥ |
| **٢-هۆکاری سیاسی** | هۆکاری سیاسی و کارگێڕی | ٩٨-٩٧ |
| **٣-هۆکاری جوگرافیەکان** | أ-سەرچاوەی ئاو | ١٠٠-٩٨ |
| | ب-کەرەستەی خاو | ١٠١-١٠٠ |
| | ج-زەوی | ١٠٣-١٠٢ |
| | د-حەزی تایبەت | ١٠٤-١٠٣ |
| **باسی وەری دووەم** | پوختەی دوبارەبووەوەی جێگیربوون لە کۆی جۆری پیشەسازیەکان | ١٠٥ |
| **یەکەم** | کەرتی بیناکاریی | ١٠٦-١٠٥ |
| **دووەم** | کەرتی خۆراکیی | ١٠٧ |
| **سێیەم** | کەرتی کانزایی | ١٠٨-١٠٧ |
| **چوارەم** | کەرتی کیمیایی | ١١٠-١٠٩ |
| **پێنجەم** | کەرتی چاپەمەنی | ١١١-١١٠ |
| **بەشی چوارەم** | **کێشەکانی جێگیربوونی پیشەسازیی لە پارێزگای هەڵەبجەو ئاسۆی داهاتووی** | ١٢٦-١١٢ |
| **باسی یەکەم** | کێشەکانی کەرتی پیشەسازی لە پارێزگای هەڵەبجە | ١١٢ |
| **١-ئەو کێشانەی کە کەرتی پیشەسازیی بەدەستیەوە دەناڵێنن** | | ١١٢ |
| **أ-کێشەی ئابوری** | کێشەی سووتەمەنی و ووزە | ١١٣-١١٢ |
| | کێشەی سەرمایە | ١١٣ |
| | کێشەی بازاڕ و کێبرکێی بەرهەمی بیانی | ١١٤ |
| | دواکەوتویی ژێرخانی ئابوری | ١١٥-١١٤ |
| | کێشەی کەمی کەرەستەی خاو | ١١٥ |
| ب-کێشەی کارگێڕی | کێشەی نادەستەبەری ئامێری میکانیکی | ١١٦ |
| | کێشەی دەستی کاری شارەزا | ١١٧-١١٦ |
| ج-کێشەی جوگرافی | کەمی زەوی | ١١٧ |
| | کێشەی ئاوو هەوا | ١١٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢-ئەو كێشانەی كە پیشەسازی دروستی كردوون | سووتەمەنی | ١١٩-١١٨ |
| | چڕبوونەوەی پیشەسازی | ١٢٠-١١٩ |
| | پیس بوونی ژینگە | ١٢١-١٢٠ |
| | لەناوبردنی پاشماوەكان | ١٢٢-١٢١ |
| باسی دووەم | چارەسەری كێشەكانی كەرتی پیشەسازیی لە پارێزگای هەڵەبجە | ١٢٢ |
| أ | گرنگترین هەنگاوەكان بۆ گەشەپێدانی داهاتووی پیشەسازیی لە پارێزگای هەڵەبجە | ١٢٤-١٢٢ |
| ب | داهاتووی كەرتی پیشەسازی | ١٢٦-١٢٤ |
| | داهاتوی كارگەكانی كەرتی گشتی | ١٢٤ |
| | داهاتوی كارگەكانی كەرتی تایبەت | ١٢٦-١٢٥ |
| دەرئەنجام | | ١٢٨-١٢٧ |
| پێشنیازەكان | | ١٢٩ |
| سەرچاوەكان | | ٣٤-١٣٠ |
| فۆرمی ڕاپرسی | | ١٣٨-١٣٥ |
| پووختە | | ١٤٠-١٣٩ |
| ملخص | | ١٤٢-١٤١ |

## پێرستی خشتەكان

| ژ | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | سنووری ئیداری قەزای هەڵەبجە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧-٢٠٢١ | ٧ |
| ٢ | ڕووبەری یەكە كارگێڕییەكانی پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ | ٩ |
| ٣ | تێكڕای مانگانە و ساڵانە و وەرزانەی پلەكانی گەرما بۆ وێستگەی هەڵەبجە لەماوەی نێوان٢٠٠٩-٢٠٢٠ | ٣١ |
| ٤ | تێكڕای خێرایی مانگانە و وەرزانە و ساڵانەی با (م/ چركە) لە پارێاگای هەڵەبجە بۆ ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠٢٠ | ٣٢ |
| ٥ | ئاراستەو دووبارەبوونەوەی بایەكان لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠٢٠ | ٣٣ |
| ٦ | تێكڕای مانگانەو ساڵانەی بارانبارین/ ملم لەوێستگەی هەڵەبجە لەنێوان ساڵی ٢٠٠٥-٢٠٢٠ | ٣٥ |
| ٧ | ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٧-٢٠٢٠ | ٤٨ |
| ٨ | دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە لەماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠٢٠ | ٥١ |
| ٩ | چڕی گشتی دانیشتوانی یەكە كارگێڕییەكانی پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ | ٥٤ |
| ١٠ | تۆڕی ڕێگاكانی هاتوچۆ لەناو سنوری پارێزگای هەڵەبجە | ٥٥ |
| ١١ | تۆڕی ڕێگاكانی هاتوچۆ لەنێوان پارێزگای هەڵەبجەو شارەكانی هەرێم و وڵاتی ئێران | ٥٥ |
| ١٢ | دابەشبوونی زەوی كشتوكاڵی بەپێی یەكە كارگێڕییەكان بۆ ساڵی ٢٠٢١ | ٥٧ |
| ١٣ | دابەشبوونی جوگرافی جۆرەكانی پیشەسازیی خۆراك لە پارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١ | ٦٤ |
| ١٤ | دابەشبوونی جۆری پیشەسازی خۆراكیی لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ | ٦٥ |
| ١٥ | دابەشبوونی جوگرافی جۆرەكانی پیشەسازیی بیناكاری لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ | ٦٩ |
| ١٦ | دابەشبوونی جوگرافی پیشەسازی بیناكاری لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ | ٧٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٧ | دابەشبوون جوگرافی جۆرەکانی پیشەسازی کانزایی لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ | ٧٢ |
| ١٨ | دابەشبوونی جۆری پیشەسازی کانزایی لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ | ٧٢ |
| ١٩ | دابەشبوونی جوگرافی جۆرەکانی پیشەسازیی کیمیایی لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ | ٧٥ |
| ٢٠ | دابەشبوونی جوگرافی جۆرەکانی پیشەسازی کیمیایی لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ | ٧٥ |
| ٢١ | دابەشبوونی جوگرافی جۆرەکانی پیشەسازی چاپەمەنی لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ | ٧٧ |
| ٢٢ | زانیاری دەربارەی کارگەکانی پیشەسازی چاپەمەنی لەپارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ | ٧٧ |
| ٢٣ | دابەشبوونی جوگرافی جۆرەکانی پیشەسازی دارتاشی لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ | ٧٩ |
| ٢٤ | دابەشبوونی جۆریی خزمەتگوزاری پیشەسازی دارتاشی لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ | ٧٩ |
| ٢٥ | ڕووبەری بەکارهێندراو بۆ پیشەسازییەکان لەیەکە ئیدارییەکانی پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ | ٨٠ |
| ٢٦ | دابەشبوونی جوگرافی ژمارەی کارگە پیشەسازییەکان لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ | ٨٢ |
| ٢٧ | دابەشبوونی جوگرافی سەرمایەی نەختینەیی کارگەکانی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە | ٨٣ |
| ٢٨ | دابەشبوونی جوگرافی دەستیکار لەناوچەی توێژینەوە | ٨٣ |
| ٢٩ | ڕیژەی جۆری پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجە | ٨٥ |
| ٣٠ | بنەمای جێگیربوونی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە | ٨٨ |
| ٣١ | بنەمای سەرمایە بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە | ٩٠ |
| ٣٢ | بنەمای ڕێگاکانی گواستنەوەی بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە | ٩٢ |
| ٣٣ | بنەمای بازاڕ بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە | ٩٣ |
| ٣٤ | دەستی کار بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە | ٩٥ |
| ٣٥ | سەرچاوەی ووزە بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە | ٩٦ |
| ٣٦ | کاریگەریی سەرچاوەی ئاو لەسەر بڵاوبوونەوەی کەرتە پیشەسازییەکان لە پارێزگای هەڵەبجە | ٩٩ |
| ٣٧ | کاریگەریی کەرەستەی خاو لەسەر بڵاوبوونەوەی کەرتە پیشەسازییەکان لە پارێزگای هەڵەبجە | ١٠١ |
| ٣٨ | کاریگەریی زەویی لەسەر بڵاوبوونەوەی کەرتە پیشەسازییەکان لە پارێزگای هەڵەبجە | ١٠٢ |
| ٣٩ | کاریگەریی حەزی تایبەت لەسەر بڵاوبوونەوەی کەرتە پیشەسازییەکان لە پارێزگای هەڵەبجە | ١٠٤ |
| ٤٠ | دووبارەبوونەوەی هۆکاری جێگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی بیناسازی لە پارێزگای هەڵەبجە | ١٠٥ |
| ٤١ | دووبارەبوونەوەی هۆکاری جێگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی خۆراکی لە پارێزگای هەڵەبجە | ١٠٦ |
| ٤٢ | دووبارەبوونەوەی هۆکاری جێگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی کانزایی لە پارێزگای هەڵەبجە | ١٠٨ |
| ٤٣ | دووبارەبوونەوەی هۆکاری جێگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی کیمیایی لە پارێزگای هەڵەبجە | ١٠٩ |
| ٤٤ | دووبارەبوونەوەی هۆکاری جێگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی چاپەمەنیی لە پارێزگای هەڵەبجە | ١١٠ |
| ٤٥ | کێشەی سووتەمەنی لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوە | ١١٢ |
| ٤٦ | کێشەی سەرمایە لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوە | ١١٣ |
| ٤٧ | کێشەی بازاڕ لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوە | ١١٤ |
| ٤٨ | کێشەی دواکەوتویی ژێرخانی ئابووری لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوە | ١١٥ |
| ٤٩ | کێشەی کەرەستەی خاو | ١١٥ |
| ٥٠ | کێشەی نادەستەبەری ئامێری میکانیکی | ١١٦ |
| ٥١ | کێشەی دەستی کاری شارەزا لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوە | ١١٧ |
| ٥٢ | کێشەی کەمی زەوی | ١١٧ |
| ٥٣ | کێشەی ئاووهەوا | ١١٨ |
| ٥٤ | کێشەی چڕبوونەوەی پیشەسازیی | ١٢٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٥ | دابەشبونی ڕێژەی دەرئەنجامی پیشەسازیی | ١٢٢ |
| ٥٦ | کارگەکانی کەرتی گشتی پێشنیارکراو بۆناوچەی توێژینەوە | ١٢٤ |
| ٥٧ | کارگەکانی کەرتی تایبەتی پێشنیارکراو بۆناوچەی توێژینەوە | ١٢٥ |


## پێڕستی نەخشەکان


| ژ | ناونیشانی نەخشە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | شوێنی جوگرافی پارێزگای هەڵەبجە بەگوێرەی عێراق و هەرێمی کوردستان | ١٧ |
| ٢ | نەخشەی ئەسترۆنۆمی پارێزگای هەڵەبجە | ١٨ |
| ٣ | نەخشەی یەکە کارگێرییەکانی پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠٢١ | ٢٠ |
| ٤ | پێکهاتەی جیۆلۆجیای پارێزگای هەڵەبجە | ٢٥ |
| ٥ | دابەشبوونی ناوچەی توێژینەوە بەپێی بەرزونزمی/تۆپۆگرافی | ٢٩ |
| ٦ | چەم و ڕووبارە هەمیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە | ٤٠ |
| ٧ | جۆرەکانی خاک لە پارێزگای هەڵەبجە | ٤٧ |
| ٨ | دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) | ٥٢ |
| ٩ | ڕێگا سەرەکیەکانی پارێزگای هەڵەبجە | ٥٦ |
| ١٠ | دابەشبوونی شوێنی کارگە پیشەسازیەکان لەپارێزگای هەڵەبجە | ٦٠ |
| ١١ | دابەشبوونی سەرمایە بە پێی یەکە کارگێڕیەکانی پارێزگای هەڵەبجە | ٨٤ |
| ١١٢ | دابەشبوونی ژمارەی کارگەو کرێکار بەپێی یەکە کارگێڕیەکانی پارێزگای هەڵەبجە | ٨٦ |


## پێڕستی شێوەکان


| ژ | ناونیشانی شێوە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠٢٠ | ٥٢ |
| ٢ | دابەشبوونی جۆری کارگە پیشەسازییەکان لەپارێزگای هەڵەبجە | ٨١ |
| ٣ | بنەمای سەرمایە بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە | ٩٠ |
| ٤ | بنەمای ڕێگاکانی گواستنەوە بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان | ٩٢ |
| ٥ | بنەمای بازاڕ بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان | ٩٤ |
| ٦ | بنەمای دەستی کار بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان | ٩٥ |
| ٧ | بنەمای سەرچاوە ووزە بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان | ٩٧ |
| ٨ | سەرچاوەی چاو بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان | ١٠٠ |
| ٩ | کەرەستەی خاو کاریگەری لەسەر دابەشبوونی کەرتی پیشەسازیەکان | ١٠١ |
| ١٠ | زەوی و کاریگەری لەسەر دابەشبوونی کەرتی پیشەسازییەکان | ١٠٣ |
| ١١ | حەزی تایبەت و کاریگەری لەسەر دابەشبوونی کەرتی پیشەسازییەکان | ١٠٤ |
| ١٢ | دووبارەبوونەوەی هۆکاری جێگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی بیناسازیی | ١٠٦ |
| ١٣ | دووبارەبوونەوەی هۆکاری جێگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی خۆراکی | ١٠٧ |
| ١٤ | دووبارەبوونەوەی هۆکاری جێگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی کانزایی | ١٠٨ |
| ١٥ | دووبارەبوونەوەی هۆکاری جێگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی کیمیایی | ١١٠ |
| ١٦ | دووبارەبوونەوەی هۆکاری جێگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی چاپەمەنیی | ١١١ |

## پێڕستی وێنەکان


| ژ | ناونیشانی وێنە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | کارگەی دۆشیاو تەماتە لەناوچەی توێژینەوە | ٦٢ |
| ٢ | کاگرەی زەیتی زەیتوون لەناوچەی توێژینەوە | ٦٣ |
| ٣ | کارگەی بلۆک لەناوچەی توێژینەوە | ٦٦ |
| ٤ | کارگەی چەوولم لەناوچەی توێژینەوە | ٦٧ |
| ٥ | کارگەی کۆنکرێتی ئامادەکراو لەناوچەی توێژینەوە | ٦٨ |
| ٦ | کارگەی هاڕینی پلاستیک لەناوچەی توێژینەوە | ٧٣ |
| ٧ | کارگەری دروستکردنی پلاستیک لەناوچەی توێژینەوە | ٧٤ |
| ٨ | کارگەی چاپەمەنی لەناوچەی توێژینەوە | ٧٦ |

**پێشەکی**

مێژووی پیشەسازیی زۆر کۆنەو لەگەڵ دەرکەوتنی ژیانی بەکۆمەڵ لە قۆناغی (نیولیتیک*) کە مرۆڤ لە ئەشکەوت و شاخەکان دابەزی و ڕووی لە بان و پێدەشت و کەنار ڕوبارەکان کرد لێرەوە فێری ژیانی بە کۆمەڵبوو، پاشان گوندو شارۆچکە دروستبوون، مرۆڤ فێری کشتوکاڵکردن بوو، بۆ ئەمەش پێویستی بە ئامێری کشتوکاڵ و داربڕین و کانزاکاری بوو ، تاوەکوو بەردەوامی بەژیانی بدات. ئەم هۆکارە بووە هۆی دروستبوونی چینی پیشەگەر و بۆ بەردەوامیدان بە سوڕی ئابوری گرنگیەکی لە ڕادەبەدەری هەبووە، سیمای بەشارستانیبوون بووە وبەدرێژایی قۆناغەکانی مێژووی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست و نوێیش لەسەرانسەری جیهان و لە تەواوی ژیارییە جیاوازەکاندالەبرەوسەندنێکی هێواش و لەسەرخۆدا بووە.

لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی مرۆڤایەتی دەستییپکرد، ئەویش قۆناغی شۆڕشی پیشەسازییە، کە تێیدا پیشەو کارەدەستییەکان کە لە چوارچێوەی ماڵ و لە لایەن تاکە کەسەوە ئەنجامدەدران گۆڕدرا بۆ پیشەسازییبەئامێری کارگەیگەورەیبەرهەمهێنان، لەوەش گرنگتر داهێنانی ئامێری گەورەو زەبەلاح کە توانای بەرهەمهێنانی زیاتربوو لە سەدان پیشەگەر.

هەرچی تایبەت بەپیشەسازیی لەهەرێمی کوردستان ئەوا لەسەرەتای سەدەی بیستەم بریتیبووە لەپیشەسازییە ساکارەکان وئەم دۆخەیش تاکۆتایی پەنجاکان بەردەوام بووەو سەرەتا خاوەن پیشازییەکان بەنێوگەڕەکەکانی قەزاکاندا پەرش وبڵاوبوون، بەڵام ئەم دۆخە لەناوچەکانی دەوروپشتی ناوچەی توێژینەوە هاوشێوە نەبووە، بۆنمونە لەناوچەی نەفتخانەی نزیک خانەقین بەهۆی پیشەسازیی نەوتەوە لەسەرەتا ییبستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی تێداجێگیرکراوە، بەڵام پاشساڵی (١٩٥٠) لەعێراقدا بەگشتی نیشانەکانی گەشەی پیشەسازیی بەڕوونی دیارکەوتن بەتایبەت پاش دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوە (مجلس الاعمار) کەئەنجومەنێکی بەرپرسبوو لەنەخشەدانانی پرۆژەکان وپێشخستن وگەشەپێکردنی ئابوری ییپشەسازیی و ئەنجومەنەکە گرنگی زۆری دەدابەدامەزاندنی پرۆژەی زۆرپێویست (الهیاکل الارتکازیە(*))(١).

**گرنگی توێژینەوەکە**

گرنگی توێژینەوەکە لەخوودی گرنگی پیشەسازییەوە سەرچاوەی گرتووە، کەهۆکاری بەرەوپێشچوون وگەشەکردنی سێکتەرەکانی کەرتی ئابووری دەوڵەتە ، لەکاتێکدا کەکەرەستەخاوەکان لەخوودی ناوچە پیشەسازییەکەوە دەبێت، لە ئێستاشدا بەهۆی فرەجۆری پیشەسازیی و بوون و کارئاسانی بنەماکان بە هۆی تەکنۆلۆجیاوە ئەوا لقی پیشەسازیەکانی گۆڕین لەهەر ناوچەیەک

---

(*) (الهیاکل الارتکازیە) مانای بوونی تۆڕێکی پەیوەندی و گواستنەوە و کارەبا و .... هتد باش کە یارمەتیدەری دامەزراندن و جێگیربوونی پیشەسازیەکانە ، چونکە ئەمانە بارگرانیەکی زۆر زۆر لەسەر وەبەرهێن دروست دەکەن لەاتی دامەزراندنی پیشەسازیەکاندا.

١)د.عبدالخلیل فضیل و د.احمد حبیب رسول، جغرافیة العراق الصناعیة، مطبعة جامعة الموصل، بدون سنة الطبع، ص١٩

*نیولیتیک: چەرخی بەردینی نوێ(٩٠٠٠-٤٥٠٠سالّ) پ.ز، دوایین قۆناغی پێش نوسینەوەی مێژوە ، مرۆڤ لەم قۆناغەدا نیشتەجێ بووە و دەستیداوەتە کشتوکاڵکردن و ماڵیکردن و بەخێووکردنی ئاژەڵ.

دادەمەزرێت بە جیاوازی قەبارەیانەوە (بچووک ، مامناوەند ، گەورە) . پشت بەست بەمە هەوڵدەدەین بەهـای پیشەسـازیی گۆڕینەکـانی نـاوچەی تـوێژینەوە و توانـا سروشـتی ومرۆییەکـانی بەردەسـت بۆدامەزراندنی پیشەسازیی گۆرین بخەینەڕووو.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە**

دەوڵەمەنـدی نـاوچەی تـوێژینەوە بەدەرامەتە سروشـتی وبنەمـا مرۆییەکـانی دامەزرانـدن و گەشـەی پیشەسازیی.

خولیای توێژەر لەبەدەستهێنانی پسپۆڕی لەجوگرافیای ئابوری بەگشتی ولقی پیشەسازیی بەتایبەتی.

کەمی توێژینەوەی زانستی تایبەت بەجوگرافیای پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەدا.

**کێشەی توێژینەوەکە**

بە تێبینـــی جوگرافیـــانەی تـــوێژەر(کە لەم پارێزگـــایەدا دەژی) وەبەرهێنـــانی پیشەســـازی لە پارێزگـاکەدا لاوازە و گرنگـی نـیە لە لایەنـی ئـابوریەوە، ئەمە بـۆتە کێشـەی تـوێژینەوەکە چـونکە پیشەســـازی ســـامانێکی بەتوانـــایە لەڕوانـــگەی ئـــابوریەوە، دامەزراندنیشـــی پەیوەســـتە بەبـــوونی بنەماسروشتی و مرۆیی یەکان، لە ئێستەی جیهاندا بەهـۆی پێشـکەوتنی تەکنۆلۆجیەوە دامەزرانـدن و کاری پیشەسازیەکان ئاسان بووە، بۆ لەم پارێزگایەدا لاوازە و گرنگی نیە لە لایەنی ئابوریەوە.

**گریمانەی توێژینەوە**

گریمانەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

١- جیگیربوونی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە لەژێر کاریگەری بنەما مرۆییەکاندایە وەک لە بنەما سروشتییەکان.

٢-کارگە پیشەسازییەکان بەشێوەیەکی یەکسان دابەش نەبوونە بەسـەر یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی توێژینەوەدا .

**ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە:

پیشاندانی قۆناغەکانی گەشەکردنی پیشەسازییە لە ناوچەی توێژینەوە.

خســـتنەڕووی دابەشـــبوونی جوگرافیـــانەی پیشەســـازییە لەنـــاوچەی تـــوێژینەوە ودیارخســـتنی ئەوفاکتەرانەی کاری لێدەکەن.

خستنەڕووی بنـەماکانی جیگیربـوونی پیشەسـازیی و توانـای بۆگەشـەکردنی ئەم کەرتە لە نـاوچەی توێژینەوە.

بەدەرخستنی ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی پیشەسازیە بووەکانی ناوچەی توێژینەوە بونەتەوە .

**ڕێبازی توێژینەوەکە**

پشت بەستراوە بە ڕێبازە بەکارهاتووەکان لە جوگرافیای پیشەسازي دا کە پەیوەیست بووە بە بابەتی توێژینەوەکە ریبازی هەرێمی یان شوێنی مان بەکارهێناوە، لەم ڕیبازەدا توێژەر شوێنێکی دیاری کراو وەردەگرێت و شێوەی(پێکهاتەی) پیشەسازیەکانی تێدا دەخاتەڕوو و ئەو هۆکارە کاریگەرانەش دەست نیشان دەکات کە کاریان کردۆتە سەر پیشەسازیەکان لەو هەرێمەدا(١)، بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت سەرکەوتوو بێت لە پراکتیزەی ئەم ڕیبازە پشت بەستراوە بە کۆکردنەوەی زانیاری و داتا بەم ڕێگایانەی خوارەوە :

- کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکان لە ناو دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان پێویست بووە بۆ بابەتەکەمان .

-کاری مەیدانی توێژەر بۆ تەواو کردنی کەم و کوریەکانی داتا و زانیاریەکانی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان.

**قۆناغەکانی ئامادەکردنی توێژینەوەکە**

بەگشتی ئەم توێژینەوەیە بەچەند قۆناغێک ئامادەکراوە ، کەبریتین لە:

١-کاریکتێبخانەیی : ئەم هەنگاوە پشت بەست بەگەڕان بەدوای سەرچاوەی لاپەڕەیی وداتای کاغەزین لەکتێبخانە جیاوازەکان وەرگرتنی دەقە پێویستەکان وەک خۆی.

٢-سەردانکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت بەمەبەستی دەستخستنی ئامار و داتای پەیوەست بەبابەتی توێژینەوەکە، لەوانەیش بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاماری پارێزگای سلێمانی وئاماری هەڵەبجە و کشتوکاڵی هەڵەبجە.

٣-کاری مەیدانی : ئەم قۆناغە گرنگترین قۆناغی ئەنجامدانی توێژینەوەکە بووە ، بەوپێیەی داتایەکی ئەوتۆی تایبەتبەت واقعێتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەدا بوونی نییە، هەر بۆیە توێژەر بۆدەستخستنی داتای پێویست ناچار بووە سەردانی تەواوی کارگە وناوەندە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە بکات.

٤-قۆناغی شیکردنەوەی داتاکان کەلەیەوە توێژەرهەستاوە بەڕاڤەکردنی تەواوی ئەو داتا خاوانەی دەستیخستووە، ئەمەیش لەڕێگەی خشتەسازییەوە، کەزۆرینەی داتاکان لەڕێی سەردانی مەیدانییەوە بەدەستهێندراوە.

**توێژینەوەکانی پێشتر**

بەگشتی هیچ توێژینەوەیەکی تایبەت بەجوگرافیا یپیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا ئەنجام نەدراون، بەڵام لەهەرێمی کوردستاندا بۆ ناوچەکانی تر کۆمەڵێک توێژینەوە ئەنجام دراون کەبوونەتە ڕێنیشاندەری توێژەریش بۆ دروست نوسینی ئەم توێژینەوەیە ، کەئەوانیش:-

**توێژینەوەکانی نیو هەرێمی کوردستان:**

١-حلاو حسن کریم(٢)، بەناونیشانی الصناعات الغذائية في محافظة الاربيل، : ئەم توێژینەوەیە لەسەر کەرتی پیشەسازیی پارێزگای هەولێر ئەنجام دراوەو لەسێ بەش پێکهاتووە، کەبەشی یەکەمی تایبەتە

---

١- عبدالزهره علي الجنابي ، الجغرافيه الصناعيه ، طبعه الاولى ، دار الصفا للنشر و التوزيع عمان –الاردن ٢٠١٢

٢) حلاو حسن كريم، الصناعات الغذائية في محافظة الاربيل، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية الآداب، جامعة الصلاحدين، اربيل ٢٠٠١.

به ناساندنی پیشەسازیی خۆراکی و سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەکردنی لەپارێزگای هەولێردا، بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە پیشەسازیی خۆراک و دابەشبوونی جوگرافیانەی لەپارێزگای هەولێر، هەرچی بەشی سێیەم ڕوونکردنەوەی تواناییەکانی پیشەسازیی خۆراکە لە پارێزگای هەولێر وکێشەکانی و ئاسۆی گەشەکردنیەتی.
ئامانجی ئەم تویژینەوەیە بریتیبووەلە: ڕاڤە کردنی پیشەسازیی خۆراک لەناوچەی تویژینەوەو دیارخستنی بنەما سروشتی ومرۆی یە بەردەستەکانی.
دەرئەنجامی تویژینەوە بریتیبووە لە: بەپێ قۆناغەکان پیشەسازیی خۆراک لەپارێزگای هەولێر گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، لەگەڵ بەردەستێتی تواناییەکان بۆگەشەی پیشەسازیی لەپارێزگاکەدا
٢-فؤاد خالد سعيد (١)، الصناعات الغذائية الرئيسية بمحافظة السليمانية (تحليل المكاني) باستخدام نظم معلومات الجغرافية، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية التربية جامعة الموصل، قسم الجغرافية، الموصل ٢٠٠٧ .
ئەم تویێژینەوەیە لەچواربەش پێکهاتووە، کەبەشی یەکەم تایبەتە بەباسکردن لەگرنگی پیشەسازیی خۆراک لەپارێزگای سلێمانی، بەشی دووەمیشی تەرخانە بۆ باسکردن لەڕاڤەکردنی نەخشەی پیشەسازیی خۆراکی لەپارێزگاکەدا، بەشی سێیەم تایبەتە بەباسکردن لەڕاڤەی شوێنی بۆ گۆڕاوە جۆراوجۆرەکان بۆ جێگیربوونی پیشەسازیی خۆراک لەپارێزگای سلێمانی، بەشی چووارەم تەرخانە بۆدیارخستنی کێشە هەقیقیەکان ودیارخستنی ئاییندەی پیشەسازیی خۆراک لەناوچەی تویێژینەوەدا.
ئامانجی ئەم تویێژینەوەیە بریتیبووە لە دیارخستنی واقعی پیشەسازیی خۆراکی لەپارێزگای سلێمانی و تایبەتمەندییەکانی دابەشبوونی.(لەم تویێژینەوەیدا هەڵەبجە وەک قەزا باسی پیشەسازیەکانی خۆراکی تێدا بخراوەتەروو)
دەرئەنجامی تویژینەوە بریتی بووە لەبەردەستی بنەماکانی گەشەی پیشەسازیی لەپارێزگاکە و ناچونیەکی دابەشبوونی پەیکەربەندیی کارگەکانی پیشەسازیی خۆراک لەناوچەکەدا.
٢-ڕزگار مستەفا محمد امین(٢) ، هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافیەکانی جێگیربوونی پیشەسازیی لەقەزای پشدەر، ئەم تویێژینەوەیە لەسێ بەش پێکهاتووە، کەبەشی یەکەمی تایبەتە بەباسکردن لەتایبەتمەندییە جیۆگرافیەکانی قەزای پشدەر، لەبەشی دوەم داتویژەر هەڵدەستێت بەباسکردن لەدابەشبوونی کارگە پیشەسازییەکان و هۆکارەکانی بڵاوبونەوەیان لە قەزای پشدەر، هەرچی بەشی سێیەمە تەرخانکراوە بۆ ڕاڤەکردنی هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی کارگە پیشەسازییەکانی قەزای پشدەر.
ئامانجی ئەم تویێژینەوەیە بریتی بووە لە: دەستنیشانکردنی بنەما جوگرافییە پیشەسازییەکانی ناوچە یلێکۆڵینەکە ودیاریکردنی کێشەکانی کەرتی پیشەسازیی ناوچەی تویێژینەوە.

---

١) فؤاد خالد سعيد ، الصناعات الغذائية الرئيسية بمحافظة السليمانية( تحليل المكاني) باستخدام نظم معلومات الجغرافية، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية التربية جامعة الموصل، قسم الجغرافية، الموصل ٢٠٠٧
٢) ڕزگار مستەفا محمد امین، هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافیەکانی جێگیربوونی پیشەسازیی لەقەزای پشدەر، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ٢٠١٦.

**توێژینەوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان**

توێژینەوەی بەڕێز دکتۆر ئەحمەد جەلیل ئیسماعیل بەناونیشانی گەشەسەندنی پیشەسازیی چیمەنتۆ لە پارێزگای نەینەوا، لەم توێژینەوەدا توێژەر باس لە هۆکارەکان و پێوانەکردنی بڕی بەکاربردنی پیشەسازی چیمەنتۆ لە پارێزگای نەینەوا وە بەراوردکردنی بەکۆی پیشەسازییەکانی تر لەگەڵ هۆکاری گەشەسەندن و پێوانەکردنی شوێنی لەنێوان پیشەسازییەکان بە شێوەیەکی گشتی وە بڕی بەرهەمهێنان و بەکاربردن لە ڕابردوو و لە ئێستاو داهاتوودا، هەروەها دەستنیشانکردن و دیاریکردنی کێشەکانی ئێستاو داهاتوو[1].

بەڕێز هیند فەوزی وفیق، پیشەسازی دەرمان لە عێراق کە تێیدا ئاماژەی داوە بە سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی پیشەسازیی دەرمان لە عێراق وە ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی ئەو پیشەسازییە، وە هەروەها بنەماکانی جێگیربوونی ئەم پیشەسازییەو دابەشبوونی پیشەسازیی دەرمان لە عێراق.

ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر دابەشبوونی جوگرافی دامەزراوەی پیشەسازیی دەرمان لە عێراق و[2].

دەرئەنجامی توێژینەوە بریتیبووە لە: کەرتی پیشەسازیی قەزای پشدەر بەشێوەیەکی ناڕێک دابەشبووە بەسەر یەکە کارگێڕییەکاندا و بەگشتی کارگەکانی ناوچەکە لەژێرکاریگەری کۆمەڵێک بنەمای جوگرافی دابڵاوبونەتەوە.

پلانی توێژینەوەکە ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەک وچوار بەش و ودەرئەنجام و ڕاسپاردە پێکهاتووە، **بەشی یەکەم:** چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکەیە، دوو باسە ، باسی یەکەم بۆ سەرهەڵدان و گەشەی پیشەسازیی گۆڕین لەناوچەی توێژینەوەدا خراوەتەڕوو و باسي دووەم جێگیربوونی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەدا ڕاڤە کراوە .

**بەشی دووەم:** تێیدا باس لە پێوەرەکان و دابەشبوونی پیشەسازییەکان لەپارێزگای هەڵەبجە دا دەکەین، کەلەسێ باس پێکهاتووە، بە جۆرێک لەیەکەم دا پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە دا دەخەینەڕوو، لەتەوەری دووەم دا دابەشبوونی شوینیی و قەبارەیی کارگە پیشەسازییەکان لەپارێزگای هەڵەبجەدا باس کراوە ،هەرچی باسي یسێیەم تەرخانکراوە بۆ ڕاڤەکردنی دابەشبوونی ژمارەیی کارگە پیشەسازییەکان لەپارێزگای هەڵەبجەدا.

**بەشی سێیەم:** باس لە بنەما و هۆکارەکانی جێگیربوونی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا کراوە ، بەجۆرێک باسي یەکەم بنەماکانی جێگیربوونی پیشەسازیی لە پارێزگای هەڵەبجە دا ، باسی دووەمیش دابەشبوونی هۆکاریی کارگە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە ..

**بەشی چوارەم:** لەم بەشەدا بەنانیشانی کێشەکان و ئاسۆی داهاتووی کەرتی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا، کە لە سێ باس پێک هاتووە کێشەکانی کەرتی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا، باسي دووەم هەنگاوەکان بۆ گەشەپێدانی داهاتووی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجە دا باسی سێیەم داهاتووی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە پشت بەست بەتەرزی پیشەسازیی تەرخانکراوە.

---

١ دکتۆر ئەحمەد جەلیل اسماعیل، توطن صناعة السمنت في محافظة نینوی، رسالة ماجستیر، جامعة موصل، ٢٠٠٤.

٢ دکتۆر هیند فەوزی وفیق،الصناعات الدوائیة فی العراق،دراسة فی الجغرافیة الصناعیة،کلیة اداب، جامعة بغدا، ٢٠٠٧.

# بەشی یەکەم
# چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم/ سەرهەڵدان و گەشەی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە

## باسی دووەم/ جێگیربوونی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە

**یەکەم: توانستە سروشتییەکان**
**دووەم: توانستە مرۆییەکان**

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### باسی یەکەم/ سەرهەڵدان و گەشەی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە

بەمەبەستی دروست خستنەڕووی قۆناغەکانی سەرهەڵدان وگەشەی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە، توێژەر هەستاوە بە دابەشکردنی ئەم باسە بۆ چەند یەکەیەک، ئەوانیش:

**یەکەم: سەرهەڵدانی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە**

هەڵەبجە مێژوویەکی دێرینی هەیە هاوتای شار و شارۆچکەکانی تری کوردستان، هەمیشەش یەکێک بووە لە شارە زیندو و پڕ جموجوڵەکانی کوردستان، ئەمەش بەپێی ناوچە شوێنەوارییە گرنگەکانی، کە بەڵگەی حاشا هەڵنەگری زیندویی و ئاوەدانیەکەیەتی لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووەکەیدا، هەرچی تایبەتیشە بە گەشەی پیشەسازیی گۆڕین لە ناوچەی توێژینەوە کە ئاماژەی گەشەکردنی قۆناغ بەقۆناغە.

ئەم ناوچەیە لەسەرەتای دروستبوونیەوە لە ڕووی سەربازی و سیاسی و ئابورییەوە شوێنی گەلێک روداوی جیاواز بووە ، بەجۆرێک لە (١٣٠٠) ساڵ پ.ز لەلایەن سەرجۆنی ئەکەدیەوە داگیر دەکرێت و بە (هارهار) ناودەبرێت، وە ماوەیەکیش پایتەختی لۆلۆبیەکان بووە[1]. واتا ئەو شوێنەی کە شاری هەڵەبجەی لەسەر دروست بووەو ئاوەدانی تێکەوتووە بەپێی ناوچە شوێنەوارییە کۆنەکانی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٣٣٠٥) ساڵ پێش ئیستا کە ئەم شوێنەی ئێستای هەڵەبجە* ژیانی تێدا بووە[2].

ناوچەی توێژینەوە پاش چەندین جار لە ڕووخاندن و ئاوەدانکردنەوە لە دەوروبەری ساڵی (١٦٥٠-١٧٥٠)ز لەلایەن بنەماڵەی (حمە چاوەش) ئاوەدان کراوەتەوە لەگەڵ هەرسێ کوڕەکەی (پیرۆت-سلێمان-عەبدولا)، پاشان چەندین کوڕ و کوڕەزایان لێ بوەتەوە بوون بە (١٣) ماڵەی هەڵەبجە[3].

---

[1]) نجم محمد، پانۆرامای شالاوو وێرانکاری و داگیرکاری بۆ سەر هەڵەبجە لە میژووی کۆن ونوێدا، گۆڤاری هەڵەبجە، چاپخانەی سان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٦-١٢.

[2]) کەریم خانی زەند، جوگرافیای کوردستان، چاپخانەی خاک، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٤٧٦.

* هەرچی ئەسڵی ناوی هەڵەبجەیشە ئەوا هەندێکیان پێیان وایە لە وشەی (هەڵۆژە) وە هاتووە سەرچاوەی ئەم بۆچونەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاووهەواو خاکی ئەم ناوچەیە گونجاوو لەبار بووە بۆ گەشەی ئەم میوەیە، بڕوانە: حکیم مەلا سالح، هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، ب.یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، ٢٠٠٤، ل٣٧

هەندێکی تر دەڵێن سەرەتاکەی بەناوی کەسێکەوە بەناوی (هەڵۆبەگ)ەوە ئاوەدان کراوەتەوە و ناونراوە (هەڵۆجا) پاشان وردە وردەناوەکەی گۆڕاوە و بووە بە (هەڵەبجە)، بڕوانە: ئەیوب رۆستەم، هەگبەو هەوارگە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفیسی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٣٧

هەڵۆبەگ: یەکێک بووە لە میرەکانی ئەردەڵان لەساڵەکانی (١٦٠٠-١٦١٥)ز ماوەیەک میری ئەردەڵانیەکانی کردووە لە (گوڵ عەنبەر) واتە خورماڵی ئێستا بڕوانە: عادل صدیق، هەڵەبجە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، (١٨٨٩-١٩٣٠) چاپ و پەخشی نوسەر، چاپی یەکەم،سلیمانی، ٢٠٠٨، ل١٥

هەندێکی تر دەڵێن کاتێک خەڵکی ناوچەی کرماشان بۆ کاری بازرگانی رۆشتوون بۆ حەلەب لە سووریا بەو ناوچەیەدا تێپەڕبوون کاتێک بینیویانە ئاووهەوای ئەو ناوچەیە لە ئاووهەوای حەلەب دەچێت ناویان ناوە (حلبجە) واتە *حەلەبی بچووک، بڕوانە: بەکر حمە صدیق عارف، لاپەڕەیەک لە مێژووی هەڵەبجە، (١٧٠٠-١٩٥٨)، سلێمانی، ١٩٩٧، ل١٨-١٩.

[3])خەبات عبدالله، هەڵەبجە مەملەکەتی ژیان، چاپخانەی ڕەنج" چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٨٧

پشتبەست بەخشتەی(١) و بە گەڕانەوە بۆ مێژووی ئەم پارێزگایە سنووری ئیداری کەمی کردووە بە شێوەیەک ئەم سنوورە لە ساڵی (١٩٥٧) سنووری ئیداریەکەی بریتی بووە لە ناوچەکانی (قەزای سەنتەری هەڵەبجە، ناحیەی پێنجوێن، ناحیەی دەربەندیخان و ناحیەی خورماڵ، ناحیەی شارەزوور) بەڵام پاش ساڵی (١٩٥٧) دوو ناحیە لە سنووری قەزاکە بوون بە قەزاو دابڕاون لە قەزاکە ئەوانیش ناوچەکانی دەربەندیخان و پێنجوێن بوون، ئەوەش بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیای و گرنگی شوێنەکەیان کراون بە قەزا، ئەم قەزایە بەم شێوەیە ماوەتەوە تاوەکوو ساڵی ١٩٩٩٢ کە پێکهاتبوو لە (قەزای سەنتەری هەڵەبجە و ناحیەی سیروان و ناحیەی شارەزوور و سەیدسادق و ناحیەی بیارە)[١]. بەلام لەپاش سالی (١٩٩٢)ەوە تەنها یەک گۆرانکاری ئیداریی لەسنوری قەزای هەلەبجەدا روویداوە ئەویش پاش دەرچوونی بریاری بەپاریزگابوونی قەزاکەبووە " کە لە سالی (٢٠١٥)بریاردرا ناحیەی بەمۆی بخریتەسەر .

**خشتەی (١)**

**سنووری ئیداری پارێزگای هەڵەبجە لە نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢١)**

| ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ١٩٩٢ | ٢٠٢١ |
|---|---|---|---|---|
| قەزای سەنتەر (هەڵەبجە) | قەزای سەنتەر (هەڵەبجە) | قەزای سەنتەر (هەڵەبجە) | قەزای سەنتەر (هەڵەبجە) | قەزای سەنتەر (هەڵەبجە) |
| ناحیەی پێنجوێن | ناحیەی خورماڵ | ناحیەی خورماڵ | ناحیەی خورماڵ | ناحیەی خورماڵ |
| ناحیەی دەربەندیخان | ناحیەی سیروان | ناحیەی سیروان | ناحیەی سیروان | ناحیەی سیروان |
| ناحیەی خورماڵ | ناحیەی شارەزوور (سیدسادق) | ناحیەی شارەزوور (سیدسادق) | ناحیەی بیارە | ناحیەی بیارە |
| ناحیەی شارەزوور | ناحیەی بیارە | ناحیەی بیارە | - | ناحیەی بەمۆ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامە، المجموعە الاحصائيه لتسجيل عام (١٩٥٧) لواء كركوك و السليمانية، مطبعة العاني، ص١٠

٢- عەبدوڵا غەفور، کوردستان، دابەشبوونی کارگێری تریتۆری ١٩٢٧-١٩٩٧چاپی دووەم، چاپخانەی دێکان، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٣، لا١٧٨.

٣- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز مركزي للاحصاء، نتائج ترقيم المباني و حصر السكان، لسنة ١٩٧٧، لمحافظة السليمانية، مطبعة الجهاز المركزي،١٩٧٨، ص٧

٤- هێرۆ محمد صالح، توێژینەوەیەک لە بواری جوگرافیای دێنشی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ل٢٢.

لەم ماوەیەدا ناوچەی توێژینەوە سنوورەکەی هەروەک خۆی مایەوە و گەشەکردنی بەخۆیەوە نەبینی، لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی هەرێمی کوردستان و راپەڕین لە ساڵی ١٩٩١، لە هەمان کاتدا ئەو بارگرژی و دوو ئیداری و شار و ململانێی حزبەکانی کوردستان و دابەشبونی هەرێمی کوردستان بۆ دوو ئیدارەی حزبیی، ئەمەش زیاتر بوو بەهۆی ڕووخاندنی هەموو سێکتەرە

[١] ئەیوب رۆستەم، هەگبەو هەوارگە، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٨-٣٩.

خزمەتگوزاری ئاوەدانی و کەرتەکانی پیشەسازیی و ئیدارییەوە، بەتایبەت قەزاو ناحیەکان، قەزای هەڵەبجە گەورەترین پشکی بەرکەوت.
قەزای سەنتەر لەگەشەکردندا بووە بەڵام ڕووبەری گشتی لە بچوکبونەوەدابووە، بەجۆرێک لە سنووری ئیداری ناوچەکەدا لە ساڵی (١٩٩٥)دا بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (هەڵەبجەی تازە) کرا بە قەزای شارەزوور، وەک چۆنیش لە ساڵی (٢٠٠٧)دا ناوچەی شارەزوور سیدصادق کرا بە قەزاو خرایە سەر پارێزگای سلێمانی [1].
بەهۆی ئەو بارودۆخ و گۆڕانکاریە ئیداریانەی لە پارێزگاکەدا ڕوویان داوە، لە ماوەکانی رابردوودا ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو کەمی کردووە بە شێوەیەک لە ساڵی (١٩٥٧) دا (٣٢٩٤)کم٢ بووە، کە ڕێژەی (٨,٢٦%) ڕووبەری پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە کە ئەوکات (١٢٢٨٢)کم٢ بووە، لە ساڵی (٢٠٠٢)دا ڕووبەرەکەی گەشتوەتە (٧٩٦) کم٢ بە ڕێژەی (٣,٧%) پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە کە ڕووبەری پارێزگای سلێمانی (١٠٧٧١)کم٢ بووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەردوو ناوچەی دەربەندیخان و پێنجوێنی لێ جیاکراونەتەوە[2]. لە ئێستادا پارێزگای هەڵەبجە پێکهاتووە لە قەزای سەنتەر و چوار ناحیە (ناحیەی سیروان، ناحیەی خورماڵ و ناحیەی بیارەو ناحیەی بەمۆ)[3].
ئەمەش پاش ئەوەی لە (٢٠١٤/٣/٢٧) بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ دیاریکردنی سنووری پارێزگای هەڵەبجە کە پێکهاتبوو لە وەزیری ناوخۆ و نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پلاندانان و داد و پارێزگای سلێمانی، پاشان ڕاپۆرتیان پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا کە سنوورەکەی بریتی بوو لە قەزاکانی هەڵەبجە (ناوەند) سیدصادق و پێنجوێن و هەڵەبجەی تازە، ئەمەش لەسەر بنەمای مێژوویی و ئیداری و کۆمەڵایەتی، ئەو قەزایانە خۆیان نەیانویست بچنە نێو پارێزگای هەڵەبجە.
پشتبەست بەخشتەی ژمارە (٢) ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە و پاش بوونی بە پارێزگا لە (٢٠١٤/٣/١٤) لەخۆگرتەی ڕووبەری هەریەک لە ناحیەکانی سیروان و خورماڵ و بیارەو بەمۆ و سیروانە و هەریەکێک لەم یەکە کارگێڕیانە ڕێژە ڕووبەریکی جیاواز لە کۆی ڕووبەری پارێزگا پێکدەهێنێت، بەجۆرێک ناحیەی بەمۆ کە ڕووبەرەکەی (١٤٢,٦کم٢) یە (١٣,٥٤%)ی کۆی ڕووبەری پارێزگاکە پێکدێنێت، کە بچوکترین یەکەی کارگێڕی پارێزگاکەیە لەپاش سەنتەرەوە، و دواتر ناحیەی بیارە دێت کە بەڕوبەرەکەی بریتی یە لە (١٨٧,٩کم٢) واتا( ١٧,٨٥%)ی کۆی ڕووبەری پارێزگا پێکدەهێنێت و پاشان ناحیەی خورماڵ کە ڕووبەرەکەی (٢٦٠,٧کم٢) (٢٤,٧٧%) لە کۆی ڕووبەری پارێزگا پێکدەهێنێت.

---

[1])حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق ،وەزارەتی ناوخۆ، لیژنەیەک لە لێکۆڵینەوە، قەزای سیدصادق و قەزای هەڵەبجە،٢٠١٤، ڕاپۆرت، ل١٩-٧٠.

[2])هێرۆ محمد صالح، لێکۆڵینەوەیەک لە بواری جوگرافیای دێنشینی، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، ل٨-١٢.

[3] )حكومة اقليم كوردستان العراق، وزارة التخطيط، مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبني الخدمية الارتكازية لاقليم كوردستان العراق، محافظة سليمانية، لسنة٢٠٠٢. (بدون رقم الصفحات).

بەڵام قەزای سەنتەر ڕووبەرەکەی بریتییە لە(١٤کم٢کم٢) ئەوا ( ١,٣٣%)کۆی ڕووبەری پارێزگاکە پێکدەهێنێت، هەرچی ناحیەی خورماڵیشە بەڕووبەری (٢٦٠,٧کم٢) و بەڕێژەی (٤٢,٦٨%) ، گەورەترین ڕووبەری پارێزگاکە لەخۆدەگرێت.

**خشتەی (٢)**

**ڕووبەری یەکە کارگێرییەکانی پارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی(٢٠٢١)**

| ناحیە | ڕووبەر - کم٢ | % ڕێژە لەکۆی ڕووبەری پارێزگا |
|---|---|---|
| بەمۆ | ١٤٢,٦ | ١٣,٥٤ |
| بیارە | ١٨٧,٩ | ١٧,٨٥ |
| خورماڵ | ٢٦٠,٧ | ٢٤,٧٧ |
| سیروان | ٤٤٩,٢ | ٤٢,٦٨ |
| قەزای سەنتەر | ١٤ | ١,٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٠٥٢,٤ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە :

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە ٢٠٢١.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەریوە بەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیاو زانیاری،GIS ، ٢٠٢١.

**دووەم: گەشەی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە**

سەبارەت بە پیشەسازییە کۆنەکان و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی ئەو پێداویستی و کەرەستانەی کە پێداویستی رۆژانەی خەڵکەکە بوون، زیاتر پیشەسازییەکانی ناوخۆیی و لەناو ماڵاندا دەکران و لە کۆندا زیاتر پیشەسازییە گۆڕاوەکان بووە وەک (بەڕەو مافوور و دارتاشی و ئاسنگەری و چەقۆو...هتد)[١].

هەرچی تایبەتیشە بە گەشەی پیشەسازییانەی ناوچەی توێژینەوەوە کە ئاماژەی زۆربوونی تەکنەلۆژیای بەکارهێندراو بۆ بەرهەمهێنان و زیادبوونی سەرمایە و وەبەرهێن و دەستیکاری شارەزا و زۆربوونی بەرهەمە ئەوا پشتبەست بە مێژوی گەشەکردنی پیشەسازیی ناوچەی توێژینەوەمان دابەشکردووە بۆ چەند قۆناغێک، کە ئەوانیش:

**یەکەم: قۆناغی پێش ساڵی ١٩٥٨**

لەم قۆناغەدا چەندین پیشەی هەمەجۆر لە ناوچەکەدا هەبوون، چەندین ئامرازی کشتوکاڵی دروست کرابون، ( مەیجەر سۆن) لە کاتی گەشتی یەکەمدا کە خۆی گۆڕیبوو لە هەڵەبجەدا بە کەسێکی فارس خۆیدابووە قەڵەم، ئاماژەی بەوەداوە توانستی دروستکردنی حەریری باش لە ناوچەی هەڵەبجە هەیە. لە گرنگترین ئەو پیشەسازیانەی بونەتە جێگای سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسەکان لەم قۆناغەدا بریتی بووە

١عادل صدیق، هەڵەبجە، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

له پیشەسازی خەزەف و پێستەو نەخش، تەنانەت تۆمابوا دەڵێت، هەندێک شێوەی ئەو دەسکردانە لە ڕێگای شاری ڤینیسیاوە گوێزراوەتەوە بۆ ئەوروپا، هەربۆیە پیشەسازی ئەوتۆی تێدایە بەناوی پیشەگەرانی کوردەوە ناسراوە[١].

بەگشتی سەرەتای پیشەسازیی لەم ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بەکۆمەڵبوونی مرۆڤ و زیادبوونی پێداویستیەکانیان و بەگشتیش پیشەسازیی لەم قۆناغەدا و لەناوچەی تویژینەوە بەچەند بەرهەمهێنراوێکی سادە دەناسرێتەوە لەشێوەی پیشەسازیی بەرهەمهێنانی ترشیات و شیرینی و دۆینە و ڕبەهەنار و ئاشی ئارد و دورینی کڵاش و توتن کە بەگشتیش پشت بەهێزی بازوو بەستراوە و کەمترین تەکنەلۆژیا بەردەستبووە و کارگەکانیش لەبەرد(ئاشی گەنم) و خشت(تەندئاور)بوون، لەم قۆناغەدا کارگەکان خودی ماڵەکان بوونە تا ئەوەی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی چەند کارگەیەکی بچکۆلانە لەناوچەکەدا کراونەتەوە، بەگشتیش ئەم کارگە بچکۆلانانە مولکی تایبەت بووە. پیشەسازیی لەم قۆناغەدا لەناوچەی تویژینەوە لەوپەڕی سادەییدا بووە بەوپێیەی حکومەتە یەک لەدوایەکەکانی عێراقیش بەقەستی نەیانویستوە پیشەسازیی لەم ناچەیە و تەواوی خاکی کوردان بگەشێتەوە.

(ئەدمۆنز) باسی ئەوەی کردوە کە زۆربەی خەڵکی تەوێڵە لە هەورامانی کوردستان سەرباری ئەوەی خاوەن باخن، بەڵام لە بواری پیشەی دەستیدا سەرکەوتون بەتایبەت لەچنینی کڵاشدا، (ئەدمۆنز) وتویەتی ئەم پێڵاوە کوردیە لە پاشماوەی پارچە کوتاڵ دروست دەکرێت کە بەپێی قەبارەی گونجاو دەیبڕن. ئەو شێوەی دروستکردنی ئەم جۆرە پێڵاوەی لا پەسەندبوە کە ئامێری تایبەتی بۆ بەکار هێنراوە، وەک برانتیش ئاماژەی بۆ پیشەی کۆکردنەوەی کەتیرە کردوە، ئەو دەڵێت: لە داری قەزوان دروست دەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا لە داری قەزوان بنێشت بەرهەم دەهێنرێت. کە کارێکی ئێجگار دژوار و گرانە لە وەرزی هاویندا ئەنجامدەرێت، ئەوەی جێگای باسە کاری بنێشتکردن یەکێکە لەو کارە دەگمەنانەی کە تا ئێستاش سەرچاوەی بژێوی زۆر خێزان و تاکە لە هەڵەبجەدا. حامد بەگیش لە دروستکردنی قەیسەریەکەی خۆیدا لە (١٩٢٤-١٩٢٦) کورەی دروستکردوە و قسڵیان سوتاندوە و بە وڵاغ هێناویانە تا بەکاری بهێنن لە قەیسەریەکەدا. وە لەوکاتەدا خشت لە سێ شوێن لە هەڵەبجە دروستکراوە، لە گڵەجان (شوێنی ئێستای شارەوانی هەڵەبجەو باخی گشتی)، لە خوار باغەکان و لە بامۆکیش دروستکراوە[٢].

کۆنترین پیشە کە لە هەڵەبجەدا سەری هەڵدابێت پیشەی خشتسازیی بووە، کە ئەمەش سیانزە ماڵە سەرەتا هێناویانەتە هەڵەبجە و ئامانجیان دروستکردنی خشتێک بووە کە بەرگەی باران و کەشوهەوای جیاواز بگرێت و بمینێتەوە. پاشان هەر ئەوان پیشەی دروستکردنی بانگردێن و بانکوت و دروستکردنی پاسار بە خشتیان هێنایە هەڵەبجەوە. یەکەمین خانوو کە لە بەرد دروستکرابێت ماڵی پاشا بووە ئەویش تەنها نهۆمی یەکەمیەتی و نهۆمی دووەم و سێیەمی لە خشت دروستکراوە کە گڵی سپییان لە عەبابەیلی بۆ هێناوە و لە بامۆکیش کورەی دروستکردنی خشت هەبووە، لەوێ بە وڵاخ و

---

١بەدرخان سندی، کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، و، دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، چاپخانەی خانی،دهۆک، ٢٠٠٨، ل ٤٣٩.

٢عبدالرقیب یوسف، کورەی قسڵ و گەچ لە هەڵەبجە، بەڵگەنامەی دەستنوس، بینراوە لەبەرواری ٢٠٢١/١١/٢٠، کە بەردەستە لە http://abdulraqib.net

گالیسکە خشتیان بۆ گواستوەتەوە. تەنانەت بۆری ئاو لە خشت دروستکراوە و بە قسڵ ڕوپۆش کراوە و بە بەرد سەری گیراوە، بەوەش چەندان کیلۆمەتر ئاوی گواستوەتەوە[1].

هەڵەبجە لەم قۆناغەدا چەند کارگەیەکی سەهۆڵی لێ بووە کە سەهۆڵی دابین دەکرد بۆ ناوچەکانی دەوروبەری هەڵەبجەیش، بۆ یەکەمجار لە ساڵی( ١٩٥٧ )دا ئەم کارگەیە هاتووەتە هەڵەبجە توانستەی دروستکردنی (٣٠٠٠)قاڵب سەهۆڵی هەبووە لەڕۆژێکدا، پاشان چەند کارگەیەکی تری سەهۆڵی تێدا دامەزراوە[2].

هەرچی تایبەتە بە ئاشەکانیش ئەوا لەم قۆناغەدا هەشت ئاشی دیار هەبوون کە گەنم و جۆیان دەکرد بە ئاردو ساوەر سەرچاوەی ئیشپێکرنی ئەم ئاشانە بە ئاوو گاز کاریان کردووە، گرنگترین ئاشەکانیش (ئاشی سپی) کە ئەم ئاشە بە ئاو ئیشی دەکرد، ئاشی شێخ ئەلا سەرچاوەی ئیش پێکردنی ئەم ئاشە (ئاو) بووە. دیارترین ئاشەکانی هەڵەبجە لەم قۆناغەدا بریتی بووە لە:

١- ئاشە کۆنەکە، ئاشی کریم زێرینجۆی.
٢- ئاشی مزگەوت.
٣- ئاشی مفتی.
٤- ئاشی مزگەوتی پاشا.
٥- ئاشی مامۆستا شیخ رەسول
٦- ئاشی محمود یاروەیس
٧- ئاشی ماڵی حامد.
٨- ئاشی ماڵی غفور بەگ [3].

یەکێکی تر لە پیشە گرنگەکان لە هەڵەبجە پیشەی ناڵبەندی بووە، دیارە تا کۆتایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم خەڵکی گوندو شارەکان زیاتر وڵاخ (ئێستر، ئەسپ، گوێدرێژ) یان بەمەبەستی گواستنەوەی شمەک و خەڵک بەکارهێناوە. وڵاخیش بۆ ئەوەی کارەکانی بە باشی ڕایی بکردایە کۆمەڵێک پێداویستی هەبوو، لەوانە ناڵکردن، کۆپاندوریی، گالیسکە و زۆر شتی تریش. ناڵکردن پیشەیەکی سەرەتایی بووە بەڵام هەموو کەس نەیزانیوە و وەستایی و کارامەیی زۆری پێویست بوە، وەستا دەبوو ناڵ و بزمارو چەکوش و برِبەن و سمتاش و لەواشەی پێبوایە، وەستا لەو کارەیدا پێویستی بە خەلفەو شاگرد هەبوو بۆ ڕایی کردنی کارەکانی زۆرجاریش موشتەرییەکان خۆیان وڵاخەکانیان دەگرت بۆ ئەوەی بە ئاسانی ناڵبکرێن. لە هەڵەبجەدا چەندین ناڵبەند هەبوون زیاتر لە قەراغ بازاڕەکاندابوون، ئەمانە لەوەرزی بەهارو هاویندا دوکانەکانیان جمەی دەهات لە وڵاخدارانی گوندەکانی دەوروبەری شار[4].

هەروەها کەرەستەی تری کشتوکالی وەک کەرەستەی جوتکردن و زەوی کێڵان هەر لە ناوخۆدا دروست کراوە دارێک کە پێی وتراوە نێڵە بە پەتێک بە گاسنەکەوە کە ئەویش هەر لە دارێکی تەخت

١چاوپێکەوتن لە گەڵ بەریز، حەکیمی مەلا ساڵح، (نوسەر و مێژوونوس)، هەڵەبجە، ٢٠٢١/١٢/٢٧.
[2]کۆچەر میرزا، چیرۆکەکانی شار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٢١٥.
٣سیف الدین سید محمد نانەوا، هەڵەبجەو تیشکێک لەسەر بنەماکان، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، ل٥٥.
[4]عەلادین سەجادی، کوردەواری، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد،١٩٧٤

و مەیلەو پانە گەزونیوێک درێژە دروستکراوە بەسراوەتەوە و سەرەکەی تری دەخاتە سەر پشتی گایەکان یڵەیەک بەولایداو گاسنەکە بەلایەکی تریدا شۆڕدەبێتەوە، بەو جۆرە گاسنەکە گیردەکرێ لە دڵی زەوی و بە ڕۆیشتنی گاکان زەویەکە دەکێڵێت[1].
هەرچی تایبەتیشە بە دروستکردنی کڵاش کە پاپۆشیکی کوردی ڕەسەنە و یەکێکە لەبەرهەمە پیشەسازییە دەستیەکانی هەورامان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان خواستی لەسەرە هەیە، وە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دابینکردنی بژێوی ئەو کەسانەی پێوەی خەریکن، مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و مەڵبەندی سەرەکی دروستکردنی کڵاش (شارەدێی تەوێڵە) بووە، ئەم پیشەسازییەش چەند قۆناغێکی یەک لە دوای یەک ئەنجام دەدرێت، قۆناغی یەکەم پێکنەگرتن، قۆناغی دووەم دروستکردنی بنەکڵاش قۆناغی سێیەم کڵاش چنین[2].

**دووەم: قۆناغی ١٩٥٨–١٩٨٨**

لەم قۆناغەدا پیشەسازییەکان بایەخ و تایبەتمەندی خۆی هەبووە بەتایبەتی لە بواری پیشە دەستیەکاندا بە ناوچەیەکی دەوڵەمەندی کوردستان هەژمار دەکرێت لەڕووی دروستکردنی پۆشاک و کەلوپەلی ناوماڵ و باخ و هونەری بیناکاری، هۆکاری گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئەم پیشەسازییانە ڕەخساندنی ئاسایش و ئارامی و کرانەوەی بەڕووی دەوروبەردا گرنگترین هۆکاری گەشەسەندنی پیشەسازییە لە هەموو جیهاندا.
لەم قۆناغەدا لەناوچەی توێژینەکەماندا کارگەی دروستکردنی خشتی سوور هەبووە کە دەکەوێتە گوندی بامۆک، چونکە کەرەستەی خاوەکەی لێ نزیک بوو، کە ئاوی زۆری پێویست بووە و سەرچاوی ئاوی زۆر تێدا بوو ، کارگەی گەچ و قسڵ بەهەمان شێوە دەکەوێتە نزیک کارگەی دروستکردنی خشتی سوور[3].
لەم قۆناغە کارگەی دروستکردنی بلۆک دیارکەوت کە ئەم کارگەیە دەکەوێتە دەروازەی هاتنە ناوەوەی هەڵەبجە (باشوری خۆرئاوای هەڵەبجە) و لەم کارگەیەدا( ١٠ )کەس کاریان تێدا دەکرد، هەروەها (٢) کارگەی تری دروستکردنی بلۆکی تێدا بووە لە سیروان کە تاوەک و ئێستاش ئاسەواریان ماوەتەوە. ئەمەش بەهۆی نزیکی کەرەستەی خاوی پیشەسازییەکە لەنزیک ئەم کارگانەو سەرچاوەی ئاوو کارەباش یارمەتیدەربووە[4].
سەرباری ئەوەی لەم قۆناغەدا لەناوچەی توێژینەکەماندا کارگەی پوختەکردنی توتن (تنقیح) هەبووە ئەم کارگەیە (١٨٠)کارمەند تێیدا کاری کردووە، ئەم کارگەیە پشتی دەبەست بەو بەرهەمەی کە جوتیاران بەرهەمیان دەهێنا لە کشتوکاڵکردنی توتن لە هەڵەبجەو ناوچەکە، کە ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکان سەرقاڵی چاندنی توتن بوون، ئەم کارگەیە کاری پوختەکردنی تووتنی ناوچەکە بوو، واتا کاری جیاکردنەوە جۆرە باش و مامناوەند و خراپەکانی توتن بوو[5]. پیشەسازیی خۆراکیش بە

[1] عەلادین سەجادی ، هەمان سەرچاوە، ل٢٩٦–٢٩٨
[2] ئەیو رۆستەم، هەورامان لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی کلتوری، چاپخانەو ئۆفسێتی قانع، چاپی یەکەم، ٢٠١٤، ل٢٣٣..
٣چاوپێکەوتن ( محمد غفور شریف)، بەڕێوەبەری پێشکەوتوی خانەنشینی ئامار، سلێمانی ٢٠٢١/٢/١٨.
٤چاوپێکەوتن لەگەل بەرریز (حکیم ملا صالح)، (نوسەر و مێژونوس)، هەڵەبجە، ٢٠٢١/١٢/٢٧.
[5] محمد غفور شریف، سەرچاوەی پێشوو ٢٠٢١/٢/١٨.

هەموو جۆرەکانی کارگەی دروستکردنی شیرینی هەموو جۆرەکانی پاقلاوەو کونجی و مەسکەت و لوقم و لەبزینە و پیشەسازیی دروستکردنی دۆشاوی تەماتە، کە لە کۆندا شێوەیەکی سەرەتایی دروست دەکرا لە قوتو تەنەکە دەکراو بەرهەمەکەشی دەبرایە دەرەوەی هەڵەبجە بۆ سلێمانی و چەند شوێنێکی تر، هەر لە شوێنی دروستکردنی لە قوتوو تەنەکە دەکرا و کەپس دەکرا بڕێکی زۆری لێ دروست دەکرا، بەهۆی ئەوەی هەڵەبجە ناوچەیەکی کشتوکاڵی بوو بڕێکی زۆر تەماتەی لێ دەچێنراو ئاوەکەیان دەگرت[١]. وە دروستکردنی بنێشتی کوردی و ڕووبی هەنار و ئاوی نعناع و گوڵاو ترشیات و شەربەت سەرچاوەی بژێوی زۆرێک لە خێزانەکان بوون کە کەرەستەی خاوی ئەم پیشەسازییانە لە ناوخۆدا هەبوون. وە پیشەسازیی دروستکردنی دۆندرمەو (دۆڵدرم) ساردەمەنی و شیرینی (دۆڵ)یش بەرمیلیک بوو لە تەختە دروست کرابوو، لەناو بەرمیلەکەدا لولەکێکی یەک مەتری لە مس دروستکرابوو تێدا بوو، وا پێدەچێت ناوی ئاوی بەستەنەیەکەش لەناوی ئەم دۆڵکەوە هاتبێت بۆیە پێی دەوترێت دۆڵدرمە[٢].

مسگەریش لەم قۆناغەدا باوبووە، کە کەرەستەخاوەکەی کانزای مس بووەو کە بەخاوەن پیشەکە دەگوترا مسگەر و ئیشیان بریتی بووە لە زاخاودانی تەشت و مەنجەڵ و دەوری و سینی و کەرەستەی خاوی ئەم پیشەسازییەیش لە شاری کەرکوکەوە هاوردە دەکرا، وە ئەم پیشەسازییە پشتی بەسەرچاوەیەکی وزە دەبەست بۆ توانەوەی مسەکەو دروستکردنی کەلوپەلەکان[٣].

## سێیەم: قۆناغی ١٩٩٢-٢٠٠٣[•].

لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا لەناوچەی توێژینەوە پیشەی ئاسنگەری و پیشەسازییەکانی تری کە پشتی بە کەرەستەی ئاسن دەبەست گەشەکردنێکی زۆری بەخۆوە بینی بەجۆرێک هەڵدەستان بە دروستکردین دەرگاو پەنجەرەو (بەرەق) گاسن [٤].

سەرباری ئەوەی لەم قۆناغەدا دروستکردنی چەک و ساچمە و ناڵ و زینی ئەسپ و فیشەک و تاپڕ پیشەیەکی باوبووە، لەگەڵ ئەمانەشدا هەڵەبجەو ناوچەکانی دەوروبەری بەتایبەتتر هەورامان بەهۆی بوونی وەستاو دەستی کاری کارامەو شارەزا چەندین پێداویستی و کاڵای دەستی دروست کراون وەک تەور و تەورزێن، تەور داس ، داس، پاچ و بێڵ و خاکەناز و قفڵ و کلیل و ساجی نان کردن، سۆپاو مقاشی سۆپاو...هتد[٥].

پیشەی دارتاشیش لەناوچەی توێژینەوە خۆی لەدروستکردنی کورسی و مێز و تەپڵەک و قەنەفەو سیستەمی خەوتن و بەشێوەیەکی سەرەتایی و بە دیزاینی ئەو سەردەم دروست دەکران، بەرهەمی ئەم پیشەسازییە زیاتر بۆ ناوخۆی ناوچەکەو دەوروبەری دروست دەکران، کەرەستەی خاوی ئەم پیشەسازییە زیاتر سودیان بە دار و ئەو شێڵەیەی لە داری (مازوو) هەیە وەردەگرن کە لەچیاکانی

---

[١] چاوپێکەوتن (محمد امین حمەکریم)، شارەزای کشتوکاڵ،لەهۆبەی کشتوکاڵی هەڵەبجە، ٢٠٢١/٢/٢٠.

[٢] کۆچەر میرزا چیرۆکەکانی شار، چاپی یەکەم،چاپخانەی کارۆ، سلیمانی ٢٠١٩، ل١٨٣.

[٣] محمد امین حمە کریم، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢١/٢/٢٠.

• لەساڵەکانی ١٩٨٨-١٩٩١ ژیان لەم پارێزگایەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان وەستاوە بەهۆی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە.

[٤] محمد غفور شریف، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢١/٢/١٨.

[٥] ئەیوب ڕۆستەم، هەورامان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کلتووریی، چاپی یەکەم، چاپخانەو ئۆفستی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٤٠-٢٤١.

ناوچەکە بوونی هەیەة وەک (بەڕو و چنار و بی و توو..هتد). وە پیشەی دارتاشی لە هەورامان بایەخێکی گەوەری هەبووە گەلێک کەرەستەی بیناکاری لێ دروست کراوە، وەک دەرگاو پەنجەرەو سندوق و پێداویستی ماڵ و قاپ و تەشتی نان و پنەو کەوچکی چێشت و کە هەموو ئەمانە بە نەخشی جوان و سەرنج ڕاکێش نەخشێنراون، گرنگی و بایەخی ئەم پیشەیە لەم ناوچەیەدا زیاتر بووە، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی کەرەستەی خاوی زۆر بووە وەک (دار گوێز و بەڕو و تو و چنار) [1].

هەرچی تایبەتە بە کارگەی ڕستن و چنینیش ئەوا لە سالانی (١٩٥٨ - ١٩٦٣) ئەم کارگەیە لەکاردابووە و زیاتر بەرهەمە دروستکراوەکانی ئەم کارگەیە پشتی بە بەروبوومی کشتوکاڵی ناوچەکە وەک (لۆکە-خوری)، ئەم کارگەیە دەکەوێتە ناوچەی سیروان کە بەرهەمەکانیان بریتی بوون لە (فانیلەو گۆرەوی و خاولی و کڵاو)[2]. وە لەگەڵ ئەوەی ئەم بەرهەمانەیان لەناوخۆیاندا بەکاردەهێنا و پێداویستی ڕۆژانەی خەڵکیان پڕ دەکردەوە، ئەوەشی زیاد بوو لە بەرهەمهێنانیان وەک (کڵاش و پێڵاوو مەوج و بەرماڵ و تونن بە پوختەکراوی، رانک و چۆغەو جاجم و...هتد) دەبرانە دەرەوەو داهاتێکی باشیان دەست دەکەوت[3].

لەبەر ئەوەی زۆربەی پیشەسازییەکان دەستی بوون بۆیە زیاتر پشتی بە دەستی کاری شارەزاو لێهاتوو بەستووە، بۆ دروستکردنی بەرهەمەکانیان و ئامێر و ئامرازی و تەکنەلۆجیای پێشکەوتووی تێدا بەکارنەهاتووە، ئەم پیشەسازییانە بە پیشەسازییە پیشەگەریەکان (الصناعة الحرفية) ناودەبرێن، کە دەستی کار بە شێوەی بازنەیی تێیدا دەسورێتەوە[4]. هەروەها چەندین وەستای دەست ڕەنگین و شارەزا لەم بوارەدا لەناوچەی توێژینەوە هەبوون وەک وەستا (احمدی دارتاش)[5]. بەهۆی سەختی ناوچەکە لەڕووی جوگرافیاو ئاووهەواو نەبوونی ڕووبەری پێویست (دەسکاری) تا دانیشتوانی بە پیشەی کشتوکاڵەوە خەریک بن زیاتر پەنایان بۆ پیشەسازییە دەستیەکان بردووە.

جۆلاییش لەناوچەکەدا پیشەیەکی باوبووە کە بریتی یە لە دروستکردین بەرماڵ و مەوج و جاجم. جۆلا ئامێرێک بوو زۆربەی لە دار و تەختە دروست کرابوو لەو دەزوو مووەی کە ئامادەکرابوو بۆ دروستکردنی ئەم پێداویستیانە بە ئامێری جۆلایەکە دروست دەکران[6]. کاری جۆلایی لە ناوچەکانی دەوروبەری هەڵەبجەش دەکرا بە تایبەتی لە هەورامان، بەهۆی ئەوەی کە کەرەستەی خاوی دروستکردنی پێداویستیەکان لەو ناوچەیەدا زۆر بوون و وەستای شارەزای لێ بووە [7].

---

[1] گۆڤاری هەورامان، گۆڤارێکی فیکریو ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتیە مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، ژمارە ٣١، ل١٤٢.

[2] چاوپێکەوتن بەڕێز (عمر محمد احمد)،ئەندازیاری کشتوکاڵی خانەنشین کراو، ٢٠٢١/٢/٨.

[3] ئەیوب ڕۆستەم، هەورامان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-کلتوری،سەرچاوەی پیشوو ، ل٢٢٩.

[4] سامان، گۆڤارێکی ئابوریی وەرزییە، یەکێتی ژوری بازرگانی پیشەسازی هەرێمی کوردستان دەریدەکات، ژمارە ٢٢، ساڵی ٢٠١٧، ل١٨.

[5] سيف الدين سيد محمد نانەوا، هەڵەبجەو تیشکێک لەسەر بنەماکان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦

[6] حکیم ملا صالح، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢١/٢/١٥.

[7] ئەیوب ڕۆستەم، هەورامان لێکۆڵینەوەیەکی میژویی کلتوری، سەرچاوەی پێشوو ،ل٢٢٩-٢٤٠.

**چوارەم: قۆناغی ٢٠٠٤-٢٠٢١**

پیشەسازیی لەم قۆناغەدا بڵاوبوونەوەو گەشەسەندنێکی باشی بەخۆیەوە بینی، جیاواز و گرنگتر لە قۆناغەکانی پێش خۆی، بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری لەم قۆناغەدا پەرەی سەند ئەمەش پاش ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق لە مانگی نیسانی (٢٠٠٣) بووە هۆی هەڵگرتنی سزا ئابوورییەکانی سەر عێراق و کرانەوەی عێراق و ناوچەکە بەڕووی دەرەوەدا لە هێنانی کەلوپەل و شمەک و کەرەستەی خاوی پیشەسازییەکانی، وە زیاتر سەقامگیربوونی ئەمن و ئاسایش و بەرقەراربوونی ئاشتی ئەمەش ئاسانکاری کرد بۆ خاوەن سەرمایەکان بۆ دامەزراندن و دروستکردنی کارگەی نوێ[١].

هەروەها بەهۆی گرنگیدان و هاندانی سەرمایەداران کەرتی تایبەت لەساڵی (٢٠٠٧)ەوە دارشتنی پلانێکی تۆکمە بۆ گرنگیدان بە کەرتی تایبەت لە بواری پیشەسازیدا ئەویش لەڕێگەی هاندان و چاوپۆشیکردن لە پێدانی مۆڵەت بە ئاسانی و بە دروستکردنی کارگەکان و هەروەها کارگە حکومیەکانیشیان دا بە کەرتی تایبەت ئەویش لە ڕێگەی فرۆشتن یان کرێ[٢].

ئەتوانین لێرەدا بڵێین ئەم قۆناغە گرنگی و بوژاندنەوەی ئابووری و زیادبوونی بەرهەمهێنان و کەمبوونەوەی بێکاری تێیدا سەری هەڵدا لەناوچەکەدا ئەویش بەهۆی لابردنی ئەو ئابلۆقە ئابوورییەی کە حکومەتی عێراق دروستی کردبوو لەسەر هەرێمی کوردستان، وە هەروەها بەهۆی پێدانی قەرزی بچووک لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە خەڵکی.

**باسی دووەم: توانستەکانی جێگیربوونی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە:**

توانستە جوگرافییەکان لەخۆگرتەی هەردوو ڕەگەزی سروشتی و مرۆیین، کە تەواوکار و پێکهێنەری تەواوی بنەماکانی ژیانی سروشتی و پیشەسازییانەی دانیشتوان و پێکهاتەی پیشەسازیی ناوچەی توێژینەوەن، لەگرنگترین تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی ناوچەکەیش بریتین لە:

**یەکەم: توانستە سروشتیەکان**

مەبەست لە توانستە سروشتیەکانی ناوچەی توێژینەوە بریتییە لە ڕەگەزەکانی شوێنی جوگرافی و پێکهاتەی جیۆلۆجی و بەرزونزمی و ئاووهەوا و خاک و سەرچاوەی ئاو، کە ڕۆڵێکی مەزنیان هەیە لە گەشەکردن و دابەشبوونی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە، بەگشتیش لێرەدا بەپێی گرنگییان ئەم تایبەتمەندییە سروشتیانە ڕیزبەند و ڕاڤەدەکەین .

**أ- شوێنی جوگرافی:**

شوێنی جوگرافی بە فاکتەرێکی کاریگەر لەسەر پیشەسازیی و دابەشبوونی دادەنرێت، هۆکارێکی هاوبەشە لەسەر جوڵەو ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە هەردوو ژینگەیخستنەڕوی داواکاری لەیەک کاتدا، هەروەها کاریگەریشی دەبێت لەسەر بوژانەوەی ئابووری و بەرزبوونەوەیداهاتی تاک وە

---

[١] حلاو حسين كريم ، پیشەسازیی لە پارێزگای هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر (اربيل)، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئادب، زانکۆی صلاح الدين، ٢٠٠١، ل١٧٩.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (محمد غفور شريف)، بەڕێوەبەری پێشکەوتوی خانەنشینی ئامار، سلێمانی ٢٠٢١/٢/١٨.

دانیشتوانەکەی خاوەنی ئاستێکی داهاتی بەرزی ئابوریە. سەبارەت بە شوێنی جوگرافیای ناوچەی توێژینەوە هەرێمێکی جوگرافیای تایبەت پێک دەهێنێت کە خاوەنی چەندین دیاردەی تایبەتمەندی سروشتی و مرۆیی دیاری بەرچاوە.

پارێزگای هەڵەبجە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی ئێران، بەجۆرێک لەباکوری ڕۆژهەڵاتیەوە چیاکانی سورێن و هەورامان لە باکوری ڕۆژهەڵاتیەوە هاوسنووری ئێرانە، قەزای پێنجوێنیش دەکەوێتە بەشی باکوریەوە، هەروەها ڕووباری سیروان و دەریاچەی دەربەندیخان دەکەونە ڕۆژئاواو باشووری ڕۆژئاوایەوە، هەروەها قەزای سیدصادق دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای پارێزگای هەڵەبجە[1]. ناوچەی توێژینەوە دووری لە شاری سلێمانیەوە نزیکەی (٨٣)کم٢ یە و لە ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتەوە بە زنجیرە چیایەک دەورە دراوە کە دەبنە سنووری نێودەوڵەتی عێراق- ئێران[2]. نەخشەی (١) .

**ب-شوێنی ئەسترۆنۆمی:** پارێزگای هەڵەبجە لەڕووی ئەسترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٣٤:٥٥:٥ ° و ٣٥:٢٦:٤°)ی باکور و هێڵی درێژی ( ٤٥:٤٨:١° و ٤٦:١٢:١°)ی ڕۆژهەڵات، بە جیاوازی ٢٤,٣ خولەک دەکەوێتە باشوری ناوچەی ئاووهەوای مامناوەندی باکوری نیوەگۆی زەوی، بەهۆی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە دەتوانین ناوەندی درێژی شەووڕۆژ و مانگ و ساڵ و تایبەتمەندی یە بنەڕەتیەکانی ئاووهەواو گۆشەی بەرکەوتنی تیشکی خۆر دیاری بکەین[3]. نەخشەی(٢).

---

[1] هێرۆ عمر صالح شیکردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی نشینگە دێهاتیەکان لە قەزای هەڵەبجەی شەهید، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کولیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان. زانکوی سلێمانی، سلێمانی ٢٠١٠، ل١٠.

[2] نجم الدين هادى محمد سعيد المولوى، أثر تشتت وتركز المستقرات البشرية الوظيفية على هجرة واستقرار سكان في قضاء حلبجة، رسالة ماجستير، غير منشوره، المعهد العالي للتخطيط الحظري والاقليمي، جامعة بغداد، بغداد ٢٠٠٨، ص١٠.

[3] عطا محمد علاءالدين قضاء حلبجة دراستة في الجغرافية الاقليمية، رسالة ماجستير، منشورة، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، سليمانية،٢٠٠٧، ص١٢.

**نەخشەی (١)**

**شوێنی جوگرافی پارێزگای هەڵەبجە بەگوێرەی عێراق و هەرێمی کوردستان**





سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١- بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc.gis.10.5)

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی، نەخشەی بنچینەیی پارێزگای هەڵەبجە، بۆ ساڵی ٢٠٢١ .

نەخشەی (٢)
نەخشەی ئەسترۆنۆمی پارێزگای هەڵەبجە




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc.gis.10.5)


**ج-ڕووبەر:** پشت بەست بەخشتەی (٣)بۆمان ڕووندەبیتەوە کە ڕووبەری ناوچەی تویژینەوە بەهۆی گۆڕانکاریە ئیداریەکانەوە گۆڕانکاری زۆر و گەورەی بەخۆوە بینیوە، بەهۆی بڕیارەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق بەشێوەیەکی گشتی ڕووبەرەکەی بەردەوام لە کەمبوونەوەدابووە لە ساڵی (١٩٥٧) (٣٢٩٤)کم٢ بووە کە قەزای هەڵەبجە لەوکاتەدا (٢٦,٨%) ڕووبەرەکەی پێکهێناوە بەهۆی لەساڵی (٢٠٠٢ ) دەربەندیخان و پێنجوێن لەسەر قەزای هەڵەبجە نەماون و بوون بە قەزایەکی سەربەخۆ ڕووبەرەکەی گەشتوەتە (٧٩٦)کم٢ لەکاتێکدا ڕووبەری پارێزگای سلێمانی (١٠٧٧١کم٢) بووە، قەزای هەڵەبجە بەرێژەی( ٧,٣%)ی ڕووبەری پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە، لە دوای بوون بە پارێزگا لە ٢٠١٣/٣/١٤ بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ناحیەی بەمۆی بۆ زیادکراو کە (١٤٢,٦)کم٢ ناحیەی خورماڵ (٢٦٠,٧)کم٢ ناحیەی سیروان (٤٤٩,٢)کم٢ ناحیەی بیارەش (١٨٧,٩)کم٢ قەزای سەنتەریش (١٤کم٢)[١]. کۆی ڕووبەری پارێزگاکە دەکاتە (١٠٥٤,٤کم٢).

**د-پێکهاتەی کارگێڕی:** ناوچەی تویژینەوە لە سنووری باشوور و ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ هەردوو پارێزگای سنەو کرماشان لە کوردستانی ئێران هاوسنورە، بەشی باکوری لەگەڵ ناحیەی ناڵپارێز لەقەزای پێنجوێن، هەروەها قەزای سیدصادقیش دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژئاوایەوە. قەزای خانەقینیش دەکەوێتە بەشی باشووری خۆرئاوای ناوچەکە.
ناوچەی تویژینەوە دوو دەروازەی سنوریی گرنگی لەگەڵ ئێران هەیە کە گرنگییەکی گەورەی بە ناوچەکە بەخشیوە، کەواتە پارێزگای هەڵەبجە شوێنیکی کارگێڕی گونجاوی هەیە کە سودی لێ دەبنینرێت بۆ گواستنەوەو ئاڵوگۆڕی شمەک و کەرەستەی خاو دروستکراوی پیشەسازیی لە ناوچەکەدا. نەخشەی (٣) .

[١] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئاماری پارێزگای هەڵەبجە، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢١/١٢/٢١.

**نەخشەی (٣)**

**نەخشەی یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی نەخشەسازی GIS، ٢٠٢١ .

٢-بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc.gis.10.5)

تایبەتمەندییە سروشتیەکان وەک پێکهاتەی جیۆلۆجی، بەرزی و نزمی، ئاووهەوا و دەرامەتی ئاوو خاک ڕووەکی سروشتی کە ئەمانە گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە .

لەتوێژینەوە لە هەر ناوچەیەک پێگە بەشێکە لە شوێن و شوێنێک کۆمەڵە پێگەیەکە لە نێوان چوارچێوەی ڕووبەری ئەو شوێنەدا کەواتە پێگە خاڵێکە نەک ناوچەیەک[1].وە گرنگترین ڕەگەزەکانی پێگەیش لەناوچەی توێژینەوە، بەهاوتای پێکهاتەی جیۆلۆجی بە پۆلێنکراوی باسیان لێوە دەکەین، بریتین لە:

أ-پێکهاتەی جیۆلۆجی

ب-بەرزی و نزمی

ج-ئاوو هەوا

د- سەرچاوەی ئاو

ز-خاک

**أ-پێکهاتەی جیۆلۆجی:-**

کاریگەری جیۆلۆجی لەسەرکەرتی پیشەسازیی بەوردی دەردەکەوێت لە ماوەی دروست بوون و ڕێکخستنی بەردەکان وە توانستەی هەڵگرتن و گلدانەوەی ئاویان هەیە لە چینەکانی ناوەوە ئەمەش بەهۆی جۆری خاکەکەیەوە جیاوازە.

عێراق لەسەردەمی یەکەمی جیۆلۆجی دا بەشێک بووە لە قارەی گەورەی (غوندانالاند) (Gondawaneland) کە حەوزێکی گەورەی لە ڕۆژئاواو باشوری بانی گەورە جەزیرەی عەرەب، ئەم حەوزی دەردەکەویَ وەک بەشێک لە دەریای تیشس (tethigs) کە بەشێکی زۆری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوقم کردووە، لە نێوانیاندا هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی قوڵی ئەو حەوزەیە[2].

ناوچەی توێژینەوە گەشەی تەکۆنی و جوڵەی پلێتی عەرەبی و ناوچەکانی دەوروبەری کاریگەری هەبووە لەسەر دیاری کردنی مێژووی گەشتیاری تەکتۆنی و بنیادی پێکهاتەکاین لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە بەشێکەلەهەرێمی کوردستانی عێراق بەم پێیەش کە جاسم بادیة لە ساڵی ١٩٨٤ هەروەها جاسم دلف لەساڵی (٢٠٠٦) بەپێی ئەو دابەشبوونە تەکتۆنیەی کردویانە بۆ عێراق و باکوری خۆرهەلاتی هەرێمی کوردستان ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە سەر پشتێنەی پێچ ئاڵۆزەکان و نزیک ناوچەی بەیەکداکێشانی پلێتی عەرەبی و ئێرانی[3].

١- پێکهاتەی چینە بەرزەکان

٢- پێکهاتەی دەرەکی (المایوجوسین کیلان) کە دابەش دەبن بۆ دوو پێکهاتەی ناوەندی

أ- پێکهاتەی بالامبۆ (تانجەرۆی ناوەڕاستی)

ب- پێکهاتەی پێشکەوتووی سەردەمی ناوەندی.

---

[1] خالص الشعب، المدينة العربية، معهد البحث والدراسات العربية مؤسسة خليج للطباعة والنشر، ١٩٨٢، ص٨.

[2] شاكر خصباك العراق الشمالي (دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية)، مطبعة شفيق، بغداد (١٩٧٣)، ص١١.

[3] Kamal haji karim ahmad، description of sttigrophy, tictonice, and boundry condition of the some rock until in Iraq and kirdistan during cretaceous and tertiary 2009, p30.

پێکهاتەی جیۆلۆجی ناوچەی توێژینەوەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ژیانی ناوەڕاست و نوێ، دابەش دەبن بۆ چەند چینێکی جیاواز بەپێی پێکهاتەی جیۆلۆجی چینەکان وەو جیاوازن لە ڕووی قوڵی بە شێوەیەکی دیاریکراو[١].

پۆلێنکردنی ئەم چینانە بەپێی پێکهاتەی جیۆلۆجی سەردەمی ناوەڕاست: دابەشبوونی چینەکانی جیۆلۆجی ئەم سەردەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە جیاوازەکان، وەک سەردەمی کریتاسی خوارووو، جوراسی سەروخوارو، وە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ترياسی، بڵاو دەبێتەوە و بە ئاراستەی جیاواز بە زۆری دابەشی ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە دەردەکەون. پێکهاتەی بەردەکانی بەشێوەیەکن کە ڕەش و لاوازن بەچەند چینێک دەردەکەون، وەک (لایمستون و دولمایت) پێکهاتەی سەردەمی جۆراسی پێک دێن لە بەردی کلس و شێڵ و بازلت[٢]. پێکهاتەی ترياسیش ئەم پێکهاتەیە ئەمانە دەگرێتەوە: ( هەورامان، میرگەمیر، گلی خانە، القورە جانیە، البلوطی). هەروەها پێکهاتەی جوراسی (سارکی، سیکانیان، پێکهاتەی سەرگلو، کۆمەڵەی قول قولە) دەگرێتەوە، هەرچی پێکهاتەی کریتاسیشە (باڵامبۆ و کومیتان و شیرانش و تانجەرۆ) دەگرێتەوە، بەم جۆرەیش پیکهاتەی جیۆلۆجیای ناوچەکە لەکۆنەوە بۆ تازە دەخەینەڕوو.

**یەکەم: پێکهاتەکانی چاخی ترياسی:**

**١-پێکهاتەکانی (هەورامان لایمستونی)** لە پێکهاتەی ترياسی بەرز، ڕووبەرێکی فراوان لە باکوری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە بەتایبەتی چیاکانی هەورامان و سورێن، پێکدێت لە چەند چینێکی بەردی لایمستونی کریستاڵی سپی ئەستوریان نزیکەی (٥٠٠م) دەبێت لە نێوانیاندا چینی بەردی ئەستور لەبەردی (دۆلۆمایت و ، لایمستونی مارڵی) هەیە درز و شکانی لە نێوانیاندایە، کە توانستەی تێپەڕبوونی ئاو لە نێوانیاندا هەیە[٣].

**٢-پێکهاتەی میرگەمیر:** پێکهاتەی ئەم چینە پێکدێت لە بەردی تەنکی لایمستونی هەر شتێک توانستەی کۆکردنەوەی ئاوی نییە بەهۆی بوونی درز و شاوی تێیدا ئەستوریان نزیکەی (٢٠٠)م دەبێت[٤].

**٣-پێکهاتەی کورەچینە:** ئەم چینە پێکدێت لە چەند چینێکی بەردی ئەستوری لایمستونی ڕەش و تۆخی قاوەیی کە بەردی دۆلۆمایت وشێڵی تێدایە کە ئەستوریان (٥٧٥)م[٥].

**٤-پێکهاتەی گلی خانە:** پێکدێت لە چەند چینێکی بەردی کلسی دۆلۆمایتی ڕەنگێکی درەوشاوە لە چینەکانیدا هەیە وە بەردی مارمی و مار لە بەشی ژێرەوەیدا هەیە، بەڵام لەبەشی سەرەوەی چینەکەدا شێوەی (ڕەنگی زەرد و شین و ڕەساسی) ئەستوری ئەم چینە (٥٧٥)م دەبێت.

---

[١] عطا محمد علاءالدين قضاء هەڵەبجە، دراسة فى الجغرافية الاقليمية، مصدر السابق، ص٢٥.

[٢] كلثوم مصطفى دوريش، قضاء حلبجة دراسة في الجغرافية الزراعية، رسالة ماجستر (غير منشور)، كلية العلوم الانسانية، جامعة كۆيه ٢٠٠٨، ص٨.

[3] Tibor buady, the Regionalgeography of Iraq, stratingaphy, Baghdad, 1980, p51.

[4] Jassim, S.Z.and Goff of Iraq, Dolin Gpology prague and Moravian museum, Berno, 2006, p391.

[٥] عطا محمد علاءالدين، نفس مصدر السابق، ص٢٢٧.

**٥-پێکهاتەی بەرلوتی:** پێکهاتەی ئەم چینە بەردی تەنکی خۆڵەمێشی و دۆڵۆمایت پێکدێت پێکهاتەی ئەم بەردانە توانستەی ئاو لە خۆگرتنی نییە، بەهۆی بوونی درز و شکاوی ئەستوری ئەم چینە نزیکەی (٦٠)م دەبێت.

**دووەم: پێکهاتەی جۆراسی:** ئەم پێکهاتەیە بەشێوەیەکی نیمچە لاکێشەیی بەشی باشوری ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە.

١- **پێکهاتەی سێکانیان:** ئەم چینە دەکەوێتە باشوری ناوچەی توێژینەوە پێکدێت لەچەند چینێک بەردلی دۆڵۆمایت ڕەنگ ڕەش لەگەڵ چەند چینێک بەردی (مارل) ئەستوری ئەم چینە نزیکەی (١٨٠)م دەبێت.

٢- **پێکهاتەی سەرگەڵو:** ئەم چینە دەکەوێتە باشوری ناوچەی توێژینەوە بەرەکانی ئەم چینە پێکدێت لەبەردی ڕەش و دۆڵۆمایت ئەستوری ئەم چینە نزیکەی (١١٥)م دەبێت.

٣- **پێکهاتەی قو قولە:** پێکهاتەی بەردی ئەم چینە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جۆراسی باڵاوکریاسی خوار ئەم پێکهاتەیە دەکەوێتە ڕۆژهەڵات، باکوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە ئەستوری نزیکەی (٢٠٠)م دەبێت، بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتەی بەردەکانی ئەم چینە لایستون و مارک و شێڵ بەردی چێرت توانستەی گلدانەوەی ئاویان هەیە، چونکە بەردەکان بەیەکەوە نوساون[1]. ئەم پێکهاتەیە تەواوی ڕۆژهەڵات ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە.

٤- **پێکهاتەی چاخی کریتاسی:** پێکهاتەکانی ئەم چاخە بەشی ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە.

٥- **پێکهاتەی باڵامبۆ:** ئەم پێکهاتەیە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی کریتاسی پێکهاتەی بەردۆسان لە چینی یەک بەدوای یەک دەردەکەون و ڕەنگ خۆڵەمێشی و زەردو سەوزی زەیتونی شیڵی ڕەنگ تۆخی ڕووبەرەکەی نزیکەی ٣٨,٤کم٢.

ئەم پێکهاتەیە دەکەوێتە ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە ئەستوریەکەی نزیکەی (١٧٠-٢٠٠)م دەبێت[2].پێکهاتەی باڵامبۆ لەبەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە لەسەر سنوری ئێران و لەناحیەی بەمۆیش لەنزیک گوندی پشتە دەردەکەوێت.

٦- **پێکهاتەی تانجەرۆ:** پێکهاتەی ئەم چینە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی کریتاسی باڵا، ئەم چینە ئەبێت بە دوو بەش، بەشی باڵاو بەشی خوارووی، بەشی باڵای ئەم چینە ئەستوری نزیکەی (١٥٠)م بەردەکانی لە جۆری مارل و بەروی کون کونی لمی وە بەسی خوارەوەی ئەم چینە ئەستووریەکەی نزیکەی (٢٠٠)م دەبێت پێکهاتەی چینەکانی لەبەردی مارل و نزیکی لایستون و کونیلەدار پێکدێت[3]. ئەم پێکهاتەیە پشتێنەیەکی باریکەلانە لە ناوەڕاستی ناوچەی توێژینەوە، لەبەشی ڕۆژهەڵاتی قەزای سەنتەردا دەبینرێت.

---

[1] خلیل کریم محمد، المیاه الجوفیه فی سهل شهرزور وامکانیات استثمارها، دراسة في الجغرافیا الطبیعیة، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجة، سلیمانیة، ٢٠٠٩، ص١٦-٢٠.

[2] عطا محمد علاءالدین، قضاء هەڵەبجە، مصدر سابق، ص٢٧.

[3] خلیل کریم محمد، نفس مصدر السابق، ص٢١.

٧- **پێکهاتەی شیرانیش:** پێکهاتەی ئەم چینە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کریتاسی بەشێکی کەمی دەکەوێتە ناوچەی توێژینەوە ئەوییش لە باشووری ڕۆژئاواو ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوە، ڕەنگیان سپی کاڵ لەبەشی خوارەوە مارلی شین لەسەروە ئەستوری نزیکەی (١٠٠)م. ئەم پێکهاتەیە پشتێنەیەکی باریکەڵانە لە ناوەڕاستی ناوچەی توێژینەوە، لەبەشی ڕۆژهەڵاتی قەزای سەنتەر و لەڕۆژهەڵاتی پێکهاتەی تانجەرۆدا دەبینرێت.


**سێیەم: نیشتووی نوێ (Recent sdimeuts) سەردەمی چوارەم (Puaterwary)**
پێکهاتەی جیۆلۆجی ئەم بەشە سەردەمی جیۆلۆجی سێ یەم و چوارەم هەردوو چاخی (پلاسیتۆسین و هۆلۆسین) ئەم پێکهاتەیە بەشێوەی باریک دەبینرێن لەبەشی باشوری ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوە پاش ئەوەی بەهۆی رامالینی چاخی پلایستوسینی ئەو شوێنانەی بەرزن و زەویەکانیان لێژیی تێدایە بەشی خوارەوەی ئەم ناوچانە (دۆڵەکان) لەوێدا نیشتون. وە گرنگترین چینەکانی ئەم پێکهاتەیە:
١- **پێکهاتەی کولوش:** تەمەنی ئەم پێکهاتەیە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بلاستوسین بۆ مایۆسینی خوارووو، دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوەو ئەستورییان جیاوازە لە خوارەوە بۆ سەرەوە، پێکهاتەی بەردەکانیشی دەگۆڕێن، بەجۆرێک بەردی شێڵ ئەستوریەکەی نزیکەی (٤١٠)م بەردی لیمستون (٦)م بەردی شین و لایستون بەشێوەی تێکەڵ ئەستوری نزیکەی (١١٤)م بەردی لایمستون نزیکەی (٣٠)م ئەستوریەکەیەتی[1]. ئەمەش لە پشتێنەیەکی باریکەڵانەی ناحیەی بەمۆدا دەبینرێت.
٢- **پێکهاتەی شنگار:** پێکهاتەی ئەم چینە لە نێوان بالوسینی سەروو مایوسینی خوارووو، پێکهاتەی بەردەکانی بیری لایمستونی و جیری لمییە، و ئەکەوێتە نێوان کولوش و جەرکەسەوە و ئەستوریان لە نێوان (٧٠-٢٠٠)م دەبێت[2].
٣-پێکهاتەی چەرکەس: پێکهاتەی ئەم چینە بەردی لمی سوور بەشێکی بەردی نیشتوی کە دەکەوێتە نێوان پێکهاتەی کولوش و پیلاسپی ئەستوری ئەم چینە نزیکەی ٤٠-٧٠م دەبینن(٣).لە بەشی باشوری ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوە، لای ناحیەی سیروان هەیە.
٤-پێکهاتەی پیلاسپی: پێکهاتەی ئەم چینە لەبەردی گەرم قل سپی و بەردی جیری دۆلۆمایت، دەکەوێتە باشوری ناوچەی توێژینەوە، ئەستورییەکەی نزیکەی (١٠٠بۆ٢٠٠)م دەبێت. ئەم پێکهاتەیە لەکەناری باشوری ڕۆژئاوای ناحیەی بەمۆ و باشوری ڕۆژئاوای ناحیەی سیرواندا بوونی هەیە (نەخشەی ٤).
بەگشتی ئەم پێکهاتە جیۆلۆجییە فرەجۆرەی ناوچەی توێژینەوە ئاماژەی زۆری خاوە کانزاییەکانە لەناوچەکەدا، بەجۆرێک دەتوانرێت لەپیشەسازیی گۆڕیندا ئەوپەڕی کەڵکیان لێ ببیندرێت. لەبەشی سێیەمدا و لە خاووکانزکاندا بە وردتر باسی لێوەدەکەین.

---

[1] Saad and jerem yc: geology of Iraq, Dolin, Drayue and moraviam museum, Born, 2006, p192.
[2] Sealogy of Kurdish, basic principle of geology of Iraq 2008, p39.

**نەخشەی (٤)**

**پێکهاتەی جیۆلۆجیای پارێزگای هەڵەبجە**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوە بەرایەتی ئاماری سلیمانی، بەشی GIS، نەخشەی بنچینەیی جیۆلۆجیای هەرێمی کوردستان، دەزگای ئاماری هەرێم، ئاماری پارێزگای سلێمانی، 2021

٢-بەکارهێنانی بەرنامەی Arc maPGis v.10.5

**ب-بەرزو نزمی:** یەکێکە لە دیاردە سروشتی یە گرنگەکان کە کاردەکاتە سەر هەموو کردار و جمو جوڵ و چالاکیەکانی مرۆڤ پیشەسازیی هۆکاری سەرەکی دامەزراندن و خستنەگەڕی دامەزراوە پیشەسازییەکان، پەیوەندی بەهێزی هەیە لەگەڵ بەرزی و نزمی شێوەکانی سەرزەوی بەتایبەت ئەو پیشەسازییانەی کە پێویستیان بە ڕووبەرێکی گەورەو فراوانی زەوی هەیە بەمەبەستی بۆ دامەزراندن کارگە کۆگای خەزنکردن و شوێنی هەستانی ئۆتۆمبێل[١].

هەروەها بەرزی و نزمی کاریگەری هەیە لە دروستکردنی جیاوازی لە ئاوو هەوادا (دابارین لەڕووی چەندێتی و چۆنیەتی و پلەکانی گەرماو ڕێژەی شێ)، هەتا وەکو بەرزبینەوە لە ئاستی ڕووی دەریاوە بۆهەر (١٥٠)مەتریک ئەوا یەک پلەی گەرما نزم دەبێتەوە. ناوچەی توێژینەوەش دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاویی و نیمچە شاخاویی کە بۆ چەندین جۆری پیشەسازیی گونجاوە، چونکە ناوچەی شاخاویی سامانێکی زۆری دارستان و کەرەستەی خاوی پیشەسازیی تێدایە کەگونجاون بۆ دامەزراندنی پیشەسازیی لەو بوارانەدا[٢].

ناوچەی توێژینەوە بەهۆی ئەوەی کە دەشتاییەکی گەورەو فراوانی هەیە لە زۆر جێگەیدا بەرزەیەکەی ئەوەندە نییە کە سوودی لێوەرنەگیرێت بۆ کشتوکاڵ و دامەزراندنی ڕێگەی هاتووچۆ، کە سەرچاوەی دابینکردنی کەرەستەی خاوی پیشەسازییەکانە لەناوچەی توێژینەوە کشتوکاڵیەکان، وەک دامەزراندنی کارگەی دۆشاوی تەماتە سود لە بەروبوومی کشتوکاڵی ناوچەکە وەردەگرێت[٣]. بەگشتی شاری هەڵەبجە نزیکەی (٧٢٦م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە [٤]، بە پشتبەست بە نەخشەی ژمارە (٧)ی تایبەت بە تۆپۆگرافیای ناوچەکە، ئەوا دەتوانین زەوی ناوچەی توێژینەوە دابەش بکەین بەسەر سێ شێوە بەرزیدا، ئەوانیش:

١- زنجیرە چیاکان
٢- دۆڵەکان
٣- دەشتی هەڵەبجە

بەم جۆرەیش بەوردی باس لەم شێوانەی ڕووی زەوی ناوچەکە دەکەین:

**١-زنجیرە چیاکان:-** ئەم زنجیرەیە دەست پێدەکات لە باکوری ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا لە باشووری ڕۆژئاوا کۆتایی پێدێت، کە بەسێ ئاراستە دابەش بوون[٥].

ئەم چیایانە بەرز و پێچاوپێچن لوتکەیان زۆرەو دۆڵی باریک و قوڵ لە نێوانیاندا هەیە کە باخ و دارستان لەخۆ دەگرێت و لە سەردەمی تازەدا دروست بوون[٦].

دەکرێت ئەم زنجیرە چیایانە دابەش بکەین بۆ دوو بەش، زنجیرە چیاکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

---

[١] ازاد محمد امين النقشبندی، مناخ اقليم كوردستان، مطبعة متين، دهۆک، ١٩٩٧، ص١٠١.

[٢] ئازاد نەقشبەندی، کەش و هەوای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری برایەتی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێرو ١٩٩٩، ل٦٦.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەل بەریز ، محمد امین، ئەندازیاری کشتوکاڵی، ٢٠٢٢/٤/٢٠.

[٤] شاكر خصباک العراق الشمالي،مصدر السابق، ص٢٣.

[٥] پشت بەست بەخویندنەوەی نەخشەی القوات المسلحة العراقية لمساحة العسكرية، خورمال، الطبعة الاولی، ١٩٨٤.

[٦] نجم الدين هادی محمد سعيد المولوی، مصدر السابق، ص١٣-١٦.

**أ-زنجيره چياى هەورامـان:-** ئەم زنجيـره چيـايە دەكەويـتە ڕۆژهەلاتـی نـاوچەی تـويژينەوە، وە گەورەترين زنجيرە چياى ناوچەی تويژينەوەيە هەروەها دەكەويتە سنووری عيراق و ئيران، بەرزی ئەم زنجيرە چيايە دالانی (٢٥٧١)م لە ئاستی ڕووی دەريا چيای تەتەو هەوارە بەرزە (٢١٤٦)م دۆلّی وشـكەناو كە دەكەويـتە نيـوان زنجيـرە چياكـانی سـورين و زنجيـرە چياكـانی هەوالان لە بـاكوری هەروەها دۆلّی دزاوەر لە باشوری، ناحيەی بيارەش دەكەويتە ناوەڕاستی.

ئەم زنجيرە چيايە دريژ دەبيتەوە بۆ خاكی ئيران كە بەرزترين لوتكەی (٢٦١٧)م لە ئاسـتی ڕووی دەريـا گرنگتـرين لوتكەكـانی (شـرام، تەتە (١٥٢٣)م –وەزارا- دالانـی (٢٥٧١م) تەلا سـوره (١٩٩٢)م، هەوارە بەرزە (٢١٤٥)م[1].

**ب-زنجيرە چياكانی سورين:** ئەم چيايە بەردەوامی دريژبووەی زنجيرە چياكانی هەورامانە لە بە ئاراستەی باكوری ڕۆژهەلاتی ناوچەی تويژينەوە دريژ دەبيتەوە بە ئاراستەی باكوری ڕۆژئـاوا تـا دەگـاتە سـنوری قەزای پينجـوين پاشـان سـنوری كـارگيری پاريزگـاكە جـیَ دەهيلّيت، بەدريژايـی سنووری عيراق و ئيران دريژ دەبيتەوە، دريژی ئەم زنجيرە چيايە نزيكەی (١٠)كم دەبيت هەروەها بەرزی (٢٦٠٠)م دەبيت[2].

گرنگترين لوتكەكـانی (دالّەميـز، ڕەنگـين، منـارەكەو، قـوچی بەردەبەل..هتـد) كە بەرزييـان لە ٢٠٠٠ بـۆ ٢٦٠٠م دەبيت.

**ج-چيای مەڕمانگان:-** ئەم چيايە لەبەشی باشوری ڕۆژهەلاتی ناوچەی تويژينەوە دەست پيدەكات ، لەگەلّ هاتنە ناوەوەی ڕووباری سيروان بۆ ناو پاريزگـای هەلّەبـجە لە باشـووری ڕۆژئـاوای دۆلّـی گريـانە لە باشـووری ڕۆژئـاوای جيـای دەكـاتەوە لە چيـای شـنروێ دريـژييەكەی دەگـاتە (١٧)كـم، بەرزتـرين نـاوچەی دەكەويـتە باشـوری ڕۆژهەلاتـی گونـدی هەوارە كـۆن، كە( ١٥٥٥م) بەرزە لە ئاسـتی ڕووی دەريـاوە، ئەم چيـايە بە بەراورد بە چياكـانی پيشـتووتر شـوينيكی كەمتـری داگيـر كردووە.

**د- زنجيرە چياكانی باشوور و ڕۆژئاوا:**

**- چيـای شـنروێ:-** ئەم چيـايە نـاوچەيەكی گەورە پيـك دەهينيت لە باشـوری نـاوچەی تـويژينەوە بە بەرزی جيـاواز دەكەويتە نيـوان دۆلّـی گريـانەو دۆلّـی بەلّـخە لە بەشـی باشـوری ڕۆژهەلات وە دۆلّـی دەرەشـيش لە بـاكوری ڕۆژهەلات دۆلّـی سـازان لە باشـوری ڕۆژئـاوا، بەرزتـرين لـوتكەی ئەم چيـايە بەفری ميرييە كە (٢٠١٧)م بەرزە لە ئاستی ڕووی دەرياوە.

ئەم چيايە بە شيوەيەكی باريک دريژ دەبيتەوە ليژ دەبيتەوە بۆ ڕۆژئـاوا تـا دەگـاتە گونـدی عەبابەيلیَ بەرزيەكەی كەمترە لە (١٠٠٠)م هەروەها كەنارەكانی باكوری دراوسييە لەگەلّ دەشتی شارەزوور وە كەنارەكانی باشووری دريژ دەبيتەوە لەگەلّ ڕووباری سيروان، كە بەتەنها لەم بەشەدا پيكهاتەی كۆن بەديـدەكريت و دەگەڕيـتەوە بـۆ سـەردەمی (پيرمـی و ترياسـی و جوراسـی) زۆربەی پيكهاتەكـانی جوراسـی يە لەگەلّ كلـس و چەنـد لـوتكەيەكی تـری تيـدا دەردەكەون وەک (بەرواريـی، شـوانی، سيقەلاتان، سەركيو)

---

[1] هادی رشيد بهمنی، پەيامی هەورامان، چاپی يەكەم. چاپخانەی ژين، هەولير، ٢٠٠١، ص٢٤٩.

[2] هەمان سەرچاوە، ل٢٥٠

- **چیای باڵامبۆ:-** ئەم چیایە دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای ناوچەی تویژینەوە، لە بەشی باشوری ڕۆژهەڵات دەست پێدەکات لە دۆڵی سازان وە درێژ دەبێتەوە بۆ باشوری ڕۆژئاوا لە کەرتی چرۆستانە و باکوری ڕۆژئاوای کەرتی (٢٠) لەگەڵ دۆڵی چەمی حەوت ئاشان درێژی ئەم زنجیرەیە دەگاتە (١٨)کم بەرزترین لوتکەی ئەم زنجیرەیە دەگاتە (١٦٠٣)م لە ئاستی ڕووی دەریا لە بەشی باشوری بەخێرایی نزم دەبێتەوە بەڵام لەبەشی باکوری ڕۆژئاوای پلە پلە نزم دەبێتەوە[1].

**-چیای نەوەر:-** ئەم چیایە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ناوچەی تویژینەوە، ناوچەیەکی کەم داگیر دەکات، درێژ دەبێتەوە لە باکوری ڕۆژئاوا بۆ باشوری ڕۆژهەڵات لە باشوری ڕۆژهەڵاتی تێکەڵ بە دەشتایی تا باشوری ڕۆژهەڵاتی بە دەریاچەی دەربەندیخان دۆڵی چەمی ئاشان دروست دەکات کە جیای دەکاتەوە لە چیای باڵامبۆ، بەرزترین لوتکەی ئەم چیایە (١١٣٧)م لە ئاستی ڕووی دەریا درێژیەکەشی دەگاتە (٣٦)کم[2].

**٢-دۆڵەکان:-** ئەم دۆڵانە بڵاوبوونەتەوە لە نێوان زنجیرە چیاکان کە دۆڵی گەورەو بچووک دروست بوون بە ئاراستەی جیاواز هەندێکیان فراوانن وە هەندێکیان تەسکن، ئەم دۆڵانە لێژ دەبنەوە بە ئاراستەی زنجیرە چیاکان، بە گەشتنیان بە دەشتەکان کۆتاییان پێ دێت، ئەم دۆڵانە هەندێکیان بەهۆی ئاوی باران و بەفر دروست بوون کە لە چیاکانەوە بەرەو دەشتاییەکان هاتوون بەتایبەتی لە وەرزی زستان و بەهاردا. گرنگترین دۆڵەکانی ناوچەی تویژینەوە بریتین لە:

أ- دۆڵی چیای سورێن لە ڕۆژهەڵات کە بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە.

١- دۆڵی سورێن: لە ڕۆژهەڵاتەوە درێژ دەبێتەوە بەرەو ڕۆژئاوا لە بەرزی (٧٩٠)م.

٢- دۆڵی دەرەکۆرە: ئەم دۆڵە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای خورماڵ لە نێوان زنجیرە چیاکانی سورێن و هانەئەحمەدەوە دێتە خوارەوە کە زۆر تەسک و باریکن.

٣- دۆڵی زیرون: لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە بە ئاراستەی گوندەکانی (بانی بنۆک، گەچێنە، چنارە).

ب-دۆڵی نێوان چیاکانی هەورامان

١- دۆڵی ڕووباری زەڵم دەکەوێتە نێوان چیاکانی هەورامان وەک دۆڵی وشکەناو لە بەرزی (٢٠٠٠)م بەرەو گوندەکانی ئەحمەدئاواو زەڵم نزم دەبێتەوە.

٢- دۆڵی خۆرنەوازان

ج- ئەو دۆڵانەی نزم دەبنەوە لە باشوری ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا

١- دۆڵی بیارە: لەبەرزی (٤٠٢)م

٢- دۆڵی سۆسەکان: لەبەرزی (١٤٨٩)م

٣- دۆڵی گریانە: لەبەرزی (١٠٠٠)م

ئەم دۆڵانە بەرەو باشوور لێژ دەبنەوەو لە دەشتی شارەزوور و ڕووباری سیروان کۆتاییان پێ دێت.


---

[1] الجمهورية العراق، وزارة الدفاع، المساحة العسكرية، خارطة خاصة للقطاع عمليات الفيلق الاول بمقياس ١,١٠٠,٠٠٠، الطبعة الاولى بغداد ١٩٨٨.

[2] عطا محمد علاءالدين، قضاء هەڵەبجە، دراسة في الجغرافية الاقليمية، مصدر سابق،ص٣٧.

## نەخشەی (٥)

## بەرزو نزمی پارێزگای هەڵەبجە




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست به بەکارهێنانی پرۆگرامی(Arc Map 10.8)، بە پشتبەستن بە فایلی مۆدیلی بەرزونزمی (DEM – 30M).

**ج–ئاوو هەوا:–**

گومانی تێدا نییە کە باسکردن و توێژینەوە لە خاسیەتەکانی ئاووهەوای هەر ناوچەیەک گرنگی و تایبەتمەندیی بارودۆخی ئەو ناوچەیە دەردەخات، ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ڕووەک و ئاژەڵ و ئادەمیزاد و چالاکییە ئابورییەکان لەو ناوچەیەدا[1].

کەواتە بارودۆخی ئاووهەوا کاردەکاتە سەر کشتوکاڵ و چالاکی پیشەسازیی بەپێی جۆری بەروبومی کشتوکاڵی و جۆری دامەزراندنی ئەو پیشەسازییەش کە پشت بەو کەرەستە خاوانە دەبەستێت، کاریگەرییەکی گرنگیشی هەیە لەسەر هۆکارەکانی دیاریکردنی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە وەک بەرزونزمی لە ئاستی ڕووی دەریاو شوێنەکەی تا چەند لەسەرچاوەی ئاوەکانەوە نزیکە وە تایبەتمەندیە تۆپۆگرافیەکانی ناوچەکە[2].

لەبەر ئەوەی ئاووهەوا کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر کشتوکاڵ وە کشتوکاڵیش بەیەکێک لە بنەماکانی جێگیربوونی پیشەسازیی دەژمێردرێت. توێژینەوە لە ئاووهەوای هەر ناوچەیەک تێگەیشتن لە تایبەتمەندییەکانی ئاووهەواکەی گرنگریەکی گەورەی هەیە لەسەر بەکارهێنانەکانی زەوی، هەروەها ئاووهەوا کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر خاک و پێکهاتەکانی، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە کاریگەرییەکان کە کار لەسەر دابەشبوونی ڕووەک و چڕییان و جۆراوجۆرییان[3].

سەبارەت بەناوچەی توێژینەوە بەشێوەیەکی گشتی ئاووهەوایەکی جیاواز و مامناوەندی هەیە جیاواز لەناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەهۆی دووری لە هێڵی یەکسانی و بەرزیی لە ئاستی ڕووی دەریاوە[4].

لە تایبەتمەندییەکانی ناوچەی توێژینەوە ئەوەیە بەهۆی بەرزونزمی و جۆراوجۆرییەکەیەوە وادەکات کە کاریگەری جیاوازی هەبێت لەسەر جۆر و ڕەگەزەکانی ئاووهەوا بەتایبەتی دابارین و پلەکانی گەرما. پشتبەست بە داتاکانی وێستگەی هەڵەبجە،بۆسالانی(٢٠٠٩–٢٠٢٠) گرنگترین ئەو ڕەگەزە ئاووهەواییانەمان دیاریکردووە کە کاریگەرییان هەیە لەسەر پیشەسازیی گۆڕین، کە بریتین لە: (پلەی گەرمی و با دابارین).

**١–پلەی گەرمی:–**

پلەکانی گەرمی بەگرنگترین ڕەگەزەکانی ئاووهەوا دەژمێردرێن لەبەر ئەوەی کاریگەرییەکی دیاری هەیە لەسەر دیاردەکانی سەر ڕووی زەوی وە کاریگەری لەسەر ڕەگەزەکانی تری ئاووهەوا بەهۆی جیاوازی ڕووی زەوی ناوچەی توێژینەوە[5].

پلەی گەرمیش جیاوازە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بەتایبەتی لەناوچەی دەشتایی و ناوچەی چیاکان، کەوا جیاوازی پلەکانی گەرما لە نێوان وەرزەکانی ساڵ بەتایبەتی زستان و هاوین بەهۆی

---

[1] جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر١٩٩٨، ل٧٢.

[2] سعدى على غالب، جغرافية العراق الإقليمية، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٢، ص ٨٣–٩٩.

[3] ابراهيم ابراهيم شريف، على حسين الشلش، جغرافية التربة، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٥، ص٥٩.

[4] ابراهيم شريف، الجغرافي وأثره في التأريخ العالم حتى الفتح الإسلامي، المجلد الأول، مطبعة شفيق، بغداد، ص١٠٤.

[5] على حسن موسى، اساسيات علم المناخ، الطبعة الأولى، المطبعة العلمية، دمشق، ١٩٩٤، ص٣٦.

جیاوازی بەرزونزمی شوێنی ئەسترۆنۆمی کە کەوتوتە ژێر کاریگەری بای ناوخۆی و تۆپەڵە هەوای جیاواز ئەمەش وای کردووە جیاوازی هەبێت لە پلەی گەرمیدا[1].وە پەیوەندییەکی تونودتۆڵ هەیە لەنێووان ئاووهەوا و بەرهەمی پیشەسازییدا، چونکە جیاوازی ئاووهەوا بوار دەڕەخسێنێت بۆ هاتنەکایەی پیشەسازیی، بڕوانە نەخشەی (٥) .

**خشتەی (٣)**

**تێکڕای مانگانە و سالانە و وەرزانەی پلەکانی گەرما بەپلەی سەدی بۆ وێستگەی هەڵەبجە لەماوەی نێوان(٢٠٠٩-٢٠٢٠)**

| وەرزەکان | بەهار | | | هاوین | | | پاییز | | | زستان | | | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مانگەکان | ئازار | نیسان | ئایار | حوزیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت ١ | ت ٢ | ک١ | ک ٢ | شبات | |
| ت.مانگانە | ١٣,٢ | ١٧,١ | ٢٥,٣ | ٣٢,١ | ٣٥,٦ | ٣٤,٢ | ٢٨,٥ | ٢٣,٢ | ١٣,٨ | ٨,٦ | ٧,٤ | ٨,٩ | ٢٠,٦ |
| ت.وەرزانە | ١٨,٥ | | | ٣٣,٩ | | | ٢١,٨ | | | ٨,٣ | | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست به : حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، هۆبەی کەشناسی، داتای بلاونەکراوە، ٢٠٢٠

پشتبەست بەخشتەی (٣ ) دەتوانین بڵێین کە:

- تێکڕای سالانەی پلەکانی گەرمی لە پارێزگای هەڵەبجە لە (٢٠,٦پلە)یە، بەشێوەیەک کە لەباکوری ڕۆژهەلاتی ناوچەی توێژینەوە و ناوچەی بەرزو چیاکان پلەکانی گەرمی دادەبەزێت و بەپێچەوانەشەوە تاوەکو بەرەو ناوچەکانی ناوەڕاست و بەشەکانی ڕۆژ ئاوای ناوچەی توێژینەوە بڕۆین پلەکانی گەرما بەرزدەبێتەوە.

-بەپێی وەرزەکانیش، لە وەرزی بەهاردا تیکرای پلەی گەرما (١٨,٥°)س و لەوەرزی هاوین (٣٣,٩°)یە، لەوەرزی زستاندا تێکراکەی (٨,٣°)یە، هەروەها لە وەرزی پایز (٢٣,٩°) یە.

*جیاوازییەکی زۆریش هەیە لەتێکراکانی پلەی گەرمی مانگانە، بەجۆرێک گەرمترین مانگی سالی کە مانگی تەموز دەکات (٣٥,٦°)یە، هەروەها ساردترین مانگی ساڵ کە کانونی دووەم دەکات (٧,٤°) یە.

-مانگەکانی نیسان و تشرینی یەکەم کە دەکەونە بەهار و پاییز جیاوازییەکی زۆریان لە پلەکانی گەرمیدا نییە کە دەکاتە ڕێژەی لە نێوان (١٧,١° - ٢٣,٢°)س وەک لە خشتەی ژمارە (٥) دا هاتووە.

-پلەکانی گەرمی لەناوچەی توێژینەوە لەمانگی شوباتەوە دەست دەکات بەبەرزبونەوە و لەمانگی تەموزدا دەگاتە ترۆپکی گەرمی، لەمانگی ئابەوە دەست دەکات بەنزمبونەوە تا ئەوەی لەمانگی کانونی دووەمدا نزمترین پلە تۆماردەکات، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لەمانگەکانی وەرزی هاویندا تیشکی خۆر ستونە و ڕۆژ درێژە ئاسمانیش ساماڵە، بەلاَم لەمانگەکانی وەرزی زستاندا تیشکی خۆر لارەو ڕۆژ کورتە و بایەکانی ڕۆژهەلاتیش ڕوو لەناوچەکە دەکەن [2].

واتا پلەکانی گەرمی لە پارێزگای هەڵەبجە بەشێوەیەکی گشتی تا وەکو بەرەو ناوچەی بەرزو چیاکان بڕۆین پلەکانی گەرمی نزم دەبێتەوە، هەروەها لە وەرزی زستاندا بەهەمان شێوە پلەکانی گەرما نزم دەبێتەوە، وەک چۆن بەپێچەوانەوە لە وەرزی هاوین پلەکانی گەرما بەرزدەبنەوە، تاوەکو بەرەو

---

[1] علی حسن موسی، اساسیات علم المناخ، مصدر سابق، ص٣٦.

[2] سلێمان عبدالله یونس، تایبەتمەندییەکانی باران لەهەرێمی کوردستانی عێراق، لەبلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٦، ل٧١

ناوچەی نزم و ناوەڕاست و باشووری ناوچەی تویژینەوە بڕۆین پلەکانی گەرما بەرزدەبێتەوە، هاوینی ناوچەی تویژینەوە پلەکانی گەرمی بەرزدەبێتەوەو ئاووهەوایەکی وشکی هەیە[1]. هەموو ئەمانەش کاردەکاتەسەر خەرجی و جۆرایەتی بەرهەمە پیشەسازییەکان لەپاریزگاکەدا .

**٢-(با):-**

یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لە ناوچەی تویژینەوە کەکاریگەری هەیە لەسەر پێکهاتەی ژینگەیی ئەویش بە هۆی گواستنەوەی خاک و مادە هەڵواسراوەکان و گازە جیاوازەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لەناوچە پیشەسازییەکانەوە بۆ ناوچەکانی تر بە ئاراستەی جوڵەی بایەکە[2].

ئەو بایانەی بەسەر ناوچەی تویژینەوە هەڵدەکەن دوو جۆر بان، جۆرێکیان ناوخۆیی جۆرەکەی تریان دەرەکییە، با ناوخۆییەکان وەک شنە بای چیاو دۆڵەکان بەشێوەیەکی کاتی ماوەیەکی کورت هەڵدەکەن لە نێوان چیاو دۆڵەکان کە جەوێکی لەبار و خۆش دروست دەکەن بەتایبەتی بۆگەشتیاران لەناوچەکەدا[3]. شنەبا لەوەرزی هاویندا یارمەتیدەریکی باشە بۆ کەمکردنەوەی خەرجی سارکردنەوە لە کارگەکاندا، وەک چۆن بایە دەرەکییە وەرزیەکانیش بەهەمان شێوە کار لەبر و جۆرایەتی بەرهەمە پیشەسازییەکانی ناوچەکە دەکەن.

**خشتەی (٤)**

**تێکرای خێرایی مانگانە و وەرزانە و ساڵانەی با(م/چرکە) لەپارێزگا هەڵەبجە بۆساڵانی(٢٠٠٩-٢٠٢٠)**

| وەرزەکان | بەهار | | | هاوین | | | پاییز | | | زستان | | | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مانگەکان | ئازار | نیسان | ئایار | حوزیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت ١ | ت ٢ | ك١ | ك ٢ | شبات | |
| ت.مانگانە | ١,٩ | ٢,٢ | ٢,٤ | ٢,٧ | ٢,٤ | ٢,٦ | ٢,٥ | ٢,١ | ٢,٣ | ٢ | ١,٨ | ٢,٣ | ٢,٢٢ |
| ت.وەرزانە | ٢,١٦ | | | ٢,٥٦ | | | ٢,٣٦ | | | ٢ | | | |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرێتی کشتوکاڵ و ئاودێری سلێمانی, لقی کشتوکاڵی هەڵەبجەی شەهید, بەشی کەشناسی, زانیاری بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠

پشتبەست بەخشتەی (٤) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە تێکرای خێرایی با لەناوچەی تویژینەوە جیاوازی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەم شێوەیە:

١-تێکرای خێرایی ساڵانەی با لەناوچەی تویژینەوە بریتیە لە(٢,٢٢ م/چرکە)

٢-تێکرای گشتی خێرایی با لە وێستگەی هەڵەبجە لە وەرزی هاویندا دەگاتە (٢,٥م/چرکە) بەڵام ئەم تێکرایە لە وەرزی زستاندا دادەبەزێت بۆ (٢م/چرکە).

٣-جیاوازی لەخێرایی با لەنێوان وەرزەکاندا بریتییە لە(٠,٥م/چرکە)، واتا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە.

---

[1] بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەڵەبجە هۆبەی کەشناسی، زانیاری بڵاونەکراوە ٢٠٢١.

[2] الحاج محمد صالح احمد، تقيم الآثار البيئية للصناعة في مدينة صنعاء، رسالة ماجستير، غير منشورة، الجامعة الاردنية، عمان، ١٩٩٥، ص١٢.

[3] نجم الدين هادى محمد سعيد المولوى، مصدر سابق، ص٢٣.

٤-خێرایی با لەناوچەی دەشتی و نزمەکاندا زیاترە وەک لەناوچەی چیاکان، لەناوچەی چیاکان بەهۆی بەرزییان وەک ڕێگرێک لەبەردەم بایەکەدا وەستاوە.

هەرچییەکیش تایبەتە بەئاراستە و دووبارە بوونەوەی بایەکان بەپێی ئاراستەکان ئەوا بەم جۆرەیە، خشتەی (٥). وە چەند جۆرێک با هەڵدەکەنە سەر ناوچەی توێژینەوە بە درێژایی ساڵ، ئەم بایانە هەشت جۆرن تایبەتمەندیشیان جیاوازە لە ڕووی خێرایی و تایبەتمەندی دووبارەبوونەوەیان لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر، بۆنموونە بای ئارام بایەکی خۆجێی یەو بەهۆی جیاوازی پەستان لە ناوچەی جیاوازەکانی پلەی گەرمی لە وەرزی هاوین فێنکە و بایەکی ئارام بۆ ناوچەکە ئەهێنێت، هەروەها بە پێچەوانەوە بای باکوری ڕۆژئاوا وە بای ڕۆژهەلات لە وەرزی زستان هەڵدەکەن بەسەر ئەو ناوچانەدا  دەبێتە هۆی بێزاری و بایەکی سارد و وشکە پلەی گەرمی دادەبەزێنێت ڕێژەی شێی هەڵواسراویش کەمدەکات.

**خشتەی (٥)**

**ئاراستە و دووبارەبوونەوەی بایەکان لە پارێزگای هەڵەبجە بۆساڵانی(٢٠٠٩-٢٠٢٠)**

| جۆری با | باکوور | باکوری ڕۆژهەلات | ڕۆژهەلا ت | باشوری ڕۆژهەلات | باشوور | باشووری ڕۆژئاوا | ڕۆژئاوا | باکوری ڕۆژئاوا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی دووبارە | ٣,٨ | ١٢,٣ | ٤,٥ | ٥,٩ | ١٩,٤ | ٨,٦ | ٢٠,٩ | ١٦,٣ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، وێستگەی کەشناسی هەڵەبجە، زانیاری بڵاونەکراوە٢٠٢٠

بەتێبینیکردنی زانیارییەکانی نێو خشتەی(٥) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە:

١-زۆرترین تێکڕای دووبارەبونەوەی بایەکان لەناوچەی توێژینەوە بریتییە لە ئاراستەی ڕۆژئاوا، بەڕێژەی ( ٢٠,٩%) .

٢-کەمترین تێکڕای دووبارەبونەوەیش بریتییە لەئاراستە بای باکوور بە ڕێژەی( ٣,٨%).

٣-جگە لە ئاراستەکانی باکوور و ڕۆژئاوا ، ئاراستەکانی دیکەی ناوچەی توێژینەوە جیاوازییەکی زۆریان هەیە.

**٣-دابارین:-**

تاوەکو لەڕووی دەریاوە بەرزبینەوە ڕێژەی باران وە بڕی باران زیاد دەبێت، جۆری دابارینەکەش جیاواز دەبێت، وە پشتبەست  بەخشتەی (٦)  لەوێستگەی هەڵەبجە لەبەرزی (٦٩٥م) لەئاستی ڕووی دەریا ڕێژەی بارانی ساڵانەی (٦٥٥ملم)ە، لەوێستگەی بیارەیش کە بەرزیەکەی (١١٥٦م) لەئاستی ڕووی دەریا ڕێژەی بارانی ساڵانەی (٨١٤,١ملم) باران دەبارێت، بەشێوەیەکی گشتی ناوچەی توێژینەوە لە دەکەوێتە هەرێمی بارانی مسۆگەر چونکە بارانی ساڵانەی لە (٥٠٠ملم) زیاترە[1].

لە ناوچەی توێژینەوە لە مانگی (١٠) (تشرینی یەکەم) لە ناوەڕاستی پایزەوە باران بارین دەستپێدەکات تا مانگی (٥) مایس، کە لەکۆتایی ئەم مانگەدا وەرزی بەهاری فعلی کۆتایی پێ دێت،

[1] کاری توێژەر بە پشتبەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، هۆبەی کەشناسی هەڵەبجە، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠

جیاوازی هەیە لەنێوان مانگەکانی ساڵدا، بەجۆرێک لە مانگی شوباتدا زۆرترین بڕی باران دەبارێت کە (١٣٦,٦ملم) بە ڕێژەی (٢٠,٢%) لە کۆی ڕێژەی بارانی ساڵانە پێکدەهێنێت، کەمترین بڕیش لەو مانگانەی کە بارانی لێ دەبارێت مانگی مایسە کە (٣٠,٧)ملم بە ڕێژەی (٤,٦%)ی هەموو ساڵەکەیە، جیاوازی بڕی باران بارین لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر هەیە کە لە وەرزی زستاندا بڕی باران بارین (٣٤٣,٧)ملم دەبارێت بە ڕێژەی (٥١%)، لە وەرزی پاییزیشدا بڕی (١٠٥,٤)ملم دەبارێت بە ڕێژەی (١٥,٦%) لە کۆی ڕێژەی بارانی ساڵانە.

هەروەها لە بە وەرزی هاردا بڕی (٢٢٥,٥)ملم باران دەبارێت کە ڕێژەی (٣٣,٤%) لە کۆی ڕێژەی بارانی ساڵانەی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت.

ئاووهەوا بەگشتی و هەردوو ڕەگەزی پلەی گەرمی و باران بەتایبەتی کاریگەرییەکی مەزنیان هەیە لەسەر پیشەسازیی گۆڕاو لەناوچەی توێژینەوە کە لەبەشەکانی داهاتوودا بەوردی باسی لێوەدەکەین.

## خشتەی (٦)

## تێکڕای مانگانەو ساڵانەی بارانبارین / ملم لە وێستگەی هەڵەبجە لە نێوان ساڵی (٢٠٠٥-٢٠٢٠)

| مانگ / ساڵ | کانوونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم | کۆی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٥ | ١٥٦,٨ | ٢٠٣,٣ | ١٦٣,٩ | ٦٥,٦ | ٢٠,٦ | ٠ | ٠ | ٠,٥ | ٠ | ٠,٢ | ٢٠,٦ | ١٠٧,٥ | ٧٣٩ |
| ٢٠٠٦ | ١٨٤,٧ | ٣٤٢,٤ | ٣٥,٥ | ١٤٠,٦ | ٤١,٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٢٠,٩ | ٥١ | ٣٠ | ٩٤٦,٣ |
| ٢٠٠٧ | ٨٤,٦ | ١٥٠ | ٤٨ | ١٧٤ | ٢٤,٥ | ١,٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢,٥ | ٩٢ | ٥٧٧ |
| ٢٠٠٨ | ٦٨,٢ | ٧٤,٩ | ٥٦,٢ | ٢,٨ | ١,٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ١,٨ | ١٠٤,٧ | ٢٢ | ١٣,٦ | ٣٤٥,٤ |
| ٢٠٠٩ | ٢٧,٧ | ٩٤,٣ | ٩٨,٣ | ٩٩,٥ | ١,٨ | ٦,٣ | ٠ | ٠ | ٥,٧ | ٨٠,٢ | ١٤٥,٦ | ٩٧,١ | ٦٥٦,٥ |
| ٢٠١٠ | ٧١,٨ | ٩١,٢ | ١٢٥,٩ | ١٤٦,٣ | ٩٩,١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣,٢ | ٤٠,٨ | ١٤١,٤ | ٦٨٣,٧ |
| ٢٠١١ | ١٤٧,٨ | ٦١,٨ | ٥٨,٥ | ١٧٣,٣ | ٣٣,٩ | ٢,٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٥٦,٧ | ٤١,٨ | ٧٧,٩ | ٦٥٤,٢ |
| ٢٠١٢ | ٩١,٣ | ١٤٢,٦ | ١٥٣,٤ | ١٣,٣ | ٨,٣ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣٠,٩ | ١٧١,٤ | ١١٤,٣ | ٧٢٥,٢ |
| ٢٠١٣ | ١٧٧,٤ | ٥٥,٩ | ١٨,٥ | ٢٧,١ | ٧٦,٧ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠,٥ | ١٣٩,٥ | ١٤٦ | ٦٤١,٦ |
| ٢٠١٤ | ٣٩,٨ | ٢٢,٣ | ١١٧,٩ | ١٩,٩ | ٠,٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٨٨,٣ | ١٠٦,٧ | ٧١ | ٥٢٠,٤ |
| ٢٠١٥ | ٧٧,٨ | ٦٩,٣ | ٦٨,٧ | ٩ | ٩,٩ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢,٨ | ١٨٦,١ | ١٤٣,٦ | ٨٦,١ | ٦٥٣,٣ |
| ٢٠١٦ | ٨٨,٩ | ٧١,٢ | ١٢٥,٢ | ٧٢,٢ | ٨,٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١,٠ | ٢٨,٣ | ١٠٤,١ | ٤٩٩,٣ |
| ٢٠١٧ | ٦٧,١ | ٩٩,٧ | ١١٦,٦ | ٧٠,٨ | ١٩ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٥٥,٤ | ٢٦,٠ | ٤٥٤,٦ |
| ٢٠١٨ | ٥٦,٦ | ٢٤٧,٦ | ١٥,٥ | ٨٢,٧ | ٥١,٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٤٠,٣ | ١١٢,٢ | ٢٩٠,٧ | ٨٩٧,٤ |
| ٢٠١٩ | ١٥٧ | ١٤٣,١ | ١٨٥,٣ | ١٣٠,٨ | ٢١,٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٥١,٥ | ٩,١ | ١٠٦,١ | ٨٠٣,٩ |
| ٢٠٢٠ | ٩١,٤ | ٦٧,٩ | ١٢٤,٥ | ٨٣,٨ | ١٠,٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٩٧,٨ | ٢٨ | ٥٠٣,٤ |
| تێکڕا | ٩٤,٥ | ١١٢ | ٩٤,٥ | ٨٢ | ٢٧ | ٠,٦ | ٠ | ٠ | ٠,٦ | ٥١,٥ | ٨٠,٥ | ١٠٦,٦ | ٨٥,٨٤٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە، هۆبەی کەشناسی هەڵەبجە، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠

## ٤. سەرچاوەی ئاو

مەبەست لەسەرچاوەی ئاو تەواوی ڕوبارو لقە ڕووبارییەکانی ناوچەکە و گەنجینەکانی ئاوی ژێر زەوی و ئاوی خاکی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە، کە لەخوارەوە بەوردی باسمان کردوون.

### أ: ئاوی سەر زەوی

مەبەست لە ئاوی سەرزەوی بۆ پیشەسازیی هەموو ئەو ئاوانەیە کە لە شێوەی باران و بەفر و شێوەی تر دەبارێنە سەر زەوی ناوچەی توێژینەوە، لە شێوەی لق و جۆگەو ڕوبارو کانیاو دەردەکەون، هەروەها ئەو ئاوانە دەگرێتەوە کە سەرچاوەکەیان لە دەرەوەی ناوچەکەیە بەناویدا تێدەپەڕن و سەرچاوەی دابینکاری ئاوی پیویستن بۆ کارگەکان[١].بەپشتبەستن بە لێژی تۆبۆگرافی ئەوا جولەی ئاویش لەناوچەی بەرزەوە بۆ نزمە و دۆڵە قوڵەکانیش دەکاتە ڕێڕەوی ئاوپیاڕۆیشتن و ئەمەش کار لە پیشەسازیی و تەواوی چالاکییەکانی مرۆڤ دەکات [٢].

بەشێوەیەکی گشتی ئاوی سەرزەوی لەناوچەی توێژینەوە پێکهاتووە لە چەند سەرچاوەیەکی ئاویی وەک: ڕووبار و کانیاوەکان ، کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەناوچەکەدا بوونیان هەیە و کەوتونەتە نێوان ناوچە بەرزەکان و دەشتاییەکان، سودێکی گەورە بەناوچەکە دەگەیەنن، وەک ڕووباری سیروان و زەڵم کە لە ئێستادا سودێکی زۆری بۆ دانیشتوانی پارێزگاکەو هەندێ قەزاو ناحیەی تر هەیە ئەمە جگە بەمەبەستی ئاودێری بەکاردەهێنرێ[٣]. پشتبەست بە نەخشەی ژمارە( ٧ ) گرنگترین چەم و ڕووبارە هەمیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە بریتین لە:

١- **ڕووباری سیروان:** گەورەترین ڕووبارە لە ناوچەی توێژینەوە بە درێژایی ڕێڕەوەکەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، سەرچاوەی سەرەکی ئەم ڕووبارە لە دەرەوەی سنووری عێراقە، دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەلاتی کوردستان و باکوری ڕۆژئاوای وڵاتی ئێرانەوە، ئەم ڕووبارە دێتە هەرێمی کوردستان لە سنووری باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای هەڵەبجە نزیک گوندی گریانە، بە درێژایی (٤٠ کم) هاوسنوورە لەگەڵ ئێران، دوای (١٠کم) لە ڕۆیشتن دەڕژێتە دەریاچەی دەربەندیخان لە باشووری ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوە، درێژی ئەم ڕووبارە نزیکەی ٥٠کم دەبێت، ئەم ڕووبارە ناڕێکییەکی زۆری تێدایە بەهۆی ڕۆیشتنی بە نێوان زنجیرە چیاکان سنوورێکی سروشتی دروستکردووە لە باشوور و باشووری ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوە[٤]. بڕی (١٧٠,١م٣) ئاوەڕێکردنیەتی ڕێژەی ساڵانەی (٢,٢ملیار م٣)یە[٥]. هەروەها چەندین سەرچاوەی تر دەڕژێتە ناو ئەم ڕووبارەوە لە نێوان زنجیرە چیاکانی شنروێ و باڵامبۆو بەشی باشووری چیاکانی هەورامان، هەروەها لێژ دەبێتەوەو دەگاتە دۆڵەکانی سازان و چنار و مۆردین،

---

[١] ڕزگار مصطفى محمد امين، هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافییەکانی جێگیربوونی پیشەسازی لە قەزای پشدەر، نامەی ماستەر، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، بڵاونەکراوە، ٢٠١٦، ل ٤٦.

[٢] -ايسر محمد الشماع، العلاقة الهيدرولوجية بين المياه السطحية والجوفية في حوض بدرة، المجلة العراقية للعلوم، المجلد ٥٣،العدد٢، ٢٠١٢، ص ٣٣٦

[٣] مقداد حسين على و خليل ابراهيم محمد المسامات الأساسية للبيئات المائية، دار الشؤون الثقافة العامة، وزارة الثقافة والإعلام، بغداد، ١٩٩٩، ص٤٧.

[٤] سەرکەوت ئەفراسیاب جيهان، التحليل المكاني لإستعمالات الأرض الزراعية في قضاء حلبجة، جامعة الموصل، كلية التربية، ٢٠١٣، ص٤٨.

[٥] أم كلثوم مصطفى درويش، قضاء حلبجة، دراسة في الجغرافية الزراعة، مصدر سابق، ص٤٦.

سەرچاوەی سەرەکی ئەم ئاوانە دەگەڕێتەوە بۆ باران،بەفر،تەرزە، وە بڕی ئاوەکەشی زیاد دەکات بەتایبەتی لە وەرزی زستان و بەهار بەهۆی دابارینەوە.

**٢-ڕووباری زەڵم:** ئەم ڕووبارە گەورەترین سەرچاوەی ئاوی سەرەکییە بۆ ناوچەی توێژینەوە، کە سەرچاوەکەی ئەکەوێتە سنووری ناوچەی توێژینەوە لە باکوری ڕۆژئاوا و لە ئەشکەوتێکەوە ئاوەکەی دێتە دەرەوە کە پانیەکەی (٤م) و بەرزیەکەی (٢م )دەبێت، هەروەها لەبەرزی (١٥٠م) لە سەرچاوەکەوە وەکو تاڤگەیەک دێتە خوارەوە، ئهمەش سەرچاوەیەکی ڕاکێشانی گەشتیارە بۆناوچەکە لەوەرزی هاویندا، ئاوڕێکردنی (١٧,٤٠٠گالۆن) لە دەقیقەیەکدا[١].

سەرچاوەی ئەم ڕووبارە بریتییە لە یەکگرتنی کانی قوڵقوڵەو تاڤگەی زەڵم لە بەرزی (٢٩٦م) کە بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا دەڕوات بەبەردەم گوندی زەڵم دا ئاوی چەند کانی و جۆگەیەکی دێتە سەر وەک کانی شەمام و وێکەن، جۆگەی وێشەی، چەمی وەرزی وشکەناو دواتر تێدەپەڕێت بە گوندی ئەحمەد ئاوا، ناوباخان و شارۆچکەی خورماڵ، هەروەها ئاوی چەمی وەرزی خڕی سەرگەت بەدەستە چەپ و سەرچاوەی ئاوی هەمیشەیی گەنجان و کانیاوی گۆگردی خورماڵ (گەڕاوەکە) لە دەستی ڕاستی دێتە سەری. هەموو باخ و دانیشتوانی گوندەکانی ئەحمەد ئاواو ناوباخان ئاوایی ڕۆستەم بەگ بەشێک لە شارۆچکەی خورماڵ و سەنتەری پارێزگای هەڵەبجەش پشت بە ئاوی ئەم ڕووبارە دەبەستێت[٢].

**٣-ڕووباری ڕیشێن:** ئەم ڕووبارە دەکەوێتە باکوری ناوچەی توێژینەوە سەرچاوەکەی دەکەوێتە چیای سورێن بە ئاڕاستەی باشوری ڕۆژئاوا دەڕوات و دەگاتە گوندی ڕیشێن پاش( ١٥٠٠م) لقێکی تری لێ جیا دەبێتەوە لە ڕێڕەوەکەی پێی دەوترێت (شەڵم)، لە نزیک ئەم گوندە جارێکی دیکە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ڕووباری ڕیشێن لە گوندی قەدەفەری کە دەکەوێتە دەشتی شارەزوور. ئەم ڕووبارە بەردەوام دەڕوات بەرەو باشوور و باشووری ڕۆژئاوا پاش (١٢کم) دەگات بە نزیک گوندی (تەپەکەل) تێکەڵ دەبێت لەگەڵ ڕووباری زەڵم و بە نزیکەی (٥کم) پێش ئەوەی بگەنە دەریاچەی دەربەندیخان[٣].

**٤-چەمی بیارە:** سەرچاوەی ئەم چەمە ئەکەوێتە زنجیرە چیای (تەتە) کە بەرزی چیاکە دەگاتە (٢٨٣٧م) بەیەکگرتنی ئاوی چەند کانیەک لە گوندەکانی (بێدەرواز، کەیمنە، هانەگەرمەڵە) لەبەشی هەورامانی ڕۆژهەڵات لەناو خاکی ئێران، ئاوەکە دەڕوات بە ئاراستەی ڕۆژئاوا دەروات" بە دووری کەمتر لە (٠,٥کم) لە ڕۆژهەلاتی شارۆچکەی بیارە دێتە سنووری هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە، ئاوی کانیاوەکانی (ماجێ، بێڵخا، حەمەوەیس..هتد) دێتە سەر و هەموویان دەبێتە چەمێکی گەورەو بیارە دەکات بە دوو بەشەوە، ئەم چەمە بە ئاراستەی باشووری ڕۆژئاوای دەگات بە ئاوی چەند کانی و لقێکی تری تێ دەرژێت لە گوندی (دەگاشێخان و هانە نەوتێ، دەرەقەیسەر، زەردەهاڵ، خارگێڵان). لە گوندی خارگێڵان چەمی وەرزی دێتەسەر و دواتر

---

[١]فەرەیدون کاکەیی، داهات و ئەمنی ئاو لە کوردستانی عێراق، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٣٢.

[٢]ڕێباز حمە غریب ئەحمەد، دابەشبوونی جوگرافی دەرامەتە ئاوییەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی لەناوچەی هەوراماندا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلیمانی، سلێمانی ٢٠١٧، ل٥٥..

٣کاری تویژەر، پشت بەستن بە سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوە لە بەرواری ٢٠٢١/٩/٢٠

به دەشــتی شــارەزوور و بەرەو ڕۆژئــاوا دەڕوات تــا دەگــاتە ئــاوەڕێژگەکەی لە دەریــاچەی دەربەندیخان[1].

**٥-چەمی تەوێڵە:** دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە، لە دوو سەرچاوەی سەرەکی پێکدێت کە دەبێـتە هـۆی دروسـتبوونی ئەم چـەمە ئەوانـیش چەمـی ئاوێسـەر لەگەڵ چەنـد سەرچاوەیەکی تری ئاوی لە باکوری ناوچەی تەوێڵە بە درێژی (٢,٥کم)، هەروەها سەرچاوەی چەمـی دزاوەر لە دەرەوەی سـنووری عێراقـدا داخڵـی عێـراق دەبێـت بە نـزیکەی (١,٤کـم) لە ڕۆژهەڵاتـی نـاوچەی تەوێـڵە دەگەن بەیەک لەناوەڕاسـتی نـاوچەکە. ئەم ڕووبـارە دەڕوات بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەگات بە دۆڵی بەڵخە بە دووری ٩کم وە ڕێڕەوەکەی دەگۆڕێت بە ئاراستەی باشوور و باشووری ڕۆژهەڵات بەدووری ١کم، وە دەگات بە باخەکانی هاوار و دەڕژێتە ناوی، وە بەردەوامە لە ڕۆیشتن تـا دەگـاتە دۆڵـی گریـانە بە دووری (٢٠کـم)، وە سـەرەتاکەی دەڕژێتە ڕووباری سیروان[2].


---

[1] ڕێباز حمە غریب ئەحمەد، هەمان سەچاوەی پێشوو، ل٥٧-٥٨.

[2] - داتای توێژەر، پشت بەست بەکارهێنانی بەرنامەی( goolge earth) و سەردانی مەیدانی ناوچەکە لەبەرواری ٢٠٢١/٩/٢٥

## نەخشەی (٦)

## چەم و ڕووبارە هەمیشەییەکانی ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست به وێنەی دیجیتاڵی (Digitak Elevation Model.DEM 30M ) بۆ ساڵی (٢٠٢٠)، پاش جێبەجێکردنی کۆمەڵە پرۆسە لەتوڵەکانی ( Spatial Analyst Tools) دا.

**ب : ئاوی ژێر زەوی :** ئاوی ژێرزەویی بریتیە لەو ئاوەی، کە بۆشاییەکانی نێوان گەردەکانی خاک یان درزەکانی نێو بەردەکان لە پێکهاتەجیۆلۆجیە جۆراوجۆرەکاندا پڕدەکاتەوە, ئاوی ژێرزەویی سودی لێوەردەگیرێت لە ڕێگای هەڵکەندنی بیرو کاریز یان کاتێک بەشێوەی سرووشتی لەشێوەی سەرچاوەو کانیاوەکان هەڵدەقوڵن.[١] ئەسڵی ئاوی ژێر زەوی دەگەڕێتەوە بۆ ئاوی سەر زەوی چ ئاوی باران بێت و داچۆڕابێت بۆ چینەکانی ژێر زەوی، یان ئاوی بەفری تواوەبێت یاخود سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی، ئاوی داچۆڕاوی ڕووبارەکان یان دەریاچەکان بێت، هەندێ جار سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی ئاوی زیادەی ئاودێریە، وە ڕەنگە هەندێ جاری تر سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی لە ڕێگەیەکی ناسروشتیەوە بێت لە ڕێگەی بردنی ئاوی لافاو بۆ سەر ئەو شوێنانەی کە دەویسترێت ئاوی ژێر زەوی زیاد بکرێت[٢]، بەگشتی ئاوی ژێر زەوی ناوچەکە لەژێرکاریگەری چەند فاکتەرێکە، ئەوانیش:

١-ڕووەکی سروشتی: ڕووەک کە دەگونجێ لە هەندێ هەل و مەرجدا ببێتە هۆی زیاد بوونی بڕی ئەو ئاوەی کە بۆ ناو زەوی دزە دەکات وە لە هەندێ هەل و مەرجی تردا دەگونجێ ببێتە هۆی کەم کردنەوەی بڕی ئەو ئاوە ، وە لەناوچەکەدا ڕووەکی سروشتی فاکتەری لاوازکردنی لافاوو گیردانی ئاوەکانە لەسەر ڕووی زەوی ناوچەکە هەربۆیە هاندەری زیادبوونی ئاوی ژێر زەوییە.

٢-ڕەگەزەکانی ئاوو هەوا: وەک (پلەی گەرمی – بە هەڵم بوون – تیشکی خۆر – شێ ی ڕێژەیی) کە کار لەوانە دەکات واتە هەر شوێنێک بارانی زیاتر بێت ئاوی ژێر زەوی زیاتر دەبێت، گەر فاکتەری خاک و لێژیی گونجاوبێ ، بەوپێیەی ڕەگەزە سروشتیەکانی ناوچەکە هاندەری دابارینن هەربۆیە لەناوچەکەدا دابارین هۆکارێکی گرنگی زیادبوونی ئاوی ژێر زەوییە.

٣-سروشتی بەردەکان: دابەش دەکرێت بەسەر بەردی ئاگرین و بەردی نیشتوو و بەردی گۆڕاودا، لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە دەکرێت کە بەردی نیشتەنی بە هەموو جۆرەکانیەوە بەردی کونیلە دارە ، بەڵام توانستەی دزە کردنی ئاو تێیدا دەوەستێتە سەر قەبارەی کونیلەکان و شکانی بەردەکانی، واتا بەردی نیشتەنی گرنگترین سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی پێکدەهێنێت ، لە کاتێکدا هەندێ بەرد هەیە کە کونیلەداریان کەمە و توانستەی ئاوی ژێر زەوی تێدا کەمە.

٤-بەرزونزمی: سروشتی ڕووی زەوی کە بە ڕەچاوکردنی فاکتەرەکانی تر چەند تەختایی بێت ئەوەندە زیاتر دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ دزەکردنی ئاو بۆ ناو زەوی ، چونکە تەختایی زەوی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم ئاوە لەسەر خۆی بەسەر زەویدا بڕوات [٣]و سروشتی ڕووی زەوی و پێکهاتەی جیۆلۆجی هەرێمی کوردستان پێکهاتەیەکی گونجاوە بۆ پێکهێنانی ئاوی ژێرزەوی بەبڕ و جۆری گونجاو لەتەواوی ناوچەکانی هەرێمدا ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ باشێتی پێکهاتەی کلسی کە توانستەکی زۆرباشی پیاتێپەڕینی ئاوی هەیە و پاشانیش بەشێوەی کانیاو دەیهێنێتەوە ڕووی

---

[١]) ئازاد نەقشبەندی, بایەخی گەشتوزاریی سامانی ئاوی کوردستانی عێراق, سەنتەری برایەتی ژمارە (١٣), چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، ١٩٩٩، ل٤-١١

[٢]) بیوار خنسي ، الثروات الطبیعیة في کردستان العراق، الطبعة الاولی، مطبعة اراس، اربیل، ٢٠٠٧، ص٩٦-٩٧ .

[٣]) ناهیده الطالباني ، المیاه الجوفیة في منطقة ما بین الزابین في العراق و استغلالها ، الطبعة الاولی ، مطبعة یاد ، السلیمانیة ، ٢٠٠٩ ، ص٢٠-٢٤+٣٢ -٣٣

زەوی، هەربۆیە بوونی ئەم جۆرە بەردانە هەڵسوڕێنەری تەرزەکانی دابەشبوونی ئاوی ژێر زەوین کە ئەمانیش لای خۆیانەوە کاردەکانەسەر دابەشبوونی ئاوەدانییەکان [1].

٥-بیرەکان: هەڵکەندنی بیرەکان کار لە ئاستی ئاوی ژێر زەوی دەکات بۆ نمونە ئەگەر هات و قوڵایی هەڵکەندنی بیرێک زیاتر بوو لە ئاستی ئاوی ژێر زەوی ئەوا ئاوی ژێر زەوی لە ناوچەکەدا کەم دەبێتەوە و دادەبەزێت ،بەڵام ئەگەر وازمان لە بیرەکە هێناو ئاوەکەی تیا کۆ بووەو بەکار نەهێنرا پاش ماوەیەک هاوسەنگی دروست دەبێت تادەگاتە ئەو ئاستەی کە ئاستی ئاوی بیرەکە یەکسان دەبێت بە ئاستی ئاوی ژێر زەوی لە ناوچەکەدا، بەهۆی زۆری بیرەوە لەناوچەی تویژینەوە لەزۆر جێگەیدا ئاستی ئاوی ژێر زەوی دابەزیوە، ئەمەیش وایکردووە خاکی ناوچەکەیش گرفتی بێتە پێش و ئاسانتر دووچاری کرداره جیۆمۆرفیەکانی بێتەوە. دەتوانین بڵێین هەریەک لە هۆکارە مرۆیی و سروشتیەکان وەکو بڕی باران و بەفری تواوە و سروشتی بەردەکان و سروشتی فیزۆگرافی شوێنەکە کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر کۆبوونەوەی ئاو لە ژێر زەویدا لە ڕێگەی چوونە خوارەوەی ئاو لە کونیلەکانی خاکەوە ، سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی لەو ناوچانەی کە نیمچە وشکە وەک چوونە خوارەوەی ئاو بەو کونیلانەدا دەکەونە دەرەوەی ئەو ناوچەیە [2]. ئەو هۆکارانەی باسمان کرد کار دەکەنە سەر ئاستی ژێر زەوی کە بە ئاستی ئاوی ناوەکی (Water Table ) ناسراوە کەبریتیە لەو سنورە یان ئەو ڕووەی کە بەردەکانی تێر ئاو بوون ، بە شێوەیەکی گشتی ئەم سنورە ئاسۆیی نیە ئەگەر چی یەکسان نیە لە هەموو شوێنەکان بەڵکو لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر هەروەکو چۆن لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تریش دەگۆڕێت [3]، وە ئاوی ژێر زەوی لەناوچەی تویژینەوە بەچەند جۆرێک دیاردەکەوێت یاخود سوودی لێ دەبیندرێت، ئەوانیش:

**١-کانی:**

لە بناری چیاکان و ناوچەی شکانی چینە بەردەکان و دۆڵەکان دەبیندرێت،لەو شوێنانەی کە ئاستی ئاوی ژێر زەوی بە ئاستی ڕووی زەوی دەگات،بڕ و جۆر و شوێنی جوگرافی پشت دەبەستێ بە بڕی دابارین و لێژی و خاسیەتەکانی چینەبەردەکانی ژێر زەوی و ڕادەی ڕامالینی سەرەوەی چینە بەردەکان[4]،بەگشتی ناوچەی تویژینەوە ناسراوە بە ناوچەیەکی پڕ کانیاو کە نزیکەی (٦٥)کانیاوی دیاری تیدایە و لەدیارترین کانیاوەکانیشی بریتین لە:-

کانیاوی ( باوەکۆچک، بیارە، بەڵخ، چاوگی دۆڵە مەر، کانی بەهاری، کانی سلکان، سەرچاوگ،هانەمرۆ، هانریز، دەرەتاریک، وەزنی ...هتد).

---

[1] ) جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولوتيكية للامن القومي في اقليم كردستان، الطبعة الاولى، من منشورات مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، سليمانية ٢٠٠٥، ص٥٤

[2]) سعيد محمد ابو سعدة، هايدرولوجيا الاقاليم جافة و شبه الجافة ، الطبعة الاولى ، الكويت ، ١٩٨٣ ، ص٩٥

[3]) محمد عبدالعزيز علاوی ، ئینسایکلۆپیدیای جوگرافیا، و. بەرزان ئەمین ئەحمەد ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوار چرا، سلیمانی ، ٢٠٠٨ ، لا٥٧-٥٨

[4])شاكر خصباك،العراق الشمالي دراسة النواحي الطبيعية والبشرية، مطبعة شفيق، بغداد،١٩٧٣،ص٩٢.

**٢-كارێز:**

بریتیە لە کەناڵێک یان کۆمەڵە کەناڵێکی ژێر زەوی، زنجیرەیەک لە بیری هەڵکەندراو لە ژێرەوە بە یەک دەگەیەندرێت ، ئاستی بەرزی هەریەکیان لەوەی پێش خۆی نزمترە و ماوەی نێوان هەر بیرێک لە نێوان (٢٠-٤٠)م[1]. پانی هەر کەناڵێک لە نێوان(١-٠،٥)م و بێجگە لە بەیەک گەیاندنی بیرەکان بۆ مەبەستی پاک کردنەوەی ڕێڕەوی کارێزەکان بەکاردەهێندرێت و لەمێژووی ناوچەکەدا کارێز ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دابینکردنی ئاوی پێویستی خواردنەوە بۆ دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە و دیارترین کارێزەکانیشی بریتین لە کارێزی حەسەن نەبی، سەراو، عەنەب.

**٣-بیرەکان:**

بیر یەکێکە لەو ڕێگە کۆنانەی کە مرۆڤ هەڵدەستێ بە هەڵکەندی بۆ مەبەستی گەیشتن بە ئاوی ژێر زەوی و بەکارهێنانی ئاوەکەی بۆ پڕ کردنەوەی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی دانیشتوان. ژمارەی بیرەکان لە ناوچەی توێژینەوە دەگاتە(٥٦٦)بیر لەسەر بنەمای قوڵیان دابەشی چەند ئاستێک دەبن، لەوانەیش:

١-بیری زۆر قووڵ : ژمارەیان (٤٥) بیرە و و دەکەونە سەنتەری قەزا و سەنتەری ناحیەکانەوە، قوڵییان لەنێوان (٩٠-١٦٠)مەترە و توانستەیی ئاو پێدانیان لەنێوان (٢٨٠-٣٢٠لیتر/خولەک)ە[2].

٢- بیری مام ناوەند: ناسراوە بە بیری ماڵان و ژمارەیان ((٥٢١)) بیرە، قوڵییان لە (٧٠م)کەمترە و توانستەیی ئاوپێدانیشبان لەنێوان (١٨٠-٢٥٠لیتر/خولەک)ە[3].

**ز-خاک:**

بۆ پۆلێنکردنی خاکی ناوچەی توێژینەوە پشتمان بەستووە بەپۆلێنی ڕێکخراوی فاوی سەر بەنەتەوەیەکگرتوەکان (FAO). ئەو پۆلێنەی ڕێکخراوی فاو بەهاوکاریی سێ ڕێکخراوی تر بۆ خاکی هەرێمی کوردستان ئەنجامیداوە[4]. پشتبەست بەنەخشەی ژمارە(٨) و بەپێی ئەم پۆلێنە ئەوا خاکی ناوچەی توێژینەوە بریتیە لەمانەی خوارەوە :-

**١-خاکی بەردینی وردبووی چیاکان**

ئەم خاکە دەکەوێتە سەر لوتکەی چیاکان و هەموو ئەو لوتکانەی کە بەرزیان لەنێوان(٢٠٠٠م-٣٦١١م) دایە. ئەم جۆرە خاکە بەوە جیادەکرێتەوە، کە خاکێکی تەنکە، چونکە ئەم لوتکانە زۆرلێژن لە ئەنجامی ئەمەش ڕووبەڕووی ڕامالینی ئاویی و هەوایی و بەفری دەبنەوە، لەبەرئەوە دەبینین

---

١)هاوڕێ یاسین محمد أمین،لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق،چاپی یەکەم، سلێمانی،٢٠١١،ل١٦٤.

٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە، فەرمانگەی ئاوی هەڵەبجە، تۆماری فەرمانگەی ئاو، زانیاری بڵاونەکراوە، ٢٠٢١

٣) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، فەرمانگەی ئاوی( هەڵەبجە، خورماڵ، سیروان، بیارە، بەمۆ)، زانیاری بڵاونەکراوە، ٢٠٢١

4 (FAO Representation in Iraq .FAO Co – ordination office Erbil، Mapping Unit. 2001. Kurdistan Regional/ soil Survey map. Scale 1:1،000،000

ئەم خاکە درەختی گەورە بەخۆوە ناگرێ و سودی بۆ کشتوکاڵیش نییە، چونکە خاکێکی زبرەو لە تاوێرو چەو پێکدێت[1].

ماددەی بنچینەیی ئەو خاکە تاوێری کلسی و گۆراوە[2] ،بەلاَم سەرەرای ئەوەش لەوەرگایەکی زۆرباش لە گژوگیاو درەختی بچووکی درکاوی گەشەی تێدا دەکەن، ئەم خاکە بەهۆی ئەوەی، کە زبرەو لە تاوێرو چەو پێکدێت، کەواتە دەنکۆڵەکانی گەورەن و پلەی دەلاَندنی بەرزەو درزدارە، لەبەر ئەوە یارمەتی چوونە خوارەوەی ئاوی بەفرو باران دەدات، تا بچنە قولاَیی زەویەوەو ببن بەئاوی ژێر زەوی و بەشێوەی کانیاو جارێکی تر بگەرێتەوە سەر رووی زەوی[3].ئەو سیفەتەش هاوکاتە لەگەڵ زۆری بەفر و باران لەناوچەی شاخاوییدا. زۆری کانیاوەکان لەو ناوچەیەدا راستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن، بەلاَم لەلایەکی ترەوە ئەم خاکە بەهۆی ئەوەی تەنکەو پلەی دەلاَندنی بەرزە توانستەی پاراستنی ئاوی کەمە، چونکە لەدرزو کەلێنەکانیەوە لەدوای تەواوبوونی باران و بەفر زوو دەبێت بەهەلَم[4] . ئەمەش بەگشتی خاکی رۆژهەلاتی بیارە و باشوری رۆژهەلاتی سیروان و باکوری رۆژئاوای بەمۆ پیکدینیت.

**٢-خاکی بەردینی لوتکەی چیاکان**

ئەم خاکە بەبەراورد لەگەڵ خاکی خاڵی یەکەم رووبەرێکی فراوانتر لە خاکی ناوچەی توێژینەوە داگیر دەکات، چونکە هەموو ناوچەچیاکانی خوار (٢٠٠٠م) دەگرێتەوە، هەتا دەگاتە گردەکان، بەشێوەیەک لەهەموولاکانی (باکوورو باکووری خۆرهەلاَت و خۆرهەلاَت و باشوور)ی داپۆشیوە. ئەستوریەکەی لەهەندێک شوێن تەنکە و لە هەندێک شوێن مام ناوەندە، بەرێکردنی ئاوی بەپێی شوێنەکان جیاوازە، لەهەندێک شوێن باشەو لەهەندێکی تر خراپە [5].قوولَیەکەشی مامناوەندەو لەدۆڵەکاندا قوڵترە، مادده بنچینەییەکەی تاوێری کلسی و قورپیە، بەهای (pH)ی (٧,١ )ە، لەبەرئەوە بەهاوسەنگ دادەنرێت لەگەڵ کەمێک تفتی، کە کاریگەری نیەو بە نموونەیی دادەنرێت بۆ هەموو بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و ئەو زیندەوەرانەی، کە تێیدا دەژین، پێکهاتەکەی بەزۆری لمی تێکەڵە، چونکە رێژەی لم(٥٥%) و قور(٣٧,٥%)و قوم(٧,٥%). کەواتە پێکهاتەکەی یارمەتیدەرە بۆ عەمبارکردنی ئاوی ژێرزەوی لەسنووری ئەم خاکەدا، هەروەها ئەم خاکە بەوە جیادەکرێتەوە، کە مادده بنچینەیەکەی بەشێوەی تاوێری کەمێک لێک هەڵوەشاوەی وەکو بەردی کلس و جبسۆم و گۆگردیتی کالیسیۆمی کریستاڵی دەردەکەوێت [6] ،کاریگەریشی لەسەر ئاوی ژێرزەوی وەکو خاکی خاڵی یەکەم وایە، تەنها ئەوە نەبێت، کە لە هەندێک شوێن وەکو دۆڵەکان و ناوچە کەمتر لێژەکان ئەستوریەکەی زیاترە، لەبەر ئەوە لەو ناوچەیە شێی خاک زیاتر دەمێنێتەوە، وە پۆشاکی رووەکیشی بریتیە لەداری بەروو، مازوو واتا (داری گەورە)" ئەمەیش وەکو خاکی چیای سورین و هەورامان .

---

١) خطاب صكار العاني، جغرافية العراق، أرضا سكانا وموارد الإقتصادية، جامعة بغداد،١٩٨٨، ص٦٩.

(٢)FAO Representation in Iraq .FAO Co – ordination office Erbil 2001.op.cit،

(٣) تحسين عبدالرحيم عزيز، التباين المكاني لمياه الينابيع في محافظة السليمانية، مصدر سابق، ص٦٦

(٤) علي حسين الشلشي، جغرافية التربة، جامعة البصرة، الطبعة الأولى، ١٩٨١، ص١٤٧.

(٥)FAO co-ordination office، Representation in Iraq. FAO، Erbil، op cit (2001)

(٦) عبد الله نجم العاني، مبادئ علم التربة، مطبعة جامعة الموصل، ١٩٨٦، ص ٢٥٨.

**٣- خاكی ناوچە كەستانەیی تەنک و لێژ**

ئەم خاكە لەناو دۆڵی چیاكان و لەسەر لاپاڵە مامناوەند لێژەكانەوە هەیە، كە بەسەر دەشتی هەڵەبجە و شارەزووردا دەڕوانن. لە گوندی عەبابەیلێ وە دەستپێدەكات لەگەڵ بناری چیاكانی رۆژئاوای بەشێوەی پشتێنەیەک بەرەو باشوور دەڕوات، بەڵام لە ئاستی دۆڵەكاندا، كە لە چیاكانی خۆرهەڵات بەرەو دەشتەكان لێژبونەتەوە، ئەم خاكە بەناو ئەو دۆڵانەدا بەرەو خۆرهەڵات دەكشێت هەتا دەگاتەوە چیاكان. لەرووی هایدرۆلۆجیەوە ئاو بەرێكردنی باشە، لەهەندێک شوێنیش تاڕادەیەک ئاو بەرێكردنی لاوازە، لەناو دۆڵەكاندا قوڵە، لەشوێنە زۆر لێژەكاندا تەنكەو لە شوێنە كەملێژیەكانیش مامناوەندە [1].ماددەی بنچینەیی ئەم خاكە بریتیە لە تاوێری قووڕی و كونگلومیرات و مارل و تاوێری كلسی و لمی. بەهای (pH)ەكەی(٦,٧٥)ە، واتە هاوسەنگەو زۆر نزیكە لە نموونەییەوە، وە پێكهاتەكەی بریتیە لە لمی تێكەڵ، وە پلەی دەڵاندنی ئاوی بەرزە، كە ئاو بەخێرایی(٣,٣٠سم/ كاتژمێر) بەناویدا دەڕوات. [2].كەواتە پێكهاتەو پلەی دەڵاندنەكەی زۆریارمەتی دەرن بۆعەمبارب‌وونی ئاوی ژێر زەوی لەوناوچەیەدا، دەبینین لەخۆرهەڵاتی شاری هەڵەبجە و گوندەكانی ئەو ناوچەیە، هەتا كۆتایی سەدەی ڕابردوو سەدان بیری دەستی تێدابووە، كە قووڵیان لە(٤-٧م)دابووە، لەگەڵ سەدان كانیی گەورە.

٤- خاكی گەنم رەنگ: ئەم خاكە لەبەشێكی بچوكی باشوری رۆژهەلاتی پاریزگای هەلەبجەدا هەیە، لە ناحیەی بەمۆ، كە تەواوی زەوییەكانی ناحیەكە دەگریتەوە جگە لە خاكی سەر زنجیرە چیای خوشک.

**٥- خاكی دەشتەكان(كەستانەیی قوول)** : ئەو خاكە هەموو هەموو دەشتی هەڵەبجە دەگرێتەوە كە دەكرێت بەدوو بەشەوە:

**أ) خاكی دەشتە دێمیەكان :- خاكی ڤێرتسیولvortisols.**

ئەم خاكە هەموو خاكی دەشتی هەڵەبجە دادەپۆشێت، لە باكوورەوە لەگوندی(یالانپی و زەلم)ەوە دەست، پێدەكات بەرەو باشوور دەكشێت، هەتا گوندی ( زەمەقیی و تەپەكور ). لەخۆر ئاواش لە نزیک كەنارەكانی سیروان دەستپێدەكات بەرەو خۆرهەڵات تادەگاتە نزیک بناری چیاكان. ئەستوری ئەم خاكە تا لە چیاكان دووربكەوێتەوەو لەسیروان نزیک ببێتەوە زیاد دەكات، چونكە ئەم خاكە بەهۆی نیشتووە ئاویەكان دروستبووە، كە لەناوچە بەرزەكانەوە بەهۆی ئاوی باران و ئاوی رۆیشتووی سەر زەویەوە هاتوون و لە دەشتەكان نیشتوون، ئەم خاكە لە چینێكی كونیلەداری فشەڵ پێكدێت، هەتا بەرەو قوڵایی بڕۆین كونیلەداریەكەی كەم دەبێتەوەو رەنگیشی لەقاوەی تۆخەوە بۆ خۆڵەمێشی تۆخ دەچێت. ماددەی ئەندامی لەو خاكەدا لەنێواندا (١- ٤%)دایە، وە رێژەی ماددە كلسیەكەی لە(٩%)كەمترە[3]

بەوە جیادەكرێتەوە، كە خاكێكی فشەڵە لەبەر ئەوە بۆ كشتوكاڵ كردن ئاسانە. بەشێوەیەكی گشتی ئەستوریەكەی لە(٥٠سم)زیاترە، كە لەهاویندا درز دەبات و لە(١سم)زیاترە، بەقووڵی(٥٠سم)

---

FAO(1), FAO co-ordination office. Representation in Iraq. Erbil, op cit

Kamal Sharif Qadir(2001)(2), study of erodibility of soils in Iraqi Kuedistan Region.M.Sc. Thesis.College of Agriculture, University of Sulaimani.p42.

(3)P.Buringh. Soils and condition in Iraq.Baghdad(1960)P.68

ئەوەش توانستەی دەڵاندنی لەسەرەتای باراندا بەرزتر دەکاتەوە تا خاکەکە بەتەواوی تەڕدەبێت، چــونکە کاتێــک ئەو خــاکە بەتەواوی تەڕدەبێــت درزەکــانی نــامێنن، بەهــۆی بــوونی کــانزای (مونتوموریلونایت)، کە توانستەی کشانی هەیە [1].

**ب - خاکی کەنار ڕووبارەکان:-**


ئەو خاکە لە کەنار ڕووبارەکانی ناوچەکە کۆدەبێتەوە، کە بەپانتایی دەشتی باشوری هەڵەبجەدا دەڕۆن و بریتین لە ڕووبارەکانی (سیروان، ریشێن، زەڵم،بیارە). ئەم خاکەش ئەستوری جیاوازو پێکهاتنی جیاوازی هەیە، لەوانە خاکی سلَتی لە بەشەکانی خوارەوە یا ناوەڕاستدا، وە خاکی دەلتایی لە کەنارەکانی ڕووباری سیروان دروستدەبێت، هاوکات لەگەڵ زۆری باران و بەفر و دروستبوونی لافاوەکان، ڕووباری سیروان و لقەکانی دەڕژێنە ئاوی دەریاچەی دەبەندیخانەوە، وە هەرچیەکی هەڵیانگرتبێت فڕێیدەدەنە ناویەوە، ئەو ماددانەش بەهێواشی دەنیشن بەهۆی ئەوەی، کە ئاوی دەریاچەکە وەستاوە، وە زۆربەی ئەو ماددانەش بریتین لە سلَت بەهۆی ئەوەی دەنکۆڵەکانی وردەو کێشی کەمەو دەگاتە ئەو شوێنە، چونکە ڕووباری سیروان و لقەکانی تەواوی دەشتایی هەڵەبجە دەبڕن پاشان دەگەنە ئەو شوێنە، لەبەر ئەوە چەو و دەنکۆڵە گەورەکان لەسەرەتای دەشتەکان و کۆتایی چیاکان دەنیشن. پاشان وردە وردە نیشتەنیەکانیان قەبارەیان بچووک دەبێتەوە، تا دەگاتە ئەو شوێنە، کاتێک لە وەرزی هاویندا باران نامێنێت ، لەبەر ئەوە لەسەرەتای هاویندا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕوو لەکەمی دەکات و ناوچەکە بەجێدەهێڵێت، دوای ئەوە زۆر بەئاسانی تێبینی ئەوە دەکرێت، کە هەموو ئەو زەویانەی، کە لەژێر ئاودابوون چینێکی تازەیان لەخاک لەسەر نیشتووە، هەروەها زەوی کشتوکاڵی تازەش دروستبوون ئەویش بەگۆڕینی زەویە بەرداویەکان بۆ زەوی داپۆشراو بەخاک یاخود زەویە بەرداویەکانی قەراغ ڕووباری سیروان. بەم شێوەیە هەر ساڵێک ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان بگاتە ئەوبەشەی ناوچەی توێژینەوە، چینێک لەخاکی تازە لەسەر ئەو ناوچەیە دەنیشێت،. ئەم ناوچەیە پێکهاتەکەی سلَتیە، چونکە ڕێژەی لم(٥%)و قوڕ(٥%) و سلَت(٩٠%)ە، وە پلەی دەڵاندنی نزمە بەهۆی وردی دەنکۆڵەکانی. بەڵام تایبەتمەندیەکی هەیە لەکاتی ئاودێری و باراندا کونی گەورە لەو خاکەدا دروستدەبێت و ئاوەکە دەڕواتە خوارەوە. وە بەهای(pH)ەکەی (٦,٩)ە، کەواتە خاکێکی هاوسەنگەو نزیکە لە نموونەیی، ڕەنگی لە شێداریدا نزیکە لە ڕەشیەوە، بەڵام کاتێک وشکدەبێتەوە ڕەنگی خۆڵەمێشی وەردەگرێت.

٦-خاکی گەنم ڕەنگ: ئەم جۆرە خاکە دەکەویتە ناحیەی بەمۆوە، خاکیکی گەنم ڕەنگی کەمپیتە، ریژەی مادەی ئەندامیەکەی کەمترە لە(٢,٥) و بەزۆریش بۆ کشتوکالی زستانە سوودی لی وەردەگیریت.

---

(1) جیمس. ن . لوثن، هندسة البزل، ترجمة، جمال شریف دوغرامةجي، جامعة بغداد، كلیة الزراعة، ١٩٨٤، ص١٠٦.

## نەخشەی(٧)
## جۆرەکانی خاک لەپارێزگای هەڵەبجە




سەرچاوە:کاری توێژەر پشتبەست  بە پۆلێنکارییەکەی بیورینگ:
Buiring ,soil and soil in Iraq, soil map of iraq, Baghdad 1969

**باسی دووەم: توانستە مرۆییەکان**

تایبەتمەندییە مرۆییەکان کۆمەڵێک خەسڵەت دەگرێتەوە کە کاریگەری مەزنیان هەبووە لەسەر دیارکەوتن و دابەشبوونی دیاردە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە، کە گرنگترینیان بریتین لە:

**یەکەم: دانیشـــتوان:** هەرچـــی تـــایبەتە بە ڕەگەزی دانیشـــتوان لەکـــاریگەری بۆســـەر دیـــاردە پیشەسـازییەکانی نـاوچەی تـوێژینەوە ئەوا دەتـوانین بڵێـین پیشەسـازیی کە بەرئەنجـامی کـاری پیشـــەیی مـــرۆڤە هەربـــۆیە لەناوچەکەیشـــدا لەگەڵ گەشـــەکردنی دانیشـــتواندا قۆنـــاغ بە قۆنـــاغ پێویسـتیەکان زیـادبوون و خواسـتەکانیش زیـادتر، هەربـۆیە لەنـاوچەکەدا پشتبەسـت بەو بنەمـا سروشتی و ئاژەڵیانەی هەبووە هەوڵدرا لایەنی پیشەسـازیی پێشـبخرێت بـۆ پڕکردنەوەی بەشـێک لە پێداویسـتیەکانی نـاوخۆو تەنـانوت زیـادەی بەرهەمـیش هەنـاردەی شـارانی دیکە بکرێـت، بەڵام بەگشتی پیشەسازییەکان لەئاستی سـادەدا بووە و گرنگترین بنەمـا مرۆییەکانی کاریگەر بۆسـەر کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە بریتین لە:

**١-ژمارەی دانیشتوان**

گەشەکردنی دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە، دابەشی چەند قۆناغێک دەکەین، ئەوانیش:

**یەکەم/ قۆناغی ساڵانی (١٩٢١-١٩٥٧):**

لەدوای دروسـتبوونی دەوڵەتـی عێـراقەوە تاڕوخـانی ڕژێمـی بەعـس بەپێـی ئەو سـەرژمێریانەی ئەنجـام دراون ژمـارەی دانیشـتوانی نـاوچەی تـوێژینەوە لەسـەر ژمێـری (١٩٤٧)دا هـیچ داتـایەک تۆمار نەکراوە و تائەو کاتە هەڵەبجە شارێکی بچکۆلانە بووە، بەڵام لە سـەرژمێری سـاڵی (١٩٥٧) دا ژمارەی دانیشتوانەکەی بریتیی بووە لە (٨١٧٤٩) کەس.

**خشتەی (٧)**

**ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لەماوەی نێوان ساڵانی( ١٩٥٧ –٢٠٢٠)**

| ساڵ | دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە | دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی | ڕێژەی %ی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بەراورد بە پارێزگای سلێمانی |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٨١٧٤٩ | ٣٠٤٨٩٥ | ٢٦,٧ |
| ١٩٦٥ | ٥٥٦٥٩ | ٣٩٩٧٦٨ | ١٣,٩٢ |
| ١٩٧٧ | ٩١٩٣٩ | ٦٩٠٥٥٧ | ١٣,٣ |
| ١٩٨٧ | ١١٥٢٩٩ | ٩٥١٧٢٣ | ١٢,١ |
| ٢٠٠٢ | ٨٤٢٧٣ | ١٢٤٩٨٢٤ | ٦,٧ |
| ٢٠٠٩ | ٩٠١٧٧ | ١٤٣٣٢٤٢ | ٦,٢ |
| ٢٠٢٠ | ١٢٥٥٩٨ | ٢٤٨٨١٧١ | ٥,٤ |

سەرچاوە/ئامادەکراوە بە پشتبەستن بە:

١-جمهوریە العراق ، وزارة الداخلیة، مدیریة النفوس العامة، المجموعة الاحصائیة لعام (١٩٥٧)، لواء السلیمانیة و کرکوك، مطبعة العاني، بغداد، جدول ٨ ، ص١٦.

٢-عەبدوڵا غەفور، کوردستان، دابەشبوونی کارگێڕی، ١٩٢٧-١٩٩٧چاپی دووەم، چاپخانەی دێکان، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٣

٣-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتایەکانی پرۆسەی ژمـارەی لێـدان و گەمارۆسـازی، سـەرژمێری گشـتی دانیشـتوان و نشـینگەکان، پارێزگـای سـلێمانی، سـاڵی٢٠٠٩، لا١٥٥ (بڵاونەکراوە) .

٤-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوبەرایەتی ئاماری هەڵەبجە، داتای بڵاو نەکراوە ، (٢٠٢١/١٢/٢١)

**دووەم/ قۆناغی سالآنی (١٩٥٨ - ١٩٩١) :**

ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی تویژینەوە لەسالّی (١٩٦٥)دا، نزیکەی ( ٥٥٦٥٩)کەس بووە، ئەم ناوچەیە گەشەکردنی بەرچاو بەلآم خاو و لەسەرخۆی بەخۆوە بینی، ئەمەش لەبەر یەکە کارگێڕییەکەی لەلایەک و شوێنە جوگرافیەکەی لەلایەکی ترەوە. ژمارەی دانیشتوانەکەی لەسالّی (١٩٧٧)دا ( ٩١٩٣٩) کەس بووە، گەشەکردنی دانیشتوانی بەردەوام بووە واتا نزیکەی دە هەزار کەس زیادی کرد. هۆکاری سەرەکی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان بەو ڕێژە زۆرە لەو ماوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، یەکەمیان، دامەزراندنی دام و دەزگاکانی قەزاکەیە لەم سالآنەدا، چونکە پێشتر نەبوو، دووەمیان شالآوی کۆچ پێکردنی دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری بەرەو قەزای سەنتەر. بەم پێیە ناوچەی تویژینەوە لەوکاتدا لەڕیزبەندی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی بەگوێرەی قەبارەی دانیشتوان لەم ماوەیەدا بەپلەی دووەم دێت، بەلآم بەپێی سەرژمێری (١٩٨٧) ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی تویژینەوە گەشتوەتە ( ١١٥٢٩٩)کەس (١)، کەچەند هێندەی ژمارەی سالّی (١٩٧٧) زیادی کردوە، واتا لە دە سالّی نێوان هەردوو ئاماری (١٩٧٧ -١٩٨٧) بەپێی سەرژمێری (١٩٨٧) ناوچەی تویژینەوە بەپلەی دووەم دێت، لەدوی ناحیەی سەنتەری سلێمانیەوە، لەڕووی ژمارەی دانیشتوان لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی، ئەم زیاد بوونی دانیشتوانەش بارودۆخێکی سروشتی نییە بەڵکو دەرەنجامی بارودۆخی سیاسی و سەربازیی نالەبارە کەحکومەتی ناوەندی عێراق لەناوچەکانی کوردستان پەیڕەوی دەکرد، وە دەتوانین هۆکاری ئەم زیاد بوونە ناسروشتیەی دانیشتوان لە ناوچەی تویژینەوە بەم شێوەیە ڕوون بکەینەوە.

١- ڕاگواستنی گوندەکانی هەورامان لەسالّی (١٩٧٥)ەوە .

٢- بارودۆخی نائاسایی لەلادێکانی ناوچەی تویژینەوە و دەوروبەری لەسەردەمی شۆڕشی گەلی کوردستان و سەردەمی شەڕی نێوان (عێراق - ئێران)، بووە هۆی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی دێهاتەکانی ناوچەی تویژینەوە بەرەو قەزای سەنتەری ناوچەی تویژینەوە.

٣- کۆچکردنی بەردەوامی دانیشتوانی گوندەکانی بەهۆی جیاوازی خزمەتگوزاریەوە.

٤- ڕوخاندنی بەشێکی زۆری گوندەکانی قەزای ناوچەی تویژینەوە لەسالّی (١٩٨٧ -١٩٨٨) ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بۆناوەندی قەزای ناوچەی تویژینەوە .

**سێ یەم/ قۆناغی سالآنی (١٩٩١ -٢٠٠٢):-**

پاش ڕا پەڕینی گەلی کوردستان لەبەهاری سالّی (١٩٩١) و ئازادکردنی زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، ناوچەی تویژینەوە ئارامیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، دەسەلآت لەحکومەتی ناوەندیەوە کەوتە دەست بەرەی کوردستانی و پاشان حکومەتی هەرێم کە لەسالّی (١٩٩٢)دا دامەزرا، بەهۆی ئەو گەمارۆ ئابووریەی کەخرایە سەر حکومەتی عێراقی لەئەنجامی داگیرکردنی (کوەیت)، حکومەتی عێراقیش گەمارۆی ئابووی خستەسەر هەرێم، بۆیە بەشێکی هەرە زۆری دانیشتوان بەتایبەت گوند نشینەکان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان ڕویان کردەوە گوندەکانیان، واتا کۆچی پێچەوانە ڕوویدا. بۆیە دەبینین لەم ماوەیەدا زیاد بوونی سالآنەی دانیشتوان لەقەزای سەنتەردا دابەزیوە ، بەلآم لەسالّی (٢٠٠٢)دا، ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی تویژینەوە گەیشتوەتە (٨٤٢٧٢ )کەس.

---

[١] حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاماری سلێمانی، ئاماری پارێزگای هەڵەبجە ، داتای بڵاونەکراوە، (٢٠٢١/١٢/٢١)

**چوارەم/ قۆناغی سالآنی (٢٠٠٣ ـ ٢٠١٣):-**

پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەنیسانی ساڵی (٢٠٠٣) وە، قۆناغێکی نوێ لەژیانی (ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی) لەعێراقدا هاتە کایەوە، پارێزگای سلێمانی بەگشتی و ناوچەی تویژینەوە بەتایبەتی بەدەر نەبوون لەڕەنگ دانەوە جۆربەجۆرەکانی ئەو گۆڕانە سیاسیەی کە لە عێراقدا ڕوویدا . لەپاش ساڵی (٢٠٠٣)وە، سنوورەکان والآبوون و پەیوەندیکردن ئاسایی بوەوە لەگەڵ بەغدا و ئەم گۆڕانە سیاسیە بووە هۆی ئەوەی ناوچەی توێژینەوە وەک ناوچەیەکی سەرسنوریی بازرگانی دەربکەوێت، بەسوود وەرگرتن لەپێگە جوگرافیاکەی، هەروەها پاش ئەوەی بارودۆخی ئەمنی لەناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق تێک چوو بەتایەتی لەسالآنی (٢٠٠٦ ـ٢٠٠٧) ژمارەیەکی زۆر دانیشتوانی کورد و غەیرە کورد (عەرەب) ڕویان کردە شارەکە و تێیدا نیشتە جێ بوون، هەرەیەک لەم هۆکارانەی سەرەوە کاریگەری ڕاستە و خۆی هەبوە لەسەر زیاد بونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لەم ماوەیەدا. لەم قۆناغەدا داتایەکی تەواو ڕوون نییە دەربارەی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە، لەم ماوەیەدا ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لەساڵی (٢٠٠٩)دا، گەشتوەتە ( ٩٠١٧٧ )کەس.

**پێنجەم: قۆناغی (٢٠١٤–٢٠٢٠) :**

لەم قۆناغەدا ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە گەیشتە ( ١٢٥٥٩٨) کەس. واتا لەماوەی نێوان سالآنی (١٩٥٧)تاوەکو (٢٠٢٠) ئەوا ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە (٤٣٨٤٩) کەس زیادیکردووە.

## ٢-دابەشبوونی ژمارەیی دانیشتوان

یەکێک لەڕووخسارەکانی جیهانی ئەمڕۆ ئەوەیە کە دانیشتوان بەسەر زەویدا وەکو یەک دابەش نەبوون، دیاردەی شێوانی تەرازووی دانیشتوان و داهاتی زەمین شتێکی تازەنییە، بەڵکو لەوەتەی مرۆڤ دەستیکردوە بەپەیداکردنی پێداویستیەکانی خۆی لەئارادا بووە. دابەش بوونی دانیشتوان لەهەرشوێنێکدا و پەیوەندی بەزەویەوە دیاردەیەکی نەگۆڕی نییە بەڵکو هەمیشە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر لەگۆڕاندایە [(١)] .

دابەشبوون کە لێرەدا ئاماژەیە بۆ دابەشبوونی ژینگەیی و مەبەست لێی جیاکردنەوەی ئەو ڕووبەرە زەویانەیە کە دانیشتوان لەخۆدەگرێت، کە بەشێک لەم زەویانە بەگوند و بەشێکی تریان بەشار هەژماردەکرێن، سەرباری ئەوەی بەم ڕێگەیە دانیشتوان لەسەر بنەمای شوێنی ژیانی جیادەکرێتەوە کە ئایا گوندنشینە یاخود شارنشین[(٢)].

پشتبەست بەخشتەی (٨) و شێوەی (١) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ناوچەی توێژینەوە گۆڕانکارییەکی گەورەی لە ژینگەی نیشتەجێبوندا بینیوە بەپێی بارودۆخە سیاسی و ئابوریی و جەنگییەکان، بەتێڕوانین لەهەمان خشتە بۆمان دیاردەکەوێت کە لەماوەی نێوان سالآنی

---

١) جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٦٧.

٢) ساسان حیکمەت علی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لەپارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر٢٠٠٨، ل٢٨

(٢٠٠٩-٢٠٢٠)دا گۆڕانكارییەكی ئەوتۆی گرنگ لەگەشەی شارنشینی یاخود گوندنشینی لەناوچەی توێژینەوە ڕووی نەداوە، هەرچەندە ژمارەی دانیشتوانی شارنشینی زیادیكردبێت بەسروشتیانە و لەبەرانبەر ژمارەی دانیشتوانی گوندنشینیش زیادیكردووە، بۆنموونە لەساڵی (٢٠٠٩)دا كۆی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بریتی بووە لە (٩٠١٧٧)كەس كە شارنشینی ڕێژەی (٨٥,٤%)ی دانیشتوانەكەی پێكهێناوە و گوندنشینیش (١٤,٦%)ی دانیشتوان، بەڵام لەساڵی (٢٠٢٠)دا هەرچەندە كۆی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە زیادیكردووە بۆ ( ١٢٥٥٩٨)كەس و لەم ژمارەیەیش (١٠٧١٠٠)كەسیان شارنشینی بوونە كە ڕێژەی (٨٥,٧%)ی كۆی دانیشتوانەكەی پێكهێناوە، و گوندنشینیش ڕێژەكەی بریتی بووە لە(١٤,٣%)،واتا جیاوازی گەشەی شارنشینی لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠)تەنها (٠,٣%)ە، لەكاتێكدا كەمبونی گەشەی گوندنشینیش تەنها (-٠,٣%) بووە.

**خشتەی (٨)**

**دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە لەماوەی نێوان ساڵانی( ٢٠٠٩-٢٠٢٠)**


| یەکە کارگێرییەکان | | ٢٠٠٩ | | ٢٠١٤ | | ٢٠١٨ | | ٢٠٢٠ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | شارنشین | گوندنشین | شارنشین | گوندنشین | شارنشین | گوندنشین | شارنشین | گوندنشین |
| قەزای سەنتەر*/ ناحیەی سیروان | ژ.دانیشتوان | ٦٢٥٣٠ | ٣٥٤٧ | ٦٩٤٦٠ | ٤١١٢ | ٨١٥٨٧ | ٤٦٢٨ | ٨٦٥٥٦ | ٤٩١٩ |
| | % | ٩٤,٥ | ٥,٥ | ٩٤,١ | ٥,٩ | ٩٤,٣ | ٥,٧ | ٩٤,٣ | ٥,٧ |
| ناحیەی خورماڵ | ژ.دانیشتوان | ٩٨٣٨ | ٨٠٤١ | ١١٤٠٥ | ٩٣٢٢ | ١٢٨٣٦ | ١٠٤٩٢ | ١٣٦١٨ | ١١١٣١ |
| | % | ٥٥ | ٤٥ | ٥٤,١ | ٤٤,٩ | ٥٥,٢ | ٤٤,٨ | ٥٥ | ٤٥ |
| ناحیەی بیارە | ژ.دانیشتوان | ٤٧١٣ | ١٥٠٥ | ٦٤٦٤ | ١٧٤٨ | ٦١٤٩ | ١٩٦٨ | ٦٧١٤ | ٢٠٨٧ |
| | % | ٦٧ | ٣٣ | ٧٣,١ | ٢٦,٩ | ٦٨ | ٤٢ | ٦٩ | ٣١ |
| بەمۆ | ژ.دانیشتوان | - | - | - | - | - | - | ٤١٥ | ٣٧٠ |
| | % | - | - | - | - | - | - | ٥٢,٨ | ٤٧,١ |
| سەرجەمی پارێزگا | ژ.دانیشتوان | ٧٧٠٨١ | ١٣٠٩٦ | ٨٩٣٥٨ | ١٥١٨٢ | ١٠٠٥٧٣ | ١٧٠٨٧ | ١٠٧١٠٠ | ١٨٤٩٨ |
| | % | ٨٥,٤ | ١٤,٦ | ٨٥,٦ | ١٤,٤ | ٨٥,٥ | ١٤,٥ | ٨٥,٧ | ١٤,٣ |

سەرچاوە: كاری توێژەر پشتبەست  بە : حكومەتی هەریمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەكانی پرۆسەی ژمارە لێدان و گەماڕۆسازیی، سەرژمێری گشتی دانیشتوان و نیشنگەكانی ساڵی ٢٠٠٩  تا ٢٠٢٠ بۆ پارێزگای سلێمانی.

*بەهۆی ئەوەی قەزای سەنتەر لەناو زەوی ناحیەی سیروان دروستكراوە، هەربۆیە لەدابەشبوونی ژینگەییدا بەناچاری گەڕاوینەتەوە سەر ئەسڵی دابەشبوونی زەوی و پیكەوە هەژماركراون.

**شێوەی (١)**


**دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە لەماوەی نێوان ساڵانی( ٢٠٠٩-٢٠٢٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست  بە خشتەی ژمارە(8)

**نەخشەی (٨)**

**دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە لەماوەی نێوان ساڵانی( ٢٠٠٩-٢٠٢٠)**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست  بە خشتەی (٨)

### ٣-چڕی دانیشتوان

بەتێبینیکردنــی خشــتەی (٩) ڕوونــدەبێتەوە کە بەرزتــرین چــڕی دانیشــتوان دەکەوێــتە قەزای سەنتەرەوە بەپێکهێنانی (٥٥١کەس/کم٢) ئەمەش بەهۆی لەخۆگرتنی زۆرترین ژمارەی دانیشتوان و کەمی ڕووبەر لەچاو زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە کە پالپشتە بە کۆمەلیک فاکتەری ئابوری و سیاسی و میژوویی، کەمترین چڕیش دەکەوێتە ناحیەی بەمۆوە بەپێکهێنانی (٥,٨کەس/کم٢) لەنێوان ئەم دوو چڕییە جیاوازەیشدا ناحیەی خورمال بەپلەی دووەم دێت بەلەخۆگرتنی (٩٥,١کەس/کم٢)، دواتریش ناحیەی بیارە (٤٥,٨کەس/کم٢) و پاشان ناحیەی سیروان دێت کە چڕی دانیشتوانەکەی بریتییە لە (٣١,٧کەس/کم٢) ، لەسەر ئاستی پاریگایەییش چڕی دانیشتوان بۆسالی (٢٠٢١)بریتی بووە لە( ١٢٠,١کەس/کم٢) .

**خشتەی (٩)**

**چڕی گشتی دانیشتوانی یەکە کارگێڕیەکانی پارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١**

| ناحیە | ڕووبەر بە کم٢ | ژمارەی دانیشتوان | چڕی گشتی |
|---|---|---|---|
| سەنتەری هەڵەبجە | ١٤ | ٧٧١٩٠ | ٥٥١ |
| ناحیەی سیروان | ٤٤٩,٢ | ١٤٢٧٦ | ٣١,٧ |
| ناحیەی خورماڵ | ٢٦٠,٧ | ٢٤٧٤٩ | ٩٥,١ |
| ناحیەی بیارە | ١٨٧,٩ | ٨٦١١ | ٤٥,٨ |
| ناحیەی بەمۆ | ١٤٢ | ٧٨٥ | ٥,٨ |
| کۆی گشتی | ١٠٥٤,٤کم٢ | ١٢٥٦١١ | ١٢٠,١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بەخشتەی(٣ و ٦)

### ٤-دابەشبوونی ناوەندە شارستانیەکانی ناوچەی توێژینەوە بە پێی دەستەی قەبارەییان:

قەبارەی ناوەندە شارستانیەکانی ناوچەی توێژینەوە لە ماوەی نێوان ساڵانی توێژینەوە، گۆڕانی بەرچاویان بەخــۆوە بینیــوە لە ئەنجــامی کــاریگەریی هەردوو جــوڵەی سروشــتی وشــوێنجێی دانیشتوانەکانیان. دیارە ئەم گۆڕانانەش لەسەر ئاستی ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگاکە هەمووی بەیەک ئاست نەبووە بەڵکو جیاوازییەکی زۆر بەدیدەکرێت لەیەکەیەکەوە بۆ یەکەیەکی تر لەئەنجامی جیاوازیی ئەو فاکتەرانەی کەکاریگەرییان لەسەر هەریەکێکیان هەبووە. بەمەبەستی زیاتر زانین و شارەزابوون لەقەبارەی هەریەک لەناوەندە شارستانیەکان، هەوڵدەدەین کە نشینگە شارستانیەکانی پارێزگاکە بەپێی دەستەی قەبارەیان لەساڵی (٢٠٢٠)دا بۆ سێ دەستەی جیاواز دابەشبکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە :-

**أ :- ناوەندە شارستانیە قەبارە گەورەکان :**

شــاری هەڵەبــجە کەناوەنــدی کــارگێڕیی پارێزگــاکەیە دەکەوێــتە نێــو ئەم دەســتەیەو قەبــارەی دانیشتوانی نزیکەی ( ٧٧١٩٠ ) کەس بووە لەساڵی (٢٠٢٠)دا بەگەورەترین ناوەندی شارستانی پارێزگاکە دادەنرێت لە تەواوی ماوەی ساڵانی توێژینەوە.

**ب:- ناوەندە شارستانیە قەبارە نێوەنجەکان :**

شارۆچکەی خورماڵ کە ناوەندی شارستانیی ناحیەی خورماڵە و بەیەکێک لە کۆنترین شارەکانی ناوچەی توێژینەوە دادەنرێت دەکەوێتە نێو ئەم دەستەیەو قەبارەی دانیشتوانی لە ساڵی (٢٠٢٠)دا نزیکەی ( ٢٤٧٤٩) کەس بووە، واتا دوا بەدوای شاری هەڵەبجە دێت .

**ج:- ناوەندە شارستانیە قەبارە بچوکەکان :**

هەرسێ شارۆچکەی (سیروان، بیارە، بەمۆ) دەکەونە ئەم دەستەیەوە کە کۆی قەبارەی دانیشتوانیان لە ساڵی (٢٠٢٠)دا یەک بەدوای یەک ( ١٤٢٧٦و ٨٦١١ و ٧٨٥) کەس بووە بەبچوکترین سێ ناوەندی شارستانی ناوچەی توێژینەوە دادەندرێن.

**دووەم: ڕێگاکانی گواستنەوە**

لەتوێژینەوەو خستنەبەر باسی شێواز ی جادە و ڕێگاکانی هاتووچۆی پارێزگای هەڵەبجەدا پێویستە لەچەند لایەکەوە لێی بکۆڵینەوە , لەوانەش خستنەبەرباسیان بەپێی کار یان بەکارهێنانی ڕێگاکان و پۆلێنکردنیان لەسەربنەمای پیشەسازیی یان بەکارهێنانیان لەلایەن دانیشتوانەوە . زۆربەی جادەکانی هەڵەبجە خزمەت بە گەڕەکەکانی دەکەن, هەروەها بە پێی پانی و فراوانی و سوودلێوەرگرتنی بۆ جموجۆڵی هاتوچۆ.

ڕێگاکانی گواستنەوە ئەو ڕێگایانە دەگرێتەوە کە گرنگی خۆی هەیە لە ناو شاردا کە خزمەت بە ڕێگەکانی هاتووچۆی سەرەکی دەکات ، هەروەها ناوچە گرنگەکانی شار بەیەکەوە دەبەستێتەوە وە یان بە تۆڕی گواستنەوەی جادەکانی سەرەکی وەکو جادەکانی هەڵەبجە- خورماڵ، وهەڵەبجە- سیروان ،هەڵەبجە- گەرمیان، بڕوانە خشتەکانی (١٠) و (١١).

**خشتەی (١٠)**

**تۆڕی ڕێگاکانی هاتوچۆ لەناو سنوری پارێزگای هەڵەبجە**

| ڕێگا | ناحیەی خورماڵ | ناحیەی سیروان | ناحیەی بیارە | ناحیەی بەمۆ | سەنتەر |
|---|---|---|---|---|---|
| جۆرەکەی | قیرتاو | قیرتاو | قیرتاو | قیرتاو | قیرتاو |
| درێژە/کم | ١١,٨ | ١٢,٦٤ | ٢٤,٣٤کم | ١٦,٨کم | ١٨,٣ |

سەرچاوە: داتای توێژەر لەئەنجامی پێواندن بە ئۆتۆمبێلی تایبەت

**خشتەی(١١)**


**تۆڕی ڕێگاکانی هاتوچۆ لەنێوان پارێزگای هەڵەبجە و شارەکانی هەرێم و وڵاتی ئێران**

| ڕێگا | قەزای سەنتەر- دەربەندیخان | قەزای سەنتەر- ئیدارەی گەرمیان | قەزای سەنتەر- سلێمانی | قەزای سەنتەر- وڵاتی ئێران |
|---|---|---|---|---|
| جۆرەکەی | قیرتاو | قیرتاو | قیرتاو | قیرتاو |
| درێژە/کم | ٣٨ | ١٠٨ | ٩٦ | ١٩ |

سەرچاوە: داتای توێژەر لەئەنجامی پێواندن بە ئۆتۆمبێلی تایبەت

**نەخشەی (٩)**

**ڕێگا سەرەکیەکانی پارێزگای هەڵەبجە**




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست به بەرنامەی ArcGis Arc maP v.10.5

سێیەم: کشتوکاڵ

کشتوکاڵ لەناوچەی توێژینەوەکەدا پشت بەستە بە ڕووبەری زەوی و چەشنی ئاووهەوا و دەستەبەری توانستە مرۆییەکانە بۆ قۆستنەوەی لەبواری پیشەسازییدا. وەک ئەوەی لەخشتەی(١٢)دا هاتووە کۆی ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکان لەناوچەی توێژینەوەدا بریتییە لە (٣٩٧٢٦٠دۆنم)زەوی کە بەشیوەی ناچونیەک بەسەر یەکە کارگێرییەکاندا دابەش بووە و ناحیەی

سیروانیش زۆرینەی زەوییە کشتوکاڵیەکانی پاریزگاکە لەخۆی دەگریت کە ریژەی (٤٣,٥٦%)ی کۆی زەوییە کشتوکالییەکانی پاریزگای هەلەبجە لەخۆدەگریت و کەمترین رووبەریشی دەکەویتە ناحیەی بەمۆوە کە (١٣,٨٨%)ی کۆی رووبەری زەوییە کشتوکالییەکانی پاریزگاکەیە.

خشتەی (١٢ )

دابەشبوونی زەوی کشتوکالی بەپێی یەکە کارگێرییەکان بۆسالی (٢٠٢١)

| زنجیرە | بەشی کشتوکاڵ | رووبەری زەوی بەدۆنم | %ریـژە لـەکۆی رووبـەری زەوی کشتوکالیی |
|---|---|---|---|
| ١ | سیروان/هەلەبجە | ١٧٣٠٤٥ | ٤٣,٥٦ |
| ٢ | خورماڵ | ٩٧٩٨٦ | ٢٤,٦٧ |
| ٣ | بیارە | ٧١٠٧٦ | ١٧,٨٩ |
| ٤ | بەمۆ | ٥٥١٥٣ | ١٣,٨٨ |
| کۆی گشتی | - | ٣٩٧٢٦٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەڵەبجە هۆبەی ئامار، زانیاری بڵاونەکراوە ٢٠٢١.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەتوانین ئەم خالانە بخەینەروو:

١- پارێزگای هەڵەبجە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی ئێران، بەجۆرێک لەباکوری رۆژهەڵاتیەوە چیاکانی سورێن و هەورامان لە باکوری رۆژهەڵاتیەوە هاوسنووری ئێرانە، قەزای پێنجوێنیش دەکەوێتە بەشی باکوریەوە، هەروەها رووباری سیروان و دەریاچەی دەربەندیخان دەکەونە رۆژئاواو باشووری رۆژئاوایەوە، هەروەها قەزای سیدصادق دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای پارێزگای هەڵەبجە.

٢- پارێزگای هەڵەبجە لەرووی ئەسترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی(٣٤:٥٥:٥ ° و ٣٥:٢٦:٤°)ی باکور و هێڵی درێژی( ٤٥:٤٨:١° و ٤٦:١٢:١°)ی رۆژهەڵات، بە جیاوازی ٢٤,٣ خولەک.

٣- رووبەری یەکە کارگێرییەکانی پارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی(٢٠٢١) بریتییە لە(١٠٥٤,٤کم٢) .

٤- دیاترین پیکهاتە جیۆلۆجییەکانی ناوچەکە بریتیین لە پیکهاتەکانی( بالامبۆ، قەمچوخە، قولقولە).

٥- ناوچەی تویژینەوە دەکەویتە نیوان بەرزیی (٤٣٩-٢٦٢٣م)لەئاستی رووی دەریاوە.

٦- لەناوچەکەدا تۆریک لە رووبارهەن کە بریتین لە رووبارەکانی ریشین، تەویلە، سیروان و زەلم .

٧- لەناوچەکەدا چەندین جۆر لەخاک هەیە کە هۆکارن بۆ جێگیربوونی پیشەسازیی، لەنمونەی خاکی کەستانەیی قوول .

٨- هەرچی تایبەتە بە دانیشتوانی ناوچەی تویژینەوە ئەوا لەسالی (١٩٥٧)دا ژمارەی دانیشتوانەکەی ( ٨١٧٤٩ )کەسبووە، لەسالی (١٩٨٩)دا بووەتە سفر لەدانیشتوان و لەسالی (٢٠٢٠)دا زیادیکردووە بۆ ( ١٢٥٥٢٨ )کەس.

# بەشی دووەم

## پێکهاتە و دابەشبوونی جۆریی جوگرافی پیشەسازیی لە پارێزگای هەڵەبجە

### باسی یەکەم: دابەشبوونی جوگرافیای جۆریی کارگەکان لەناوچەی توێژینەوە

### باسی دووەم: پێکهاتەی جوگرافیای ژمارەی کارگەکان لەناوچەی توێژینەوە

## بەشی دووەم: پێکهاتە و دابەشبوونی جۆریی جوگرافی پیشەسازیی لە پارێزگای هەڵەبجە

دابەشبوونی کارگە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە لەژێر کاریگەری بنەما ئابوری وکارگێڕییەکاندایە، ئەمەیش وایکردووە زۆرترین ئەم کارگانە لە سەنتەری قەزای هەڵەبجەدا کۆببنەوە و دواتریش ناحیەی سیروان بەپلەی دووەم و ناحیەی خورماڵ و بیارەیش بەپلەی چوارەم، هەرچی ناحیەی بەمۆشە کەمترین کارگەی پیشەسازیی تێدایە، بەوپێیەی ئاماژەیە بۆ چەند گوندێکی دوورە دەست و لەقۆناغی پیشەسازیی سەرەتاییدایە و لەم ڕووەوە گەشەیەکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە.

بەگشتی کۆمەڵێک پێوەر هەن کە بنەمای هەر توێژینەوەیەکی پیشەسازیین، لەکاتیکدا ئەم پێوەرانە بەپێی وڵاتان دەگۆڕێت، ئەمەیش بەپێی ژێرخانی پیشەسازیی ولاتان و ئامانجی پیشەسازیی.

مەبەست لە پێوەرەکانی پۆلێنکردنی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە کۆکردنەوەی تەواوی ئەو کەرتە پیشەسازییانەیە کە لەیەک دەچن یاخود تەواوکاری یەکترن، ئەمەیش بۆ ئاسانی دەستکەوتنی زانیاری و دیاریکردنی پلانی داهاتوو بۆ پێشخستنی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە.

پێوەری پێوانەیی پیشەسازیی نێودەوڵەتیISIC (International standard industral clasification) دیارترین پێوەریش بۆ پۆلێنکردنی پیشەسازیی کە پشتمان پیبەستووە، بریتییە لە پێوەری کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەکو پۆلینی سەرەکی وەرگیراوە،لەکاتێکدا مێژووی نوسینەوەو بەکارهێنانی ئەم پێوەرە بۆ پۆلێنکردنی پیشەسازیی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٤٨) کە ئەمەیش پشتبەست بە پێوەری کۆمەڵەی گەلان بۆ پیشەسازیی لەساڵی (١٩٣٨) و دواجار بەکۆمەڵێک گۆرانکارییەوە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم پۆلێنەی پەسەندکرد، لەسەر بنەمای بەکارهێنانی ئەم پۆلێنە بری بەرهەمهێنان و ژمارەی هێزیکار و داهات بەئاسانی دەستنیشاندەکریت، لیرەوەیش وڵاتان پۆلێنەکانی خۆیان ڕێکدەخەن[١]. دواتریش لەئەنجامی ئەو گۆرانە بەردەوامانەی بەسەر دۆخی ئابوریدا هاتووە ئەم پۆلێنە چەندساڵ جارێک پێویستی بەهەموارکردنەوەیە، بۆ ئەم مەبەستەیش لەساڵانی (١٩٥٨، ١٩٦٨ و ١٩٨٩)دا هەمووارکراوەتەوە[٢]. دواجاریش لەساڵانی (٢٠٠٦ و ٢٠٠٩)دا دیسانەوە گۆڕانکاری تێداکراوە و بەگشتی ئەم پۆلێنکارییە کەرتی پیشەسازیی دابەشکردووە بەسەر چەند لقێکدا کە پێکدین لە: [٣].

---

١) یادگار خالد رشید، شیکردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی پیشەسازیی لەپارێزگای هەولێر، بڵاونەکراوە، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ٢٠١٤، ل٢٥

٢) یاسین رسول یونس، تحلیل مسار الصناعات التحویلیة فی محافظة اربیل لمدة (١٩٧٥-٢٠٠٢)، غیر منشورة، اطروحة دکتوراه، کلیة الادارة والاقتصاد، جامعة صلاح الدین، اربیل٢٠٠٥، ص٢٨.

٣)حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی پیشەسازیی، بڵاوکراوە، بەریوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوون، پۆلینکردنی کارگەکانی پیشەسازیی بەپیی ISIC3.1،٤ ی شوباتی ٢٠٠٨.

١٥- بەرهەمهێنانی خۆراک و خواردنەوەکان

١٦- دروستکردنی بەرهەمە توتنیەکان

١٧- بەرهەمهێنانی قوماش

١٨- بەرهەمهێنانی جلوبەرگ

١٩- پێستە خوشکردن و دروستکردنی جانتای دەستی

٢٠- ئامادەکردنی داروبەرهەمە داراییەکان و فلین. بەرهەمهێنانی کەرەستە لەپووش و کەرەستەی داری لەشێوەی بلۆک و پلێت.

٢١-بەرهەمهێنانی کاغەز

٢٢-چاپ و بڵاوکردنەوە

٢٣- بەرهەمهێنانی بەرهەمە بترۆلیەکان

٢٤-بەرهەمهێنانی کەرەستەی کیمیاویی و بەرهەمە کیمیاوییەکان

٢٥-دروستکردنی بەرهەمە لاستیکیەکان و پلاستیکیەکان

٢٦-دروستکردنی بەرهەم لەکانزا فلزیەکان

٢٧-دروستکردنی فلزە سەرەکییەکان

٢٨-دروستکردنی بەرهەمی فلزی ئامادەکراو جگە لە مەکینە و ئامێرەکان

٢٩-دروستکردنی مەکینە، ئامێری تر کە لە شوینی دیکە پۆلێن نەکراوە

٣٠-دروستکردنی ئامێری ژمێریاری، ئیداری، کۆمپیوتەر

٣١-دروستکردنی ئامێر و کەلوپەلی کارەبایی کە لەبەشەکانی تردا نەهاتبێت

٣٢-دروستکردنی رادیۆ، تەلەفزیۆن و کەلوپەلی گەیاندن

٣٣-دروستکردنی کەلوپەلی ئۆپتیک، وردەکاری، دەرمان و کاتژمێر

٣٤-دروستکردنی ئۆتۆمبێل، تریلە و نیو ترێلە

٣٥-دروستکردنی جۆرەکانی تری کەلوپەلی گواستنەوە

٣٦-دروستکردنی مۆبیلیات.

٣٧-دووبارە بەکارهێنان .

لە ناوچەی توێژینەوە وەکو بەشێک لە سستمی پیشەسازیی هەرێمی کوردستان و عێراق، دەتواندرێت سوود لەم پێوەرە ببیندرێت بۆ پۆلێنکردنی لقە پیشەسەزییەکان. بەدەر لەم جۆرە پۆلێنکردنە چەندین پۆلێنکردنی دیکەی لقەکانی کەرتی پیشەسازیی هەن کە لاوەکیترن بەبەراورد بەم پۆلێنانەی سەرەوە، لەنمونەی پۆلێنکردن لەسەر بنەمای سروشتی  بەرهەمهێنان، یاخود قەبارەی کارگەکان یاخود جۆری کەرەستەی خاو یان تەکنەلۆژیای بەکارهاتوو یاخود شوینی بوونی کارگە پیشەسازییەکان، بەڵام ئەو چەشنە پۆلێنکاریانە لاوەکین و بەمەبەستی لانەدان لەئاراستەی توێژینەوەکە پێمان باشبووە زیاتریان لەسەر باسنەکەین.

## باسی یەکەم: دابەشبوونی جوگرافیای جۆریی کارگەکان لەناوچەی توێژینەوە

پشتبەست بەپۆلێنی (ISIC) توێژەر هەستاوە بە جیاکردنەوەی تەواوی پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە، کە دواتر لەم بەشەدا بە وردی باسی لێوە دەکەین.

### یەکەم: کەرتی پیشەسازیی خۆراکی

خۆراک بەهاوتای ئاوو کەلوپەل و دەرمان و شوێنی نیشتەجێ بوون گرنگترین پێویستیەکانی مانەوەی مرۆڤن، بەپێی مادەی (٢٥)ی جارنامەی رێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانیی ئەوا مافی هەموو کەسێکە لەئاستێکی سەروو هەژاریدا بژێت لەبۆ پاراستنی تەندروستی و ژیانی خۆی و خێزانەکەی[١]. وە پیشەسازیی خۆراکیش گرنگی دەدات بەخاوە بەکارهاتووە ڕووەکی و ئاژەڵییەکان، بەمەبەستی دابینکردن و داهێنانەوەی خۆراکی پێویست و بەکارهێنانی ئەم داهێنراوانە لەکات و شوێنی جیاواز، بە جیا لەشوێنی دروستکردنیان[٢].

بەگشتی پیشەسازیی خۆراک لەپارێزگای هەڵەبجەدا وەکو هەربەشێکی دیکەیی هەرێمی کوردستان، پیشەسازییەکی سەرەتاییە و بەکەمی کارگەی گەورەی تیادا دەبینرێت و ئەوەیشی هەیە سەربە بە کەرتی تایبەتە و بەشێوەی خۆژێنی دامەزراوە، بەڵام بەردەوامیش لەپێشکەوتندایە و زۆرینەی دەکەونە سەنتەرەکانەوە خشتەی(١٧) و (١٨)، و نەخشەی ژمارە (١٢)وە گرنگترین کەرتەکانی پیشەسازیی خۆراکیش لە پارێزگاکەدا دەخەینەڕوو کە بریتین لە:

**١-پیشەسازیی نان و سەمون**

ئەم پیشەسازییە لەناوچەی توێژینەوە مێژوویەکی زۆر دێرینی هەیە، بەتایبەت پیشەسازیی دروستکردنی نان زاڵە بەسەر هەر جۆرە پیشەسازییەکی دیکەدا، بەوپێیەی دابینکاری پێویستی ڕۆژانەی تەواوی هاوڵاتیانە. ژمارەی کارگەی نانەکان لەناوەندی قەزای هەڵەبجەدا بریتییە لە(٢٠)کارگە، وە ژمارەی سەمونخانەکانیشی بریتییە لە(٧)سەمونخانە، کە بەگشتی (٩٧)کەس لە کەرتی پیشەسازیی نانەواوایی و (٢٩)کەسیش لە سەمونخانەکانی قەزای سەنتەردا کاردەکەن[٣]، سەرباری ئەوەی لەناحیەی خورماڵدا(٦) نانەواخانە و (٢) فڕنی سەمون هەیە کە (٣٢) کەس کاری تیدا دەکەن، جگە لەوەی لەناحیەی سیروانیشدا(٤) نانەواخانە و (١) فڕنی سەمون دروسکراون و (١٩ ) کەس کاری تیدا دەکەن و لەناحیەی بیارەیش (٥) نانەواخانەهەیە کە (١٧) کەس کاریان تێدا دەکات، بەمەش (٦٧,١٦%)ی کۆی ژمارەی کارگەکانی کەرتی پیشەسازیی خۆراک لەناوچەی توێژینەوە (٣١,٩٥%)ی کۆی کارگە پیشەسازییەکان لەئاستی پارێزگادا بریتین لە پیشەسازیی سەمون و نان و توانستەی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نزیکەی (٤٠)هەزار نان و سەمونە، وەک لە نەخشەی ژمارە () دابەشبوونی شوێنی کارگە پیشەسازییەکان پیشان دراوە.

---

١) حلاو حسين كريم، الصناعات الغذائية في المحافظة اربيل، دراسة في الجغرافيا الصناعية، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية آداب، جامعة صلاح الدين ،اربيل، ٢٠٠١، ص١٠.

٢) سلمى عبدالرزاق الشبلاوي، الصناعات الغذائية في محافظات الفرات الاوسط، دراسة في الجغرافية الصناعية، اطرحة دكتوراه، غير منشورة، مقدمة الى كلية اداب، جامعة بغداد، بغداد ١٩٩٨، ص ٤٨ .

٣) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پیشەسازیی و بازرگانی، ژووری پیشەسازیی و بازرگانی هەڵەبجە، داتای کەرتە پیشەسازییەکانی هەڵەبجە ٢٠٢١ .

### ٢-پیشەسازیی کارگەی شەکری کڵۆ

وەک ئەوەی لە خشتەکانی(١٧) و (١٨)دا روونکراوەتەوە دیارکەوتووە، ئەم جۆرە پیشەسازییە لەناوچەی تویژینەوە دوو کارگە لەخۆ دەگریت، کە پیکەوە ( ٧ ) کەس ئیشی تیدا دەکەن و سەرمایەی بەگرخراو تییاندا پیکەوە بریتییە لە ( ٧٣ملیون)دیناری عیراقی و پیکەوە ڕووبەری (٣٥٠م٢)زەوییان بەکارهیناوە، واتا ( ٢,٩٨%)ی کۆی ژمارەی کارگەکانی کەرتی پیشەسازیی خۆراک لەناوچەی تویژینەوە و (١,٠٥%)ی کۆی ڕووبەری کارگەکانی هەمان کەرت پیکدینیت، سەرباری ئەوەی لەئاستی پاریزگادا (١,٤١ ) ی کۆی کارگە پیشەسازییەکان پیکدینیت و توانستەی بەرهەمهینانی ڕۆژانەی (١٠٠٠)کیلۆیە.

### ٣-پیشەسازیی ئاش

ئەم جۆرە لەپیشەسازیی لەکۆندا لەسەر شیوەی ئاشی ئاوبووە، لەکاتی ئیستادا لەبری ئاشی ئاو ئاشی کارەبایی هەن، لەکاتیکدا لەماوەکانی پیشتردا ئەم جۆرە لەپیشەسازیی کۆڵەکەی بەردەوامیی ژیانی هاووڵاتیانی ناوچەی تویژینەوە بووە، کە فەرامەهکاری دەستکەوتنی خۆراکەکانی وەکو (برنج، نۆک، ئارد، برویش..هتد) بووە، سەرباری بەکارهینانی پاشماوەی ئەم هارین و پاڵاوتنە بۆ ئالیکی ئاژەڵ،هەرچەندە لەکاتی ئیستادا بەفاکتەری زۆری هاوردەی بەرهەمە بیانیەکان ئەو گرنگییەی جارانی نەماوە، بەڵام دەشبیت بزانین تەواوی کارگەکانی ئەم جۆرە لەپیشەسازیی دەکەونە سەنتەرەکانەوە، بەجۆریک لەقەزای سەنتەردا ژمارەی کارگەی ئاشەکان بریتیین لە( ٢)ئاش، بەڵام لەناحیەی خورماڵدا(١) ئاشە و لەناحیەی سیروان و و بەمۆ و بیارەشدا هیچ ئاشیک نیە، کە بەزۆری ئیشی ئەم ئاشانە پاککردنی چەڵتوکی برنج و هارینی گەنمە بۆ بریش و ساوەر و گەنمە کوتراو. وەک لە خشتەکانی(١٧) و (١٨)دا روونکراوەتەوە، دیارکەوتووە کە (٤,٤٧ %)ی کۆی ژمارەی کارگەکانی کەرتی پیشەسازیی خۆراک لەناوچەی تویژینەوە و (٤,٥١%)ی کۆی ڕووبەری کارگەکانی هەمان کەرت پیکدینیت. سەرباری ئەوەی لەئاستی پاریزگادا ( ٢,١٢%) ی کۆی کارگە پیشەسازییەکان پیکدینیت و توانستەی بەرهەمی ڕۆژانەیان (٥٥٠)کیلۆگرامە.

### ٤-پیشەسازیی سەهۆڵ

بەهۆی باری ئاووهەوای ناوچەی تویژینەوەوە کە تاڕادەیەک هاوینی فینکترە لەناوچەکانی دیکەی هەریمی کوردستان، هەربۆیە ئەم پیشەسازییە گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردووە، تەنها لە سەنتەری قەزای هەڵەبجە(١) کارگەی سەهۆڵ هەیە، کە ئیشکردنی وەرزانەیە و تەنها لەوەرزی هاویندا کاردەکەن، بەجۆریک (٤) کریکار کاری تیدا دەکەن، توانستی بەرهەمدانی ڕۆژانەی دەگاتە(٢٥٠) قالبە سەهۆڵ، واتا (١,٤٩ %)ی کۆی ژمارەی کارگەکانی کەرتی پیشەسازیی خۆراک لەناوچەی تویژینەوە و (٦,٠٢%)ی کۆی ڕووبەری کارگەکانی هەمان کەرت پیکدینیت، سەرباری ئەوەی لەئاستی پاریزگادا ( ١,٤١%) ی کۆی کارگە پیشەسازییەکان پیکدینیت .

**٥-پیشەسازیی ساردەمەنی**

ژمارەی کارەگەی بەرهەمهێنانی ساردەمەنی لەپارێزگای هەڵەبجەدا بریتییە (٧) کارگەی بچووک، کە چوار کارگەیان دەکەونە سەنتەری قەزاوە و (٣)کارگەیشی دەکەویتە ناحیەی خورماڵەوە و لەناحیەکانی بیارە و سیرواندا هیچ کارگەیەکی ساردەمەنی نییە، لەکاتیکدا ئەم کارگانە پێکەوە(٣١) هەلیکاریان دابینکردووە بۆ دانیشتوانی سنوری توێژینەوەکە[١]، ئەم پیشەسازییە لەئاستی پارێزگادا ( ٤,٩٦%) ی کۆی کارگە پیشەسازییەکان پێکدێنێت، سەرباری ئەوەی لەناوچەی توێژینەوە (١٠,٤٤%)ی کۆی کارگەکانی کەرتی پیشەسازیی خۆراک و ( ٣,٩١%)ی کۆی ڕووبەری هەمان کەرتی کارگەکانی ناوچەکە پێکدێنێت .

**٦- پیشەسازیی دۆشاوی تەماتە**

ئەم پیشەسازییە تاڕادەیەک نوێیە، بەجۆرێک ژمارەی کارگەکانی ئەم پیشەسازییە بریتییە لە(١)، کارگە کە لە ناحیەی سیرواندایە،بەکۆی گشتی (١٤) کەس کاری تێدا دەکەن، کە (٢٠٠٠م٢)زەوی بۆ تەرخانکراوە، واتا ئەم پیشەسازییە لەناوچەی توێژینەوە (١,٤٩%)ی کۆی کارگەکانی کەرتی پیشەسازیی خۆراک و ( ٣٠,١٠%)ی کۆی ڕووبەری هەمان کەرتی کارگەکانی ناوچەکە پێکدێنێت، لەئاستی پارێزگایش تەنها (٠,٧٠%)ی کۆی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت و توانستەی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی (٥٧٠)کارتۆنە.

**وینەی (١)**

**کارگەی دۆشاوی تەماتە لەناوچەی توێژینەوە**



وێنەی توێژەر لەبەرواری ٢٠٢١/٨/١٦

---

١)چاوپیکەوتن لەگەل بەریز، حسین احمد عبدالله، خاوەنی کارگەی بەرهەمهینانی ساردەمەنی لەپارێزگای هەلەبجە، ٢٠٢١/١٢/٢٠

**٧-پیشەسازیی زەیتی زەیتوون**

ئەم پیشەسازییە دەکەویتە ناحیەی سیروان، کە (١٠)کەس کاری تیدا دەکەن، بری سەرمایەی بەگرخراو تییدا دەگاتە (١,٥ملیار)دینار و لەسەر ڕووبەری (١٠٠٠٠م٢)دامەزریندراوە[١].واتا ، (١,٤٩%) ی کۆی کارگەکانی کەرتی خۆراکی و ( ٢٧,٠٩%)ی ڕوبەری کارگەکانی کەرتی خۆراکی لەناوچەی تویژینەوە پێکدێنێت، لەئاستی پاریزگایش ( ٠,٧٠%)ی کۆی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت و و توانستەی بەرهەمهێنانی راستەقینەی ڕۆژانەی (٤٢٠٠) لیتر.

**وینەی (٢)**

**کارگەی  زەیتی زەیتوون  لەناوچەی توێژینەوە**




وێنەی توێژەر لەبەرواری ٢٠٢١/١٠/١٨

**٨-پیشەسازیی سپیایی**

لەناوچەی توێژینەوە (٢)کارگەی  بەرهەمهێنانی سپیایی هەیە، کە دەکەونە سنوری قەزای سەنتەرەوە، پێکەوە (١٣) کەس کاری تیدا دەکەن و بری سەرمایەی پێویست بۆ بەکارخستنی ئەم کارگانە پێکەوە(٢١٧)ملیۆن دینارە و ( ٢,٩٨%) ی کۆی کارگەکانی کەرتی خۆراکی و (٢,٦١ %)ی ڕوبەری کارگەکانی کەرتی خۆراکی لەناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت، لەئاستی پاریزگایشدا (٠,٨٤%)ی کۆی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت و و توانستەی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی (١٢٠٠)لیتر شیرە.

**٩-پیشەسازیی مرەبا (لە قوتونان)**

پیشەسازیی  بەرهەمهێنانی مرەبا لەناوچەی توێژینەوە بریتییە لە دوو کارگەی  بەرهەمهێنان کە (١٤)هەلیکاری رەخساندووە بە سەرمایەی (٣٤)ملیۆن دیناری عیراقی و ( ٢,٩٨%) ی کۆی کارگەکانی کەرتی خۆراکی و ( ٢,٦٦%)ی ڕوبەری کارگەکانی کەرتی خۆراکی لەناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت، لەئاستی پاریزگایش ( ١,٤١%)ی کۆی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت.

---

١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەریز پەیام سەیوان محمد، بەریوەبەری کارگەی زەیتونی راسان، ٢٠٢٢/٣/٢١

### ١٠-پیشەسازیی لەکیسنان و پێچانەوە

ئەم پیشەسازییە لەپارێزگای هەڵەبجەدا لەقۆناغی سەرەتادایە و لەتەواوی پارێزگاکەدا تەنها سێ کارگەی لەکیس نان هەیە کەبریتین لە دوو کارگەی لەکیسنانی بەهارات کە (٨ ) کەس کاری تێدادەکەن بەسەرمایەی(٤٥)ملیۆن دینار، و کارگەی لەکیسنانی خوێ کە ( ٦) کەس کاری تێدادەکەن، تەواوی ئەم کارگانەیش دەکەونە سەنتەری قەزای هەڵەبجەوە. پیشەسازیی لەکیسنان لەناوچەی توێژینەوە ( ٤,٤٧%)ی کۆی کارگەکانی هەمان کەرت و ( ١,٨٠%)ی ڕووبەری کارگەکانی هەمان کەرت پێکدێنێت، لەئاستی پارێزگایش ( ٢,١٢%)ی تەواوی کارگە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە پێکدەهێنێت و توانستەی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی (١٢٠٠)سێتە.

### ١١-پیشەسازیی بنێشت

ئەم پیشەسازییە لە پارێزگاکەدا بە پیشەسازییەکی نوێ و سەردەمیانە دادەنرێت کە بنێشت لە جۆری بنێشتی کوردی کە کەرەستە خاوەکەی لەناوخۆدا بەدەست دەهێنرێت، ژمارەی کارگەکانی ئەم پیشەسازییە (٢) کارگەیە کە دەکەونە قەزای سەنتەر و (٧) کەس کاریان تێدا دەکات و بڕی سەرمایەی بەگەڕخراو بریتییە لە (٦ملیۆن دینار).

**خشتەی (١٣)**

**دابەشبوونی جوگرافی جۆرەکانی پیشەسازیی خۆراک لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی(٢٠٢١)**

| | جۆری پیشەسازیی | ژ.کارگە | % لەکۆی کارگەکانی پیشەسازیی خۆراک | ڕووبەری زەوی بەم٢ | % لەکۆی ڕووبەر | %کەرتەکان لەکۆی گشتی پاریزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لقی پیشەسازیی خۆراک | پیشەسازیی نان و سەمون | ٤٥ | ٦٧,١٦ | ٣٢٥٠ | ٩,٧٨ | ٣١,٩١ |
| | پیشەسازیی کارگەی شەکری کلۆ | ٢ | ٢,٩٨ | ٣٥٠ | ١,٠٥ | ١,٤١ |
| | پیشەسازیی ئاش | ٣ | ٤,٤٧ | ١٥٠٠ | ٤,٥١ | ٢,١٢ |
| | پیشەسازیی سەهۆڵ | ١ | ١,٤٩ | ٢٠٠٠ | ٦,٠٢ | ١,٤١ |
| | پیشەسازیی ساردەمەنی | ٧ | ١٠,٤٤ | ١٣٠٠ | ٣,٩١ | ٤,٩٦ |
| | پیشەسازیی دۆشاوی تەماتە | ١ | ١,٤٩ | ١٠٠٠٠ | ٣٠,١٠ | ٠,٧٠ |
| | پیشەسازیی زەیتی زەیتوون | ١ | ١,٤٩ | ٩٠٠٠ | ٢٧,٠٩ | ٠,٧٠ |
| | پیشەسازیی سپیایی | ٢ | ٢,٩٨ | ٣٣٥٠ | ١٠,٠٨ | ١,٤١ |
| | پیشەسازیی مرەبا | ٢ | ٢,٩٨ | ٨٧٠ | ٢,٦١ | ١,٤١ |
| | لەکیسنان و پێچانەوە | ٣ | ٤,٤٧ | ٦٠٠م | ١,٨٠ | ٢,١٢ |
| | کۆی گشتی | ٦٧ | ١٠٠ | ٣٣٢٢٠ | ١٠٠ | ٤٨,١٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە :

١-سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.

٢-وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی، بەڕیوەبەرایەتی گشتی گەشەپیدانی پیشەسازیی، بەشی پلاندانان، ٢٠٢١

## خشتەی (١٤)

## دابەشبوونی جۆریی پیشەسازیی خۆراکی لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی (٢٠٢١)

| ژ | جۆری پیشەسازیی | یەکەی کارگێری | ژمارەی کارگە | دەستی کار | سەرمایە بە دینار | یەکەی پێوانەیی | توانای بەرهەم/رۆژانە | قەبارەی کارگە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | بچوک | مامناوەند | گەورە |
| ١ | نان و سەمون | سەنتەر | ٢٧ | ١٢٦ | ٩٨ ملیۆن | دانە | ٢٩٠٠٠ | ✓ | | |
| | | خورماڵ | ٨ | ٢٢ | ٢٧ ملیۆن | دانە | ١٠٠٠٠ | | | |
| | | سیروان | ٥ | ١٩ | ١٣ ملیۆن | دانە | ٥٠٠٠ | | | |
| | | بیارە | ٥ | ١٧ | ١٣ ملیۆن | دانە | ٥٠٠٠ | | | |
| | | کۆی پارێزگا | ٤٥ | ١٩٤ | ١٥١ | دانە | ٤٩٠٠٠ | | | |
| ٢ | شەکری کلۆ | سەنتەر | ٢ | ٧ | ٧٣ ملیۆن | کیلۆ | ٥٠٠ کیلۆ | | | |
| | | کۆی پارێزگا | ٢ | ٧ | ٧٣ ملیۆن | کیلۆ | ٥٠٠کیلۆ | | ✓ | |
| ٣ | ئاش | سەنتەر | ٢ | ٥ | ٢١ ملیۆن | کیلۆ | ١٠٠کیلۆ | ✓ | | |
| | | خورماڵ | ١ | ٣ | ٩ ملیۆن | کیلۆ | ٤٥٠کیلۆ | ✓ | | |
| | | کۆی پارێزگا | ٣ | ٨ | ٣٠ ملیۆن | کیلۆ | ٥٥٠کیلۆ | | | |
| ٤ | سەهۆڵ | سەنتەر | ١ | ٤ | ١٢٥ ملیۆن | دانە | ٢٥٠قالب/دانە | | | ✓ |
| | | کۆی پارێزگا | ١ | ٤ | ١ملیار | | ٢٥٠قالب | | | |
| ٥ | دۆشاوی تەماتە | سیروان | ١ | ١٤ | ١,٥ ملیار | سیت | ٥٧٠سیت | | | ✓ |
| | | کۆی پارێزگا | ١ | ١٤ | ١,٥ ملیار | سیت | ٥٧٠سیت | | | |
| ٦ | زەیتی زەیتون | سیروان | ١ | ٨ | – | کارتون | ٤٢٠کارتون | | | ✓ |
| | | کۆی پارێزگا | ١ | ٨ | ١,٥ملیار | کارتون | ٤٢٠کارتون | | | |
| ٧ | سپیایی | سەنتەر | ٢ | ١٣ | ٢١٧ ملیۆن | لیتر | ١٢٠٠لیتر | | ✓ | |
| | | کۆی پارێزگا | ٢ | ١٣ | ٢١٧ ملیۆن | لیتر | ١٢٠٠لیتر | | | |
| ٨ | بنێشتی کوردی | سەنتەر | ٢ | ٧ | ٦ملیون | کیلو | ٢٣کیلۆ | ✓ | | |
| | | کۆی پارێزگا | ٢ | ٧ | ٦ملیون | کیلو | ٢٣کیلۆ | | | |
| ٩ | مرەبا | سەنتەر | ٢ | ٩ | ٣٤ملیون | کیلو | ١٠٨ کیلۆ | ✓ | | |
| | | کۆی پارێزگا | ٢ | ٩ | ٣٤ملیون | کیلو | ١٠٨ کیلۆ | ✓ | | |
| ١٠ | لە کیس نان و پێچانەوە | سەنتەر | ٣ | ١٣ | ٦١ملیون | کارتون | ١٢٠٠کارتون | ✓ | | |
| | | کۆی پارێزگا | ٣ | ١٣ | ٦١ملیون | کارتون | ١٢٠٠کارتون | | | |
| ١١ | ساردەمەنی | سەنتەر | ٤ | ٢٠ | ٨ | کیلۆ | ١٢٠ کیلۆ | ✓ | | |
| | | خورماڵ | ٣ | ١١ | ٤ | کیلۆ | ٥٠ کیلۆ | | | |
| | | کۆی پارێزگا | ٧ | ٣١ | ١٢ملیۆن | | | | | |
| | کۆی گشتی | | ٦٩ | ٦٠٦ | ١,٢٦٤,٥ملیار | | | | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست  بە زانیارییەکانی فۆرمی راپرسی.

**دووەم: پیشەسازیی بیناکاریی**

پیشەسازیی بیناکاریی لەهەرێمی کوردستاندا مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، ئەمەیش بەهۆی دەستەبەری تەواوی کەرەستەی خاو و مادە سەرەتاییەکانی ئەم کەرتە لەپیشەسازیی[1].

پیشەسازیی بیناکاریی لە هەڵەبجەدا مێژوویەکی دێرینی هەیە بەتایبەت پاش هاتنی بەگزادەکانی جاف بۆ ناوچەی تەوێژینەوە و بوون بەدەسەڵاتداری ناوچەکە، وایکرد جوڵەی بیناکاری و دروستکردنی مزگەوت و خانی گەورە و قەیسەری وبازاڕ و گەرماو، کە ئەمانە بوونە مایەی گەشەی پیشەسازیی بیناکاری لەناوچەی تەوێژینەوە، بڕوانە نەخشەی (١٣) دابەشبوونی پیشەسازیەکانی بیناکاری لە ناوچەی تەوێژینەوە، گرنگترین پیشەسازییە بیناکارییەکانی ناوچەی تەوێژینەوە بریتین لە:

١: پیشەسازیی بلۆک

پشتبەست به خشتەی( ١٩ ) و (٢٠) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە پیشەسازیی بلۆک گرنگیەکی گەورەی لە گەشەپێدانی کەرتی بیناکاریی ناوچەی تەوێژینەوە هەیە ، ژمارەی کارگەکانی بلۆک لە پارێزگای هەڵەبجەدا بریتییە لە( ٢) کارگە کە ڕێژەی ( ١,١٤%)ی کۆی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی تەوێژینەوە پێکدێنن، لەکاتێکدا (١٥,٢٥ %)ی کۆی ڕووبەری کەرتی پیشەسازیی بیناکاریی لەناوچەی تەوێژینەوە پێکدێنێت، ( ١٧)کەس کاریان تێدا دەکات، کە هەردوو کارگەکەیان لەسنوری ناحیەی سیروانە، پێکەوەش توانستەی بەرهەمی ڕۆژانەیان دەگاتە(١٠-١٢) هەزار بلۆک، بڕی سەرمایەی بەکارخراو لەم کەرتە پیشەسازییەدا دەگاتە نزیکەی (١)ملیار دینار.

**وێنەی (٣)**

**کارگەی بلۆک لەناوچەی تەوێژینەوە**



وێنەی توێژەر لەبەرواری ٢٠٢١/٩/١٥

١) جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبوليتيكية للامن القومي في اقليم كوردستان، مصدر السابق، ص٣٢٢

**٢-پیشەسازیی چەوولم**

بەگشتی ئەم پیشەسازییە لەگەڵ درێژبونەوەی ڕووباری سیرواندا لەچەند خاڵێکی دیاریکراودا کشاون و هەن، کە ژمارەی کارگەکانی پاڵێوەری چەوولم لەڕۆخی ڕووبارەکەدا بریتییە لە( ٤) کارگە کە (٣٠,٧٦% ) ی کۆی کارگەکانی پیشەسازیی بیناکاریی لەناوچەکەدا پێکدێنێت، لەکاتێکدا (٢٩ ) کەس کاریان تێدا دەکات و دەکەونە سەر چەمی دەرەشیش و تەپەکورە، بەرهەمی ڕۆژانەی هەر کارگەیەکیان نزیکەی (٩٠ م٣) لە لم و چەوە و بڕی سەرمایەی بەکارخراویش لەم کەرتەدا بۆ هەر کارگەیەک بریتییە ( ٩٤٥ ) ملیۆن دینار عێراقی، وە (٥٤,٢٣ %)ی کۆی ڕووبەری کەرتی پیشەسازیی بیناکاریی لەناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت، بەزۆریش ئەم کارگانە پشت بە لەبێژەنگدانی ڕامالڕاوە نیشتوەکانی ڕووباری سیروان دەبەستن و دەکەونە ناحیەی سیروانەوەو بڕیاروایە هەموویان بکرینە کەسارە و (٢,٢٨%)ی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنن.

**وێنەی (١٤)**

**کارگەی چەوولم لەناوچەی توێژینەوە**



وێنەی توێژەر لەبەرواری ٢٠٢١/٩/١٥

**٣-پیشەسازیی کۆنکرێتی ئامادەکراو**

پشتبەست بە خشتەی( ١٩ ) و (٢٠) ڕووندەبێتەوە کە لەسنوری توێژینەوەکەماندا سێ کارگەی کۆنکرێتی ئامادەکراو هەن کە دەکەونە ناو سنوری ناحیەی سیروانەوە لەپارێزگای هەڵەبجەدا و کە (٢٣,٠٧% ) ی کۆی کارگەکانی پیشەسازیی بیناکاریی لەناوچەکەدا پێکدێنێت، لەکاتێکدا (١٧) هەلیکاری دابینکردووە بۆ دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە و بڕی سەرمایەی وەبەرهێنی ئەم کەرتەش بریتییە لە( ٨٢٣) ملیۆن دینار عێراقی و پێکەوە توانستەی بەرهەمدانی ڕۆژانەیان بریتییە لە( ١٩٠ م٣) و (٣,٧٢ %)ی کۆی ڕووبەری کەرتی پیشەسازیی بیناکاریی لەناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت، سەرباری ئەوەی (١,١٤%)ی کۆی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنن .

**وینەی (٥)**

**کارگەی کۆنکریتی ئامادەکراو لەناوچەی توێژینەوە**



وێنەی توێژەر لەبەرواری ٢٠٢١/٩/٢٣

**٤-پیشەسازیی بەرد**

ئەم جۆرە لەپیشەسازیی پشتبەستە بە برینی بەردی کلسی کە لە چیاکانی ناحیەی خورماڵەوە دەردەهێندرێن لەگوندی گولپ، لەڕێگەی ئەو دوو کارگەیەی کە لە قەزای سەنتەر و ناحیەی خورماڵدا هەن، بەردەکان ڕێکدەکرێنەوە و ئاراستەی بازاڕ دەکرێن کە بۆ جوانکاریی باخچە و خانووبەرە بەکاردێت، کە (١٥,٣٨%) ی کۆی کارگەکانی پیشەسازیی بیناکاریی لەناوچەکەدا پێکدێنێت و بەگشتیش (١٨)کەس ئیشی تێدا دەکەن،لەکاتێکدا (١٦,٦١%)ی کۆی ڕووبەری کەرتی پیشەسازیی بیناکاریی لەناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت، بڕی بەرهەمیانی ڕۆژانەیشیان پێکەوە دەگاتە نزیکەی (٨٥تەن)[١] ، و(١,١٤%)ی کۆی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت.

**٥-پیشەسازیی بەرهەمهێنانی کاشی**

پشت بەست بە خشتەی ( ١٩ ) و (٢٠) دیاردەکەویت ئەم پیشەسازییە لەناوچەی تویژینەوەدا خۆی لە (٢) کارگەی بچوکدا دەبینیتەوە،کە (١٥,٣%) ی کۆی کارگەکانی پیشەسازیی بیناکاریی لەناوچەکەدا پێکدێنێت، هەلیکاریشی بۆ(١٣)کەس دابینکردووە، ئەم کارگەیە دەکەویتە قەزای سەنتەرەوە و بری سەرمایەی بەگرخراو تییدا دەگاتە( ٧٣)ملیۆن دیناری عیراقی، و (٠,٨٤%) ی کۆی ڕووبەری کەرتی پیشەسازیی بیناکاریی لەناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت،

**٦-کارگەی قیر**

لەناوچەی توێژینەوە یەک کارگەی قیری تیدایە، کە (٧,٦٩%) ی کۆی کارگەکانی پیشەسازیی بیناکاریی لەناوچەکەدا پێکدێنێت، بە سەرمایەی نزیک لە دوو ملیار دیناری عیراقی و هەلیکاری بۆ نزیکەی (١٢)کەس رەخساندووە و دەکەوێتە ناحیەی سیروانەوە و (٧,٦٢%)ی کۆی ڕووبەری کەرتی پیشەسازیی بیناکاریی لەناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت و (٠,٥٧%)ی کۆی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت.

---

[١]) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (امیر جلال محمد) خاوەنی کارگەی بەردی کلسی گولپ لەبەرواری ٢٠٢١/١١/٦

## خشتەی (١٥)

## دابەشبوونی جوگرافی جۆرەکانی پیشەسازیی بیناکاری لەپرێزگای هەڵەبجە بۆساڵی (٢٠٢١)

| لقی پیشەسازیی | جۆری پیشەسازیی | ژ. کارگە | % لەکۆی کارگەکانی بیناساری | رووبەری زەوی بەم٢ | % لەکۆی رووبەر/م٢ | %لەکۆی گشتی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگا |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| **بیناسازیی بیناکاریی** | پیشەسازیی بلۆک | ٢ | ١٥,٣٨ | ٩٠٠٠ | ١٥,٢٥ | ١,١٤ |
| | پیشەسازیی چەوولم | ٤ | ٣٠,٧٦ | ٣٢٠٠٠ | ٥٤,٢٣ | ٢,٢٨ |
| | پیشەسازیی کۆنکرێتی ئامادەکراو | ٢ | ٢٣,٠٧ | ٢٢٠٠ | ٣,٧٢ | ١,١٤ |
| | پیشەسازیی بەرد | ٢ | ١٥,٣٨ | ٩٨٠٠ | ١٦,٦١ | ١,١٤ |
| | پیشەسازیی بەرهەمهێنانی کاشی | ٢ | ١٥,٣٨ | ٥٠٠ | ٠,٨٤ | ١,١٤ |
| | پیشەسازیی قیر | ١ | ٧,٦٩ | ٤٥٠٠ | ٧,٦٢ | ٠,٥٧ |
| کۆ | | ١٣ | ١٠٠ | ٥٩٠٠٠ | ١٠٠ | ٧,٤١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە :

١-سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.

٢-وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی، بەریوەبەرایەتی گشتی گەشەپیدانی پیشەسازیی، بەشی پلاندانان، ٢٠٢١

## خشتەی (١٦)
## دابەشبوونی جۆریی پیشەسازیی بیناکاریی لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی(٢٠٢١)

| ژ | جۆری پیشەسازیی | یەکەی کارگێڕی | ژ.کارگە | دەستیکار | سەرمایە بەدینار | بڕی بەرهەم رۆژانە | یەکەی پێوانە | قەبارەی کارگە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | بچوک | مام ناوەند | گەورە |
| ١ | بلۆک | سەنتەر | – | – | – | – | – | – | – | – |
| | | سیروان | ٢ | ١٧ | ١مليار | ١١٠٠٠ | دانە | | ✓ | |
| | | کۆی پارێزگا | ٢ | ١٧ | ١مليار | ١١٠٠٠ | دانە | | ✓ | |
| ٢ | چەوولم | سەنتەر | – | – | – | – | – | – | – | – |
| | | خورماڵ | – | | | | | | | |
| | | سیروان | ٤ | ٢٩ | ٩٤٥مليۆن | ٩٠م٣ | م٣ | | ✓ | |
| | | بیارە | – | – | – | – | – | – | – | – |
| | | بەمۆ | – | | | | | | | |
| | | کۆی پارێزگا | ٤ | ٢٩ | ٩٤٥مليۆن | ٩٠م٣ | م٣ | | ✓ | |
| ٣ | کۆنکرێت | سەنتەر | ٢ | ١٧ | ٨٢٣مليون | ١٩٠م٣ | م٣ | | ✓ | |
| | | کۆی پارێزگا | ٢ | ١٧ | ٨٢٣مليون | ١٩٠م٣ | م٣ | | ✓ | |
| ٤ | بەرد | سەنتەر | ٢ | ١٨٧ | ٢٨٣مليون | ٨٥تەن | تەن | | ✓ | |
| | | کۆی پارێزگا | ٢ | ١٨٧ | ٢٨٣مليون | ٨٥تەن | تەن | | ✓ | |
| ٥ | کاشی | سەنتەر | ٢ | ١٣ | ٧٣مليون | ٢٥م | م | | ✓ | |
| | | کۆی پارێزگا | ٢ | ١٣ | ٧٣مليون | ٢٥م | م | | ✓ | |
| ٦ | قیر | سەنتەر | – | – | – | – | – | – | – | – |
| | | سیروان | ١ | ١٢ | دوو مليار | ٩٠م٢ | م٢ | | ✓ | |
| | | کۆی پارێزگا | ١ | ١٢ | دوو مليار | ٩٠م٢ | م٢ | | ✓ | |
| کۆی گشتی | | | ١٣ | ٣٢١ | ٥مليار و ١٢٤مليون | | | | ✓ | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە :
١-سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.
٢-حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی، بەریوەبەرایەتی گشتی گەشەپیدانی پیشەسازیی، بەشی پلاندانان، ٢٠٢١.

**سێیەم: کەرتی پیشەسازیی کانزایی**

ئەم جۆرە لەپیشەسازیی تەواوی پیشەسازییەکانی بەرهەمهێنانی کەلوپەلی ناوماڵ و ئەلەمنیۆم و کانزا ڕەقەکان دەگرێتەوە[1]، وە هەرچی تایبەتە بە کەرتی پیشەسازیی کانزایی لەپارێزگای هەڵەبجەدا ئەوا ئەم کەرتە (٥٠) کارگە پێکهاتووە، کە (١٤٩) کەس کاری تێدا دەکەن، بڕی سەرمایەی وەبەرهێن تێیدا بریتییە لە (٤٩٩) ملیۆن دیناری عێراقی، بڕوانە نەخشەی ژمارە (١٤) دابەشبوونی کارگەکانی ئەم کەرتە، گرنگترین پێکهاتەکانی ئەم کەرتەیش لەناوچەی تویژینەوە بریتییە لە.

**١-پیشەسازیی دروستکردنی تەنکی و بۆیلەر**

ئەم پیشەسازییە لەناوچەی تویژینەوە تاڕادەیەک نوێ و وەک لە خشتەکانی (٢١) و (٢٢)دا روونکراوەتەوە، دیارکەوتووە کە لەتەواوی ناوچەی تویژینەوەماندا تەنها یەک کارگەی دروستکردنی تەنکی و بۆیلەر هەیە کە (٧) هەلیکاری بۆ دانیشتوانی ناوچەی تویژینەوە دابینکردووە و توانستەی بەرهەمدانی مانگانەی بریتییە (١٥) تەنکی و بۆیلەر و بڕی سەرمایەی وەبەرهێنی ئەم کەرتە بریتییە لە (٥) ملیۆن دینار عێراقی بۆ هەر کارگەیەکی بچووک و بری (٣٥)ملیۆن دیناریش بۆهەر کارگەیەکی گەورە. پیشەسازیی دروستکردنی تەنکی و بۆیلەر لەناوچەی توێژینەوە (٢%)ی کۆی کارگەکانی هەمان کەرت و (١,٣٠ %)ی ڕووبەری کارگەکانی هەمان کەرت پێکدێنێت، لەئاستی پارێزگایش (٠,٠٩%)ی کۆی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت.

**٢-پیشەسازیی گۆرینی ئەلەمنیۆم**

ئەم جۆرە لە پیشەسازیی لەپاش پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لەناوچەی توێژینەوە دەرکەوتووە و بەردەوامیش لەگەشەکردندایە، بەجۆرێک لەناوچەی توێژینەوە ژمارەی کارگەکانی ئەلەمنیۆم بریتییە لە(٥) کارگە، کە ( ١٩)کەس کاریان تێدا دەکات، پێکەوە توانستەی بەرهەمی مانگانەی هەر کارگەیەکی دەگاتە(٣٤٠) دەرگا و پەنجەرەی ئەلەمنیۆم بڕی سەرمایەی بەکارخراو لەم کەرتە پیشەسازییەدا لەناوچەی توێژینەوە بۆ هەر کارگەیەک دەگاتە( ٣٠ ) ملیۆن دیناری عێراقی بۆ هەر کارگەیەکی ئەلەمنیۆم. وە کارگەکانی تایبەت بە پیشەسازیی ئەلەمنیۆم لەناوچەی توێژینەوە ( ١٠%)ی کۆی کارگەکانی هەمان کەرتی کانزایی و (١٢,٤١%)ی ڕووبەری کارگەکانی کانزایی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێ، لەئاستی پارێزگایش ( ٠,٩٢%)ی کۆی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت.

**٣-پیشەسازیی گۆرینی پلاستیک**

ئەم جۆرە لەپیشەسازیی بەگشتی پیشەسازییەکی گۆڕاوە و سەرچاوەی بەرهەمهێنانی دەرگا و پەنجەرەی تەواوی ماڵ و بینا نوێیەکانی سنوری ناوچەی توێژینەوەیە، وە لە خشتەی (٢-٩) و (٢-١٠)دا هاتووە ئەوا ژمارەی کارگەی گۆڕینی پلاستیک بۆ دەرگا و پەنجەرە لە ناوچەی توێژینەوە بریتییە لە( ٤٤ ) کارگە، کە ( ٣٣) کارگەیان لەقەزای سەنتەردایە و (٧ ) کارگەیش لەتەواوی ناحیەکانی دیکەی سنوری پارێزگاکەدا، کە لەخۆگرتەی( ١٢٤ ) دەستیکارە و بری سەرمایەی وەبەرهێن ( ٩ ) ملیۆن دیناری عێراقی یە بۆهەر کارگەیەکی تێدا **وەبەرهێنە**، لەئاستی پارێزگایش ( ٦,٤١ %)ی کۆی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت.

---

١)عبدالخليل فضيل و احمد حبيب رسول، جغرافية العراق الصناعية، مطبعة جامعة الموصل، موصل ١٩٨٤، ص٢٦١

## خشتەی (١٧)
## دابەشبوونی جوگرافی جۆرەکانی پیشەسازیی کانزایی لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی( ٢٠٢١)

| لقی پیشەسازیی کانزایی | جۆری پیشەسازیی | ژ.کارگە | % لەکۆی کارگەکانی پیشەسازیی کانزایی | رووبەری زەوی بەم٢ | %ڕێژە لەکۆی رووبەر | %کەرتەکان لەکۆی گشتی پاریزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دروستکردنی تەنکی و بۆیلەر | ١ | ٢ | ١٠٠ | ١,٣٠ | ٠,٠٩ |
| | ئەلەمنیوم | ٥ | ١٠ | ٩٥٠ | ١٢,٤١ | ٠,٩٢ |
| | پلاستیک | ٤٤ | ٨٨ | ٦٦٠٠ | ٨٦,٢٧ | ٦,٤١ |
| **کۆ** | | **٥٠** | **١٠٠** | **٧٦٥٠** | **٩٩,٩٨** | **٧,٤٢** |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە :

١-سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەرێوەبەرایەتی زانیاری نەخشەسازیی، بەشی GIS، رووبەری پارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١، بلاونەکراوە.

## خشتەی (١٨)
## دابەشبوونی جۆریی پیشەسازیی کانزایی لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی(٢٠٢١)

| ژ | جۆری پیشەسازیی | یەکەی کارگێڕی | ژ.کارگە | دەستیکار | سەرمایە بەدینار | یەکەی پێوانە | توانستەی بەرهەم | قەبارەی کارگە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | بچوک | مام ناوەند | گەورە |
| ١ | **درستکردنی تەنکی و بۆیلەر** | سەنتەر | ١ | ٦ | ٥ملیون | دانە | ١٥دانە | | ✓ | |
| | | کۆی پارێزگا | ١ | ٦ | ٥ملیون | دانە | ١٥دانە | | | |
| ٢ | **ئەلەمنیۆم** | سةنتةر | ٥ | ١٩ | ١٥٠ملیون | مەتر | ٧٥م | | ✓ | |
| | | کۆی پارێزگا | ٥ | ١٩ | ١٥٠ملیون | م | ٧٥م | | | |
| | **پلاستیک** | سەنتەر | ٣٣ | ٩٨ | ٢٩٠ملیون | مەتر | ١٦٠م | | ✓ | |
| | | خورماڵ | ٦ | ٢٣ | ٤٥ملیون | مەتر | ٤٢م | | | |
| | | سیروان | ١ | ٣ | ٩ملیون | مەتر | ٨م | | | |
| | | کۆی پارێزگا | ٤٤ | ١٢٤ | ٣٤٤ملیون | مەتر | ٢١٠م | | | |
| **کۆی گشتی** | | | **٥٠** | **١٤٩** | **٤٩٩ملیون** | **م** | – | | ✓ | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە زانیارییەکانی فۆرمی راپرسی.

**چوارەم: کەرتی پیشەسازیی کیمیایی**

هەرچی پیشەسازیی کیمیاییە تەواوی ئەو پیشەسازییانەیە کە ماددەی کیمیای تێدا بەرهەم دێت و دواتریش ئەم مادانە لە پیشەسازیی تردا بەڕێگای کیمیایی بەکاردێنن[1] و ئەم کەرتە لەناوچەی توێژینەوە بەیەکێک لە کەرتە گرنگەکانی پیشەسازیی دادەنرێت، بەوپێیەی نوێیە و لەڕووی پیشەسازییەوە داهاتوویەکی باشتری هەیە لەهەرجۆرە پیشەسازییەکی دیکەی باوی ناوچەی توێژینەوە، وە بەگشتیش کەرتی پیشەسازیی کیمیایی لە پارێزگای هەڵەبجەدا لە (٦) کارگە پێکدێت و (٤٥) کرێکاری لەخۆگرتووە، کە (٦,٣٦٩) ملیاردینار عێراقی تێدا بەکارخراوە، بڕوانە نەخشەی ژمارە (١٥) دابەشبوونی کارگەکانی پیشەسازیی کیمیایی لەناوچەی توێژینەوە، بەگشتیش ئەم کەرتە لەناوچەی توێژینەوە لەخۆگرتەی چەند لقێکە، ئەوانیش:

**١-پیشەسازیی هاڕینی پلاستیک**

ئەم جۆرە لەپیشەسازیی واتا کۆکردنەوەو هاڕینی پلاستیکی بەکاربراوە، بەجۆرێک ئامادە دەکرێت بۆئەوەی هەناردەی کارگەکانی بەرهەمهێنانی شمەکی پلاستیکی بکرێت لەناوخۆ یاخود لەدەرەوەی وڵات، پشت بەست بە خشتەی ( ٢٣ ) و (٢٤) دیارکەوتووە کە ئەم کارگانە ژمارەیان لەناوچەی توێژینەوە بریتییە لە( ٢) کارگە، کە (١٤) کەس کاریان تێدا دەکەن و دەکەونە سەنتەری قەزای هەڵەبجەوە، بڕی پارەی وەبەرهێن تێیدا دەگاتە (١٢) ملیۆن دیناری عێراقی بۆهەر کارگەیەک. لەکاتێکدا پیشەسازیی هاڕینی پلاستیک لەناوچەی توێژینەوە، ڕێژەی (٣٣,٣٣%)ی کۆی کارگەکانی هەمان کەرت و (٣٦%)ی تەواوی ڕووبەری هەمان کەرتی پیشەسازیی پێکدێنێت. لەئاستی پارێزگایش (١,١٤ %)ی کۆی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت.

**وێنەی (٦)**

**کارگەی هاڕینی پلاستیک لەناوچەی توێژینەوە**



وێنەی توێژەر لەبەرواری ٢٠٢١/١١/٤

---

١)ابراهيم شريف و اخرون، جغرافية الصناعية، دار الكتب للكتابة والنشر، بغداد ١٩٨١، ص٢٨٨

**٢-پیشەسازیی دروستکردنی پلاستیک:**

ئەم چەشنەی پیشەسازیی واتای گۆرینی مادەی پیشتر بەکاربراوی ئامادەی ریسایکلینە بۆ کەرەستەی نوی، پشت بەست بە خشتەی (٢٣) و (٢٤) دیارکەوتووە کە ژمارەی کارگەکانی ئەم چەشنە لەپیشەسازیی(١) کارگەیە، دەکەویتە سەنتەری قەزاوە لەناوچەی پیشەسازیی و بری سەرمایەی بەگرخراو تییدایە بریتییە لە(٣٤٩)ملیۆن دینار و (٦)هەلیکاری رەخساندووە. وە پیشەسازیی دروستکردنی پلاستیک لەناوچەی توێژینەوە، ڕێژەی ( ١٦,٦٦%)ی کۆی کارگەکانی هەمان کەرت و (٤٠%)ی تەواوی ڕووبەری هەمان کەرتی پیشەسازیی پێکدێنێت، لەئاستی پارێزگایش ( ٠,٥٧ %)ی کۆی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە.

**وێنەی (٧)**

**کارگەی دروستکردنی پلاستیک لەناوچەی توێژینەوە**



وێنەی توێژەر لەبەرواری ٢٠٢١/١١/١٧

**٣-پیشەسازیی پرکردنی بوتلی غاز**

ئەم پیشەسازییە ئاماژەیە بۆ هێنانی غازی شل لە پالاوگەکان و دواتر لەرێگەی کارگەکانی غازەوە دەکرێتە بوتلی بچوکەوەو ئاراستەی مالەکان دەکرێت، وە ئەم پیشەسازییە لەناوچەی توێژینەوە بەردەوام لەگەشەدایە، بەوپێیەی پێویستی رۆژانەی ژیانی خەلکە، وەک لە خشتەکانی (٢٣) و (٢٤)دا هاتووە ئەوا دیارکەوتوە کە ژمارەی کارگەکانی غاز لەناوچەی توێژینەوە بریتییە لە( ٣)کارگە کە (٢٥ ) کەس کاری تێدا دەکەن و بری سەرمایەی وەبەرهێن تێیدا نزیکەی ( ٢ )ملیار دیناری عێراقیە و توانستەی بەرهەمدانیان پێکەوە(٣٠٠٠) بوتلە ڕووبەری بەکارهاتوو بۆ ئەم جۆرە لەپیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە بریتییە لە( ٥٧٠٠ م٢) بەجۆرێک پیشەسازیی غازلەناوچەی توێژینەوە، ڕێژەی ( ٥٠%)ی کۆی کارگەکانی هەمان کەرت و (٢٦%)ی تەواوی ڕووبەری هەمان کەرتی پیشەسازیی پێکدێنێت،هەرچی تایبەتیشە بە ئاستی پارێزگا، ئەوا پیشەسازیی غاز تەنها (١,٧١%)ی کۆی کارگەکان پێکدێنێت.

## خشتەی (١٩)
## دابەشبوونی جوگرافی جۆرەکانی پیشەسازیی کیمیایی  لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی( ٢٠٢١)

| لقی پیشەسازیی | جۆری پیشەسازیی | ژ.کارگە | % لەکۆی کارگەکانی پیشەسازیی | کۆی رووبەری زەوی/ م٢ | (%) لەکۆی رووبەر | % لەکۆی گشتی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **کیمیایی** | هارینی پلاستیک | ٢ | ٣٣,٣٣ | ٩٠٠مەتر | ٣٦ | ١,١٤ |
| | دروستکردنی پلاستیک | ١ | ١٦,٦٦ | ١٠٠٠مەتر | ٤٠ | ٠,٥٧ |
| | غاز | ٣ | ٥٠ | ٦٠٠مەتر | ٢٦ | ١,٧١ |
| **کۆ** | | ٦ | ١٠٠ | ٢٥٠٠ | ١٠٢ | ٣,٤٢ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست  بە زانیارییەکانی فۆرمی راپرسی.

## خشتەی (٢٠)
## دابەشبوونی جوگرافی جۆرەکانی پیشەسازیی کیمیایی لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی(٢٠٢١)

| ژ | جۆری پیشەسازیی | یەکەی کارگێری | ژمارەی کارگە | دەستی کار | سەرمایە بە دینار | یەکەی پێوانەیی | توانای بەرهەم/رۆژانە | قەبارەی کارگە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | بچوک | مامناوەند | گەورە |
| ١ | هارینی پلاستیک | سەنتەر | ٢ | ١٤ | ٢٤ ملیون | ٣٠٠کیلۆ | کیلۆ | | ✓ | |
| | | کۆی پارێزگا | ٢ | ١٤ | ٢٤ملیون | ٢٢٠کیلۆ | کیلۆ | | | |
| ٢ | دروستکردنی پلاستیک | سەنتەر | ١ | ٦ | ٣٤٩ملیون | ٦٩٨کیلۆ | کیلۆ | | ✓ | |
| | | کۆی پارێزگا | ١ | ٦ | ٣٤٩ملیون | ٦٩٨کیلۆ | کیلۆ | | | |
| ٣ | پرکردنەوەی غاز | سەنتەر | ٣ | ٢٥ | ٦ملیار دینار | ٣٠٠ | بوتل | | ✓ | |
| | | کۆی پارێزگا | ٣ | ٢٥ | ٦ملیار دینار | ٣٠٠ | بوتل | | | |
| کۆی گشتی | | | ٦ | ٤٥ | **٦ملیار و ٣٦٩ملیون دینار** | ٨٢٠ | – | | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.

**پێنجەم: کەرتی پیشەسازیی چاپەمەنی**


ئەم کەرتە لەپاش پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لەناوچەی توێژینەوە دیارکەوتووە و بەگشتیش (٥) کارگەی بەرهەمهێنانی پێویستی چاپەمەنی هەیە کە (٢١) کرێکاری لەخۆگرتووە بەگوژمەی (١ملیار و ٢٧٠) ملیۆن دینار عێراقی بۆ پینج دەزگا، بڕوانە نەخشەی ژمارە (١٦). دابەشبوونی کارگە پیشەسازییەکانی ئەم کەرتە لەناوچەی توێژینەوەدا دوو لقی سەرەکی هەیە، ئەوانیش:

**١-پیشەسازیی چاپ**

ئەم پیشەسازییە مەبەست لێی چاپکردنی تابلۆ و پسولە وفلیکسی ناونیشانە، وەک لە خشتەی (٢٥ ) و (٢٦) خراوەتەروو، دیارکەوتووە کە ئەم پیشەسازییە لەناوچەی توێژینەوە (٣) کارگە لەخۆدەگرێت، کە دەکەونە قەزای سەنتەرەوە و (١٤) کرێکار کاری تێدا دەکەن، بڕی سەرمایەی **وەبەرهێن** تێیدا بۆهەر کارگەیەکیان بریتییە (٣٨٠) ملیۆن دینار، واتا پیشەسازیی چاپ ڕێژەی (٦٠%)ی تەواوی کەرتی پیشەسازیی چاپەمەنی پێکدێنێت، بە ڕێژەی ڕووبەری (٥٤,٥٤%)، وە (١,٧١% ) ی کۆی کارگەکانی پارێزگای هەڵەبجەش پێکدێنێت.

**وێنەی (٨)**

**کارگەی چاپەمەنی لەناوچەی توێژینەوە**



وێنەی توێژەر لەبەرواری ٢٠٢١/١٢/٢٥

**٢-پیشەسازیی تاقیگە**

ئەم پیشەسازییە مەبەست لێی بریتییە لە بەرهەمهێنانی وێنەی ڕەنگاوڕەنگ بە قیاسی گەورە و بچووک بە بەکارهێنانی ئامێری سەردەم، پشت بەست بەخشتەکانی ژمارە (٢٥) و (٢٦) ڕووندەبیتەوە کە ئەم پیشەسازییە لەناوچەی توێژینەوە (٢) تاقیگە لەخۆدەگرێت کە دەکەونە قەزای سەنتەرەوە و (٧) کرێکار کاری تێدا دەکەن، بڕی سەرمایەی وەبەرهێن تێیدا بریتییە (٦٥) ملیۆن دینار بۆ هەر تاقیگەیەک، وە پیشەسازیی تاقیگە (٤٠%)ی کۆی پیشەسازیی چاپەمەنی پێکدێنێت، بە ڕێژەی ڕووبەری (٤٥,٤٥%)ی هەمان لقە پیشەسازیی، لەکاتێکدا لەئاستی پارێزگادا (١,١٤%)ی کۆی کارگەکانی پارێزگای هەڵەبجە پێکدێنێت.

## خشتەی (٢١)

## دابەشبوونی جوگرافی جۆرەکانی پیشەسازیی چاپەمەنی لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی (٢٠٢١)

| لقی پیشەسازیی چاپەمەنی | جۆری پیشەسازیی | ژ.کارگە | % لەکۆی پیشەسازیی چاپەمەنی | رووبەری زەوی بەم٢ | % لەکۆی رووبەری پیشەسازیی چاپەمەنی | % لەکۆی گشتی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چاپ | ٣ | ٦٠ | ٣٠٠ | ٥٤,٥٤ | ١,٧١ |
| | تاقیگە | ٢ | ٤٠ | ٢٥٠ | ٤٥,٤٥ | ١,١٤ |
| **کۆ** | | ٥ | ١٠٠ | ٥٥٠ | ١٠٠ | ٢,٨٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە :سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.

## خشتەی (٢٢)

## زانیاری دەربارەی کارگەکانی پیشەسازیی چاپەمەنی لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی(٢٠٢١)

| ژ | جۆری پیشەسازیی | یەکەی کارگێڕی | ژ.کارگە | دەستیکار | سەرمایە بەدینار | بڕی بەرهەم مانگانە | یەکەی پێوانە | قەبارەی کارگە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | بچوک | مام ناوەند | گەورە |
| ١ | چاپەمەنی | سەنتەر | ٣ | ١٤ | ١ملیار و ١٤٠ملیون | - | م٢ | | ✓ | |
| | | کۆی پارێزگا | ٣ | ١٤ | ١ملیار و ١٤٠ملیون | - | م٢ | | | |
| ٢ | تاقیگە | سەنتەر | ٢ | ٧ | ١٣٠ملیون | - | دانە | | ✓ | |
| | | کۆی پارێزگا | ٢ | ٧ | ١٣٠ملیون | - | دانە | | | |
| **کۆی گشتی** | | | ٥ | ٢١ | ١ملیار و ٢٧٠ملیون دینار | - | - | - | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست به :سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.

**شەشەم: کەرتی خزمەتگوزارییە پیشەسازییەکان ***

ئەم کەرتە بەوە دەناسرێتەوە گەشەکردنی لاوازە بەبەراورد لەگەڵ کەرتەکانی دیکەی پیشەسازییدا، جا لەڕووی سەرمایەوەبێت یاخود دەستیکار و ژمارەی کارگە[1] و ئەم کەرتە لەسنوری ناوچەی توێژینەوە ( ٨٠ ) کارگە دەگرێتەوە کە ( ١٨٦) کەس کاری تێدا دەکەن، و بڕی سەرمایەی وەبەرهێن تێیدا ( ٨٩٤) ملیۆن دینارە، کە ئەم کارگانەیش بەسەر قەزای سەنتەر و ناحیەکانی خورماڵ و سیروان و بیارەشدا دابەشدەبن، بەگشتیش ئەم پیشەسازییە سێ جۆرە کە ئەوانیش:

**١-خزمەتگوزاری دارتاشی**

پشت بەست بە خشتەی (٢٧) و (٢٨) دیارکەوتووە کە ژمارەی کارگەکانی ئەم کەرتە بریتییە لە(٣٦) کارگە کە (٩٩)کرێکار کاری تێدا دەکەن، ئەم کارگانە (٣٢ ) کارگەیان کەوتونەتە قەزای سەنتەرەوە و (٨٧ ) کارگەیش لەناحیەکانی دیکەی سەربە ناوچەی توێژینەوە بەجۆرێک لەناحیەی خورماڵ (٢) کارگە هەیە کە (٧) کەس کاری تێدا دەکەن، بەڵام لەناحیەی سیرواندا( ٢) کارگە هەیە کە ( ٥) کەس کاری تێدا دەکەن کە کۆی گشتی سەرمایەی وەبەرهێن تێیدا بۆ هەر کارگەیەکی دەگاتە( ١٨ ) ملیۆن دینار عێراقی، هەرچی تایبەتیشە بە ڕێژەی کارگە خزمەتگوزارییەکانی دارتاشی ئەوا (٤٥ %)ی کۆی کارگە نیمچە پیشەسازییەکان پێکدێنێت.

**٢- خزمەتگوزاریی کادار**

ئەم پیشەسازییە بریتییە لە هاڕینی تەختە و داری وشک و پاک و فرۆشتنەوەی بە کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی مریشک و پرۆژە ئاژەڵی و ڕووەکیەکانی دیکە، وە ژمارەی کارگەکانی ئەم پیشەسازییە بریتییە (١) کارگە، کە (٣) دەستیکار لەخۆ دەگرێت، بەجۆرێک لە سەنتەردا قەزادا (١) کارگە هەیە و لە ناحیەی خورماڵ و سیروان و بیارە و بەمۆشدا کە کۆی گشتی سەرمایەی تێدا وەبەرهێن تێیدا دەگاتە (١١) ملیۆن دینار عێراقی، لەڕووی ڕوووبەرەوە پیشەسازیی کاداری لەناوچەی توێژینەوە (٨,١٨%)ی ڕووبەری کارگە نیمچە پیشەسازییەکان پێکدێنێت .

**٣- خزمەتگوزاریی ئاسنگەری**

ئەم پیشەسازییە لە پارێزگای هەڵەبجەدا مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەجۆرێک سەرەتا ئاسنگەرەکان تەنها شتومەکی سادەیان دروستکردووە، نەختە نەختە گەشەیکردووە، تا ئەوەی لەساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا گەیشتۆتە لوتکە، بەڵام لەپاش پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لەساڵی (٢٠٠٣)ئەم پیشەسازییە لەناوچەی توێژینەوە ڕووی لە کزیکردووە، ئەمەیش بەهۆی باڵایی کەلوپەلی هاوردەی تەختە و ئەلەمنیۆم کە جوانتر و پاکترن بەبەراورد لە شمەکی لەئاسن دروستکراو. وەک لە خشتەی (٢٧) و (٢٨)دا هاتووە ئەوا لەناوچەی توێژینەوە ژمارەی کارگەکانی

---

[1] ڕزگار مستەفا محمدئەمین، هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافییەکانی جێگیربوونی پیشەسازیی لەقەزای پشدەر، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ٢٠١٦، ل ٩٢.

*کەرتی خزمەتگوزارییە پیشەسازییەکان: کەرتێکی نیمچە پیشەسازییە بەجۆرێک کۆمەڵێک پیشە لەخۆدەگرن کە دەچنە خزمەتی مرۆڤەوە بەڵام پیشەسازیی تەواونین، واتا گۆڕینێکی بنچینەیی ئەنجام نادەن هەربۆیە ناتواندرێت بە پیشەسازیی هەژماربکرێن، لەکاتێکدا ناشتواندرێت بەدەربکرێت لەپیشەسازیی، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بەباشمان زانی ئاماژە بەم کەرتەش بکەین.

ئاسنگەریی بریتین لە (٤٢) کارگەی بچکۆلانە کە (٨٤) کەس کاری تێدا دەکەن، لەم ژمارەیەیش (٢٤)کارگەی لەقەزای سەنتەردایە، سەرباری ئەوەی لەناحیەی خورماڵیشدا (١٤) کارگە و لەناحیەی بیارەیەیشدا (١) کارگەی ئاسنگەری هەیە، سەرباری ئەوەی لەناحیەی سیرواندا (٣)کارگەی ئاسنگەری هەیە ، و بەگشتیش سەرمایەی ئەم کارگانە تایبەتین لە (٤) ملیۆن دینار بۆهەر کارگەیەکی بچکولانە. هەرچی تایبەتە بە رێژەی کارگە ئاسنگەرییەکان لەکۆی کارگە نیمچە پیشەسازییەکان ئەوا (٥٣,١٦%) ی ئەو کارگانە و (١٤,٠٣%)ی ڕووبەری ئەم کەرتە پێکدێنێت.

**خشتەی (٢٣)**

**دابەشبوونی جوگرافی جۆرەکانی پیشەسازیی دارتاشی لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی( ٢٠٢١)**

| کارگە نیمچە پیشەسازییەکان | جۆری پیشەسازیی | ژ.کارگە | % لەکۆی کارگەکان | ڕووبەری زەوی بەم٢ | % لەکۆی ڕووبەری کارگەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| | دارتاشی | ٣٦ | ٤٥,٥٦ | ٥٧٠٠ | ٧٧,٧٤ |
| | کاداری | ١ | ١,٢٦ | ٦٠٠ | ٨,١٨ |
| | ئاسنگەری | ٤٢ | ٥٣,١٦ | ١٠٣٣ | ١٤,٠٧ |
| **کۆ** | – | **٧٩** | **١٠٠** | **٧٣٣٢** | **١٠٠** |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.

**خشتەی (٢٤)**

**دابەشبوونی جۆریی خزمەتگوزاری دارتاشی لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی(٢٠٢١)**

| ژ | جۆری پیشەسازیی خزمەتگوزاری | یەکەی کارگێری | ژ.کارگە | دەستیکار | سەرمایە بەدینار | یەکەی پیوانە | توانستەی بەرهەم رۆژانە | قەبارەی کارگە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | بچوک | مام ناوەند | گەورە |
| ١ | **دارتاشی** | سەنتەر | ٣٢ | ٨٧ | ٥٧٦ملیون | م | ٣٠٠م | | ✓ | |
| | | خورماڵ | ٢ | ٧ | ٣٨ | | ٢٠ | ✓ | | |
| | | سیروان | ٢ | ٥ | ٣٠ | | ١٨م | ✓ | | |
| | | کۆی پارێزگا | ٣٦ | ٩٩ | ٦٤٤ملیون | | ٣٣٨م | | | |
| ٢ | **کاداری** | سەنتەر | ١ | ٣ | ١١ملیون | م | ٤٥م | ✓ | | |
| | | کۆی پارێزگا | ١ | ٣ | ١١ملیون | م | ٤٥م | | | |
| ٣ | **ئاسنگەریی** | سەنتەر | ٢٤ | ٤٦ | ٩٧ملیون | م | ٢٢٠م | ✓ | | |
| | | خورماڵ | ١٤ | ٢٩ | ٣٢ملیون | م | ١١٥م | ✓ | | |
| | | سیروان | ٣ | ٧ | ٨ملیون | م | ٢٨م | ✓ | | |
| | | بیارە | ١ | ٢ | ٢ملیون | م | ٩م | ✓ | | |
| | | کۆی پارێزگا | ٤٣ | ٨٤ | ١٣٩ملیون | | ٣٧٢م | | | |
| | **کۆی گشتی** | | **٨٠** | **١٨٦** | **٧٩٤ملیون** | | **١٠٥٥م** | | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە :سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.

پشتبەست بە خشتەی ( ٢٧ ) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە دابەشبونی کارگە پیشەسازییەکان لەناوچەی توێژینەوە بەپێی یەکە کارگێرییەکان چون یەک نییە، بەجۆرێک قەزای سەنتەر (٦٠%)ی کۆی ڕووبەری زەوی بەکارهێندراو بۆ مەبەستی پیشەسازیی لەخۆدەگرێت، دواتریش ناحیەی

سیروان به لەخۆگرتنی (٢٤,١٣%)ی کۆی زەوییە پیشەسازییەکان و ناحیەی خورماڵ و بیارەش بەشێوەی یەک لەدوای یەک (٨,٩٦) و (٤,٨٢)ی زەوی پیشەسازیی ناوچەکەیان بەرکەوتووە، لەکۆتاشدا ناحیەی بەمۆ کە تەنها (٠,٦٨%)ی ڕووبەری زەوییە تەرخانکراوەکانی بواری پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت.

لەکاتێکدا ڕێژەی بەکارهێنانی لەناحیەکانی ناوچەی توێژینەوە بەراورد بە ڕووبەری گشتی ناحیە و ڕووبەری گشتی پارێزگایش چوونیەک نییە، هەربۆیە، دەتوانین بڵێین زۆرترین ڕووبەری بەکارهێندراو بۆ پیشەسازیی لەئاست ڕووبەری ناحیە و ڕووبەری گشتی پارێزگایش لە قەزای سەنتەردایە کە ڕێژەکانی بەشێوەی یەک لەدوای یەکتر بریتین لە (٠,٤٤%) و (٠,٠٠٦%) ، لەکاتێکدا کەمترینی لەناحیەی بیارەیە کە ڕێژەکانی بەشێوەی یەک لەدوای یەکتر دەکاتە (٠,٠٢ %) و (٠,٠٠٤%) ، واتا کەرتی پیشەسازیی (٠,٠٥١%)ی کۆی ڕووبەری پارێزگای هەڵەبجە دەگرێتەوە.

**خشتەی (٢٥)**

**ڕووبەری بەکارهێندراو بۆ پیشەسازییەکان لەیەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی (٢٠٢١)**


| ژ | یەکەی ئیداری | ڕووبەری یەکەی کارگێڕیی/کم٢ | ڕووبەری بەکارهێندراو/م * | % لەکۆی ڕووبەری بەکارهێندرا بۆ پیشەسازیی لەیەکەی ئیداری | %ی کۆی ڕووبەری یەکەی ئیداری | %لەکۆی ڕووبەری پارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەنتەری قەزا | ١٤ | ٦٢٧٥٢ | ٦٠ | ٠,٤٤ | ٠,٠٠٦ |
| ٢ | ناحیەی سیروان | ٤٤٩,٢ | ٢٤٩٣٣ | ٢٤,١٣ | ٠,٠٥ | ٠,٠٢٤ |
| ٣ | ناحیەی خورماڵ | ٢٦٠,٧ | ٩٣٦٢ | ٨,٩٦ | ٠,٠٣ | ٠,٠٠٨ |
| ٤ | ناحیەی بیارە | ١٨٧,٩ | ٥٠٣٣ | ٤,٨٢ | ٠,٠٢ | ٠,٠٠٤ |
| ٥ | ناحیەی بەمۆ | ١٣٣,٨ | ٧٤٥ | ٠,٦٨ | ٠,٠٥ | ٠,٠٠٧ |
| – | کۆی گشتی | ١٠٤٥,٦،١کم٢ | ١٠٢٩٢٠ | ١٠٠ | ٠,١٩٩ | ٠,٠٥١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست به : ١-فۆرمی ڕاپرسی.

٢-خشتەی (١-٣) ، *مەتر گۆڕاوە بۆ کم٢

شیوەی (٢)

دابەشبوونی جۆریی کارگە پیشەسازییەکان لەپاریزگای هەلەبجە




سەرچاوە: کاری تویژەر پشت بەست بە خشتەی (١٦)

## باسی دووەم: دابەشبوونی پیشەسازیی ژمارەی کارگەکان لەناوچەی توێژینەوە

بەرەوپێشچوونی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە پشتبەست به بنەما ئابوریەکان و ژمارەی دانیشتوان قۆناغ بەقۆناغ لەبەرەوپێشچوندا بووە، سەرەتا به (درومان و چەخماخچێتیی) دەستیان پێکردووە، لەئێستادا پیشەسازیی له ناوچەی توێژینەوە گەیشتۆته کارگەی پیشەسازیی زۆر پێشکەوتووە بواری جیاواز، که لێرەدا دابەشبونی جوگرافی ژمارەیی وجۆرییان بەوردی باس دەکەین. دابەشبوونی جوگرافی بۆ کارگەی پیشەسازیی ئاماژەیه بۆ ئەو هەرێمانەی که کارگەکەی تێدایه و تێیدا باشترین خاڵ بۆ دامەزراندنی کارگەکه هەڵبژێردراوە، ئەمەیش پێویستی به توێژینەوەی وردە[1]. کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە لەڕووی ژمارە و دەستی کار و سەرمایەوە وەکو یەک دابەش نەبوون، بەڵکو دوابەدوای کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەپێی شوێن توێژەر هەستاوە بەخستنەڕووی دابەشبووونی تایبەتمەندیی جوگرافیانەی ژمارەیی کارگەکان لەپارێزگای هەڵەبجەدا، بەجۆرێک بەتیبینی کردنی خشتەی (١٣) بۆمان ڕووندەبیتەوە که دابەشبوونی ژمارەیی کارگە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجه بەپێی یەکه کارگێرییەکان دەگۆڕێت، ئەمەیش لەسایەی دەستەبەری بنەما ئابوری و جوگرافیەکانی ناوچەی توێژینەوەوە، بۆئەمەیش پشتبەست راوە به کۆکردنەوەی زانیاری ژمارەیی دەربارەی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە و سوود وەرگرتن لەم زانیاریانه لەریگەی دابەزاندنی بۆسەر نەخشەی جوگرافی پشتبەست به سیستمی (GIS)و بەگشتی دەبینین که ناحیەی سەنتەری هەڵەبجه (٦٠,٩٩%)ی کۆی کارگه پیشەسازییەکانی پارێزگاکه لەخۆدەگرێت ئەمەیش بەهۆی کۆبونەوەی دانیشتوان و سەرمایه و پاشان ناحیەی سیروان دێت بەلەخۆگرتنی (٢٤,١٢%)ی کۆی ژمارەی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە، دواتریش ناحیەکانی خورماڵ و بیاره بەڕێژەی یەک لەدوای یەکی (٩,٩٣ و ٤,٩٦%)ی کۆی ژمارەی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە لەخۆدەگرێت، بەڵام ناحیەی بەمۆ (٠%)ی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت.

**خشتەی (٢٦)**

**دابەشبوونی جوگرافی ژمارەی کارگه پیشەسازییەکان لەپارێزگای هەڵەبجه بۆ ساڵی ٢٠٢١**

| ژ | یەکەی کارگێڕی | ژمارەی کارگه | % |
|---|---|---|---|
| ١ | ناحیەی سەنتەر | ٨٦ | ٦٠,٩٩ |
| ٢ | سیروان | ٣٤ | ٢٤,١٢ |
| ٣ | خورماڵ | ١٤ | ٩,٩٣ |
| ٤ | بیاره | ٧ | ٤,٩٦ |
| ٥ | بەمو | ٠ | ٠ |
| کۆ | - | ١٤١ | %١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست به:

-سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.

١)حنان عبدالكريم عمران، دور مصادر الطاقة في تحديد المواقع الصناعية، مجلة كلية تربية الاساسية للعلوم التربوية و الانسانية، جامعة بابل، العدد ١٨، كانون الاول ٢٠١٤، ص٢١٦

هەرچی تایبەتیشە بە دابەشبوونی جوگرافی سەرمایەی نەختینەیی بەپێی یەکە کارگێڕییەکان، پشتبەست بە خشتەی (١٤) ئەوا ناحیەی سەنتەری هەڵەبجە ( ٦٩,٨٥%)ی کۆی سەرمایەی ناوچەی توێژینەوە لەخۆدەگری ئەمەیش بەهۆی کۆبونەوەی زۆرترین دانیشتوان و فەرمانگەکارگێڕییەکان لەناحیەی سەنتەردا، پاشان ناحیەی سیروانیش ریژەی (٢٨,٨٥%)ی کۆی سەرمایەی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنیت، کە ئەمەیش بازدانێکی مەزنە بەسەر ناحیەی خورماڵدا بەوپێیەی ناحیەکانی خورماڵ و بیارە بەرێژەی یەک لەدوای یەکی (١,٢٤ و ٠,١٥ %)ی کۆی سەرمایەی ژمارەیی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە لەخۆدەگرن .

**خشتەی(٢٧)**

**دابەشبوونی جوگرافی سەرمایەی نەختینەیی کارگەکانی پیشەسازیی لە پارێزگای هەڵەبجە**

| ژ | یەکەی کارگێڕی | سەرمایەی نەختینەیی | % |
|---|---|---|---|
| ١ | ناحیەی سەنتەر | ١٠,٣١٢ملیار | ٦٩,٨٥ |
| ٢ | خورماڵ | ١٦٦ ملیون | ١,٢٤ |
| ٣ | سیروان | ٤,٢٦٠ ملیار | ٢٨,٨٥ |
| ٤ | بیارە | ٢٣ ملیۆن | ٠,١٥ |
| ٥ | بەمو | - | - |
| تێکرا | | ١٤،٧٦١ ملیار | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١-سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی، بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازیی، بەشی پلاندانان، ٢٠٢١ " سەرچاوەی پیشوو.

**١-دەستی کار**

پشتبەست بە خشتەی (١٥) دابەشبوونی جوگرافی ژمارەی دەستی کاری کەرتە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە، ئەوا ناحیەی سەنتەری هەڵەبجە(٧٣,٩٠ %)ی کۆی دەستیکاری ناوچەی توێژینەوە لەخۆدەگرێت، دواتر ناحیەی خورماڵ رێژەی (١٢,٢٢%)ی کۆی دەستیکاری ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت، پاشان ناحیەکانی سیروان و بیارە بەریژەی یەک لەدوای یەکی (١١,١٣ و ٢,٧ %)ی کۆی دەستیکاری کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە لەخۆدەگرێت و هەرچی ناحیەی بەمۆیشە بەهۆی نەبوونی داتاوە نەتوانراوە بزانریت چەند کریکار لەبواری پیشەسازیدا کاردەکەن.

**خشتەی (٢٨)**


**دابەشبوونی جوگرافی دەستیکار لە پارێزگای هەڵەبجە**

| ژ | یەکەی کارگێڕی | ژ. دەستی کار | % |
|---|---|---|---|
| ١ | ناحیەی سەنتەر | ٦٧٧ | ٧٣,٩٠ |
| ٢ | خورماڵ | ١١٢ | ١٢,٢٢ |
| ٣ | سیروان | ١٠٢ | ١١,١٣ |
| ٤ | بیارە | ٢٥ | ٢,٧ |
| ٥ | بەمۆ | ٠ | - |
| تێکرا | | ٩١٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە : سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.

**نەخشەی (١٠)**

**دابەشبوونی سەرمایە بەپێی یەکە کارگێرییەکانی پارێزگای هەڵەبجە**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بەخشتەی(١٤) .

### ٢-ژمارەی کارگەکان

لەکاتێکدا بەپێی خشتەی ژمارە (١٦) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕێژەی کارگەکان بەپێی کەرتەکان جیاوازییەکی زۆریان لەنێواندایە، بەجۆرێک کەرتی خۆراکی لە لوتکەدایە، بەوپێیەی (٤٧,٥١%)ی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە لەخۆدەگرێت، پاشان کەرتی کانزایی بەپلەی دووەم دێت کە دوایین کەرتە و ڕێژەی ( ٣٥,٤٦%)ی زەوی کەرتەکانی لەخۆگرتووە، دواتریش کەرتەکانی بیناکاری و کیمیایی بە لەخۆگرتنی (٩,٢١%) و (٤,٢٥%) و (٣,٥٤%) کەرتەکان لەپلەی پێش کۆتایی کەرتەکانەدا دێن، لەکۆتاشدا کەرتی چاپەمەنی دێت کە (٣,٥٤%)ی کەرتی پیشەسازیی ناوچەکەی پێکهێناوە.

هەروەها لەناوچەی توێژینەوە لەکۆی کارگەکان تەنها دوو کارگەیان ژمارەی دەستیکاریان لە (١٠)کرێکار زیاترە، کە ڕێژەی (١,٣٩%)ی کۆی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە و (٢,٧٢%)ی کۆی دەستیکاری پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا پێکدێنێت.

**خشتەی (٢٩)**

**ڕێژەی جۆری پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجە**

| ژ | جۆری پیشەسازیی | ژمارەی کارگە | % لەکۆی کارگەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | بیناکاریی | ١٣ | ٩,٢١ |
| ٢ | خۆراکیی | ٦٧ | ٤٧,٥١ |
| ٣ | کانزایی | ٥٠ | ٣٥,٤٦ |
| ٤ | کیمیایی | ٦ | ٤,٢٥ |
| ٥ | چاپەمەنی | ٥ | ٣,٥٤ |
| کۆی گشتی | - | ١٤١ | ١٠٠ |


سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١-سەردانی مەیدانی بۆناوچەی توێژینەوە و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری.

٢-وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی، بەریوەبەرایەتی گشتی گەشەپیدانی پیشەسازیی، بەشی پلاندانان، ٢٠٢١

**نەخشەی (١١)**

**دابەشبوونی ژمارەی کارگە و کریکار بەپێی یەکە کارگێرییەکانی پارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بەخشتەکانی(١٥) و (١٦) .

لەئەنجامی ئەم بەشەدا گەیشتوینەتە چەند راستییەک، دیارترینیان بریتیین لە:

١- کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە لەڕووی ژمارە و دەستی کار و سەرمایەوە وەکو یەک دابەش نەبوون، بەلکو بەپێی یەکە کارگێرییەکان ئەم کارگانە دابەشبوون، بەجۆریک لەناحیەی سەنتەردا (٨٥) کارگە و لەناحیەی خورمالدا (١٤) کارگە و لەناحیەی سیرواندا (٣٤) کارگە و لەناحیەی بیارەشدا (٧) کارگە و لەناحیەی بەمۆشدا (١) کارگە هەیە، بەکۆی گشتی لەناوچەی توێژینەوەدا (١٤١)کارگەی پیشەسازیی و (٨٠)کارگەی نیوچە پیشەسازیی هەیە.

٢- لەڕووی سەرمایەوە لەناوچەی توێژینەوەدا (١٤١٤٧٦١)ملیار دینار لەبواری پیشەسازییدا بەگەرخراوە، ئەم برەش بەشیوەی ناچونیەک بەسەر پینج یەکەی گارگێرییدا دابەشبووە.

٣- لەناوچەی توێژینەوەدا (٩١٦) کەس لەبواری پیشەسازییدا کاردەکەن.

٤- لەڕووی زەوی بەکارهیندراو بۆ پیشەسازیشەوە ئەوا (١٠٢٩٢٠م٢) زەوی بۆ بواری پیشەسازیی بەکارهاتووە.

٥- لەڕووی جۆرییەوە لەناوچەی توێژینەوەدا (١٣)کارگەی بیناکاری و (٦٧)کارگەی خۆراکی و (٥٠)کارگەی کانزایی و (٦)کارگەی کیمیایی و (٥)کارگەی چاپەمەنیش هەیە.

# بەشی سێیەم

## کاریگەری بنەما جوگرافیەکان لەسەر جێگیر بوونی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە

### باسی یەکەم: بنەماکانی جێگیربوونی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە

### باسی دووەم: پوختەی دووبارەبوەوەی جیگیربوون لەکۆی جۆری پیشەسازییەکان

## بەشی سێیەم : کاریگەری بنەما جوگرافیەکان لەسەر جێگیربوونی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە

جێگیربوونی کەرتی پیشەسازیی لە ناوچەی توێژینەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک بنەما کە ئەوانیش بەپێی جۆری پیشەسازییەکان دەگۆرێت و لەم روانگەیشەوە ئەم بەشەمان دابەشی چەند تەوەرێک کردوە، ئەوانیش:

**باسی یەکەم: بنەماکانی جێگیربوونی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە**

پیشەسازیی چەندین بنەما هەیە بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردن و مانەوەی و ئەوانیش: (سەرمایە، بازاڕ، کەرەستەی خاو، دەستی کار، ئاسایش، شوێنی جوگرافی، ڕێگای گواستنەوە، سیاسەتی ئابووری..هتد)، وە بەبێ بوونی یەکێک لەم هۆکارانە ئەوا ئەو کەرتە پیشەسازییە بە کەرتێکی ناتەواو دێتە ئەژمار کردن.توێژەر بۆ ئەوەی بزانێت کامە هۆکار بوەتە هۆی جێگیر بوونی پیشەسازییەکان لە پارێزگای هەڵەبجە هەستاوە بە جێگیر کردنی هۆکارەکانی جێگیر بوونی پیشەسازیی لە فۆرمی توێژینەوەدا و پرسیاری لە خاوەن کارگەکان کردووە بۆ ئەوەی بزانێت کامە هۆکار کاریگەربووە لەسەر جێگیر بوونی پیشەسایەکەی لەوشوێنەدا، دەرئەنجام دەرکەوتووە کە بنەمای جێگیربوونی پیشەسازی لە ناوچەی توێژینەوە بەم شێوەیە:

**خشتەی (٣٠)**

**بنەماکانی جیگیربوونی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە**

| ژ | جۆر | ژمارەی کارگە | بنەما ئابورییەکان | | | | | بنەما جوگرافیەکان | | | حەزی تایبەتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | % سەرمایە | % هۆکاری ریگای گواستنەوە | % هۆکاری بازار | % هۆکاری دەستیکار | % سەرچاوەی ووزە | % سەرچاوەکانی ئاو | % کەرەستەی خاو | % هۆکاری زەوی | |
| ١ | بیناکاریی | ١٣ | ٢٣,٥٢ | ١٤,٢٩ | – | – | – | ٧,٦٩ | ١٣,٣٣ | ١٠ | ٦,٢٥ |
| ٢ | خۆراکیی | ٦٧ | ٣٨,٢٣ | ١٤,٢٩ | ٥٠ | ٧٥ | ٥٣,٣٣ | ٥٣,٨٤ | ٣٣,٣٣ | ٥٠ | ٦٨,٧٥ |
| ٣ | کانزایی | ٥٠ | ١٧,٦٧ | ٦٤,٢٧ | ٤١,٦٦ | ٢٥ | ٤٦,٦٦ | ٣٨,٤٦ | ٥٣,٣٣ | ٤٠ | ١٢,٥ |
| ٤ | کیمیایی | ٦ | ١٤,٧٠ | – | – | – | – | – | – | – | ٦,٢٥ |
| ٥ | چاپەمەنی | ٥ | ٥,٨٨ | ٧,١٤ | ٨,٣٣ | – | – | – | – | – | ٦,٢٥ |
| کۆ | – | ١٤١ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە فۆرمی راپرسی.

**یەکەم: بنەمای ئابوری**

**بنەما ئابورییەکانی کاریگەرییەکی مەزنیان هەیە لەسەر جیگیربوونی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەدا، ئەم هۆکارانە چەند جۆریکن، ئەوانیش:**

**أ-سەرمایە**

پیشەسازیی نوێ پێویستی بەسەرمایەی گەورەیە بۆ کرینی ئامێری پێشکەوتو و خاوەکان و دابینکردنی کرێی کرێکار و شوێن و خەرجیە هەمەجۆرەکانی دیکە، ئەمەیش وایکردووە ولاتە هەژارەکان بنالێنن بەدەست کەمی کارگەی پێشکەوتوەوە، دواجاریش ئەمە دەبێتە هۆی کرانەوەی دەروازەکان بۆ هاوردەکردن یاخود رێگەدان بەسەرمایەی بیانی بۆ دامەزراندنی کارگەی پیشەسازیی لەخاکی ولاتەکەیدا بە قبولکردنی مەرجە قورسەکانی ئەو کۆمپانیانیانەیش، ئەم سەرمایە بیانیانەیش گەر زامنکاریکی قازانجیان نەبێت روو لە ولاتە دواکەوتوەکان ناکەن و پەیوەستن بە باری سیاسی ولاتانەوە[1]، بەشێوەیەکی گشتیش سەرمایە بنچینەی بڵاوبونەوەی پیشەسازییە لە پاریزگای هەڵەبجەدا، بەجۆریک بەهۆی کەمی سەرمایەوە پرۆژە پیشەسازییە قەبارە بچووک و ناوەنجیەکان لەگەشەدان و پرۆژە گەورە پیشەسازییەکانی تێدا کەمە، بەجۆرێک پشتبەست بە خشتەی (٣١) و شیوەی (٣) بۆمان روون دەبێتەوە کە فاکتەری سەرمایە وەکو هۆکاریک بۆ جیگیربوونی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە بۆ کەرتەکانی پیشەسازیی هاوتانییە، بەڵکو جۆراوجۆرە، بۆنمونە پشتبەست بە هۆکاری سەرمایە ئەوا کەرتی خۆراکی لەکۆی (٦٧)کارگە (١٣)خاوەن کارگەیان بەهۆکاری سەرمایە کارگەکانیان لەناوچەکەدا دامەزراندووە کە دەکاتە (٢١,٥٢%)ی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوون لە ناوچەی توێژینەوە، لەکاتێکدا ئەم هۆکارە (١٩,٤٠%)ی رێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست هەمان کەرتی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت، واتا سەرمایە بۆ ئەم کەرتە رۆڵێکی مەزنی گێراوە. لەکاتێکدا رێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوون بۆ کەرتی بیناکاری بریتییە لە ( ٣٨,٢٣%) و رێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست هەمان کەرت بۆکەرتی خۆراکی بریتییە لە ( ٦١,٥٣%) . ئەم رێژانە بۆکەرتی کانزاکاری بەجۆرێکی ترە، بەچەشنێک رێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوون بۆ کەرتی کانزایی بریتییە لە (١٧,٦٧%) و رێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست هەمان کەرت بۆکەرتی کانزاکاری بریتییە لە (١٢%) . بەڵام رێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوون بۆ کەرتی کیمیایی بریتییە لە (١٤,٧٠%) و رێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست هەمان کەرتیش بریتییە لە (٨٣,٣٣ %)، بەڵام بۆکەرتی چاپەمەنی رێژەی بنەمای جگیربوون لەئاست کۆی بنەمای جگیربوون بریتییە لە (٥,٨٨%) و ، لەکاتێکدا رێژەی بنەمای جگیربوونی سەرمایە لەئاست هەمان کەرت بۆکەرتی چاپەمەنی بریتییە لە (٤٠ %) و بەگشتیش ریژەی سەرمایەی ناوخۆیی وەک هۆکاریک بۆ جیگیربوونی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەدا بریتییە لە (٨٤,٦%) و سەرمایەی دەرەوەی پاریزگایش بەریژەی (١٥,٤%)کاریگەری هەیە.

[1]) د.علي احمد هاروون، جغرافية الصناعية، الطبعة الاولى، دارالفكر العربي، قاهرة ٢٠٠٢، ص٦٠

## خشتەی (٣١)

## بنەمای سەرمایە بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە

| هۆکاری جگیربوون | لقی پیشەسازیی | ژمارەی کارگە | *بنەمای جگیربوون بە ژمارە | % بنەمای جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوون | % بنەمای جگیربوون بەرێژە لەئاست هەمان کەرت | % سەرمایەی ناوخۆی پاریزگا % | % سەرمایەی دەرەوەی پاریزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرمایە | بیناکاریی | ١٣ | ٨ | ٢٣,٥٢ | ٦١,٥٣ | ٧٣ | ٢٧ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ١٣ | ٣٨,٢٣ | ١٩,٤٠ | ٨٩ | ١١ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٦ | ١٧,٦٧ | ١٢ | ٨٤ | ١٦ |
| | کیمیایی | ٦ | ٥ | ١٤,٧٠ | ٨٣,٣٣ | ٩٠ | ١٠ |
| | چاپەمەنی | ٥ | ٢ | ٥,٨٨ | ٤٠ | ٨٧ | ١٣ |
| | کۆ | ١٤١ | ٣٤ | ١٠٠ | | ٨٤,٦ | ١٥,٤ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بەسەرچاوەی خشتەی ( ٢-٤) و زانیارییەکانی نیو فۆرمی راپرسی.

* ڕێژەی هۆکاریی بەپێی فۆرمی ڕاپرسی وەرگیراوە.

## شێوەی (٣)

## هۆکاری سەرمایە بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی ( ٣١ )

**ب: ڕێگاکانی گواستنەوە**

گواستنەوە دووکرداری گرنگ ئەنجامدەدات: یەکەمیان ئەوەیە ، کە گواستنەوە کردارێکی تەواوکارییە، ئەوەیە کە گەیاندنی کەلوپەل و مادده سەرەتاییەکان و دەستی کارکەر و هێزی جوڵێنەر بۆ پیشەسازیی و کەرتە خزمەتگوزارییەکان ئاساندەکات، دووەمیان خودی خۆی دەبێتە گەیاندنی کەلوپەلە بەرهەمەهێنراوەکان لەو کەرتە ئابوورییانە بۆ مەڵبەندەکانی بەکاربردن[1] واتە بەمانای ئەوەی چالاکی ئابووری دەبێتە هۆکارێک بۆ دروستبوونی گواستنەوە و گەیاندن. ڕێگاکانی هاتووچۆش لە هەندێک ناوچەند ا دروست دەبن، کە ئاوەدانی تێدا دروستبووەو ڕەگەزی کۆچی تیایە جێگیربووە[2]، دروستکردنی ئەم ڕێگایانە دەبێتەمایەی بوژانەوەی ژیانی ئابووری و دەستەبەرکردنی گواستنەوەی کەل وپەل و خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی ئاسان، واتا ڕێگای گواستنەوە یەکێکە لەوبنەما گرنگانەی کە پەیوەندی بە ژێرخانی ئابوورییەوە هەیە[3]، لەلایەکی تریشەوە کاردەکاتە سەرقەبارەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازیی،چونکە بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت، لە گەیاندنی بەرووبومە پیشەسازییەکان بۆ ناوچەکانی بە کاربردن، بەوپێیەی ڕێگای گواستنەوە بە شێوەیەکی سروشتی لە دایکبوونی ئاڕاستەی چالاکی ئابووری و فراوانی بوون و تایبەتمەندبوونە لە بەرهەمهێناندا، وەلەوانەیە ئەمەش پێچەوانە بێت بە شێوەیەک، کە چالاکی ئابووری و گەشەپێدانی ئابووری بەهۆی ڕێگای گواستنەوە بن.

ڕێکخستنی گواستنەوەیی کاریگەری هەیە لەسەر شێوازی ژیانی پیشەسازیی ناوچەی توێژینەوە و پێشکەوتنی ئابوورییەکەی، یارمەتیدەریشە لە زیادکردنی هاوکێشەی نەشونماکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ماوەی پێکەوە بەستنی ناوچە دوورەکان بە مەڵبەندەکانەوە، لەبەر ئەمانە زیاکردنی ڕێگاکانی هاتوچۆ کە ئاماژەی بە شارستانی بوونە کاردەکاتەسەر ئاستی توانستە بەرهەمهێنان و ئاسانی ساغکردنەوەی بەروبومە پیشەسازییەکان. پشتبەست بەخشتەی (٣٢) و شیوەی (٤) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ڕێگاکانی گواستنەوە ئەوپەڕی کاریگەری لەسەر کەرتی کانزایی هەیە، بەوپێیەی (٦٤,٢٧%)ی ڕێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوون پێکدێنێت، لەکاتێکدا (١٨%)ی هۆکاری جگیربوون لەئاست هەمان کەرتیش دەگرێتەوە، ئەمەش بەهۆی جۆری کەرەستەی خاوو چەشنی کەرەستەی بەرهەمهاتووی ئەم کەرتەوەیە، کە پێویستی بە ڕێگای هاتوچۆی هەرزانە، بەڵام دیسانەوە ڕێگاکانی هاتووچۆ کەمترین کاریگەری لەسەر کەرتی کیمیایی هەبووە کە هیچ یەکێک لەخاوەن کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە ڕێگای هاتوچۆیان بە هۆکاری دامەزراندنی کارگەکانیان نەزانیوە.

---

١)عبدالعزيز محمد حبيب و يوسف يحيى طعماس، جغرافية النقل والتجارة الدولية، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، (بدون سنة الطبع)، ص٢٠٧.

٢)صلاح الدين الشامي،جغرافية النقل والمواصلات ، دار الطباعة الحديثة، القاهرة، ١٩٦٠، ص٥.

٣)سەلاحەدین حەفید،ئابووری کوردستان(١٩٧٧-١٩٩٠) ، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ، ٢٠٠٠،ل١٧٨.

## خشتەی (٣٢)

## بنەمای ڕێگاکانی گواستنەوەی بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە

| بنەمای جگیربوون | لقی پیشەسازیی | ژمارەی کارگە | *بنەمای جگیربوون بە ژمارە | %بنەمای جگیربوون لەئاستی کۆی هۆکاری جگیربوون | %بنەمای جگیربوون بەرێژە لەئاستی هەمان کەرت |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێگاکانی گواستنەوە | بیناکاریی | ١٣ | ٢ | ١٤,٢٩ | ١٥,٣٨ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ٢ | ١٤,٢٩ | ٢,٩٨ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٩ | ٦٤,٢٧ | ١٨ |
| | کیمیایی | ٦ | – | – | – |
| | چاپەمەنی | ٥ | ١ | ٧,١٤ | ٢٠ |
| | کۆ | ١٤١ | ١٤ | ١٠٠ | |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشت بەست بە فۆرمی ڕاپرسی و وەرگرتنی زانیاریی.

## شێوەی (٤)

## بنەمای ڕێگاکانی گواستنەوەی بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی ( ٣٢)

### ج: بازاڕ

بازاڕ گرنگترین بنەمای پیشەسازییە، بەوپێیەی ساغکەرەوەی تەواوی بەرهەمەکانە، جا ئەم بازاڕانە ناوخۆیی بن یاخود دەرەکی، ئەم بازاڕانەیش بەپێی ژمارەی دانیشتوان و ئاستی بوونی سەرمایە لای خەڵک و پێویستە بەرهەمەکەیش بۆ پڕکردنەوەی خواستی خەڵکەکەی جیاوازە[1]، بازار هاوتای سەرچاوەی ووزە و کەرەستە خاوەکان کاریگەری لەسەر بەرهەمەکان هەیە، وەک چۆنیش دامەزراندنی هەر کارگەیەک لەهەر ناوچەیەکدا بەجۆرێک هۆکارە بۆ بەهێزبوون و گەورەبوونەوەی بازاری ناوچەکە، وە ئەگەر دووری بازاڕ بنەمای بەرزبوونەوەی نرخی شمەکەکەبوو ئەوا کارگەکان لەنزیکی بازاردا دادەمەزرێن، بەتایبەت لەو بەرهەمانەی بەزوویی

١) علي احمد هاروون، جغرافية الصناعية، مصدر سابق، ص ٦٤

تێکدەچن، وەکو شیرەمەنی، یاخود ئەو شمەکانەی کێشیان زۆرە و نرخیان کەمە بەتایبەت پیشەسازیی ئاو[1].

پشتبەست بەخشتەی (٣٣)بۆمان ڕووندەبێتەوە کەرتی خۆراکی زۆرترین کاریگەری بازاڕی لەسەرە، هەربۆیە کارگەکانی لەنزیک بازاڕ دامەزراون بە لەخۆگرتنی (٥٠%)ی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری بڵاوبنەوە، لەکاتێکدا (٨,٩٥%)ی هۆکاری جگیربوون لەئاست هەمان کەرتی پێکهێناوە، لەبەرانبەردا کەرتی کیمیایی لەناوچەی تویژینەوە نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری بازاڕەوە، ئەمەیش بەهۆی جۆری کەرەستەی بەرهەمهاتوی ئەم کەرتە کە لەهەربازاڕێکی نزیک و دووریش دەتوانرێت ساغبکرێتەوە، بەپێی خشتەی (٣٣) و شیوەی (٥) دیارکەوتووە کە بازاری ناوخۆیی(٨٩%)ی بەرهەمە پیشەسازییەکانی ناوچەی تویژینەوەی تیدا ساغدەکریتەوە و (١١%)ی بەرهەمەکانیش لەدەرەوەی پاریزگاکە.

**خشتەی (٣٣)**

**بنەمای بازاڕ بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە**


| بنەمای جگیربوون | لقی پیشەسازیی | ژمارەی کارگە | *بنەمای جگیربوون بە ژمارە | % بنەمای جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوون | % بنەمای جگیربوون بەرێژە لەئاست هەمان کەرت | % بازاری ناوخۆی پاریزگا | % بازاری دەرەوەی پاریزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بازاڕ | بیناکاریی | ١٣ | – | – | – | ٩٠ | ١٠ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ٦ | ٥٠ | ٨,٩٥ | ٨٧ | ١٣ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٥ | ٤١,٦٦ | ١٠ | ٨٥ | ١٥ |
| | کیمیایی | ٦ | – | – | – | ٨٨ | ١٢ |
| | چاپەمەنی | ٥ | ١ | ٨,٣٣ | ٢٠ | ٩٥ | ٥ |
| | کۆ | ١٤١ | ١٢ | ٩٩,٩٩ | | ٨٩ | ١١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە فۆرمی ڕاپرسی و وەرگرتنی زانیاری.

١)د.فؤاد محمد فقار، الجغرافية الصناعية في العالم، الطبعة الاولى، من منشورات وكالة مطبوعات، الكويت، ١٩٨٠، ص٨٥

**شێوەی (٥)**

**بنەمای بازاڕ بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکان**




| | چاپەمەنی | کیمیایی | کانزایی | خۆراکیی | بیناکاریی |
|---|---|---|---|---|---|
| هۆکاری جێگیربوون بە ژمارە | 1 | 0 | 5 | 6 | 0 |
| ڕێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی هۆکارەکان | 8.33 | 0 | 41.66 | 50 | 0 |
| ڕێژەی هۆکاری جگیربوون بەڕێژە لەئاست هەمان کەرت | 20 | 0 | 10 | 8.95 | 0 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی (٣٣)

**د: دەستی کار**

بـوونی دەسـتیکاری هەرزان بنەمـای چڕبـونەوەی زۆرێـک لەپیشەسـازییەکانە لەناوچەکانـدا، سەرباری دەستەبەری دەستیکاری هونەریش بە چەندێتی و چۆنێتییەوە[١]، وە دەستەبەری دەستی کار بەپێی شوێنەکان لەڕووی بڕ و جۆرەوە، وەک یەک نییە، بۆنمونە دەستیکاری ناشارەزا لە پیشەسازیی بەزۆری لەگوندەکاندا هەن، کە بەهەرزانیش کاردەکەن، بەڵام دەستیکاری شارەزای شارنشین نرخی کارکردنیان بەزۆری زیاترە لە گوندنشین، سەرباری ئەوەی ژینگەی شارنشینی هۆکاری بەکارخستنی ئافرەتە لە پیشەسازییدا[٢].

بەتێڕوانین لەخشـتەی (٣٤) و شـیوەی(٦) بۆمـان ڕوونـدەبێتەوە کە کەرتـی خـۆراکی بەرێـژەی (%٧٥)ی بڵاوبونەوە لەئاست کۆی بنەمای جگیربوون پێکدێنێت، وە ڕێژەی (%١٣,٤٣)ی هۆکاری جگیربوون لەئاست هەمان کەرتیش، بەڵام خاوەن کارگەکانی دیکە ئەم بنەمایانە بەگرنگ نەزانیوە جگە لەکەرتی کانزایی کە (%٢٥)ی ڕێژەی بنەمای جگیربوون لەئاست کۆی بنەمای جگیربوون و (%٦)ی ڕێژەی بنەمای جگیربوون لەئاست هەمان کەرت پێکهێناوە" بەپێی هەمان خشتە(٣-٤) دیاردەکەویت کە دەستیکاری ناوخۆیی(%٨٩)ی دەستیکاری ناوچەی توێژینەوە پیکدینیت لەکاتیکدا (%١١)ی ڕیژەی دەستیکاری ناوچەکە لەدەرەوەی پاریزگاکەوەن.

١) د.علي احمد هاروون، جغرافية الصناعية، مصدر سابق، ص٥٩


٢) د. ابراهيم شريف و اخرون، جغرافية الصناعية، الطبعة الاولى، بدون اسم المطبعة، بغداد ١٩٨١، ص٧٢

## خشتەی (٣٤)
## دەستی کار وکاریگەری لەسەر جیگیربوونی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە

| بنەمای جگیربوون | لقی پیشەسازیی | ژمارەی کارگە | * بنەمای جگیربوون بە ژمارە | % بنەمای جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوون | % بنەمای جگیربوون بەرێژە لەئاست هەمان کەرت | % دەستیکاری ناوخۆیی | % دەستیکاری دەرەکی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەستی کار | بیناکاریی | ١٣ | – | – | – | ٩٠ | ١٠ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ٩ | ٧٥ | ١٣,٤٣ | ٨٥ | ١٥ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٣ | ٢٥ | ٦ | ٨٠ | ٢٠ |
| | کیمیایی | ٦ | – | – | – | ٩٠ | ١٠ |
| | چاپەمەنی | ٥ | – | – | – | ١٠٠ | ١٠٠ |
| | کۆ | ١٤١ | ١٢ | ١٠٠ | | ٨٩ | ١١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست  بە فۆرمی راپرسی و وەرگرتنی زانیاری.

## شێوەی (٦)
## دەستیکار وکاریگەری لەسەر جیگیربوونی کەرتە پیشەسازییەکان




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی (٣٤)

### هـ: سەرچاوەی ووزە

پیشەسازیی پێویستی بە سەرچاوەکانی ووزەیە بەبڕ و شێوازی جیاواز، وەک چۆنیش سەرچاوەی ووزەی هەرزان هۆکاری کێشکردنی کارگەکانە، هەندێک لەسەرچاوەکانی وزە کارگەکان ناچاردەکەن لەتەنیشتیانبن، بەڵام هەندێکی تر لەسەرچاوەی ووزە دەگوازرێنەوەو پێویست ناکات کارگەکان لەنزیکیانەوەبێت، وەکو گاز و نەوت و کارەبا[١]، بەگشتیش لە عێراقدا

١) د.علي احمد هاروون، جغرافية الصناعية، مصدر سابق، ص٥٧

خاوی کانزایی زۆرن کە دەتوانرێت ببنە بڕبڕەی پشتی کارگەکان لەهەر ناوچەیەکی عێراقدابێت، جا ئەم خاوانە نەوتبن یاخود سەرچاوەی ئاو[1].

پشتبەست بە خشتەی (٣٥) و شیوەی(٧) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە کەرتی خۆراکی بەڕێژەی ( ٥٣,٣٣%) لەژێر کاریگەری سەرچاوەکانی وزەدایە گەر ڕێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوون وەربگرین، لەپاش ئەمیش کەرتی کانزایی کە ڕێژەی ( ٤٦,٦٦%)ی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوونی پێکهێناوە، بەڵام کەرتەکانی دیکە بەڕاستەوخۆیی لەژێر کاریگەری ئەم هۆکارەدانین، بەڵکو هۆکار و بنەمای دیکە سەرچاوەی جێگیربوونیانە، هەرچی تایبەتیشە بە سەرچاوەکانی ووزە ئەوا (٨٦,٦%)ی سەرچاوەکانی ووزەی ئیشپیکەری دازگا پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە سەرچاوەی ناوخۆیین و (١٣,٤%)ی وزەی ئیشپیکەری دەزگا بەرهەمهینەرەکانییش بریتین سەرچاوەی وزەی دەرەوەی پاریزگا.

**خشتەی (٣٥)**


**کاریگەری سەرچاوەی ووزە لەسەر جیگیربوونی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە**

| بنەمای جگیربوون | لقی پیشەسازیی | ژمارەی کارگە | *بنەمای جگیربوون بە ژمارە | % بنەمای جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوون | % بنەمای جگیربوون بەرێژە لەئاست هەمان کەرت | % سەرچاوەی ووزەی ناوخۆیی | % سەرچاوەی ووزەی دەرەکی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرچاوەی ووزە | بیناکاریی | ١٣ | – | – | – | ١٥ | ٧٥ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ٨ | ٥٣,٣٤ | ١١,٩٤ | ١ | ٩٠ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٧ | ٤٦,٦٦ | ١٤ | ١٠ | ٨٧ |
| | کیمیایی | ٦ | – | – | | ١ | ٨٢ |
| | چاپەمەنی | ٥ | – | – | | ١ | ٩٩ |
| | کۆ | ١٤١ | ١٥ | ١٠٠ | | ١٣,٤ | ٨٦,٦ |

سەرچاوە: حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی کارەبا، بەروەبەرایەتی کاروباری وزەی کارەبا، راپۆرتی ساڵی ٢٠٢١، بلاونەکراوە

١) د.عبدالخليل فضيل و اخرون، جغرافية العراق الصناعية، من منشورات وزارة التعليم العالي والبحث العلمي،بغداد، بدون اسم مطبعة سنة الطبع، ص٩٦

## شێوەی (٧)
## سەرچاوەی ووزە و کاریگەری لەسەر جیگیربوونی کەرتە پیشەسازییەکان




| | چاپەمەنی | کیمیایی | کانزایی | خۆراکیی | بیناکاریی |
|---|---|---|---|---|---|
| هۆکاری جێگیربوون بە ژمارە | 0 | 0 | 7 | 8 | 0 |
| ڕێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی هۆکارەکان | 0 | 0 | 46.66 | 53.33 | 0 |
| ڕێژەی هۆکاری جگیربوون بەڕێژە لەئاست هەمان کەرت | | | 14 | 11.94 | 0 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی (٣٥ )

### دووەم: هۆکاری سیاسی و کارگیری

ئەمەش تەواوی ئەو ریوشوین و بنەما کارگیریی و سیاسیانە دەگریتەوە کە بریاردەری سەرەکین لەجیگیربوون و گەشەی تەواوی کەرتە پیشەسازییەکان لەناوچەی توێژینەوەدا، دیارترین ئەم هۆکارانەیش بریتین لە:

فاکتەری ڕامیاری بە داینەمۆی گۆڕانکاریی هەلومەرجە مێژووییەکان دادەنرێت، بۆیە ناکرێت لە ئالۆگۆڕە مێژووییەکان و گواستنەوەی کۆمەڵگا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر تێبگەین بەبێ لێکدانەوەی بارودۆخە سیاسیەکان بە شێوەیەکی بابەتیانە[١].

سیاسەتی حکومەتیش لەبواری پیشەسازییدا بەگشتی ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئایا حکومەت ئەیەوێت پشت بەسیاسەتی خۆبژێوی ببەستێت یاخود دەستکاری نەکردنی خاوەکان یان پێشخستنی پیشەسازیی تا ئاستی هەناردەکاریی[٢]، سەرباری ئەوەی سیاسەتی حکومەت بەپێی ستراتیجی ئابوری دەوڵەت دەگۆڕێت، لە ولاتە تازە پێگەیشتوەکاندا ئاراستەی حکومەت هاندانی پیشەسازیی بچووک و خۆبژێوییە، بەپێچەوانەی ولاتە پێشکەوتووەکان کە ئاراستەکان دەگیرکردنی بازاڕی دەرەوەیە، ئەمەیش لەڕێگەی ئاسانکاری هەناردە و دابینکردنی تەواوی خاوو سەرچاوەی وزە و زەوی بۆ دامەزراندنی پرۆژە پیشەسازییەکە[٣].

---

١)هیوا ئەمین جەلال شوانی، شیکردنەوەی جوگرافی بۆگەشەی شارنشینی لەپارێزگای هەولێر،نامەی ماستەر(بلاونەکراوە)،کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،٢٠٠٧، ل١٢٣.

٢) د.احمد رسول، مبادی جغرافية الصناعية، مصدر سابق، ص١٧٨

٣) د.علي احمد هاروون، جغرافية الصناعية، مصدر سابق، ص٦٥

ناوچەی توێژینەوە  وەک بەشێک لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەوپێیەی لە ناوچەیەکی شاخاویی دا هەڵکەوتووە و ناسراوە بەوەی ، کە بەرزونزمی و پێچاو پێچی زۆری تێدایە ، لەبەر ئەمەیش لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) ناوچەکە پێگەی ململانێی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و حکومەتی عێراق بووە، هەربۆیە حکومەتی عێراق هەمیشە لەهەوڵی نەهێشتنی سەرمایەبووە لەناوچەکەدا، بۆئەوەی نەبێتە سەرچاوەی پارەپێدانی پێشمەرگە، لەپاش پرۆسەی ئازادی عێراقەوە تاڕادەیەک ناوچەکە لەڕووی پیشەسازییەوە گەشایەوە  و دەیان کارگەی بچووک و گەورەی تێدا دانراوە. هەرچی تایبەتە بە کاریگەری سیاسەتی حکومەت لەسەر بلاوبونەوی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا.

## سێیەم: هۆکارە جوگرافیەکان

ئەم هۆکارە گرنگترین بنەمای تویژینەوەی جوگرافیای پیشەسازییە، بەوپێیەی دیارخەری ئەوپەری سوود وەرگرتنە لە خاوەکانی ناوچەکە، ئەم هۆکارەش دابەش دەبیت بۆ:

### ١: سەرچاوەی ئاو

ئاو یەکێکە لەو دەرامەتە سروشتیانەی کە بەبەردەوامی لە سروشتدا لە تازەبونەوەدایە، بۆیە بە دەرامەتێکی نوێ بووەوە دادەنرێت ٠ وە ئەم سامانە ڕۆڵی کارامەی لە ژیانی ئادەمیزادا هەیە، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تەواوی لایەنەکانی ژیانیەوە هەیە، بەتایبەتی لایەنی ئابوری (کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازیی و بازرگانی). گرنگی ئەم سامانەسروشتییە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان پێشکەوتنی شارستانی زۆر دەبێت، تا کار گەیشتۆتە ئەوەی ڕادەی بەکاربردنی ئاو،  سروشتی پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و شێوازی بژێوی مرۆڤ دیاریدەکات[1]. ئاو لەپیشەسازییدا بۆ ساردکردنەوە و شتن و دروستکردنی هەڵم و خۆشکردنی کەشی کارگەکەدا بەکاردێت، سەرباری ئەوەی مادەی سەرەکی خواردنەوەکانە، پێویستی کارگەکانیش بۆ ئاو چون یەک نییە، بۆنمونە وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبای ئاوی پێویستە لەنزیکی سەرچاوە ئاوییەکان بێت وە ئاویش بەدووجۆر کار لەپیشەسازیی دەکات، ئەوانیش:

### أ: ئاوی سەرزەوی

یەکێک لە خەسڵەتەکانی ناوچەکە ئەوەیە کە سەرەڕای هەبوونی ئاوی سەر زەوی بەڵام تا ئێستا وەک پێویست چ بۆ پیشەسازیی سوودێکی باش لەم ئاوە وەرنەگیراوە، لەم ڕووەوە ڕووبارەکان لەبەر قوڵی دۆڵەکان و تیژ ڕۆشتنیان بۆ هاتوو چۆ و گواستنەوەش دەست نادات.بێ لەوەی کە چەم و جۆگەکان هاوینان وشک دەکەن یاخود ئاوەکەیان ئەوەندە لە کزی دەدات کە هیچ بایەخێکی نامێنێت و زستان و بەهارانیش کاتێک  کە کەس پێویستی بە ئاوەکانیان نامێنێت ئاوێکی زۆریان پیا دەڕوات[2]. کەواتە دەتوانین بڵێین ئاوی سەر زەوی هەموو ئەو ئاوانە دەگرێتەوە کە

---

١) شیروان عمر رشید،بنەماکانی جوگرافیای سروشتی گەشەپێدانی گەشت و گوزار لە پارێزگای سلێمانی،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان،سلیمانی،٢٠٠٧،ل٢٢٣

٤) فەرەیدون کاکەیی ، داهات و ئەمنی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا ، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ، ٢٠٠١ ، ل١٢.

بەچـاو دەبینـرێن لە بەشـی سـەرەوەی زەوی نـاوچەکە و بە چەنـد شـێوەیەکی جـۆراو جـۆر دەدەکەوێت، ئەمەیش پشتبەست بە جیۆلۆجیاو جیمۆرفۆلۆجیای ناوچەکە کە بە شێوەی ئاوی ڕێکـردوو لە ڕووبـار و چەمەکانـدا یـان بە شـێوەی وەسـتاو لە گـۆم و چـاڵایی و دەریاچەکانـدا دەبینرێن.

**ب: ئاوی ژێر زەوی**

لەنـاوچەی تـوێژینەوە ئـاوی ژێـرزەوی بەڕێـگەی بیـر کـاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسـەر سەرپێخستنی زۆرێک لەکارگەکانی ناوچەکە.

پشتبەست بەخشتەی (٣٦) و شیوەی (٨) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە کەرتی خۆراکی لەهەر کەرتێکی دیکە زیاتر لەژێر کاریگەری سەرچاوەی ئاودایە، کە ڕێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوونی بریتییە لە (٥٣,٨٤%)ی هۆکاری جگیربوون و (١٠,٤٤%)ی ڕێژەی هۆکاری جگیربـوون لەئاسـت هەمـان کەرتـدا، لەبەرانبەریشـدا ئەم هۆکـارە بـۆ کەرتەکـانی کیمیـایی و چاپەمەنیی گرنگییەکی ئەوتۆی نەبووە، یاخود ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی نەبووە لە جێگیربونیاندا.


**خشتەی (٣٦)**

**کاریگەری سەرچاوەی ئاولەسەر جیگیربوونی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە**

| بنەمای جگیربوون | لقی پیشەسازیی | ژمارەی کارگە | *بنەمای جگیربوون بە ژمارە | %بنەمای جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوون | %بنەمای جگیربوون بەڕێژە لەئاست هەمان کەرت |
|---|---|---|---|---|---|
| سەرچاوەی ئاو | بیناکاریی | ١٣ | ١ | ٧,٦٩ | ٧,٦٩ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ٧ | ٥٣,٨٤ | ١٠,٤٤ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٥ | ٣٨,٤٦ | ١٠ |
| | کیمیایی | ٦ | – | – | – |
| | چاپەمەنی | ٥ | – | – | – |
| | کۆ | ١٤١ | ١٣ | ١٠٠ | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە فۆرمی ڕاپرسی و وەرگرتنی زانیاری.

## شێوەی (٨)
## سەرچاوەکانی ئاوو کاریگەری لەسەر جیگیربوونی کەرتە پیشەسازییەکان




| | بیناکاریی | خۆراکیی | کانزایی | کیمیایی | چاپەمەنی |
|---|---|---|---|---|---|
| هۆکاری جێگیربوون بە ژمارە | 1 | 7 | 5 | 0 | 0 |
| ڕێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاستی کۆی هۆکارەکان | 7.69 | 53.84 | 38.46 | 0 | 0 |
| ڕێژەی هۆکاری جگیربوون بەرێژە لەئاستی هەمان کەرت | 7.69 | 10.44 | 10 | 0 | 0 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی (٣٦ )

### ٢: کەرەستەی خاو

ڕێژەی کانزا لە خاوەکەدا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە پێشخستنی پیشەسازییدا، ئەم بنەمایە ئەوەمان بۆ دیاردەخات کە ئایا ئەو کەرەستە خاوە گونجاوە بۆ دەرهێنان لەڕووی کرێی دەرهێنان و کانزاکارییەوە یاخود نا[١]. بەڵام پێشکەوتنی تەکنەلۆژی وایکردووە جێگرەوە بۆ زۆرێک لەکەرەستە خاوەکانی بواری پیشەسازیی دروستبێت بەتایبەت لەناوچەی توێژینەوە، هەربۆیە ڕێژەیەکی زۆر فاکتەرەکانی بڵاوبونەوەی پیشەسازیی لەپارێزگاکەدا پێکدێنێت.

پشتبەست بە خشتەی (٣٧) و شێوەی (٩)بۆمان دیاردەکەوێت کە کەرتی کانزایی بەرێژەی (٦١%)ی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی بنەمای جگیربوون لەژێر کاریگەری کەرەستەی خاودا کارگەکانی لەناوچەکەدا جێگیربووە، کە (٧,٤٦%)ی ڕێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست هەمان کەرتیش پێکدێنێت، بەڵام کەرەستەی خاو نەبوەتە هۆی جێگیربونی کارگەکانی کەرتەکانی کیمیایی و چاپەمەنی لەناوچەکەدا، ئەمەش بەهۆی سروشتی جۆری کەرەستە خاوەکانی ئەو کارگانەوە کە نەک لەناوچەکەدا بەڵکو لەناوخۆی هەرێمیشدا سەرچاوەی بەرهەمهێنانیان دەگمەنە، هەربۆیە خاوەن کارگەکان بەبێ گوێدانە کەرەستەی خاوەکانیان ئەم کارگانەیان لەناوچەکەدا داناوە. پشت بەست بەخشتەی (٣٦)دەرکەتووە کە (٣٦,٦%)ی کەرەستەی خاوی بەکارهاتوو ناوخۆییە، وەک چۆنیش (٦٣,٤%)ی ئەم کەرەستەخاوانە لەدەرەوەی پاریزگاکەوە هاوردە دەکریت.


١) د.احمد رسول، مبادی جغرافیة الصناعیة، الطبعة الاولی، مطبعة الحوادث، بغداد ١٩٨٠، ص١٧٩

## خشتەی (٣٧)
## کاریگەری کەرەستەی خاو لەسەر جیگیربوونی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە

| بنەمای جگیربوون | لقی پیشەسازیی | ژمارەی کارگە | *بنەمای جگیربوون بە ژمارە | %بنەمای جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوون | %بنەمای جگیربوون بەرێژە لەئاست هەمان کەرت | % کەرەستەی خاوی ناوخۆیی | % کەرەستەی خاوی دەرەکی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەرەستەی خاو | بیناکاریی | ١٣ | ٢ | ١٣,٣٣ | ١٥,٣٨ | ٨٣ | ١٧ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ٥ | ٣٣,٣٣ | ٧,٤٦ | ٤٢ | ٥٨ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٨ | ٥٣,٣٣ | ١٦ | ٢٥ | ٧٥ |
| | کیمیایی | ٦ | – | – | – | ١٨ | ٨٢ |
| | چاپەمەنی | ٥ | – | – | – | ١٥ | ٨٥ |
| | کۆ | ١٤١ | ١٥ | ١٠٠ | | ٣٦,٦ | ٦٣,٤ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە فۆرمی راپرسی و وەرگرتنی زانیاری.

## شێوەی (٩)
## کەرەستەی خاو وکاریگەری لەسەر جیگیربوونی کەرتە پیشەسازییەکان




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی (٣٧)

**٣: زەوی**

زەوی بنەمایەکی گرنگی دامەزراندنی هەر ناوەندێکی پیشەسازییە، بەوپێیەی هەموو کارگەیەک پێویستی بەڕووبەرێک زەوی تەخت و گونجاوە بۆ دامەزراندنی، ئەم زەوییەیش بۆ پاراستنی ئامێرەکانی کارگەکەیە لە دۆخی کەشوهەواو کردارەکانی داگرتن و هەڵگرتن و بارکردنیش، سەرباری ئەوەی هەموو خاوەن پیشەسازییەک هەوڵ دەدات زەوییەکی نەخت و هەرزانی دەستبکەوێت وەکارگە بچکوکەکان زۆر کێشەی زەوییان نییە، بەڵکو ئەوە کارگە گەورەکانن کە زەوییەکی زۆر فراوان و هەرزانیان دەوێت[1]، زەوی ناوچەی توێژینەوە لەڕووی کرێ و سالانەوە کاریگەری هەیە لەسەر بڵاوبونەوەی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە .

بەڕوانین لە خشتەی (٣٨)و شیوەی (١٠) بۆمان دیاردەکەوێت کە کەرتی خۆراکی کاریگەریی زەوی لەسەرە بەجۆرێک (٥٠%) ڕێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوون و (٧,٤٦%)ی ڕێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست هەمان کەرت پێکدێنێت، پاشانیش کەرتی کانزایی پەیوەستە بەزەوییەوە کە (٤٠%) ڕێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوون و (٨%)ی ڕێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست هەمان کەرت پێکدێنێت، بەڵام کەرتەکانی چاپەمەنی و کیمیایی لەناوچەی توێژینەوە پەیوەست نین بە زەوییەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی پێویستیەکانی جێگیربوونی چەشنی پیشەسازییەکان لەناوچەکەدا.

**خشتەی (٣٨)**


**کاریگەری زەوی لەسەر جیگیربوونی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە**

| بنەمای جگیربوون | لقی پیشەسازیی | ژمارەی کارگە | *بنەمای جگیربوون بە ژمارە | %بنەمای جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوون | % بنەمای جگیربوون بەڕێژە لەئاست هەمان کەرت |
|---|---|---|---|---|---|
| زەوی | بیناکاریی | ١٣ | ١ | ١٠ | ٧,٦٩ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ٥ | ٥٠ | ٧,٤٦ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٤ | ٤٠ | ٨ |
| | کیمیایی | ٦ | – | – | – |
| | چاپەمەنی | ٥ | – | – | – |
| | کۆ | ١٤١ | ١٠ | ١٠٠ | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست به فۆرمی راپرسی و وەرگرتنی زانیاری.

١) د.ابراهيم شريف و اخرون، جغرافية الصناعية، مصدر سابق، ص٩٨

## شێوەی (١٠)
## زەوی وکاریگەری لەسەر جێگیربوونی کەرتە پیشەسازییەکان




| | بیناکاریی | خۆراکیی | کانزایی | کیمیایی | چاپەمەنی |
|---|---|---|---|---|---|
| هۆکاری جێگیربوون بە ژمارە | 1 | 5 | 4 | 0 | 0 |
| ڕێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی هۆکارەکان | 10 | 50 | 40 | 0 | 0 |
| ڕێژەی هۆکاری جگیربوون بەرێژە لەئاست هەمان کەرت | 7.69 | 7.46 | 8 | 0 | 0 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی (٣٨)

**چوارەم: حەزی تایبەتی**

هەندێک لەخاوەن کارگەکان پشتبەست به حەزێکی تایبەتی هەندێک جار کارگەکانیان لەناوچەیەکی دیاریکراودا دادەمەزرێنن، جا ئەم حەزەی پشتبەست بێت بە ستراتیجی ئابورییەوە یاخود جوانی ناوچەکەویادگارییەکی کۆنی[١]. ئەمەیش بەگشتی وایکردووە خاوەن کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە پشتبەست بەم هۆکارە لەهەنێک ناوچەند ا بەچڕی کۆببنەوە و لەهەنێک ناوچەیش بەکەمی .

وەک ئەوەی لەخشتەی (٣٩) و شیوەی (١١)دا هاتووە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە حەزی تایبەتی کاریگەری لەسەر جێگیربوونی تەواوی کارگەکانی هەموو کەرتە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە هەبووە بەڵام بەرێژەی جیاواز، بەجۆرێک زۆرترین کاریگەری لەسەر کارگە خۆراکییەکان هەبووە بەرێژەی (٦٨,٧٥%)ی ڕێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوون و (١٦,٤١%)ی ڕێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست هەمان کەرتدا، لەبەرانبەردا کەرتی کانزایی (١٢,٥%)ی ڕێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوونی پێکهێناوە، سەرباری ئەوەی (٤%)ی ڕێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست هەمان کەرتی لەخۆگرتووە، لەبەرانبەردا کەرتەکانی بیناکاری و کیمیایی چاپەمەنیش بەرێژەی ( ٦,٢٥%)ی ڕێژەی هۆکاری جگیربوون لەئاست کۆی هۆکاری جگیربوونیان پێکهێناوە.

١) د.ابراهيم شريف و اخرون، جغرافية الصناعية، الطبعة الاولى، بدون اسم المطبعة، بغداد، ١٩٨١، ص١٠٠

## خشتەی (٣٩)


## کاریگەری حەزی تایبەتی لەسەر جیگیربوونی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە

| بنەمای جگیربوون | لقی پیشەسازیی | ژمارەی کارگە | * بنەمای جگیربوون بە ژمارە | % بنەمای جگیربوون لەئاستی کۆی هۆکاری جگیربوون | % بنەمای جگیربوون بەرێژە لەئاستی هەمان کەرت |
|---|---|---|---|---|---|
| حەزی تایبەتی | بیناکاریی | ١٣ | ١ | ٦,٢٥ | ٧,٦٩ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ١١ | ٦٨,٧٥ | ١٦,٤١ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٢ | ١٢,٥ | ٤ |
| | کیمیایی | ٦ | ١ | ٦,٢٥ | ١٦,٦٦ |
| | چاپەمەنی | ٥ | ١ | ٦,٢٥ | ٢٠ |
| | کۆ | ١٤١ | ١٦ | ١٠٠ | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست  بە فۆرمی راپرسی و وەرگرتنی زانیاری.

## شێوەی (١١)

## حەزی تایبەتی وکاریگەری لەسەر جیگیربوونی کەرتە پیشەسازییەکان




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی (٣٩)

## باسی دووەم: پوختەی دووبارەبوەوەی جیگیربوون لەکۆی جۆری پیشەسازییەکان

بەگشتی کۆمەڵێک هۆکاری سەرەکی هەن کە کار لەجێگیربوون و دابەشبوونی پیشەسازیی دەکەن لەناوچەی توێژینەوە، ئەم هۆکارانە کاریگەرییان بەپێی کەرتەکان چوونیەک نییە، بەجۆرێک بۆهەر کەرتێک بنەمایەک یاخود چەند بنەمایەک هۆکاری دیارکەوتوون و جێگیربوونین لەناوچەکەدا، ئەمەش بەم جۆرەی لای خوارەوە ڕاڤەی بۆدەکەین:

**یەکەم: کەرتی بیناکاریی**

پشتبەست بەخشتەی (٤٠) و شیوەی (١٢) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە گرنگترین هۆکارێک کە ڕۆڵی هەبووە لە جێگیربوونی پیشەسازیی بیناکاری لەناوچەی توێژینەوە بریتییە لە هۆکاری کەرەستەی خاو کە (٣٨,٤٦%)ی هۆکاری جێگیبربوونی ئەم کەرتە لەناوچەکەدا پێکدێنێت، لەکاتێکدا هۆکاری سەرمایە و دەستیکاری بەڕێژەی (١٥,٣٨%)بەهۆکاری پلەدووی جێگیربوونی ئەم کەرتە دێت لەناوچەی توێژینەوە، بەڵام هۆکارەکانی سەرچاوەی ئاو، حەزی تایبەتی و بازار و سەرچاوەی ئاوو زەویش هەریەکەیان بەڕێژەی ( ٧,٦٩%)بەشدارن بۆ گەشەکردنی ئەم کەرتە لەناوچەی توێژینەوە، لەکاتێکدا هۆکارەکانی دیکەی وەکو ڕێگای گواستنەوە و بازاڕ و شوێنی جوگرافی و دەستیکار و سەرچاوەی وزە و سیاسەتی حکومەت ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە لەجێگیربوونی پیشەسازیی بیناکاری لەناچەی توێژینەوە، هۆکاری ئەم جیاوازییەیش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی پێداویستیەکانی بونیاتنانی کارگەکانی کەرتی بیناکاریی لەهەر کەرتێکی دیکەی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە.


**خشتەی (٤٠)**

**دووبارەبوونەوەی هۆکاری جیگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی بیناسازیی**

| لقی پیشەسازیی | بنەمای جیگیربوون | ژمارەی کارگەی کارتێکراو | ڕێژەی بنەمای جگیربوونی کەرت % |
|---|---|---|---|
| **بیناکاری** | کەرەستەی خاو | ٥ | ٣٨,٤٦ |
| | ڕێگای گواستنەوە | – | – |
| | بازاڕ | ١ | ٧,٦٩ |
| | شوێنی جوگرافی | – | – |
| | دەستیکاری | ٢ | ١٥,٣٨ |
| | سەرچاوەی ووزە | – | – |
| | سیاسەتی حکومەت | – | – |
| | سەرچاوەی ئاو | ١ | ٧,٦٩ |
| | سەرمایە | ٢ | ١٥,٣٨ |
| | حەزی تایبەتی | ١ | ٧,٦٩ |
| | زەوی | ١ | ٧,٦٩ |
| | کۆ | ١٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست  بە داتاکانی نێو فۆرمی ڕاپرسی.

## شێوەی (١٢)
## دووبارەبوونەوەی هۆکاری جێگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی بیناسازیی




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی (٤٠ )

### دووەم: کەرتی خۆراکیی

ئەم کەرتە کە (٦٧)کارگە لەخۆدەگرێت و بەرێژەی ( ٣٨,٢٨%) پێکهێنەری کەرتی پیشەسازیی ناوچەی توێژینەوەیە. بە ڕوانین لە خشتەی (٤١) و شێوەی (١٣) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە لەم کەرتەدا بەهێزترین هۆکار کە ڕۆڵی هەبووە لەجێگیربوونی پیشەسازیی هۆکاری سەرمایەیە، کە (١٣)کارگە لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراون، کە ڕێژەی (١٩,٤٠%)ی هۆکاری جێگیربوون لەخۆدەگرێت، لەکاتێکدا کەمترین هۆکاری کاریگەر بەپێی ڕای خاوەن کارگەکانی کەرتی بیناکاری بۆ جێگیربوونی ئەم کەرتە لەناوچەکەدا بریتییە لە هۆکاری ڕێگای گواستنەوە کە تەنها دوو کارگە پێی کاریگەرن و ڕێژەی (٢,٩٨%)ی هۆکاری جگیربوونی کارگەکانی ئەم کەرتە پێکدێنێت, لەبەرانبەردا هۆکارەکانی شوێنی جوگرافی و سیاسەتی حکومەت هیچ ڕۆڵێکیان لەجێگیربوونی ئەم کەرتەدا نەبینیوە لەناوچەی توێژینەوە.


### خشتەی (٤١)
### دووبارەبوونەوەی هۆکاری جێگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی خۆراکیی

| لقی پیشەسازیی | بنەمای جگیربوون | ژمارەی کارگەی کارتێکراو | % بنەمای جگیربوونی کەرت |
|---|---|---|---|
| خۆراکیی | سەرمایە | ١٣ | ١٩,٤٠ |
| | ڕێگای گواستنەوە | ٢ | ٢,٩٨ |
| | بازاڕ | ٦ | ٨,٩٥ |
| | شوێنی جوگرافی | – | – |
| | دەستیکاری | ٩ | ١٣,٥٣ |
| | سەرچاوەی ووزە | ٨ | ١١,٩٤ |
| | سیاسەتی حکومەت | – | – |
| | سەرچاوەی ئاو | ٧ | ١٠,٧٤ |
| | کەرەستەی خاو | ٥ | ٧,٤٦ |
| | حەزی تایبەتی | ١١ | ١٦,٨١ |
| | زەوی | ٥ | ٧,٤٦ |
| | کۆ | ٦٧ | ٩٩,٩٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە داتاکانی نێو فۆرمی ڕاپرسی.

**شێوەی (١٣)**

**دووبارەبوونەوەی هۆکاری جیگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی خۆراکیی**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی (٤١)

**سێیەم: کەرتی کانزایی**

ئەم کەرتە بە لەخۆگرتنی (٥٠)کارگە ڕێژەی ( ٢٨,٥٧%)ی کەرتی پیشەسازیی ناوچەکە پێکدێنێت کە پشتبەست بە خشتەی (٤١) و شیوەی (١٤) هۆکاری ڕێگای گواستنەوە لەڕوانگەی خاوەن کارگەکانەوە بەبەهێزترین هۆکاری پشت جێگیربوونی ئەم جۆرە پیشەسازییە دادەنرێت ئەمەیش بەهۆی قورسی کێشی مادە خاوەکان و هەرزانی بەهایان ، کە بوونی ڕیگەی گواستنەوەی هەرزان هۆکاری جێگیری نرخی بەرهەمی ئەم کارگانە دەبێت، ئەم هۆکارەش کە (٩)کارگە پێی کاریگەرن و (١٨%)ی هۆکاری جێگیربوونی ئەم کەرتە لەناوچەکەدا پێکدێنن، لەبەرانبەردا هۆکاری شوێنی جوگرافی کەمترین کاریگەری هەبووە لەجێگیربوونی ئەم کەرتە ئەمەش بەپێکهێنانی ڕێژەی (٢%)ی هۆکاری جێگیربوونی پیشەسازیی کانزایی لەناوچەکەدا، لەکاتێکدا سیاسەتی حکومەت لەم کەرتەدا هیچ ڕۆڵێکی نەبووە لەجێگیربوونی پیشەسازییدا.

**خشتەی (٤٢)**


دووبارەبوونەوەی هۆکاری جیگیربوون لە  کەرتی پیشەسازیی کانزایی

| لقی پیشەسازیی | بنەمای جگیربوون | بنەمای کارگەی کارتێکراو | % بنەمای جگیربوونی کەرت % |
|---|---|---|---|
| کانزایی | سەرمایە | ٦ | ١٢ |
| | ڕێگای گواستنەوە | ٩ | ١٨ |
| | بازاڕ | ٥ | ١٠ |
| | شوێنی جوگرافی | ١ | ٢ |
| | دەستیکار | ٣ | ٦ |
| | سەرچاوەی ووزە | ٧ | ١٤ |
| | سیاسەتی حکومەت | - | - |
| | سەرچاوەی ئاو | ٥ | ١٠ |
| | کەرەستەی خاو | ٨ | ١٦ |
| | حەزی تایبەتی | ٢ | ٤ |
| | زەوی | ٤ | ٨ |
| | کۆ | ٥٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە داتاکانی نێو فۆرمی ڕاپرسی.

**شێوەی (١٤)**

دووبارەبوونەوەی هۆکاری جیگیربوون لە  کەرتی پیشەسازیی کانزایی




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی ( ٤٢ )

**چوارەم: کەرتی کیمیایی**

ئەم کەرتە لەناوچەی تویژینەوە تەنها (٦)کارگە لەخۆدەگریت، کە ڕیژەی ( ١,٧١%)ی کۆی کەرتی پیشەسازیی ناوچەکە پیکدەهێنیت، پشتبەست بەخشتەی (٤٣) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە هۆکاری سەرمایە بەهێزترین هۆکارە بۆ جێگیربوونی ئەم کەرتە پیشەسازییە لەناوچەکەدا، کە (٥٠%)ی هۆکاری جێگیربوون پیکدێنیت، لەکاتێکدا وزە هاندەرێکی دیکەی جێگیربوونی پیشەسازیی کیمیایی بووە لەناوچەکەدا و ئەمەش ڕیژەی (٣٣,٣٤%)ی هۆکاری جێگیربوونی پیکهێناوە، و دواتریش هۆکاری حەزی تایبەتی بەریژەی (١٦,٦٦%)هۆکارە بۆ جیگیربوونی کەرتی پیشەسازیی کمیایی لەناوچەی تویژینەوەدا، لەبەرانبەردا هۆکارەکانی دیکە تاوەکو ئێستا هاندەر و بەڕۆڵ نەبوونە لەجێگیربوونی ئەم چەشنە پیشەسازییە لەناوچەکەدا.

**خشتەی (٤٣)**


دووبارەبوونەوەی هۆکاری جیگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی کیمیایی

| لقی پیشەسازیی | بنەمای جگیربوون | ژمارەی کارگەی کارتێکراو | % بنەمای جگیربوونی کەرت % |
|---|---|---|---|
| کیمیایی | سەرمایە | ٣ | ٥٠ |
| | حەزی تایبەتی | ١ | ١٦,٦٦ |
| | وزە | ٢ | ٣٣,٣٤ |
| | کۆ | ٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری تویژەر پشتبەست بە داتاکانی نێو فۆرمی ڕاپرسی.

**شێوەی (١٥)**

دووبارەبوونەوەی هۆکاری جیگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی کیمیایی




**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی ( ٤٣ )**

**پێنجەم: کەرتی چاپەمەنی**

به لەخۆگرتنی (٥)کارگە و بەرێژەی (٢,٨٥%) بەشدارە لە جێگیربوونی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە. پشتبەست بەخشتەی (٣٤)و شیوەی ( ١٦) بۆمان روونەبێتەوە کە فاکتەری سەرمایە بەرێژەی (٤٠%)هۆکاری دیارکەوتن و جێگیربوونی ئەم کەرتەیە لەناوچەی توێژینەوە، لەبەرانبەردا هۆکارەکانی تری وەکو: ڕێگای گواستنەوە و بازاڕ و حەزی تایبەتیش پاڵنەرن بەرێژەی (٢٠%) بۆ هەر هۆکارێکیان، بەڵام هۆکارەکانی دیکە لەڕوانگەی خاوەن کارگەکانی چاپەمەنی ناوچەی توێژینەوەوە هاندەری گەشەکردنی ئەم کەرتە نین لەناوچەکەدا.

**خشتەی (٤٤)**


**دووبارەبوونەوەی هۆکاری جیگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی چاپەمەنی**

| لقی پیشەسازیی | بنەمای جگیربوون | ژمارەی کارگەی کارتێکراو | % بنەمای جگیربوونی کەرت % |
|---|---|---|---|
| چاپەمەنی | سەرمایە | ٢ | ٤٠ |
| | ڕێگای گواستنەوە | ١ | ٢٠ |
| | بازاڕ | ١ | ٢٠ |
| | شوێنی جوگرافی | – | – |
| | دەستیکار | – | – |
| | سەرچاوەی ووزە | – | – |
| | سیاسەتی حکومەت | – | – |
| | سەرچاوەی ئاو | – | – |
| | کەرەستەی خاو | – | – |
| | حەزی تایبەتی | ١ | ٢٠ |
| | زەوی | – | – |
| | کۆ | ٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست  به داتاکانی نێو فۆرمی ڕاپرسی.

**شێوەی (١٦)**

دووبارەبوونەوەی هۆکاری جیگیربوون لە کەرتی پیشەسازیی چاپەمەنی




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی ( ٣٤)

لەم بەشەدا گەیشتویتەنە چەندخالیکی دیار، کە گرنگترینیان بریتین لە:

١- هۆکاری سەرمایە بۆ دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵبجە گەورەترین کاریگەری لەسەر کەرتی بیناکاری و کەمترین کاریگەرشی لەسەر کەرتی چاپەمەنی هەیە.

٢- سەبارەت بەسەرمایەی ناوخۆییش ئەوا کەرتی کیمیایی بەریژەی (٩٠%) سەرمایەکەی ناوخۆییە و کەرتی بیناکاریش (٧٣%) وەک کەمترین سەرمایەی ناوخۆیی ناوچەکە.

٣- بازاری بەریژەی (٨٩%کاریگەری لەسەر بەرهەمەکان هەیە.

٤- دەستکاری ناوخۆیی لە کەرتی کانزاکاریدا (٨٠%) و لەکەرتی کیمیاییدا (١٠٠%)ە .

٥- کەرتە پیشەسازییەکان بەریژەی (١٣,٤%) پشت بەدەستن بەسەرچاوەی ووزەی ناوخۆیی و (٨٦,٦%)یش وزەی دەرەوەی پاریزگا.

٦- کەرەستەی خاوی کارگەکانیش (٣٦,٦%)ی ناوخۆییە و (٦٣,٤%)یش پشت بە کەرەستەی خاوی هدەرەوە دەبەستن.

# بەشی چوارەم

## کیشەکانی جێگیربوونی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجە و ئاسۆی داهاتووی

### باسی یەکەم: کێشەکانی کەرتی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجە

### باسی دووەم: پێشنیار و ئاسۆی داهاتووی کێشەکانی کەرتی پیشەسازیی لە پارێزگای هەڵەبجە

# کێشەکانی جێگیربوونی پیشەسازیی و ئاسۆی داهاتووی لەپارێزگای هەڵەبجە

هەموو پرۆژەیەکی پیشەسازیی لەسەرکۆمەڵێک بنەما دامەزراوە کە زامنکاری سەرکەوتنی قازانج وزیان نەکردنە لەداهاتوودا، وەک ڕوونیشە دانانی کارگە لەهەرجێیەک بتەوێت ئاسانە بەڵام لەهەمووجێیەک سەرکەوتنی مسۆگرنییە، ئەمەیش وایکردووە دانانی هەرکارگەیەکی پیشەسازیی پێویستی بەستراتیج و وردێتی تەواوهەبێت، لەم سۆنگەیەشەوە لەم بەشەدا تەواوی ئەوکێشانەی ناوچەی توێژینەوە دەخەینەڕوو کەفاکتەری کێشنەکردنی پرۆژە پیشەسازییەکانن بۆناوچەکە، لەگەڵ دیارخستنی تەواوی ئاستەنگەکانی پێش دامەزراندن سەرخستنی پرۆژەی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوکەدا، لەمڕوانگەیەشەوە ئەم بەشەمان بەسەر دووتەوەردا دابەشکردووە، کە ئەوانیش:

**باسی یەکەم: کێشەکانی کەرتی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا**

بەگشتی کەرتی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا وەک هەر ناوچەیەکی دیکەی هەرێمی کوردستان دووچاری چەندین گرفت بوەتەوە کە گرنگترینیان بریتین لە: ((کێشەی کەرەستەی خاو، کێشەی ئامێری میکانیکی، کێشەی سوتەمەنی و وزە، بازاڕ و کێبڕکێ، کێشەی دەستیکار، کێشەی بچوکی ڕووبەر، کێشەی گواستنەوە و ئاووهەوا))، کە پشتبەست بە قوڵی کێشەکان ڕیزبەندیمان بۆ کردوون و لێرەوە باسیان لێوەدەکەین، ئەم کێشانەیش دووجۆرن، کە ئەوانیش:-

**یەکەم: ئەوکێشانەی کەرتی پیشەسازیی لەپاریزگای هەلەبجە بەدەستییەوە دەناڵێنن، بریتین لە:**

**١: کێشەی ئابورییەکان**

دیارترین کیشە ئابورییەکانی کەرتی پیشەسازیی لەپاریزگای هەلەبجەدا بریتین لە:-

**أ-کێشەی سووتەمەنی و وزە**

پشتبەست بەخشتەی (٤٥) دیارکەوتووە کە لەناوچەی توێژینەوەکەدا تەواوی کارگەکان بەدەست نادەستەبەری سووتەمەنی هەرزان و گرانیی نرخی کیلۆواتی کارەباوە دەناڵێنن، کە ئەمەیش لای خۆیەوە هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی نرخی شمەکی بەرهەمهاتوو و لەدەستدانی توانستەیی بۆ کێبڕکێی بەرهەمە بیانیەکان، سەرباری ئەم گرانی نرخە زۆرینەی کارگەکان پشت بە مۆلیدەی بەرهەمهێنانی کارەبا دەبەستن کە ئەمەیش پێویستی بە گاز یان بەنزینی هەرزانە، لەکاتێکدا لەئێستادا نرخی سووتەمەنی بەرەو لوتکەی گرانی هەنگاو دەنێت، هەربۆیە ئەم هەوڵەیش بۆ بەکارنەهێنانی کارەبای گرانبەهای حکومیی شکستی هێناوە سەرباری ئەوەی بڕان و کەمی کارەبای نیشتیمانی لەوەرزی هاویندا هۆکارە بۆ تێکچوونی زۆر بەرهەم بەتایبەت بەرهەمی کارگەکانی ساردەمەنی ودۆندرمە و سەهۆڵ، ئەمەیش وایکردووە کێشەی سووتەمەنی و کارەبا لەناوچەی توێژینەوە وەک کێشەیەکی زەق ببینرێت. بەگشتی کەرتی خۆراکی بە لەخۆگرتنی (٨٦,٥٦%)ی کیشەداریی بەهۆی سووتەمەنییەوە دەنالینیت، چاپەمەنیەکانیش کەمترین کیشەی سوتەمەنییان هەیە بەریژەی (٣٣,٣٣%)ی کیشەکانی کەرتەکە.

**خشتەی (٤٥)**

**کێشەی سوتەمەنی لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوە**

| جۆری کێشە | کەرتی پیشەسازیی | ژ.کارگە | کێشە بەژمارە | %کێشە لەسەرئاستی هەمان کەرت | کێشەی کەرتەکە لەئاستی کۆی کێشەکان | % کێشەی کەرتەکە لەپارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سوتەمەنی | بیناکاریی | ١٣ | ١٠ | ٧٦,٩٢ | ٥,٨٨ | ٤,٥٢ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ٥٨ | ٨٦,٥٦ | ٣٤,١١ | ٢٦,٢٤ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٣٤ | ٦٨ | ٢٠ | ١٥,٣٨ |
| | کیمیایی | ٥ | ٣ | ٦٠ | ١,٧٦ | ١,٣٥ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ٢ | ٣٣,٣٣ | ١,١٧ | ٠,٩٠ |
| | کارگەنیمچەپیشەسازییەکان | ٨٠ | ٥٢ | ٦٥ | ٣٠,٥٨ | ٢٣,٥٢ |
| | کۆی گشتی | ٢٢١ | ١٧٠ | – | ٩٣,٥ | ٧١,٩١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە فۆرمی راپرسی و وەرگرتنی زانیاری.

**ب-کێشەی سەرمایە**

پشتبەست بەخشتەی (٤٦) ڕووندەبێتەوە کە کەمی سەرمایەی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە کێشەیەکی ڕوونی پارێزگای هەڵەبجەیە، ئەمەیش بەوپێیەی سەرمایەی پیشەسازیی پێویستی بەکاتە بۆ سەرکەوتن و دەستخستنی قازانج بەپێچەوانەی کەرتی گەشتوگوزار و بازرگانی کە زۆر بەخێرایی قازانجەکان دیاردەخەن. نەبوونی سەرمایەیش هۆکارە بۆ دواکەوتوویی جۆری کارگەکانی ناوچەکە و کەمی بەرهەم و دواجاریش ڕەنگە زۆرینەیان دووچاری داخستن و شکستی تەواو ببنەوە، بەگشتیش ڕێژەی ئەو کارگانەی بەدەست کەمی سەرمایەوە دەناڵێنن بریتین لە (٤٢,٩٨ %)ی کۆی کارگەکانی ناوچەکە و زۆرترین کەرتیش بەدەست کەمی سەرمایەوە بناڵینت بریتییە لەکەرتی بیناکاریی بەریژەی (٦١,٥٣%)ی کۆی کێشەکانی کەرتەکە پێکدێنێت.

**خشتەی (٤٦)**

**کێشەی سەرمایە لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوە**

| جۆری کێشە | کەرتی پیشەسازیی | ژ.کارگە | کێشە بەژمارە | % کێشە لەسەرئاستی هەمان کەرت | % کێشەی کەرتەکە لەئاستی کۆی کێشەکان | % کێشەی کەرتەکە لەپارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرمایە | بیناکاریی | ١٣ | ٨ | ٦١,٥٣ | ٨,٤٢ | ٣,٦٢ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ١٧ | ٢٥,٣٧ | ١٧,٨٩ | ٧,٦٩ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٣٨ | ٤١,٧٥ | ٤٠ | ١٧,١٩ |
| | کیمیایی | ٥ | ٢ | ٧٦ | ٢,١٠ | ٠,٩١ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ١ | ١٦,٦٦ | ١,٠٥ | ٠,٤٥ |
| | کارگەنیمچەپیشەسازییەکان | ٨٠ | ٢٩ | ٣٦,٢٥ | ٣٠,٥٢ | ١٣,١٢ |
| | کۆی گشتی | ٢٢١ | ٩٥ | – | ١٠٠ | ٤٢,٩٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە فۆرمی راپرسی و وەرگرتنی زانیاری.

### ج-کێشەی بازاڕ و کێبڕکێی بەرهەمی بیانی

ئامانج لە دامەزراندنی هەرکارگەیەک بەدەستهێنانی قازانجە، قازانجیش پەیوەستە بە بازاڕەوە، بازاڕیش پێویستی بە جێگیریی دۆخی دارایی و رامیارییەوە هەیە، وە زۆرێک لەبەرهەمە پیشەسازییەکانی ناوچەکە لەجۆری ساردەمەنی و شیرینی و نان پێویستی بە بازاڕی خێرایە بۆ ساغکردنەوەی، بۆئەمەیش پێویستە رێژەی خواستی زیاتربێت وەک لەبەرهەم، بەڵام لەناوچەی توێژینەوە بەهۆی کەمی ژمارەی دانیشتوان و کۆبونەوەی زۆرینەی کارگەکان لەسنوری ناحیەی سەنتەری هەڵەبجەدا زۆرجار بەرهەمی کارگەکانی دووچاری خراپبوون دەبنەوە، چونکە خواست کەمترە لەبەرهەم، سەرباری کێشەی کێبڕکێی بەرهەمی بیانی و نزیکی ناوچەکە لەسنوری ئێرانەوە وایکردووە جا بەفەرمی بێ یان قاچاخ شمەکی ئێرانی گیرفانی خەڵکی شارەکە داگیربکات، ئەمەیش هۆکارێکی گەورەیە بۆ سەرنەکەوتنی پیشەسازیی لەم ناوچەیەدا. لەلەلایەکی ترەوە بۆ دروستکردنی بازاڕکاری هەموو کارگەکان پێویستیان بە ریکلامە، ریکلامیش تێچووی بەرهەم زیادتردەکات، بەگشتیش کێشەی بازاڕ گەورەترین کێشەی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوەن. زۆرترین کارگە کە کیشەی بازاری هەیە بریتییە لەکارگەکانی کەرتی خۆراکیی بەرێژەی (٧١,٠١%)ی کۆی کیشەکانی هەمان کەرت پیکدینیت.

**خشتەی (٤٧)**

**کێشەی بازار لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوە**

| جۆری کێشە | کەرتی پیشەسازیی | ژ.کارگە | کێشە بەژمارە | %کێشە لەسەرئاستی هەمان کەرت | %کێشەی کەرتەکە لەئاستی کۆی کێشەکان | % کێشەی کەرتەکە لەپارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بازار | بیناکاریی | ١٣ | ٧ | ٥٣,٨٤ | ٦,٢٥ | ٣,١٦ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ٤٩ | ٧١,٠١ | ٤٣,٧٥ | ٢٢,١٧ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٣٧ | ٤٠,٦٥ | ٣٣,٠٣ | ١٦,٧٤ |
| | کیمیایی | ٥ | ١ | ٢٠ | ٠,٨٩ | ٠,٤٥ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ٢ | ٣٣,٣٣ | ١,٧٨ | ٠,٩١ |
| | کارگەنیمچەپیشەسازییەکان | ٨٠ | ١٦ | ٢٠ | ١٤,٢٨ | ٧,٢٣ |
| | کۆی گشتی | ٢٢١ | ١١٢ | ٠ | ٩٨,٤ | ٥٠,٦٦ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە فۆرمی راپرسی و وەرگرتنی زانیاری.

### د-دواکەوتویی ژێرخانی ئابوری

پشتبەست بەخشتەی (٤٨) بۆمان روونـدەبێتەوە کە زۆرینەی کارگەکانی ناوچەکە دەناڵێنن بەدەست دواکەوتویی ژێرخانی ئابورییانەوە، بەوپێیەی بەشێکیان کۆنن و لەباوانەوە بۆیان ماوەتەوە، وەکو ئاشەکان، بەشێکیشیان نوێن بەڵام لەدەستی دوو کردراون، کە پێشکەوتونین بەدەست لەکارکەوتنەوە دەناڵێنن، زۆرێکیش لەکارگە نوێیەکان لەجێگەی هەڵەدا دروستکراون، کە رێگەی چاک و ئاوی پێویست و کارەبا و سووتەمەنی تەواویان بۆ دابین ناکرێت، لەرووی بیناکاریشەوە دواکەوتوانەیە، ئەمەیش نزمی ئاستی بەرهەم و بەرزی نرخی هێناوەتە بەرهەم، بەگشتیش(٢٩,٧٩ %) ی کارگەکانی ناوچەکە بەدەست لاوازی دواکەوتوویی ژێرخانی ئابورییەوە دەناڵێنن.

**خشتەی (٤٨)**

**کێشەی دواکەوتوویی ژێرخانی ئابوری   لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوە**

| جۆری کێشە | کەرتی پیشەسازیی | ژ.کارگە | کێشە بەژمارە | %کێشە | %کێشەی کەرتەکە لەئاستی کۆی کێشەکان | %کێشەی کەرتەکە لەقەزادا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دواکەوتوویی ژێرخانی ئابوری | بیناکاریی | ١٣ | ٥ | ٣٨,٤٨ | ٧,٦٩ | ٢,٢٦ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ١٤ | ٢٠,٢٨ | ٢١,٥٣ | ٦,٣٣ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٢٨ | ٣٠,٧٦ | ٤٣,٠٧ | ١٢,٦٦ |
| | کیمیایی | ٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ١ | ٢٠ | ١,٥٣ | ٠,٤٥ |
| | کارگەنیمچەپیشەسازییەکان | ٨٠ | ١٧ | ٤٥,٩٤ | ٢٦,١٥ | ٧,٦٩ |
| | کۆی گشتی | ٢٢١ | ٦٥ | | ٩٩,٩٧ | ٢٩,٣٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست  بە فۆرمی راپرسی و وەرگرتنی زانیاری.

**ز-کێشەی کەمی کەرەستەی خاو:**

پشتبەست بەخشتەی (٤٩)بۆمان ڕووندەبێتەوە کەنائاسانی دەستەبەرکردنی کەرەستەی خاو لەناوخۆدا بۆ کارگەکان هۆکارێکی گەورەیە بۆ پێشنەکەوتنی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە، بەجۆرێک سادەترین پیشەسازیی کە پیشەسازیی نانە، پشت بە ئاردی تورکی دەبەستێت، کە ئەمەیش پەیوەستە بە نرخی دۆلار بەرانبەر بەدینار و بەهای گومرک و کرێی گواستنەوە، سەرباری ئەوەی تەواوی کەرستەخاوەکانی پیشەسازیی کیمیایی و کانزایی لەناوچەکەدا پشتبەست ن بە کەرەستەی خاوی دەرەکی، وە ناجێگیریی بەردەستیی کەرەستەی خاو بۆ کارگەکانی ناوچەکە وایکردووە نرخەکانیش بەپێی وەرزەکان و گۆڕان لەنرخی ڕۆژی کەرەستە خاوەکاندا بگۆڕێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە کە هیچ جۆرە کەرەستەیەکی خاو لەناوچەی توێژینەوە بوونی نییە، بەڵکو زۆر کەرەستەی خاو بەڵام نەبوونی ئامێری پێشکەوتوو هۆکارە بۆ سوود لێنەوەرگرتنی.

**خشتەی (٤٩)**

**کەرەستەی خاوی هاوردەکراو بۆ پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١**

| جۆری پیشەسازیی | جۆری کەرەستەی خاوی هاوردەکراو | شوێنی هاوردەکردن |
|---|---|---|
| پیشەسازییبیناکاریی | چیمەنتو، لم، گەچ، بوحس، چەو | ناوخۆی پارێزگا+ دەرەوە |
| پیشەسازیی خۆراک | ئارد، خوێ، خومرە، سۆدا، غاز، شەکر، ڕەنگی خۆراکی، نیشاستە | ناوخۆ+ دەرەوە |
| پیشەسازیی کانزا | ئەلەمنیوم، پیبت، پلاستیک/ بۆیاخ/ دەزگا، غازی شل/ ئاسن، پەناڵ، سلیکۆن، برغو | دەرەوە |
| پیشەسازیی کیمیایی | غازی شل، کەرەستەی لەکارکەوتوو،، سلیکۆن | ناوخۆی پارێزگا+ دەرەوە |
| پیشەسازیی چاپەمەنی | چاپخانە، کاغەزی چاپ، پلاستیکی چاپ، ئاسنی چوارچێوە، تەختەی چوارچێوە | دەرەوە |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست  بە سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوەلەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١

**٢: کێشەی کارگێری**

**ئەمەش تەواوی ئەو کیشانە دەگریتەوە کە سەرچاوەکەی بریاری کارگێری و سیاسەتی حکومەتە بەرانبەر بە کەرتی پیشەسازیی ناوچەی توێژینەوە، ئەوانیش:**

**أ-کێشەی نادەستەبەری ئامێری میکانیکی**

پشتبەست بەخشتەی (٥٠) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پرۆژە پیشەیازییەکان پشتبەستن بە ئامێرو تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، تاوەکو کارگەکە لەڕووی تەکنیکەوە پێشکەوتوتربێت جۆری بەرهەمی باشتر و بری زیاتردەبێت، سەرباری ئەوەی پێویستی بەدەستی کاری کەمتریش دەبێت، ئەمەیش جۆرێک لە نزمبونەوەی نرخ دێنێتەبەرهەم کە تاڕادەیەک دەتوانێت کێبڕکێی بەرهەمە هاوردەکراوەکان بکات، داچار ئەمە دەبێتە هۆی تەواو بەکارخستنی بەشەکانی کارگەکە و لەداهاتوویشدا بەسوود دەبێت بۆ پێگەیاندنی چینێک لە کرێکاری شارەزای تەکنەلۆژی پیشەسازییانە. کەرتی بیناکاریی لەناوچەی توێژینەوەدا زۆرترین کیشەی کەمی و نادەستەبەری ئامێری میکانیکی هەیە کە ڕیژەی (٦٩,٢٣%)ی کیشەکانی کەرتەکە پیکدینیت، واتا کەرتی بیناکاریی زۆرترین کیشەی نادەستەبەریی ئامێری میکانیکیی پیشکەوتووە.

**خشتەی (٥٠)**

**نادەستەبەری ئامێری میکانیکی لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوە**

| جۆری کێشە | کەرتی پیشەسازیی | ژ.کارگە | کێشە بەژمارە | %کێشە بەرێژە | % کێشەی کەرتەکە لەئاستی کۆی کێشەکان | % کێشەی کەرتەکە لەپارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نادەستەبەری ئامێری میکانیکی | بیناکاریی | ١٣ | ٩ | ٦٩,٢٣ | ٨,١٨ | ٤,٠٧ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ٣١ | ٤٦,٢٦ | ٢٨,١٨ | ١٤,٠٢ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٤٢ | ٨٤ | ٣٨,١٨ | ١٨,٥٥ |
| | کیمیایی | ٥ | ٢ | ٤٠ | ١,٨١ | ٠,٩٠ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ٣ | ٥٠ | ٢,٧٢ | ١,٣٥ |
| | کارگە نیمچە پیشەسازییەکان | ٨٠ | ٢٣ | ٢٨,٧٥ | ٢٠,٩٠ | ١٠,٤٠ |
| | کۆی گشتی | ٢٢١ | ١١٠ | - | ٩٩,٩٨ | ٤٩,٢٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست به سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوە لەپارێزگای هەڵبجە بۆساڵی ٢٠٢١

**ب-کێشەی دەستیکاری شارەزا**

ئەم جۆرە کێشەی باوی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانە، تەنانەت خوودی خاوەن کارگەیش شارەزاییەکی ئەوتۆی لە چۆنێتی ئیدارەدان و بەرهەمهێنانی شمەکی پێویستیدا نییە، سەرباری نەبوونی مێژوویەکی کۆنی پیشەسازگەرێتی لەناوچەی توێژینەوە، نەبوونی بەش و هۆبەی پێگەیەنەری کرێکاری شارەزا لەناوچەکەدا، وایکردووە هەرجۆرە کارگەیەک دابنرێت پێویستی بەدەستی کاری شارەزای دەرەکی بێت و خەڵکی ناوچەکە لەدەرەوەی بازنەی کاردا بمێننەوە. وە ڕێژەی ئەوکارگانەی بەدەست نەبوونی کرێکاری شارەزاوە دەناڵێنن بریتین لە( ٣٧,١٣%)ی کۆی کارگەکانی ناوچەکە، وە زۆرێکیش لەکارگە بچوکەکانی ناوچەکە بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە توێژینەوەی قازانجیی (دراسة جدوی)ی هەبێت، دامەزراون، هەربۆیە ئەگەری شکستیان هەمیشە ئەگەرێکی بەهێزە. کەرتی بیناکاری لەناوچەی توێژینەوەدا بەرێژەی (٤٦,١٥%)زۆرترین ڕیژەی بەردەکەویت لە کیشەی نادەستەبەری دەستیکاری شارەزادا.

**خشتەی (٥١)**

**کێشەی دەستیکاری شارەزا لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوە**

| جۆری کێشە | کەرتی پیشەسازیی | ژ.کارگە | کێشە بەژمارە | %کێشە لەسەرئاستی هەمان کەرت بەرێژە | %کێشەی کەرتەکە لەئاستی کۆی کێشەکان | % کێشەی کەرتەکە لەپارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەستیکاری شارەزا | بیناکاریی | ١٣ | ٦ | ٤٦,١٥ | ٧,٤٠ | ٢,٧٥ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ٢٥ | ٣٦,٢٣ | ٣٠,٨٦ | ١١,٤٦ |
| | کانزایی | ٥٠ | ٣١ | ٣٤,٠٦ | ٣٨,٢٧ | ١٤,٢٢ |
| | کیمیایی | ٥ | ٣ | ١٠٠ | ٣,٧٠ | ١,٣٧ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ٥ | ١٠٠ | ٦,١٧ | ٢,٢٩ |
| | کارگە نیمچە پیشەسازییەکان | ٨٠ | ١١ | ٢٩,٧٢ | ١٣,٥٨ | ٥,٠٤ |
| | کۆی گشتی | ٢٢١ | ٨١ | | ١٠٠ | ٣٧,١٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست  بە فۆرمی راپرسی و وەرگرتنی زانیاری.

### ٣: کێشەی جوگرافی

ئەمەش تەواوی ئەو بنەما جوگرافییانە دەگرێتەوە کە بوونەتە سەرچاوەی کیشە بۆ جیگیربوونی پیشەسازیی لەپاریزگاکەدا، ئەوانیش بریتین لە:-

**أ-کێشەی کەمی زەوی**

پشتبەست بەخشتەی (٥٢ ) بۆمانڕووندەبێتەوەکەکەمی زەوی تەرخانکراو بۆ کەرتی پیشەسازیی لە ناوچەی پیشەسازییدا دیسانەوە کێشەیەکی گەورەی پێشنەکەوتنی کەرتی پیشەسازییە لەناوچەی توێژینەوە، بەجۆریک کەرتی خۆراکی بەریژەی( ٧٠,٠١%)ی کیشەی کەمی زەوی هەیە و زۆرترین کیشەی نیو کەرتە پیشەسازییەکان پیکدینیت.

**خشتەی (٥٢)**

**کێشەی کەمی زەوی لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوە**

| جۆری کێشە | کەرتی پیشەسازیی | ژ.کارگە | کێشە بەژمارە | %کێشە لەسەرئاستی هەمان کەرت بەرێژە | %کێشەی کەرتەکە لەئاستی کۆی کێشەکان | %کێشەی کەرتەکە لەئاستی کۆی کێشەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمی زەوی | بیناکاریی | ١٣ | ٧ | ٥٣,٨٤ | ٤,٦٠ | ٣,١٦ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ٤٩ | ٧٠,٠١ | ٣٢,٢٣ | ٢٢,١٧ |
| | کانزایی | ٥٠ | ١٦ | ٤٣,٢٤ | ١٠,٥٢ | ٧,٣٣ |
| | کیمیایی | ٥ | ١ | ٣٣,٣٣ | ٠,٦٥ | ٠,٤٥ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ٤ | ٨٠ | ٢,٦٣ | ١,٨٠ |
| | کارگەنیمچەپیشەسازییەکان | ٨٠ | ٧٥ | ٨٢,٤١ | ٤٩,٣٤ | ٣٦,١٩ |
| | کۆی گشتی | ٢٢١ | ١٥٢ | – | ١٠٠ | ٦٩,٦٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست  بە فۆرمی راپرسی و وەرگرتنی زانیاری.

**ب-کێشەی ئاووهەوا**

پشتبەست بەخشتەی (٥٣) بۆمانڕووندەبێتەوەکەیەکێک لەکێشە دیارەکانی ناوچەی توێژینەوە سەختی وەرزی زستانێتی ، ئەمەیش وایکردووە لەو وەرزەدا تاڕادەیەک جوڵەی تێدا کەمبێتەوە، بەتایبەت جوڵەی پیشەسازیی کراوە، وەکو کارگەکانی چەوولم و بلۆک، هەرچی دۆخی ئاووهەواییە کاریگەریەکەی لەسەر پیشەسازیی ناوچەکە بەپێی وەرزەکان کاریگەریەکەی دەگۆڕێت بۆ نمونە لەوەرزی هاویندا ئاووهەواکەی یارمەتیدەرە بۆ بەرهەمهێنانی پیشەسازییانەی ساردەمەنی و بەفر، بەڵام لەوەرزی زستاندا ئەم جۆرە کارگانە تاڕادەیەکی زۆر لەکاردەکەون و لەبەرانبەردا کارگەکانی شیرینی بەهێزدەبن، ئەمەیش وایکردووە ئیشکردنی زۆرێک لەکارگەکانی ناوچەکە وەرزی بێت. وە کارگەکانی کەرتی پیشەسازیی چاپەمەنی زۆرترین و کانزاییەکان کەمترین کاریگەری کیشەی ئاووهەوایان لەسەرە.

**خشتەی (٥٣)**

**کێشەی ئاووهەوا لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوە**

| جۆری کێشە | کەرتی پیشەسازیی | ژ.کارگە | کێشە بەژمارە | %کێشە | %کێشەی کەرتەکە لەئاستی کۆی کێشەکان | % کێشەی کەرتەکە لەقەزادا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاووهەوا | بیناکاریی | ١٣ | ٤ | ٣٠,٧٦ | ٦,٧٧ | ١,٨٠ |
| | خۆراکیی | ٦٧ | ٢٣ | ٣٣,٣٣ | ٣٨,٩٨ | ١٠,٤٠ |
| | کانزایی | ٥٠ | ١٨ | ١٩,٧٨ | ٣٠,٥٠ | ٨,١٤ |
| | کیمیایی | ٥ | ١ | ٣٣,٣٣ | ١,٦٩ | ٠,٤٥ |
| | چاپەمەنی | ٦ | ٣ | ٥٠ | ٥,٠٨ | ١,٣٥ |
| | کارگەنیمچەپیشەسازییەکان | ٨٠ | ٩ | ١١,٢٥ | ١٥,٢٥ | ٤,٠٧ |
| | کۆی گشتی | ٢٢١ | ٥٩ | - | ٩٨,٢٨ | ٢٦,٢١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست به فۆرمی ڕاپرسی و وەرگرتنی زانیاری.

**دووەم-ئەوکێشانەی کەرتی پیشەسازیی دروستیکردوون، بریتین لە:**

پاش خستنەڕووی ئەو کێشانەی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە بەدەستییەوە دەناڵێنن ئەوا پێویستە تەواوی ئەو کێشانەیش ئاماژە پێبدەین کە ئەم کارگانە دروستیدەکەن، کە ئەوانیش:

**١-سووتەمەنی:**

بۆمان ڕوونـدەبێتەوە کە مرۆڤی ئەمڕۆ بەدوای بەرهەمە پیشەسازییەکاندا ڕادەکات بەتایبەت ئامێرو ئامرازە کارەباییەکان، بۆ دابین کردنی کاروباری ڕۆژانە یان بۆ بەخشینی سیماکانی خۆشگوزەرانی بەژیان، بەڵام توێژینەوە نۆژداری وژینگەیەکان هەر لە نیوەی کۆتایی سەدەی ڕابردوو تا ئێستا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەکۆمەڵگە مەدەنیەکان (بەکاربەرەکان) لە ئەنجامی بەکارهێنانی زیاتری کارەباو ئامرازەکانی دووچاری جۆرە پیسبونێک هاتوون کە پێشتر نەزانراوە، چونکە هەموو کێڵگەو شەپۆلە کارۆ موگناتیسیەکانی لەدەورووبەرماندا بڵاو بونەتەوە بێ ئەوەی

بەچاو ببینین و بەردەوام بە جەستەماندا هەڵدەگەڕێت و کار دەکاتە سەرباری تەندروستی و جەستەو دەرونمان[١]. وێستگەکانی بەرهەم هێنانی کارەبا دەبێتە هۆی پیسبوونی هەوا و بەرێژەی (٢٢%) بەشدرای دەکات لە پیسیبوونی هەوا وەک یەکێک لە سەرچاوەی پیسبوونی مرۆیی[٢]، چونکە ئەم وێستگانەش پشت دەبەستن بەسوتانی پەترۆڵ و خەڵوز لە دروستکراوە تایبەتەکاندا بۆ دەست کەوتنی وزەی کارەبا یان وەک بەشێک لە دروستکراوە پیشەسازییەکان ولە کاتی سوتاندا چەند گازێکی زۆری تێدا دەسوتێ لە گرنگترینیان گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و گیراوە هایدرۆکاربۆنیەکان ئەگەر هاتوو کرداری سوتاندنەکە تەواو نەبوو[٣]، لەکاتێکدا کە ئەگەر زانیمان مۆلیدەکانی وزە ساڵانە نزیکەی (٤١%) گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن فڕێ دەدەنە بەرگە هەواوە[٤].

**٢-چڕبوونەوەی پیشەسازیی**

پشتبەست بەخشتەی (٥٤ ) بۆمان ڕووندەبێتەوە کەپیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە دەناڵێنێت بەدەست کۆبونەوەی ناڕێکی کارگەکانەوە، بەجۆرێک ئاراستەی زۆرینەی کارگەکان بەرەو قەزای سەنتەرە، هەربۆیە گەر بە ژمارە وەربیگرین ئەوا(٨٥)کارگە دەکەونە سەنتەرەوە بە ڕێژەی (٦٠,٢٨ % ) ، کە هۆکاری ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ گردبونەوەی زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگاکە بەرێژەی( ٦١,٢%) لەقەزای سەنتەر و ترسنۆکی سەرمایە کە ئامانجی قازانج بازاڕی خێرایە و ئەمەیش تەنها لەقەزای سەنتەردا دەستەبەرە، سەرباری بوونی ڕێگا و ژێرخانی ئابووری و دەستی کاری تەواو لە قەزای سەنتەردا کە بڕبڕەی پیشەسازیین، بەڵام ئەمەیش چەندین کێشەی گەورەی خولقاندووە لەڕووی ژینگە و تێکدانی ڕێگاوبانەوە، پیویستە ئەوەش بزانین کە (٢٤,١٢%)ی کارگەکان دەکەنە ناحیەی سیروانە و (٩,٩٣%)یش لەناحیەی خورمال و (٤,٩٦%) لە ناحیەی بیارە و (٠,٧٠%)ی کارگەکانیش لەناحیەی بەمۆ کۆبونەتەوە.

پشت بەست بەخشتەی ( ٥٤) ڕووندەبیتەوە کە کیشەی چڕبونەوەی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوەدا(١٦,٧ %)ی کۆی کیشە دروستوەکانی بەئەنجامی پیشەسازییە لەناوچەی توێژینەوەدا.

---

١) علی ئەحمەد رەسوڵ، تەنانەت کارەباش ژینگە پیس دەکات، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە (٣١)، ساڵی هەشتەم، حوزەیرانی ٢٠٠٧، ل٢٠٣.

٢) محمد هیثم الخیاط، و. نوری فارس حمەخان، تەندروستی ژینگە لە تەرازوی ئیسلامدا،چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٢٥ .

٣)محمود أحمد حمید، الثقافة البیئیة مطلب حضاري اللأسرة، دارالرضا للنشر، الطبعة الاولی، سوریا، دمشق، تموز، ٢٠٠٣، ص٤٦.

٤) محمد إبراهیم حسن، دراسات في جغرافیا اوروباو حوض البحر المتوسط، من منشورات مرکز الأسکندریة، مصر١٩٩٩، ص٢٩٤.

**خشتەی (٥٤)**

کێشەی چربونەوەی پیشەسازیی لەئاست کۆی کێشەکانی ناوچەی توێژینەوە

| ژ | یەکەی کارگێڕی | ژمارەی کارگە | %چربونەوە |
|---|---|---|---|
| ١ | ناحیەی سەنتەر | ٨٥ | ٦٠,٢٨ |
| ٢ | سیروان | ٣٤ | ٢٤,١٢ |
| ٣ | خورماڵ | ١٤ | ٩,٩٣ |
| ٤ | بیارە | ٧ | ٤,٩٦ |
| ٥ | بەمو | ١ | ٠,٧٠ |
| | تێکرا | ١٤١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست به سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوە لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١

**٣-پیسبوونی ژینگەیی**

هەموو گۆڕانکاریەکی چەندی یاخود چۆنی یە لەپێکهێنەرەکانی ژینگەی زیندوو نازیندوو بە شێوەیەک ژینگە ناتوانێت وەریانگرێت بەبێ تێکچونی هاوسەنگیەکەی[١]، واتا پیسبوونی ژینگە بریتی یە لە زیادبوونی خەستی یان چڕی جۆرێک یان جۆرەها مادده و وزە کە زۆرتر بێت لە ئاستی رادەی سروشتی لەبار، وە ئەم زیادبونەش بە هۆکاری سروشتی و مرۆیی یەوە روودەدات[٢]،پیسکەرەکانیش هەموو ئەو توخمە زیان بەخشانە دەگرێتەوە کە لە بەرگە هەوادا بڵاو دەکرێتەوە یان فرێ دەدرێنە بەرگە ئاوو یان بەسەر زەویدا بڵاو دەکرێنەوە[٣]، هەر لەبەرئەم کاریگەرییانەیە پیسبوونی ژینگە لەهەرەدیارترین ومەترسیدارترین دیاردەیە کە لەخانەی ڕوو بەڕوبوونەوەی ڕاستەوخۆ دادەنرێت. کە سوتاندن و ئاگرتێبەربوونی دارستانەکان کە ڕووەکەکان نامێنێت و بنەبڕ دەبن ویەکێکە لە هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە، جگە لە دەرهاویشتە بەردەوامەکانی تەکنەلۆجیا کەلە ڕووی کیمیاوی و فیزیایی یەوە مەترسییەکی زۆریان هەیە بۆ مرۆڤ[٤]، وە پیشەسازییشکە یەکێکە لەکاروچالاکییەکانی مرۆڤ، کاریگەری خراپی لەسەر ژینگەی ناوچەکە دەبێت ، هەرچەندە هەرجۆرە پیشەسازییەک بەجۆرێک کار لە چەند ڕەگەزێکی تایبەت دەکات، بەڵام بەگشتیی کۆی هەموو جۆرەکانی پیشەسازیی و پاشماوەکانیان، کارلە کۆی گشتیی ڕەگەزەکان دەکەن، بۆ نموونە پیشەسازیی پەینی کیمیاوی ، کار لەئاستی نیترات دەکات، هەموو پاشماوە پیشەسازییەکان کار لەبەرزکردنەوەی ئاستی کلۆراید و کار لەئاستی ئەلکەلاینتی

١) محمود أحمد حمید، الثقافة البیئیة مطلب حضاري اللأسرة، دارالرضا للنشر، الطبعة الاولی، سوریا، دمشق، تموز، ٢٠٠٣، ص٤٥.

٢) پرشنگ حمە ئەمین احمد، ژینگەپارێزی، چاپخانەی دیلان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، لا١٢.

٣) صدیق محمود بەرزنجی، کاریگەری مرۆڤ لە ژینگە پیسکردندا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، لا٦٩.

٤) قادر حاجی عزیز، کێ دەتوانێت لە ئاستی پیسببونی ژینگەدا بێ دەنگ بێت، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە (٥) ساڵی(٢) ، تەموزی ٢٠٠٠، لا٢٣٤

دەکەن[١]، وە بەهۆی زۆری بەکارهێنانی گاز و بەنزین و مادەی کیمیایی پیسکەرەوە، کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە لەداهاتوویەکی نزیکدا هۆکارێکی گەورەدەبن بۆ پیسکردنی ژینگەی ناوچەکە، بەجۆرێک یارمەتیدەر دەبن بۆ گەشەپێدانی کرداری بەبیابانبوون و پیسبوونی هەوای ناوچەکە بە گازی دوانەئۆکسیدی کاربۆن و کبریت و سەرچاوە ئاوییەکانیشی بە توخمە کیمیاییە بەکارهاتووە فڕێدراوەکان، کە دەچنە پێکهاتەی خۆراک و خاکی ناوچەکەوەو لەداهاتوودا خەڵکی ناوچەکە دووچاری چەندین نەخۆشی دەکەنەوە، وە پیسبوون بەهۆی چالاکیە پیشەسازییەکانەوە خۆی لە سێ لایەن دەبینێتەوە ئەوانیش:-

١-پیسبوون سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شوێنەوارە خراپەکانی بەکاربردن بۆ ئەو کاڵایانەی کە هەستیارە بە ژینگە.

٢-ئەژمارکردنی ژینگە بەیەکێک لەفاکتەرەکانی بەرهەمهێنانی کاڵاکان[٢].

٣- رێژەی ئەو خۆڵەی کەلەسەرچاوە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازییەوە بەرز دەبێتەوە بەکاری هۆکاری سروشتی لەسەر ڕووی زەوی.

بەگشتی دەتوانین بڵێین کە پیسبوونی ژینگە بەهۆی پیشەسازییەوە کێشەیەکی ترسناک دەهێڵێتەوە لەشارەکاندا بەتایبەتی لە شارە گەورەکانی وڵاتە هەژارەکاندا  و ئەم پیسبونەیش تەنها کاریگەریەکەی لەسەر مرۆڤ بەدیارناکەوێت بەڵکو کاریگەری پیسبوونی ژینگە پێشوەختەی لەسەر ئاژەڵیش هەیە کە ئەمەیش بەهۆی خواردنی ئەو ڕووەکانەوە ڕوودەدات کە کاریگەری پیسبوونی ژینگەیان بەسەرەوەیە کە پێکهاتەکانی کلۆر لەسەر گەڵای ڕووەک و گژووگیا ئەخۆن وئەمەیش دەبێتە هۆی داخورانی دانەکانیان و کەمبوونەوی بری شیری شیر دەرەکان بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە پیشە سازی ئەلەمنیۆم و کارگەی کیمیاوی و سیرامیکی لێیە لەناوچەی توێژینەوە، وەک چۆنیش پیسکەرەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر بیناو کانزاکان و بەرهەمە پیشەسازییەکان ،کە دەبێتە هۆی داخوران و پیسبوونی و گۆڕانی ڕەنگیان " وە پێشت بەست بەخشتەی (٥٥) ڕووندەبیتەوە کە کیشەکانی خولقاو لە بەرئەنجامی پیشەسازیی بۆ کیشەکانی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی تویژینەوەدا بریتییە لە(١٣،٥ %)ی کۆی کیشە دروستبووەکان.

**٤-لەناوبردنی پاشماوەکان**

پیسبوونی ژینگە بە لەناوبردنی پاشماوە پیشەسازییەکان و بەفیڕۆچوونی دەرامەتە سروشتیەکان بوو بەبەشێک لەپێکهاتەی ئەو وێنەیەی کە ئەمڕۆ ئێمەی تیادا دەژین، هەروەها پلەو قەبارەی پیسبوونی کیمایی‌و فیزیایی زیادیکرد، بەرهەم هێنراوە پیشەسازییەکان بەدەیان هەزار مادەی کیمیای لەخۆدەگری‌و ساڵانە چەند سەدێکی تری لەومادە کیمیاییانەی بۆ زیاد دەبێت، کە زیاتری مەوادی پیسکەرن، سەرباری پیسبوونی فیزیایی وەک ژاوەژاو و پیسبوونی کارۆ موگناتیسی[٣].

---

١) ڕۆژان فەرەیدون عەبدولرەحمان ، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ جیاوازیی پیسبوونی ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەی سلێمانیدا نامەی ماستەی،بلاونەکراوە ،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ٢٠٠٨، ل١٢٦

٢) ئەسوەد قادر، کاریگەری ژینگە لەسەر گواستنەوەی پیشەسازییە پیسکەرەکان، گۆڤاری ژینگەو ژیان، ژمارە(٧)، هەولێر، ئایاری٢٠٠٨، لا٨.

٣) د.بیوار خنسی، کارەسات، و.گەرمیان محمد احمد، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ٢٠١٢، ل ١٣

وەدیارترین کێشەکانی لەناوبردنی پاشماوە پیشەسازییەکان لە ناوچەی توێژینەوە بریتییە لە:
١-پاشماوەی پەترۆڵ و ئەو پاشماوە کیمیاوییانەی لە پیشەسازییەکانەوە دروستدەبن، لە ناوچەی توێژینەوە.
٢-لێچوون لە تۆڕەکانی ئاوەڕۆ و زێرابی شاردا و نەبوونی ئاوەڕۆی باش لەهەموو بەشەکانی شارەکەدا ،کار لەزیادبوونی بڕی خوێی تواوە و زیادکردنی مادە ڕەقەکانی ناو ئاو دەکات.
٣-فڕێدانی زبڵ و پاشماوەی شار لەناوچەی نەشیاو.
٤-نەبوونی تۆڕی ئاوەڕۆی تایبەت بە ناوچەی پیشەسازیی کە دواجار نەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە.
هەموو ئەمانە هۆکاردەبن بۆ زیاتر پیسبوونی ژینگەی پارێزگاکە و هاننەدانی گەشەی سروشتیی و پاقژانەی کەرتیپیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە. وە پشت بەست بەخشتەی (٤-١٢)ڕووندەبێتەوە کە کێشەی لەناوبردنی پاشماوەکان (٦٩,٨%)ی کۆی کێشەکانی بەرئەنجامی کێشەکانی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی تویژینەوە پیکدینیت.

خشتەی (٥٥)
دابەشبونی ڕیژەی دەرئەنجامی پیشەسازیی

| جۆری کیشە | % دەرئەنجام لەئاست کۆی کیشە دروستبووەکان |
|---|---|
| چربونەوەی پیشەسازیی | ١٦,٧ |
| پیسبوونی ژینگە | ١٣,٥ |
| لەناوبردنی پاشماوەکان | ٦٩,٨ |
| کۆ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری تویژەر پشت بەست بە شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی .

**باسی دووەم: چارەسەری کێشەکانی کەرتی پیشەسازیی لە پارێزگای هەڵەبجە**
لێرەدا هەڵدەستین بە خستنەڕووی هەنگاوە پێویستەکان و ئایندەی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە، لەڕێگەی:-
**یەکەم: گرنگترین هەنگاوەکان بۆ گەشەپێدانی داهاتووی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا**
پاش خستنەڕووی واقعێتی مێژوویی و دابەشبوونی کارگەپیشەسازییەکانی پارێزگای هەڵەبجە و دیارخستنی ئاستەنگەکانی پێش گەشەکردنی، لێرەدا گرنگترین هەنگاوەکان بۆ گەشەپێدانی داهاتووپیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا دەخەینەڕوو، ئەمەش پشتبەست بە بەرنامەسازیی حکومیی لەناوچەکەدا کە بڕیارە کۆمەڵێک کارگە دابمەزرێنێت پشتبەست بە کەرتی تایبەت، واتا ئاسانکاری بۆ کەرتی تایبەت بکات بۆ کردنەوەی کۆمەڵێک کارگەی نوێ لەسنوری ناوچەی توێژینەوە. وە لێرەشدا هەنگاوەکانمان دابەشکردووە بۆ دوو جۆر، کە ئەوانیش:
١-هەنگاوە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکان بۆ داهاتوی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا.
٢-ئاسۆی داهاتووی کەرتە پیشەسازییەکان لەپارێزگای هەڵەبجەدا.
وە لێرەدا بەوردی باسیان لێوەدەکەین.

**١-هەنگاوە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکان بۆ داهاتوی پیشەسازیی لە پارێزگای هەڵەبجەدا**
ئەمەیش کۆمەڵێک رێ وشوێن دەگرێتەوە کە حکومەت سەرپەرەشتی بەدیهێنانی دەکات و زۆرینەی پەیوەستە بە کەرتی تایبەتەوە، کە ئەوانیش:-

أ-پارێزگای هەڵەبجە لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە (٢,١%)ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت بۆ ساڵی (٢٠٢١) ، واتا(١٢٥٢٥٠ کەس) و پێشبینیش دەکرێت بۆ ساڵی (٢٠٣٠) ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە بگاتە(١٧٨٣٤٦ کەس)، ئەم زیادبونی دانیشتوانەیش واتای زۆربوونی داواکارییە لەسەر شمەکە پیشەسازییەکان، کە ئەمەیش هانی پێشکەوتن و زیادکردنی ژمارەی کارگە پیشەسازییە مام ناوەندی و گەورەکان دەدات لەناوچەی توێژینەوە.

ب-جێگیری بارودۆخی سیاسی و ئاسایش لەناوچەکەدا هاندەرێکی زۆرباشی گەشەکردنی کەرتی پیشەسازییە لەسنوری ناوچەی توێژینەوە، بەجۆرێک ئەم ئارامییە هاندەری هاتنی سەرمایەدارانە بۆ سنورەکە و بەگەڕخستنی سەرمایە و مادەی خاوو دەستیکاری ناوچەکەیشە پێکەوە.

ت-هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ پێشخستنی کەرتی پیشەسازیی ناوچەکە هەنگاوێکی ڕوونە و لەداهاتوودا ئەنجامی زۆرباشی بۆ خەڵکی پارێزگاکە دەبێت، لەڕێگەی ئاسانکاری بۆڕێکخراوە قەرزپێدەرەکان بۆ دامەزراندنی پیشەسازیی بچووک لە پارێزگاکەدا، سەرباری هاندانی سەرمایەداران بۆبەگەڕخستنی بەشێک لە سامانەکانیان لەبواری پیشەسازییدا، کە ئەمانە پێکەوە هاندەری گەشەی کەرتی پیشەسازیین لە داهاتووی ناوچەی توێژینەوەدا.

پ-زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە، واتا زیادبوونی ژمارەی شارنشینە بەبەراورد بەگوندنشین، کە ئەمەیش مانای زۆربوونی پێداویستیەکان و هاندانە بۆ دامەزراندنی پیشەسازیی هەمەجۆر لەسنوری ناوچەی توێژینەوە، سەرباری ئەوەی ئەم زیادبوونی دانیشتوانە واتای گەورەبوونی بازاڕی بەکاربردنە.

ج-بەپیتی خاکی ناوچەی توێژینەوە هاندەرێکی زۆرباشی گەشەکردنی کەرتی پیشەسازییە لەناوچەکەدا، بەتایبەت پیشەسازیی خۆراک و بیناکاریی، کە ساڵانە بەرهەمێکی بێشوکاری خواردەمەنی و کەرەستەی خاوی بیناکاریی تێدا فەراهەم دەبێت و تەنها پێویستی بە ئاوەزێکی پێشکەوتوو تەکنەلۆژیایەکی مۆدێرنە بۆ سوود لێ بینینی.

د-سەرباری هەموو ئەوانەی باسکران چارەسەرکردنی گرفتەکانی کەرتیپیشەسازیی لەناوچەکەدا هاندەری مەزنە بۆ پێشکەوتنی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە، لەشێوەی هەرزانی دابینکردنی کارەبا و سووتەمەنی، کەمکردنەوەی باجیپیشەسازیی و باشترکردنیڕێگاوبان و ڕێکخستنی کرێی گواستنەوە و کەمکردنەوەیگومرکی سەر مادە خاوەکانی پیشەسازیی، هاندانی هاتنی سەرمایەی ناوخۆیی و بیانی بۆ پارێزگاکە، سەرباری هاندان بۆ ئەوپەڕی سوود ووەرگرتن لەکەرەستە خاوەکانی ناوچەکە، کردنەوەی خولی پێگەیاندنی کارمەندی پیشەیی و پەیوەندکردنی زانکۆی پارێزگاکە بەبازاڕی کارەوە، لەگەڵ هاندانی ئەنجامدانی ڕووپێوییەکی گشتگیر بۆ زانینی خواستی دانیشتوانەکەی لەسەر جۆری بەرهەمەکان، لەگەڵ هاندان بۆڕۆیشتنە دەرەوەی شاری ناوەندەپیشەسازییەکان و یەکخستنی بەشەکان لەو ناوەندە پیشەسازییە نوێیەدا.

ز-دروستکردنی ناوچەیەکی تایبەتی کۆگاکردنی بەرهەمەکان، بەجۆرێک بتوانرێت زیادەی بەرهەم بەپێی وەرزەکان هەڵبگیرێت و لەوەرزی کەمی بەرهەمدا بەهەمان نرخ و بەبێ زیادەچوونەسەر بفرۆشرێتەوە.

**دووەم: داهاتووی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە**

بەمەبەستی دەستیشانکردنی داهاتووی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە پشتبەست بە تەرزی پیشەسازیی ئەوا هەستاوین بە دابەشکردنی ئەم کارگانە بەپێی تەرزەکانیان بۆ چەند جۆرێک، کە ئەوانیش:

**١-داهاتووی کارگەکانی کەرتی گشتی**

پشتبەست بەخشتەی (٥٦) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە هەرچی تایبەتە بە کارگەکانی کەرتی گشتی لەناوچەی توێژینەوە، ئەوا تەنها شوێنەواری چەند کارگەیەکی کۆنن و هیچیتر، بەوپێیەی حکومەتی هەرێم لەڕووپیشەسازییەوە هاندەری کەرتی تایبەتە و بۆئەمەیش تاڕادەیەک ئاسانکاری کردووە، بەڵام وەکو کەرتی گشتی هیچ کارگەیەکی ئەوتۆی لێ نییە، بەڵکو تەواوی ئامانجەکان ئاراستەی کەرت و سەرمایەی تایبەت کراون لەناوچەی توێژینەوە و هەرێمی کوردستانیشدا، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە کە حکومەتی هەرێم هەرگیز نیازێکی نییە بۆ دامەزراندنی کارگەی پیشەسازیی تایبەت بە کەرتی گشتی لەناوچەکەدا، بەڵکو حکومەت هاندەری ئەم کارەیە بەومەرجەی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی و ڕێکخراوە خێرخوازییە پیشەسازییەکان یارمەتیدەری ئەم هەنگاوەبن، هەروەها حکومەت چاوی لەسەرئەوەیە لەداهاتوودا لە ناحیەکانی سیروان و خورماڵ بەپێی دەستەبەری بنەماپیشەسازییەکان هانی دامەزراندنی کارگەپیشەسازیی بدرێت، بەتایبەت کارگەی پەینی کیمیایی و ئالیکی ئاژەڵ و لەقوتونانی خۆراک و ڕێکخستنی کارگەکانی چەوولم و بلۆک و کانزاییش لەناوچەی توێژینەوەکەدا، بەمەش ئومێدێک هەیە لەداهاتووی دووردا لەڕووی پیشەسازیی کەرتی گشتییەوە ناوچەی توێژینەوە گەشەی مەزن بەخۆوە ببینێت، وە پێشبینی دەکریت تا پازدەسالی داهاتوو بەبەهای (١٣,٥ملیار دینار) کارگەی کەرتی گشتی لەناوچە جیاوازەکانی پاریزگاکەدا دابنریت.

**خشتەی(٥٦)**

**کارگەکانی کەرتی گشتی پێشنیارکراو بۆناوچەی توێژینەوە**

| شوێنی دامەزراندن | جۆری کارگە | بڕی پارەی پێویست |
|---|---|---|
| قەزای سەنتەر | کاغەز+خۆراک+کانزا+کیمیاوی+چاپەمەنی | ٧ملیار |
| ناحیەی سیروان | بیناکاریی+خۆراکی+کانزایی | ٤ملیار |
| ناحیەی خورماڵ | خۆراک+کانزایی | ٢ملیار |
| ناحیەی بیارە | خۆراکی+بیناکاریی | ٠,٥ملیار |
| کۆی گشتی | | ١٣,٥ملیار دینار |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی، بەریوەبەرایەتی بەدواداچوون، بەشی پلان، داتای بلاونەکراوە، ٢٠٢١

**٢-داهاتووی کارگەکانی کەرتی تایبەت**

سەرباری ئەوەی گرانە بتوانرێت پێشبینی ڕاستەقینەی داهاتووی پیشەسازیی ناوچەی توێژینەوە بکرێت بەڵام لەڕووی سەرمایەی کەرتی تایبەتەوە بەگشتی ئومێدێک هەیە کە لەداهاتوودا لەناوچەی توێژینەوکەدا دەیان کارگەی بچووک و مام ناوەندی پیشەسازیی دابمەزرێت، سەرباری هەوڵەکان بۆ نوێکردنەوەی کارگەکانی ئێستا و بەتەکنەلۆژیاکردنیان، سەرباری بوونی جۆرێک لەدڵنیایی بۆ بەردەوامی ئەم کارگەپیشەسازییانەی ئێستا، ئەمەیش بەهۆی پێویستی بەرهەمەکانی ئەم کارگانە بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی بازاڕ. پشت بەست بەسەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوە کۆمەڵێک کارگە پێشنیارکراوە بۆ پێشخستنی کەرتی پیشەسازیی لەناووچەکەدا، کە تەواوی کەرتە پیشەسازییەکان دەگرێتەوە بە کۆی سەرمایەی نزیکەی (٢٩)ملیار دینار، کە هەزاران هەلیکاریش بۆ خەڵکی ناوچەکە دەستەبەردەکات و کاریگەریەکی گەورەشی دەبێت لەسەر داهاتی تاک لەناوچەکەدا، لەخشتەی (٥٧)دا روونتر ئەمە خراوتەروو.

**خشتەی(٥٧)**

**کارگەکانی کەرتی تایبەتی پێشنیارکراو بۆناوچەی توێژینەوە**

| شوێنی دامەزراندن | جۆری کارگە | بڕی پارەی پێویست |
|---|---|---|
| قەزای سەنتەر | کیمیاویی+خۆراکی+کانزایی | ١٧ملیار دینار |
| ناحیەی سیروان | بیناکاریی+کانزایی+خۆراکی | ٩ملیار |
| ناحیەی خورماڵ | کانزایی+خۆراکی | ٢ملیار |
| ناحیەی بیارە | خۆراکی | ١ملیون |
| کۆی گشتی | | ٢٩ملیار دینار |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست به سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوە لەپارێزگای هەڵەبجە بۆساڵی ٢٠٢١

بەوپێیەی ساڵانە ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بەهۆی زیادبوونی سروشتی و کۆچی عەرەبەوە بۆ سنورەکە زیادبونێکی نائاسایی بەخۆوە دەبینێت و داواکارییەکانی بازاڕ زیاتردەبێت، هەربۆیە هەلی سەرکەوتنی کارگە پیشەسازییەکانیش فراوانتردەبێت، بەتایبەت کارگەکانی خواردنەوەی گازی و لەقوتونان و ئاوی کانزایی و کانزایی و بیناکاریش، وەگرنترین پێشبینیەکان بۆ داهاتووپیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە بریتییە لە:

**أ-پیشەسازیی خۆراک:** پارێزگای هەڵەبجە لەڕووی پیشەسازیی خۆراکەوە تاڕادەیەکی زۆرباش خۆبەڕێوەبەرە، بەتایبەت لەڕووی شیرەمەنی و شیرینی و خواردنەوە گازییەکانەوە و هاڕینی گەنم وجۆ و پاککردنی برنج وکارگەی ئاوی کانزایی و لەداهاتوویشدا ئەم جۆرەپیشەسازییە لەناوچەی توێژینەوە لەگەشەیەکی بەهێزدا دەبێت.

**ب-پیشەسازیی بیناکاریی:** لەناوچەی توێژینەکەدا پرۆژەکانی خانوبەرەورێگاوبان لەبرەوسەندنی گەورەدایە، هەربۆیە ئەم جۆرە کارگەپیشەسازییانە هەمیشە لەهەوڵی گەورەبوون و زیادبوون و هێنانی تەکنەلۆژیاپێشکەوتودان، بەتایبەت کارگەکانی بەرهەمهێنانی بلۆک و چەوولم و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کارگەی قیر لەناوچەی توێژینەوە.

**ت-پیشەسازیی کانزایی:** ئەم چەشنە لەپیشەسازیی لەناوچەی تویژیکەدا لەداهاتوودا دەتوانێت بەهێزببێت بەتایبەت گەر بزانین لەناوچەکەدا خاوی هەمەجۆر هەیە جا ئەگەر کەمیش بێت بەلاَم خاوی پلەدوو یاخود ڕیساکلینی باشترین خاوی ناوچەکەن بۆ دامەزراندنی کارگەی پیشەسازیی کانزایی.

**پ-پیشەسازیی دارتاشی:** لەگەڵ زیادبوونی بەردەوامی دانیشتوان و گەشەی بیناکاریی پارێزگاکەدا، گەشەی پیشەسازیی دارتاشیشی لێ دەکەوێتەوە، هەربۆیە ئومێدێکی زۆر بەدیدەکرێت بۆ گەشەی ئەم کەرتە لەداهاتووی ناوچەی توێژینەوەکەدا.

**ج-پیشەسازیی چاپەمەنی:** لەگەڵ کردنەوەی زانکۆی هەڵەبجە و زیادبوونی نائاسایی دانیشتوانی پارێزگاکەدا، گرنگی و گەشەی ئەم جۆرە لەپیشەسازیی لەبرەودابووە و بۆ داهاتوویش یەکێکە لەسەرکەوتووترین کەرتەکانی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە.

لەم بەشەدا تویژەر گەیشتۆتە چەند راستییەک، دیارینیان ئەمانەن:

١- کارگەکانی ناوچەی تویژینەوە بەدەست چەند کیشەوە دەنالینن کە دیارترینیان بریتین لە: (( کێشەی کەرەستەی خاو، کێشەی ئامێری میکانیکی، کێشەی سوتەمەنی و وزە، بازاڕ و کێبڕکێ، کێشەی دەستیکار، کێشەی بچوکی ڕووبەر، کێشەی گواستنەوە و ئاووهەوا))، کە ئەم کیشانەیش کاریگەرییان بەپیی ناوچە و کەرتەکان جیاوازن.

٢- لەئەنجامی گەشەی پیشەسازیی لەناوچەی تویژینەوەدا کۆمەلیک کیشە دروستبوون، ئەوانیش: چڕبوونەوەی پیشەسازیی، پیسبوونی ژینگەیی ولەناوبردنی پاشماوەکان.

٣- کۆمەلیک بنەما و هەنگاوی کۆمەلاَیەتی و ئابوری و سیاسی هەن کە گرنگن بۆ چارەسەرکردنی کیشەکانی کەرتی پیشەسازیی لەناوچەی تویژینەوەدا و تویژەریش تەواوی ئەم هەنگاوانەی خستۆتەروو.

# ئەنجام

لەئەنجامی ڕاڤەکارییەکانی ئەم تـوێژینەوەیەدا گەیشـتوین بە چەنـد ڕاسـتییەک کە لێرەدا بەوردی دەیانخەینەڕوو:

١-کەرتی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجە، بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، کە ئەوانیش قۆناغی پێش ساڵی(١٩٥٨) و قۆناغی پێش(١٩٩١) و قۆناغی پێش پرۆسەی ئازادی (٢٠٠٣) و قۆناغی ئێستا(٢٠٢١). کە هەریە لەو قۆناغانە بەکۆمەڵێک تایبەتمەندی دەناسرێنەوە و ژمارەی کارگەکانیش تێیدا لەگۆڕاندابوونە سەرباری جۆرەکانیان.

٢-پارێزگای هەڵەبجە تەواوی بنەماکانی پیشەسازیی تێدایە، لەسەرمایە وکەرەستەی خاوو دەستیکار و بازاڕ.

٣-سەنتەری شاری هەڵەبجە گەورەترین ناوەندی ساغکردنەوەی بەرهەمە پیشەسازییەکانی پارێزگاکەیە، بەوپێیەی گەورەترین ژمارەی دانیشتوان لەخۆدەگرێت، واتا زۆرترین کارگەکان دەکەونە سەنتەری شاری هەڵەبجەوە، کە ئەمەیش بەهۆی زۆری سەرمایەی کەرتی تایبەت و ئاسانی دەستخستنی کرێکاری هەرزانەوەیە.

٤-ژمارەی کارگەکان لەپارێزگاکەدا بریتییە (١٤١) کارگە، کە (٨٥)کارگە و بەڕێژەی (٦٠,٢٨ %)ی کارگەکان لە ناحیەی سەنتەردان، و (٩,٩٣%)یشی لەناحیەی خورماڵدایە واتە (١٤)کارگە، و (٢٤,١٢%)ی لەناحیەی  سیروانە بەژمارەی(٣٤)کارگە و (٤,٩٦ %)ی لە ناحیەی بیارەیە بەژمارەی (٧)کارگە و (٠,٧٠%)ی لەناحیەی بەمۆیە.

٥-لەپارێزگاکەدا تۆڕێک لەڕێگاوبان هەیە، کە ئاسانکارە بۆ پێشخستنی کەرتیپیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە.

٦-ژمارەی دەستیکاری کارکردوو لە کەرتیپیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە بریتییە(٩١٦)کرێکار وکارمەند، کە (١,٢٥ %)ی کۆی گشتی کارکەرەکانی پارێزگاکە پێکدێنێ.

٧-بڕی پارەی بەگەڕخراو لەکەرتی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە بریتییە (١٤ملیار و ١٤٧ملیون) دیناری عیراقی، ئەمەیش بەیەکسانی دابەش نەبووە بەسەر کەرتەکانی پیشەسازیدا، بەجۆرێک پیشەسازیی خۆراک (٢ملیار و ٣٨١ ملیون) واتا (١٤,٥٢%)ی کۆی سەرمایەی بەگەڕخراوی پیشەسازیی و کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت و پیشەسازیی کانزاییش (٦٩٩ملیون) واتا (٤,٢٦%)ی کۆی سەرمایەی بەگەڕخراوی پیشەسازیی کارگەکان  و پیشەسازیی چاپەمەنیش (١ملیار و ١٤٠ملیون) واتا (٦,٩٥ %) و پیشەسازیی تەختەیش (٦٥٥ملیون) واتا (٣,٩٩  %)ی کۆی سەرمایەی بەگەڕخراوی کارگەپیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت، سەرباری ئەوەی کەرتی کیمیاییش (٦ملیار و ٣٦٩ملیون) واتا (٣٨,٨٦ %)ی سەرمایەی بەگەڕخراوی پیشەسازیی لەخۆدەگرێت.

٨-لەڕووی قەبارەیشەوە، کارگە گەورەکان ژمارەیان (٣)کارگەیە، کە دەکاتە (٢,١٢%)ی کۆی کارگەکانی پارێزگاکە و کارگە ناوەندییەکان ژمارەیان (٣٥)کارگەیە، کە دەکاتە (٢٤,٨٢%)ی کۆی کارگەکان و کارگە بچوکەکانیش لە (١٠٣)کارگە پێکدێن، کەڕێژەیان دەکاتە (٧٣,١%)ی کۆی کارگەکانی ناوچەی توێژینەوە.

١٤-ڕووبەری زەوی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجەدا بریتییە (١٠٢٩٢٠م٢) ، لەم برەیش کەرتی بیناکاریی بەڕێژەی (٥٤,٨٠%) زۆرترین زەوی داگیرکردووە و کەرتی چاپەمەنیش بەریژەی (٠,٥١)کەمترین زەویپیشەسازیی داگیرکردووە.
١٥-لەڕووی خاوەنداریێتییەوە (٦٢%) زەوی کارگەکان بەموڵکێتی هی خاوەن کارگەکانە و (٣١%)یش لەکرێدان و (٧%) ی کارگەکانیش کرێچی ماوەدرێژی حکومەتن.
١٦-کاریگەری کەرەستەی خاو لەدامەزراندنی کارگەکاندا پەیوەندە بە هەندێ جۆری کارگەوە، وەکو کارگەی ئاو و دۆشاوی تەماتە و چەوولم کە کارگەکە ناچاردەکات لەنزیکی کەرەستە خاوەکانی بێت، هەربۆیە ئەم جۆرە کارگانە دەکەونە دەرەوەی سەنتەری هەڵەبجەوە.
١٧-لە دابەشبوونی شوێنیی بۆپیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە چڕترین ناوەندی کۆبونەوەی کارگەکان سنوری قەزای هەڵەبجەیە لەنێو پارێزگای هەڵەبجەدا و کەمترین چڕییش لە ناحیەی بەمۆدایە.
١٨-کارگەکانی ناوچەکە بەگشتی بۆ خۆبژێوین، واتا کارگەی بچوکن و بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوچەی توێژینەوە دامەزراون.
١٩-لەڕووی فرەجۆری کارگەیشەوە، ناوەندی قەزای هەڵەبجە زۆرترین جۆرایەتی تێدایە و ناوەندی ناحیەی بەمۆش کەمترین.
٢٠-لەناوچەی توێژینەوە کۆمەڵێک کێشەو ئاستەنگ هەن کەڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتنی کەرتی پیشەسازیی، ئەوانیش بریتین لە:-
أ-گرانی نرخی ووزە و کەمی دەستیکاری شارەزا و کەمی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە، کە فاکتەرگەلێکی نەرێنین لەگەشەکردنی پیشەسازیی لەسنوری توێژینەوەکەدا.
ب-نایەکسانی دابەشبوونی کارگە و ناوەندە پیشەسازییەکان لەناوچەی توێژینەوە، بەجۆرێک زۆرترین کۆبونەوەی ئەم کارگانە لە قەزای سەنتەردایە، هەربۆیە زۆرترین دانیشتوانیشی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە و هۆکارە بۆ زۆری پاشەڕۆی پیشەسازیی لەسنورەکە و دیارکەوتنی کێشەکانی پیسبوونی ژینگەیش لەقەزای سەنتەردا.

# پێشنیارەکان

پـاش خسـتنەڕووی دەرئەنجامەکـانی توێژینەوەکـە، لێـرەدا کۆمەڵێـک ڕاسپاردەشـمان هەیە کە بەپێویست و گرنگی دەزانین بیانخەینەڕوو، ئەوانیش:

١.دروسـتکردنی سـەندیکای پیشەسـازانی هەڵەبـجە، بۆڕێکخسـتنی نـرخ و بەرهەم و هانـدانی یەک بڕیاریی لەهەموو ئاست و کاتێکدا.

٢.هانـدان بـۆ بەکارهێنـانی تەکنەلۆژیـای نـوێ لەپیشەسـازیی نـاوچەکەدا، بەجۆرێـک دەبنەهـۆی کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە و زیادکردنی بەرهەم و کەمی تێچوونیش.

٣.گرنگیدان بەپیشەسازیی خۆراکی و کشتوکاڵیی، واتا گواستنەوەی کارگەکان بەرەو گوندەکان و ناحیەکانیش، نەک چڕکردنەوەی لەقەزای سەنتەردا.

٤.گرنگیـدان بە سـوود وەرگـرتن لەسـەرچاوەی ئـاوی نـاوچەکە، بـۆ بەرهەمهێنـانی کارەبـا و تەرخانکردنی ئەم کارەبایە بۆ کارگەکان، بەمەبەستی کەمکردنەوەی نرخی تێچووی بەرهەم.

٥.گرنگیـدان بە کـردنەوەی تەواوی ئەو بەشـانەی پەیوەنـدن بەبـازاڕی کـار و پیشەسـازییەوە لە زانکۆی هەڵەبجەدا، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی کارمەندی پیشەگەر.

٦.پێویستە بەیاسا خاوەن کارگەو کۆمپانیاکان  ناچاربکرێن بۆبەتەرخـان کردنی بودجەی تایبەتی بۆبەربەسـت کـردن وگۆڕانکـاری تەواو لەدەزگای پاکوخـاوین وپابەنـدی ئەومەرجە تەندروسـتیانە بکرێت کەبەتەواوی بەربەستی پیسبونی هەوا دەکات.

٧.لەکـاتی دانـانی نەخشـەی ژیـنگەی شـارەکاندا باشـترە گرنگـی تەواو بەزیـادکردنی ڕووبەری سەوزایش بدرێتن کە نابێت ئەم ڕووبەرە سەوزاییە لە(١٥%)ی ڕووبەری شارەکە کەمتربێت.

٨.پێویسـتیی دوورخسـتنەوەی کەرتەپیشەسـازییەکان وکارگەکـان لەکومەڵگـا مرۆییەکـان بـۆ دوورکەوتنەوە لەشوێنکارە ڕاستەوخۆکانی پیسبونی هەوا، جیاکردنەوەی ناوچەکانی سـەرچاوەی پیسـبونی هەواو شـارەکان بەپانتـاییەک لەپشـتێنەی دارودرەخـت وئاڕاسـتەی بـای شـارەکان پێچەوانەی ئاڕاستەی بای ناوچە پیشەسازییەکان بێت" کەتاڕادەیەک کێشـەی پیسبونی هەوا کەم دەکاتەوە.

٩.هاندانی حکومەت بۆ لێخۆشبوون لەباجی ساڵانەی سـەر کارگەکان-گەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت- بەمەش نرخ نزم دەبێتەوە و هانی زیادبوونی بەرهەمیش دەدات.

# لیستی سەرچاوە

**یەکەم:** سەرچاوە کوردییەکان

أ- بڵاوکراوە حکومییەکان


١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاماری سلێمانی، بەڕێوبەرایەتی ئاماری هەڵەبجە ، داتای بڵاونەکراوە، (٢٠٢١/١٢/٢١)

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، فەرمانگەی ئاوی( هەڵەبجە، خورماڵ، سیروان، بیارە، بەمۆ)، زانیاری بڵاونەکراوە، ٢٠٢١

٣. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پیشەسازیی و بازرگانی، ژووری پیشەسازیی و بازرگانی هەڵەبجە، داتای کەرتە پیشەسازییەکانی هەڵەبجە ٢٠٢١ .

٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە، فەرمانگەی ئاوی هەڵەبجە، تۆماری فەرمانگەی ئاو، زانیاری بڵاونەکراوە، ٢٠٢١

٥. وەزارەتی پیشەسازیی، بەریوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوون، پۆلینکردنی کارگەکانی پیشەسازیی بەپیی ISIC3.1،4 ی شوباتی ٢٠٠٨، بلاوکراوە .

ب-نامەی ماستەر و دکتۆرا

١. ڕزگار مصطفی محمد امین، هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافییەکانی جێگیربوونی پیشەسازیی لە قەزای پشدەر، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، بڵاونەکراوە، ٢٠١٦.

٢. ڕۆژان فەرەیدون عەبدولڕەحمان ، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ جیاوازیی پیسبوونی ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەی سلێمانیدا نامەی ماستەی،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ٢٠٠٨.

٣. ڕێباز حمە غریب ئەحمەد، دابەشبوونی جوگرافی دەرامەتە ئاوییەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی لەناوچەی هەوراماندا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلیمانی، سلێمانی ٢٠١٧.

٤. ساسان حیکمەت علی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لەپارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر٢٠٠٨.

٥. شەماڵ علی مارف، بنەما جوگرافیەکانی پلاندانانی گەشتیاری لە قەزای هەڵەبجە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە،ساڵی ٢٠١٤.

٦. صمد عبدالله صالح، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی لە قەزای چەمچەماڵ، نامەی ماستەر، بڵاو نەکراوە، فاکەڵتی پەروەردەو زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، کۆیە ٢٠١٥.

٧. هێرۆ عمر صالح شیکردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی نشینگە دێهاتیەکان لە قەزای هەڵەبجەی شەهید، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کولیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان. زانکوی سلێمانی، سلێمانی ٢٠١٠.

٨. هێرۆ محمد صالح، توێژینەوەیەک لە بواری جوگرافیای دێ نشینی، نامەی ماستەر، ز.سلێمانی، ک زانستە مرۆڤایەتیەکان.

٩. هیوا ئەمین جەلال شوانی، شیکردنەوەی جوگرافی بۆگەشەی شارنشینی لەپارێزگای هەولێر،نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)،کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،٢٠٠٧.

١٠. یادگار خالد رشید، شیکردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی پیشەسازیی لەپاریزگای هەولیر، کۆلێژەی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولیر ٢٠١٤، بلاونەکراوە،

ج- کتێب

١. ئازاد نەقشبەندی, بایەخی گەشتوزاریی سامانی ئاوی کوردستانی عێراق, سەنتەری برایەتی ژمارە (١٣), چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان, هەولێر, ١٩٩٩.

٢. ئەیو رۆستەم، هەورامان،توێژینەوەیەکی مێژویی کلتوری، چاپخانەی قانع، چاپی یەکەم، ٢٠١٤.
٣. اکرام حسن امین، دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سروشتیی، چاپی یەکەن، چاپخانەی پەنجەرە، تاران ٢٠١٥.
٤. بیوار خنسی، کارەسات، و.گەرمیان محمد احمد، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەند، سلێمانی ٢٠١٢.
٥. بەدرخان سندی، کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، و.دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، چاپخانەی خانی،دهۆک، ٢٠٠٨.
٦. پرشنگ حمە ئەمین احمد، ژینگەپارێزی، چاپخانەی دیلان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٧. جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر١٩٩٨.
٨. جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەبلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوی ستراتیژی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٩. حکیم مەلا صالح، هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥
١٠. خەبات عبدالله، هەڵەبجە مەملەکەتی ژیان، چاپخانەی ڕەنج" چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠.
١١. سلێمان عبدالله یونس، تایبەتمەندییەکانی باران لەهەرێمی کوردستانی عێراق، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٦.
١٢. سیف الدین سید محمد نانەوا، هەڵەبجەو تیشکێک لەسەر بنەماکان، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.
١٣. سەلاحەدین حەفید، ئابووری کوردستان(١٩٧٧-١٩٩٠) ، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ، ٢٠٠٠.
١٤. شیروان عمر رشید، بنەماکانی جوگرافیای سروشتی گەشەپێدانی گەشت و گوزار لە پارێزگای سلێمانی، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی،٢٠٠٧.
١٥. صدیق محمود بەرزنجی، کاریگەری مرۆڤ لە ژینگە پیسکردندا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١.
١٦. عادل صدیق، هەڵەبجە (١٨٨٩-١٩٣٠)، توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، پڕۆژەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨
١٧. عەلادین سەجادی، کوردەواری، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد،١٩٧٤.
١٨. فەرەیدون کاکەیی ، داهات و ئەمنی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ، ٢٠٠١ .
١٩. فەرەیدون کاکەیی، داهات و ئەمنی ئاو لە کوردستانی عێراق، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠١.
٢٠. کامران حمە صاح کارگەچی، سەرچاوەی ئاو، چاپ: ئۆفسێتی بەرهەم، چاپی یەکەم، سلیمانی، ٢٠٠٣.
٢١. کۆچەر میرزا، چیرۆکەکانی شار، چاپی یەکەم،چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩.
٢٢. کەریم خانی زەند، جوگرافیای کوردستان، چاپخانەی خاک، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٢٣. مەهدی جبرائیل فقێ محمد، زەهرا جبرائیل فقێ محمد:سیاسەتی پارێزگارە نوێیە کانی ئەمریکا و کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی ، هەولێر ٢٠٠٩.
٢٤. نەوشیروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی رۆم و عەجەم دا، چاپی دووەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ١٩٩٨.
٢٥. هادی رشید بهمنی، پەیامی هەورامان، چ.یەکەم. چ.ژین، هەولێر، ٢٠٠١.
٢٦. هاوڕێ یاسین محمد أمین،توێژینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق،چاپی یەکەم،سلێمانی،٢٠١١.
٢٧. هەورامان توێژینەوەیەکی مێژوویی-کلتوری، چاپی یەکەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٤.

دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

**أ- رسالة ماجستير و دكتوراه**


١. بشرى عبدالرحيم الياس، المعالجات التخطيطية الاثار الكارثة البيئية في المدينة، رسالة ماجستير، المعهد العالي للتخطيط الحضري والاقليمي، جامعة بغداد، غير منشورة، ٢٠٠٦.
٢. الحاج محمد صالح احمد، تقيم الآثار البيئية للصناعة في مدينة صنعاء، رسالة الماجستير، غير منشورة، الجامعة الاردنية، عمان، ١٩٩٥.
٣. حلاو حسين كريم، الصناعات الغذائية في المحافظة اربيل، دراسة في الجغرافيا الصناعية، رسالة ماجستير، كلية آداب، جامعة صلاح الدين ،اربيل، ٢٠٠١، غير منشورة .
٤. سلمى عبدالرزاق الشبلاوي، الصناعات الغذائية في محافظات الفرات الاوسط، دراسة في الجغرافية الصناعية، اطروحة دكتوراه، مقدمة الى كليةاداب، جامعة بغداد، بغداد ١٩٩٨، غير منشورة.
٥. عطا محمد علاءالدين قضاء حلبجة دراستة في الجغرافية الاقليمية، رسالة ماجستير، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، سليمانية، منشورة،٢٠٠٧.
٦. كلثوم مصطفى دورين، قضاء حلبجة دراسة في الجغرافية الزراعية، رسالة ماجستر (غير منشور)، كلية علوم الانسانية جامعة كوية ٢٠٠٨.
٧. مها قحطان جبار السامرائى،حوض تغذية نهر باسرة(دراسة الجغرافية الطبيعية)، رسالة ماجستير ،كلية الاداب، جامعة بغداد،٢٠٠٧.
٨. نجم الدين هادى محمد سعيد المولوى، أثر تشتت وترك المستقرات البشرية الوصفية على هجرة واستقرار سكان في قضاء حلبجة، رسالة ماجستير، المعهد العالي للتخطيط الحضري والاقليمي، جامعة بغداد، بغداد ٢٠٠٨، غير منشورة.
٩. ياسين رسول يونس، تحليل مسار الصناعات التحويليه فى محافظه اربيل لمده(١٩٧٥-٢٠٠٢)، اطروحه دكتوراه، كلية ادارة والاقتصاد، جامعة صلاح الدين، اربيل٢٠٠٥، غير منشورة.


ب-كتيب:


١. ابراهيم شريف و اخرون، جغرافية الصناعية، الطبعة الاولى، دار الكتب للكتابة والنشر، بغداد ١٩٨١.
٢. ابراهيم شريف، موقع العراق الجغرافي وأثره في التأريخ العالم حتى الفتح الإسلامي، المجلد الأول، مطبعة شفيق، بغداد، بدون سنه النشر.
٣. ابراهيم ابراهيم شريف، على حسين الشلش، جغرافية التربة، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٥.
٤. احمد رسول، مبادى جغرافية الصناعية، الطبعة الاولى، مطبعة الحوادث، بغداد ١٩٨٠.
٥. ايسر محمد الشماع، العلاقة الهيدرولوجية بين المياه السطحية والجوفية في حوض بدرة، المجلة العراقية للعلوم، المجلد ٥٣،العددد٢، ٢٠١٢.
٦. بيوار خنسي ، الثروات الطبيعية في كردستان العراق ، الطبعة الاولى ، مطبعة اراس ، اربيل ، ٢٠٠٧ .
٧. جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكيه للامن القومى من اقليم كوردستان، مركز كردستان للدراسات الاستراتييجى" السليمانية، ٢٠٠٥.
٨. جيمس. ن . لوثن، هندسة البزل، ترجمة، جمال شريف دوغرامةجي، جامعة بغداد، كلية الزراعة، ١٩٨٤.
٩. خالص الشعب، المدينة العربية، معهد البحث والدراسات العربية مؤسسة خليج للطباعة والنشر، ١٩٨٢.
١٠. خطاب صكار العاني، جغرافية العراق، أرضا و سكاناومواردالإقتصادية،جامعةبغداد،١٩٨٨.
١١. خليل كريم محمد، المياه الجوفيه فى سهل شهرزۆر وامكانيات استثمارها، دراسة في الجغرافيا الطبيعية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجة، سليمانية، ٢٠٠٩.
١٢. خميس رداد ، دليلك الى الاحصاء البيئة احصاات المياه ، من منشورات معهد العربي التدريب والبحث الاحصائية ، ٢٠٠٦.
١٣. سعيد محمد ابو سعدة، هايدرولوجيا الاقاليم جافه و شبه جافه ، الطبعة الاولى ، الكويت ، ١٩٨٣ .

١٤. شاكر خصباک، العراق الشمالى (دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية)، مطبعة شفيق، بغداد (١٩٧٣).
١٥. صلاح الدين الشامي،جغرافية النقل والمواصلات ، دار الطباعة الحديثة، القاهرة، ١٩٦٠.
١٦. عبد الله نجم العاني، مبادئ علم التربة، مطبعة جامعة الموصل، ١٩٨٦.
١٧. عبدالخليل فضيل و احمد حبيب رسول، جغرافية العراق الصناعية، مطبعة جامعة الموصل، موصل ١٩٨٤.
١٨. عبدالخليل فضيل و اخرون، جغرافية العراق الصناعية، من منشورات زارة التعليم العالي والبحث العلمي،بغداد، بدون اسم مطبعة سنة الطبع.
١٩. عبدالعزيز محمد حبيب و يوسف يحيى طعماس، جغرافية النقل والتجارة الدولية، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، (بدون سنة الطبع).
٢٠. عطاء محمد علائدين، قضاء هةلةبجه، دراسة في الجغرافية الاقليمية، الطبعة الاولى/ مطبعة تيشك، السليمانية ٢٠٠٨.
٢١. على غالب، جغرافية العراق الإقليمية، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٢.
٢٢. علي احمد هاڕوون، جغرافية الصناعية، الطبعة الاولى، دارالفكر العربي، قاهرة ٢٠٠٢.
٢٣. على حسن موسى، اساسيات علم المناخ، الطبعة الأولى، المطبعة العلمية، دمشق، ١٩٩٤.
٢٤. علي حسين الشلشي، جغرافية التربة، جامعة البصرة، الطبعة الأولى، ١٩٨١.
٢٥. فؤاد محمد فقار، الجغرافية الصناعية في العالم، الطبعة الاولى، من منشورات وكالة مطبوعات، الكويت، ١٩٨٠.
٢٦. محمد إبراهيم حسن، دراسات في جغرافيا اوروباو حوض البحر المتوسط، من منشورات مركز الأسكندرية، مصر١٩٩٩.
٢٧. محمود أحمد حميد، الثقافة البيئية مطلب حضاري اللأسرة، دارالرضا للنشر، الطبعة الاولى، سوريا، دمشق، تموز، ٢٠٠٣.
٢٨. مقداد حسين على و خليل ابراهيم محمد المسامات الأساسية للبيئات المائية، دار الشؤون الثقافة العامة، وزارة الثقافة والإعلام، بغداد، ١٩٩٩.
٢٩. ناهيده الطالباني، المياه الجوفية في منطقة ما بين زابين في العراق و استغلالها ، الطبعة الاولى ، مطبعة ياد ، السليمانية ، ٢٠٠٩ .
٣٠. نعمان شحادة، الاسالّيب الكمية في الجغرافية باستخدام الحاسوب، طبعة الثانية، دار الصفاء، ٢٠٠٢، عمان ، الاردن.

**سييەم-سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

1. FAO Representation in Iraq .FAO Co – ordination office Erbil، Mapping Unit. 2001. Kurdistan Regional/ soil Survey map. Scale 1:1،000،000
2. FAO، Representation in Iraq. FAO co-ordination office، Erbil، (2001) op cit
3. Jassim, S.Z.and Goff of Iraq, Dolin Gpologyprague and Moravian museum, Berno, 2006
4. Kamal Sharif Qadir(2001) ،study of erodibility of soils in Iraqi KuedistanRegion.M.Sc. Thesis.College of Agriculture،University of Sulaimani
5. Kamali haji karimahmad description of sttigrophy, tictonice, and boundry condition of the some rock until in Iraq and kirdistan during cretaceous and tertiary 2009.
6. P.Buringh. Soils and condition in Iraq.Baghdad(1960)

7. Saad and jeremyc: geology of Iraq, Dolin, Drayue and moraviam museum, Born, 2006
8. Sealogy of Kurdish, basic principle of geology of Iraq 2008

چوارە: چاوپێکەوتنەکان

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (امیر جلال محمد) خاوەنی کارگەی بەردی کلسی گولپ لەبەرواری ٢٠٢١/١١/٦
٢. چاوپیکەوتن لەگەڵ بەڕێز (حسین احمد عبدالله)، خاوەنی کارگەی بەرهەمهێنانی ساردەمەنی لەپاریزگای هەڵەبجە، ٢٠٢١/١٢/٢٠
٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (حەکیمی مەلا ساڵح)، (نوسەر و مێژوونووس)، هەڵەبجە، ٢٠٢١/١٢/٢٧.
٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (عمر محمد احمد)،ئەندازیاری کشتوکاڵی خانەنشین کراو، ٢٠٢١/٢/٨.
٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (محمد غفور شریف)، بەڕێوەبەری پێشکەوتوی خانەنشینی ئامار، سلێمانی ٢٠٢١/٢/١٨.
٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (محمد امین حمەکریم)، شارەزای کشتوکاڵ،لەهۆبەی کشتوکاڵی هەڵەبجە، ٢٠٢١/٢/٢٠.
٧. چاوپیکەوتن لەگەڵ بەڕێز (پەپوەند سەیوان محمد)، بەریوەبەری کارگەی زەیتونی راسان، ٢٠٢٢/٣/٢١

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

زانكۆی سلێمانی

كۆلێژی زانستە مرۆڤايەتييەكان

بەشی جوگرافیا

خوێندنی باڵا

## فۆرمی راپرسی

پاش سوپاس و رێز، تكامان وایە بەدروستی وەڵامی پرسیارەكانی نێو ئەم فۆرمە بدرێتەوە. من كە لە خوارەوە واژۆم كردووە خوێندكاری ماستەرم لەكۆلێژی زانستە مرۆڤايەتيەكان/ زانكۆی سلێمانی و خەریكی نوسینی توێژینەوەی ماستەرم بەناونیشانی ( شیكردنەوەی جوگرافی بۆ جێگیربوونی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجە)، پێویستم بە داتاو زانیاری ئێوەی بەرێزە بۆ نوسینی توێژینەوەكەم، كە مەبەست لێی بەتەنها لایەنی زانستییە و بەهیچ جۆرێك زانیارییە تایبەتەكانی نێو ئەم فۆرمە بۆ هیچ مەبەستیكی تر بڵاوناكرێتەوە.

تێبینی :-

نیشانەی (✓)لەپێش وەڵامی دروستدا دابنێیاخود بەژمارەیی نزیكراوەییش بێت ژمارەكان بنوسرێت.

رەنجدەر جەمال رشید

توێژەر

فوئاد خالید سعید

سەرپەرەشتیار

..........................................................................................................................

## فۆرمی ڕاپرسی

**یەکەم: زانیارییە گشتیەکان**

١- ناوی کارگە ( )

٢-جۆری بەرهەم: تەواو دروستکراو ( ) ، نیمچە دروستکراو ( )

٣- خاوەندارێتی ( )

٤-ساڵی بیناکردن ( )

٥- ساڵی کردنەوە( )

**دووەم: زانیاری سەرەتایی دەربارەی شوێنی کار**

١- شوێنی دامەزراوەکە، ناوەندی پارێزگا( )، ناوەندی ناحیە( ) کام ناحیە ( ) .

٢- کارگەکە لەسەر شەقامی گشتییە( ) ، لەدەرەوەی شار ( ) .

٣- کام لەمانە هۆکاربوونە بۆ هەلبژاردنی شوێنی کارگەکە:

أ- دەستی کاری هەرزان( ) ،ب- بارودۆخی ئاووهەوایی ( ), ج-ئاسانی دەستکەوتی ئاوو کارەبا وسووتەمەنی( )، د-نزیکی لە بازاڕ( ) ،ز- نزیکی کەرەستە خاوەکان ( ) ،ە- ریگەی گواستنەوە ( )

٤- پاشماوەی کارگەکە چی لیدەکرێت؟

أ- فڕێ دەدریتە دەرەوەی شار( ) ، ب-ریساکلین دەکرێتەوە ( ) .

**سییەم: زانیاری دەربارەی سەرمایە**

١-سەرمایەی کارگەکە بریتییە لە ( )ملیۆن دیناری عیراقی.

٢-سەرچاوەی پارەی کارگەکە چیە ؟

أ- تایبەتە ( ) ، ب- بانق و قەرزی حکومی ( )

٣- سەرمایەی کارگەکە؟ أ- ناخۆییە( ) ، ب-دەرەکی( )

**چوارەم: سەرچاوەکانی ووزە**

١-جۆری وزەی بەکارهاتوو بریتییە لە:

أ-کارەبا( ) ، سوتەمەنی ( ) ، ج-کارەبا و سووتەمەنی( ) .

٢-سەرچاوەی وزەکان بریتین لە:

أ-سەرچاوەی ناوخۆیی (   ) ، ب-دەرەوەی ناوچەی توژینەوە(   ) .

٣-ئایا کارگەکە سەرچاوەی ووزەی تایبەت بەخۆی هەیە(   ).

٤-بری سەرمایەی پیویست بۆ دابینکردنی سووتەمەنی چەندە، لەکۆی گشتی خەرجی ساڵانەدا (   )

**پێنجەم: رادەی دەستەبەری خزمەتگوزارییەکان**

١- توانستەی بەرهەمهینان: باش(   ) مامناوەند(   ) لاواز (   )

٢- سەرچاوەکانی ئاو: باش(   ) مامناوەند(   ) لاواز (   )

٣- ریگەی گواستنەوە: باش(   ) مامناوەند(   ) لاواز (   )

**شەشەم:زانیاری دەربارەی هۆکارەکانی گواستنەوە**

١-هۆکارەکانی گواستنەوە ئاسانن (   )

٢-خاوەنداریتی هۆکارەکانی گواستنەوە بریتین لە:

أ-مولکی کارگەیە(   ) ، بەکرێ هێندراوە(   ) .

٣-تیچووی مانگانەی هۆکارەکانی گواستنەوە چەندن (   ) .

**حەوتەم:زانیاری دەربارەی دەستیکار**

١-ژمارەی کرێکارەکانی کارگەکە چەندە(   )

٢-کرێکارەکان سەرچاوەکەیان کوییە؟

أ-دەستیکاری ناوخۆیی(   ) ، دەستیکاری بیانی (   )، ج-دەستیکاری تیکەڵاو(   ) .

٣-داهاتی مانگانەی کرێکارەکان بریتییە لە(   ) .

٤-کۆی تیچووی مانگانەی کرێکارەکان بریتییە لە (   )

**هەشتەم: کێشەکانی پێش کارگەکە**

١-کێشەی شوێن (   )

٢-کێشەی کەرەستەی خاو(   )

٣-کێشەی دەستیکار (   )

٤-کێشەی کەمی سەرمایە (   )

٥-کێشەی گواستنەوە(   )

٦-کێشەی جۆری بەرهەم(   )

٧-كێشەی یاسایی(          )

٨-كێشەی كارگێڕیی (          )

٩-كێشەی بازاڕكاریی (   )

١٠-كێشەی باج (      )

نۆیەم : زانیاری دەربارەی بەرهەم
شوێنی ساغكردنەوەی بەرهەمەكان بریتییە لە:
أ-بازاری ناوخۆیی ( )، ب-دەرەوەی كارگەكە( ) ، تێكەڵاو( ) .

**پووختە**

لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە ((شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ جێگیربوونی پیشەسازیی لەپارێزگای هەڵەبجە)) ئاشنادەبین بەو فاکتەرانەی کە بەشدارن لە پیکهینان و گەشەی پیشەسازیی لەناوچەی توێژینەوە. لەڕووی سنورەوە ناوچەی تویژینەوە لەباکورییەوە قەزای پینجوین و لە ڕۆژهەڵاتییەوە سنوری نیودەولەتی کۆماری ئیران و لەرۆژئاوایەوە قەزای دەربەندیخان و لەرووی ئەسترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نیوان هەردوو بازنەی پانی (٣٤:٣٠:٢٠- ٣٤:٥٥:٦ ) باکوور و هیلی دریژیی (٤٥:٤٨:١-٤٦:١٢:١)ڕۆژهەڵات و کۆی رووبەری ناوچەی تویژینەوەش بریتییە لە(١٠٥٢کم٢) .

و لەگرنگترین ئامانجەکانی تویژینەوەکەش بریتین لە:-

هەولدان بۆ دیارخستنی مەودای کاریگەری تایبەتمەندییە سروشتییەکان (جیۆلۆجی، توبوگرافیا، کەشوهەوا، رووەکی سروشتی، خاک، سەرچاوەکانی ئاو) لەسەر دامەزراندنی پیشەسازیی و دواتریش دیارخستنی رۆلی مرۆڤ وەکو فاکتەریکی سەرەکی لەپیشخستنی پیشەسازیی ناوچەی تویژینەوەدا .

تویژینەوەکەش دابەشکراوە بۆ چوار بەش، بەم شیوەیە:

بەشی یەکەم: ئەم بەشە تایبەتە بە خستنەرووی لایەنی تیۆریی تویژینەوەکە.

بەشی دووەم: لەم بەشەدا دابەشبوونی جوگرافیانەی پیشەسازیی لەناوچەی تویژینەوەدا خراوەتەروو.

بەشی سێیەم:لەم بەشەدا کاریگەری فاکتەرە مرۆییەکان لەسەر جیگیربوونی پیشەسازیی لەناوچەی تویژینەوەدا شیکراوەتەوە.

بەشی چوارەم: ئەم بەشە تایبەتکراوە بۆ خستنەرووی لەمپەر و کیشەکانی بەردەم کەرتی پیشەسازیی لەپاریزگای هەلەبجە و ئاسۆی داهاتووی.

ئەم تویژینەوەیە پشتی بەستووە بە کۆمەلیک ئامرازی وەکو نەخشە و خشتە و وینەی بەرزونزمی و چارتەکان.

لەریگەی ئەم تویژینەوەیە گەیشتوینەتە کۆمەلیک خالی گرنگ، ئەوانیش:

-گەشەی پیشەسازیی لەپاریزگای هەلەبجە بەچوار قۆناغدا تیپەریوە، ئەمەیش پشتبەست بە بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی.

-لەپاریزگای هەلەبجەدا توانستەیی هەیە بۆ دامەزراندنی پیشەسازیی جۆراوجۆر، لەدیارترین ئەم توانستەییانەیش بازار و کەرەستەی خاو .

-قەزای سەنتەر گرنگترین ناوەندی ساغکردنەوەی بەرهەمە پیشەسازییەکانە و زۆرترین کارگەی پیشەسازییش هەر لە سەنتەردا کۆبوەتەوە.

-زۆرترین سەرمایە و هیزی مرۆیی لە قەزای سەنتەردا کۆبوەتەوە، دەتواندرریت وەکو فاکتەریکی یارمەتیدەر بۆ گەشەی پیشەسازیی لەپاریزگاکەدا سوودی لی ببیندریت.

-کاریگەری کەرەستەی خاو لەسەر جیگیربوونی پیشەسازیی لەناوچەی تویژینەوەدا خۆی دەبینیتەوە لە کەرەستەی بیناکاریی و پیشەسازیی بەکاربراوی راستەوخۆ لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکەوە.

-پیشەسازیی خۆراکیی زۆرترین چربونەوەی هەیە لەپاریزگاکەدا، وەک چۆن پیشەسازیی چاپ کەمترین چربوونەوەی هەیە.

-کەمیی دەستیکاری شارەزا لەناوچەی تویژینەوە لەدیارتریین کیشەکانە.

-دابەشبوونی جوگرافیانەی پیشەسازیی لەپاریزگاکەدا هاوشیوەنیە، ئەمەش لەژیر کاریگەری کۆمەلیک فاکتەری ژینگەیی و ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسی دا .

-ئاسۆیەکی گەش چاوەروانی کەرتی پیشەسازییە لە پاریزگای هەلەبجە، ئەمەش بەهۆی دەستەبەری توانستەیی بۆ پیشەسازیی کە خۆی دەبینیتەوە لە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و بەرزبونەوەی ئاستی گوزەران و جیگیری دۆخی ئاساییش و سیاسی.

**لەگرنگترن پیشنیارەکانیش بریتین لە:**

-پیویستی دیارخستنی لەمپەرە و کیشەکانی بەردەم پیشەسازیی لەپاریزگای هەلەبجە و کارکردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو.

-گرنگیدان بەوپەری سوود وەرگرتنی زانستیانە لەدەرامەتە سروشتییەکان، بەمەبەستی بەدیهینانی گەشەی پیشەسازی لەناوچەکەدا.

## الملخص

من خلال هذه الدراسة المعنونة(تحليل الجغرافى للتوطن الصناعي في محافظة حلبجة) تمكنا من بيان ابرز العوامل المؤثرة على تشكيل وتطور الصناعات في منطقة الدراسة التي يحدها من الشمال قضاء بنجوين و من الشرق الحدود الدولية لجمهورية ايران، بينما يحدها من الغرب اقضية شهرزور والدربنديخان، وتقع فلكيا بين دائرتي عرض(٣٤,٣٠,٢- ٣٤,٥٥,٦) شمالا و خطي الطول (٤٥,٤٨,١-٤٦,١٢,١) شرقا، وتشغل المساحة الكلية للمنطقة(١٠٥٢كم٢) .

**ولعل من ابرز اهداف هذه الدراسة محاولة الكشف عن مدى تأثير كل من الخصائص الطبيعية والبشرية بالمساهمة في التوطن وتطور النشاط الصناعي في منطقة الدراسة.**

وتم توزيع الدراسة الى اربعة الفصول، كما يأتي:

تناول الفصل الاول الاطار النظري لدراسة, من خلال التطرق الى نشوء و تطور النشاط الصناعي. اما الفصل الثاني فيدرس تنصيف ابرز الصناعات المتوقطنة في محافظة الحلبجة, من خلال التباين النوعي و التوزيع الجغرافي لها. اما فصل الثالث فقد اهتم هذا الفصل بدراسة ابرز عوامل المؤثرة على توطن النشاط الصناعي في المحافظة، ةانتهت الدراسة بالفصل الرابع و الاخير بالاشارة الى ابرز المعوقات التي تواجه تطور توطن النشاط الصناعي و المشاكل التي تواجه القطاع الصناعي بشكل عام في منطقة الدراسة مع الاشارة الى ابرز النتائج المتحققة و المقترحات .

و استخلص البحث بالتوصل الى النتائج الاتية:

-ان نمو الصناعات في محافظة حلبجة مر باربع مراحل متابينة، تبعا لظروف السياسية والاقتصادية والاجتماعية.

- محافظة حلبجة تتوفر فيها امكانيات كاملة لقيام الصناعات متفاوتة، ومن اهم هذه الامكانيات، السوق،المواد الاولية.
- يمثل مركز قضاء حلبجة مركز الاوسع لتصريف المنتجات الصناعية، واغلب معامل الصناعية يتمركز فيها.
- تتوفر الرأس المال و القوة البشرية الكاملة في مركز محافظة حلبجة، ويمكن استغلالها كعامل المساعد لتطوير الصناعة في المحافظة.
- في المحافظة حلبجة تتوفر شبكة من الطرقات الاستراتيجية، وهذه تمثل امكانيات الجيدة لتنمية الصناعات فيها.
- ان تاثير مادة الخام على توطين الصناعات في منطقتنة دراستنا يقتصر على فرع صناعة المواد الانشائية و الصناعات الاستهلاكية المرتبطة بالاستهلاك المباشر من قبل سكان المنطقة.
- قلة عمال ماهرين في منطقة دراستنا هي اكثر مشاكل شيوعا و تعد عقبة امام تطور الصناعي لها.
- تتباين الصناعات في محافظة في توزيعها الجغرافي، اذ يتميز بعظها بالانتشار و الاخر بالتركز في مواقع محددة، وتتحكم في توزيع هذه المعامل مجموعة من الضوابط البيئية و الاقتصادية والاجتماعية والسياسية.

- الصناعات الغذائية اكثر تركزا في محافظة، وفرع الصناعة المطبوعات اقل تركزا في منطقة الدراسة.
- التوزيع المكاني لرأس المال في منطقة الدراسة يتميز بالتركيز في قضاء مركز، مدينة حلبجة.
- وان افاق المشرقة تنتظر الصنعات في محافظة حلبجةن بسبب توفر وتحسين الامكانيات المتاحة للصناعات والمتمثلة بالزيادة في عدد السكان و ارتفاع مستواهم المعيشي و الاوضاع السياسية.

واهم توصيات

- ضرورة عمل على ابراز المعوقات والمشاكل التي تقف في وجه الصناعات في المحافظة حلبجة و العمل على حل المشاكل التي تقف بوجه الانتاج في المعامل القائمة في منطة الدراسة.
- العناية باستثمار امكانات المحافظة استمارا عقلانيا، من اجل تحقيق تنمية الصناعية في منطقة الدراسة.

حكومة أقليم كردستان العراق

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

جامعة السليمانية

كلية العلوم الأنسانية /قسم الجغرافيا

# التحليل الجغرافي لتوطن الصناعي في محافظة حلبجة

رسالة تقدم بها

## رنجدر جمال رشيد

الى مجلس كلية العلوم الأنسانية، جامعة السليمانية،وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في الجغرافيا البشرية

بإشراف

## أ.م.د.فؤاد خالد سعيد

٢٠٢٢ م

Regional Government of Iraq Kurdistan
Minstry of High Education and scientific Researches
Sulaimany University
College of Human SciencesL Geographic Department

# Geographical Analysis for Industrial Settlement in Halabja Governorate

A thesis submitted

by

RANJDAR JAMAL RASHID

To the council of college of Human sciences – Sulaimany University – as a partial fulfillment of Masters Degree in Geography

**Supervised by**

**Assistant prof.**

Dr. FOAD XALD SAID

2022 A. D

## Summary

Through this study entitled (Geographical Analysis of Industrial Settlement in Halabja Governorate), we were able to show the most important factors affecting the formation and development of industries in the study area, which is bordered on the north by the Penjwin district and on the east by the international borders of the Republic of Iran, while it is bordered on the west by the districts of Shahrzour and Darbandikhan.

It is astronomically located between latitudes (34.30.2-34.55.6) north and longitudes (45.48.1-46.12.1) east. It occupies the total area of the region (1052 km2).

Perhaps one of the main objectives of this study is to try to discover the extent of the impact of each of the natural and human characteristics in contributing to settlement and the development of industrial activity in the study area.

**The study was divided into four chapters.**

**The research was concluded by reaching the following results:**

The growth of industries in the province of Halabja went through four distinct stages, depending on the political, economic and social circumstances.

- Halabja governorate has full potentials for the establishment of various industries, and the most important of these capabilities is the market and raw materials.

- The center of Halabja district represents the largest center for the disposal of industrial products, and most of the industrial factories are stationed there.

- Capital and full manpower are available in the center of Halabja Governorate, and they can be used as a catalyst for the development of industry in the governorate.

- In the province of Halabja, there is a network of strategic roads, and these represent good possibilities for the development of industries there.

- Industries vary in a governorate in their geographical distribution, as some of them are characterized by spreading and others are concentrated in specific locations. The distribution of these factories is controlled by a group of environmental, economic, social and political controls.

- Food industries are more concentrated in the governorate, and the industry and publications are less concentrated in the study area.

The spatial distribution of capital in the study area is characterized by its concentration in Markaz district, Halabja city.

- And bright prospects await the industries in Halabjan governorate due to the availability and improvement of the possibilities available to the industries, represented by the increase in the population, the rise in their standard of living and the political conditions.

**The most important recommendations**

- The need to work on highlighting the obstacles and problems that stand in the way of industries in the province of Halabja, and work to solve the problems that stand in the way of production in the existing factories in the study area.

- Taking care of investing the potentials of the governorate rationally, in order to achieve industrial development in the study area.